# تێبینی :

خوێنەری بەڕێز .. ئەم کتێبەی کە لەبەردەستی بەڕێزتاندایە ، چاپی دووەمە و یەکەم جارە بڵاوئەبێتەوە.

پێش دوو ساڵ ، بڕیار وا بوو کە لەناو وڵاتدا چاپ بکرێت ، بەڵام لەبەرئەوەی کە داوایەکی زۆر هەبوو بۆ وەرگێڕانی بۆ زمانی عەرەبیی ، بۆیە نەتوانرا لە هەمان کاتدا بە هەردوو زمانەکە چاپ بکرێت.

لەگەڵ ئەوەشدا کە هەزار دانە ، بە زمانی عەرەبیی چاپکرا ، بەڵام ماوەیەکە دۆست و ئازیزان هەر داوای ئەکەن ، چ بە کوردیی و چ بە عەرەبیی.

لەبەرئەوە وامان بە باش زانی کە چاپی دووەم بە کوردیی ، بە شێوەی PDF و تەنیا لە سایتی (دەنگەکان) دا بڵاوبکەینەوە ، بۆ ئەوەی کە زۆرترین هاووڵاتیی ، بە ئاسانیی دەستی بکەوێت.

**ڕێز و سوپاس بۆ سایتی دەنگەکان و بۆ خوێنەرانی بەڕێز**

# ناوەڕۆك

تێبینی: ........................................ 1
ناوەڕۆك........................................ 2
پێشكەش ........................................ 6
سوپاس و پێزانین ........................................ 7
پێشەكی ........................................ 10
پشتئاشان ........................................ 15
هەڵبژاردنی پشتئاشان........................................ 17
خۆ ئامادەكردن ........................................ 26
چۆلكردنی نۆكان ........................................ 29
حاڵی پشتئاشان ........................................ 31
پاشەكشەی سەركردەكان ........................................ 32
فەرماندە ........................................ 35
نەخشە و پلانی شەڕ........................................ 36
72 هاوڕێ ........................................ 41
كۆیلە ........................................ 43
دیلیی........................................ 47
خانەقا........................................ 52
بەندییخانەی وەرتێ ........................................ 54
خۆتێوەردانێكی ڕاستەوخۆ ........................................ 59
گوشاری ینك و بەرەی جود ........................................ 60

سەربەخۆیی ئابوری ........................................ 61
وەرچەرخان.................................................. 63
پشتگیریی ................................................... 64
ئایا............................................................ 65
باری سیاسی و فیکریی....................................... 66
شارەزایی ..................................................... 71
زانیاریی...................................................... 72
پێویست....................................................... 77
سەرکردە...................................................... 79
ئەرك ......................................................... 80
ئۆردوگای پەنابەران.......................................... 81
بەسەرهات.................................................... 82
سزای بێسود.................................................. 87
کۆبوونەوەی سێڵوێ ......................................... 88
بانێکە و دوو هەوا ......................................... 92
بانگەوازی ئاگربەست ....................................... 94
ڕەخنە ........................................................ 98
گەڕانەوە...................................................... 101
دەمانچەکەی مام جەلال ..................................... 103
پشتئاشانی دووەم............................................. 104
هەڵسەنگاندن.................................................. 105
نمونە ......................................................... 108
خۆزگە........................................................ 109

نوسین لـەسەر پشتئاشان ........................ 109
ژیلـەمۆی شەڕ ........................ 111
بۆ مێژوو ........................ 112
پێزانین ........................ 116
چەواشەکردن ........................ 117
نایانەوێت ........................ 119
کشانەوە لـە سەری جاسوسان ........................ 120
ئەبووایە ........................ 121
پلان ........................ 121
ئەرکێکی نیشتمانییە! ........................ 123
هەزار ئەستون ........................ 126
بەڕێوەبەری ئەمنی عێراق ........................ 128
چۆن نایکوژم! ........................ 129
خۆدزینەوە ........................ 132
خۆرنەوەزان ........................ 138
ئازادکردنی نەوجول ........................ 144
دەستگرتن بەسەر قەرەداغ دا ........................ 146
پاشەکشەی سەرکەوتووانە ........................ 148
نائارامیی ........................ 149
دروشمی حیزب ........................ 152
پاداشت ........................ 154
زاخاو ........................ 156
جیاوازیی سەردەم ........................ 157

بەراوردی سەردەم ........................................ 159
هەڵـە ........................................ 168
دواخستن ........................................ 170
کارەساتێکی گەورە ........................................ 171
تەسلـیمکردنەوە ........................................ 173
قوربانیی ........................................ 176
شاڵاوی بەعس ........................................ 177
کار لـە کار ترازا بوو ........................................ 178
بڕیار ........................................ 181
داڵـدە ........................................ 183
دۆستایەتی بەعسییەکان ........................................ 184
چەکبردنەوە ........................................ 185
کێشەی فیکریی ........................................ 187
وتاری مێژوویی ........................................ 190
هەڵـوێستەکان ........................................ 193
خۆزگە و ئاوات ........................................ 197
سەرچاوەکان ........................................ 199

# پێشکەش

**پێشکەشە بە گیانی پاکی:**

- **عەلی حوسەین بەدر ـ** خەڵکی سەماوە بوو ، چەکدارەکانی نەوشیروان مستەفا گۆڕەکەیان هەڵدایەوە بۆ گەڕان بە دوای چەکدا و تەرمەکەشیان لە ڕۆخی ڕوبارەکە بەجێهێشت
- **عەولاسور**
- خوشکە **عەمیدە عەزبی حالوب (ئەحلام)** کە پەنجەیان بڕی بۆ ئەڵقەکەی
- **ڕەسوەسور** و **عەبدوڵا حەسەن دەرگەڵیی** کە لە بۆڵێ لە سەنگەرەکەیاندا بە برینداریی گیران و شەهیدکران
- **ئەبومەکسیم** کە باوکی حەوت منالّ بوو ، لە خوار گوندی کۆیلەوە لە تەنیشت هاوڕێ کەریم ئەحمەد و عیرفانەوە بوو کە بێ ئەوەی دەستبکاتەوە درایە بەر ڕێژنەی گوللە و شەهید کرا
- ئەو **68 هاوڕێیە و پێشمەرگەکانی لایەنەکانی تر** کە لە قەسابخانەکەی پشتئاشاندا ، بوونە قوربانیی لەپێناوی پاوانخوازیی و دەسەڵاتدا

# سوپاس و پێزانین

سوپاسی ئەو هاورێ و دۆستانە ئەکەم کە بە نامە و فاکس و تێلـێفۆن ، یان بە چاوپێککەوتن ، لـەدوای دەرچوونی چاپی یەکەمی (پشتئاشان لـە نێوان ئازار و بێدەنگییدا) ، یارمەتییان دام لـە دەوڵـەمەندکردنی باسەکانی کتێبەکە ، بە زانیاریی بەنرخ و بە ڕاستکردنەوەی هەڵـەکان و ناوی هەندێك لـە برادەران کە لـەناو بەسەرهات و ڕووداوەکاندا بوون و من ناویانم لـەبیرکردبوو ، مافی خۆشیانە بۆ مێژوو ناویان بهاتایە.

سوپاسی ئەو برادەرانە ئەکەم کە پشتگیریی خۆیان پێشاندا لـە دەربڕینەکانمدا و بەوەش زیادتر دڵـنیایان کردمەوە کە ئەم سەردەمە ، سەردەمی گڵـۆڵـەیە و ئیتر باوی ئەوە نەماوە کە مرۆڤ ئێش و ئازارە دەرونییەکانی لـەگەڵ خۆیدا بباتە ژێر گڵ. ئەو ئێش و ئازارانەی کە بە دەست حیزبیی و سیاسی و سیاسەتە چەوت و وێرانکارییەکانیانەوە چێژتوویەتی و ئەیچێژێت.

لــەوانەش برایان و هاوڕێیانی بەڕێزم: کاك (ڕەوف حەسەن)ی نوسەر ، کاك جەمیل ئاوارەیی ، هیمداد عەبدوڵا ناسراو بە شاخەوان لـە شاری کۆیە کە لـەسەر ڕاکردنەکەی نەوشیروان کۆمەڵـێك زانیاریی گرنگی بەبیرهێنامەوە و خۆشی لـە ڕووداوەکەدا بوو.

هەروەها کاك عیرفان ساڵـح (وەلـید) کە بەدیلـگرتنی هاوسەرەکەی و دوو کۆرپەکەی لـەلایەن یەکیەتییەوە لـە پشتئاشان ، لـەبیرم کردبوون.

سوپاسم بۆ کاك عەبدوڵای مەلا فەرەج (مەلاعەلی) ، دکتۆر تایەر بابان ، مام ساڵـح ، حەمەشوان ، کاك مستەفا دەلـۆیی ، کاك مەحمود تۆفیق لـە ئەمێریکا ، مامۆستا نیهاد ، دکتۆر زوهـدی داودیـی ، شەماڵ عادل سەلـیم ، هاوڕێ عارف ڕانیەیی ، کاك ئاوات و کاك ئامانجی مامۆستا دڵـزار و ئەبوحیکمەت.

سوپاسی دکتۆر کوردۆ و کاك غەفوری میرزاکەریم ئەکەم لە سلێمانیی ، لەو یارمەتی و پێشوازییە گەرمەیان.

سوپاسی جەلالی عەلی دەوڵەت و هاوڕێ مەحمودی حاجی فەقێ خدر ئەکەم بۆ زانیارییە گرنگەکانیان.

سوپاس و پێزانینی زۆرم بۆ هاوڕێی نوسەر و هاوبیرم نەوزاد نوری سەید وەلی لەو یارمەتییە بەنرخەی کە لە پیاداچوونەوە و داڕشتن و خستنەسەر کۆمپیوتەر و ڕاستکردنەوەی ڕێزمانیی ئەم چاپە و چاپی یەکەمی کتێبەکەدا درێغیی نەکرد. هەروەها بۆ ئەو زانیاریی و بیرەوەرییانەی کە سودم لێوەرگرتوون لە باسەکاندا و پێشەکی ئەم چاپەی نوسیوە.

سوپاس و پێزانینم بۆ هەڵوێستی سکرتێری حیزبمان (حیزبی شیوعی کوردستان ـ عێراق) هاوڕێ کەریم ئەحمەد ، لەو بۆچوونە واقیعییەی لە (کۆنفرانسی ڕێکخراوی حشك)دا لە سوید لە ستۆکهۆڵم لە ساڵی 2002 دەربارەی چاپی یەکەمی ئەم کتێبە کە بۆچوونی حیزبی بۆ پرسیارکەرەکانی بەشدارانی کۆنفرانسەکە بە واقیعییانە و مەوزوعییانە باسکرد. ئەمە هەناسەیەکی نوێیە لە حیزبماندا لە بواری ڕێزگرتن لە ئازادیی و مافی بیروڕای جیاوازدا. خۆزگە لە سەردەمی سەرکردایەتی پێشووشماندا ئەم دیاردەیە وەك ئەمڕۆ پەیڕەو بکرایە.

سودێکی زۆرم لەو دۆکیومێنتانەی ئەو هاوڕێ و دۆستانەم وەرگرتووە و لەم چاپەدا هەروەك چۆن خۆیان نوسیویانە ، بڵاوم کردوونەتەوە ، هەندێکی تریشیان کە کەمتر پەیوەندییان بە پشتئاشانەوە هەیە ، لە دەرفەتێکی تردا و بەگوێرەی پێویست بڵاویان ئەکەمەوە.

داوای لێبوردنیش لەو هاوڕێ و دۆستانەم ئەکەم کە ناویانم لەبیرکردووە.

نیگەران نیم لەوەی کە دوو جار لە سلێمانی و لە هەولێر ، بەبێ ئاگاداریی من چاپی یەکەمی پشتئاشان ، چاپ و بڵاوکراوەتەوە! چونکە جەماوەرێکی زۆرتر بۆی

ڕەخساوە کە بیخوێنێتەوە ، بەڵام لـەوە نیگەرانم کە ئەو چاپکردنەوە بێ پرس و بێ مافە! پێشێلـکردن و لادانە لـە داب و نەریت و یاسای چاپەمەنی و مافی نوسەران.

هیوادارم لـەمەودوا و لـە کوردستانی ئازادکراوماندا ڕێ لـەو جۆرە (مافخواردن)ـە بگیرێت.

**قادر ڕەشید**

**2003-7**

# پێشەکی

بە دەرچوونی چاپی یەکەمی (پشتئاشان لە نێوان ئازار و بێدەنگییدا) ، مشتومڕێکی زۆر لەناو هاوڕێیان و دۆستاندا دروستبوو.

هەندێکیان بە سوربوون و دڵنیاییەوە داوای سزادانی هاوڕێ قایەر و ئەو کەسانەشیان ئەکرد کە پشتگیرییان کردووە و یارمەتییان داوە!

من ئەوساش و ئێستاش هەر وتوومە و ئەڵێم ئەو برادەرانە مافی خۆیانە کە ئەوە ڕا و بۆچوونیان بێت و داوای (سزادان!!!) بکەن ، بەڵێ .. مافی خۆیانە کە بە شێوەیەکی جیاواز سەیری ڕووداوە مێژووییەکانی گەل و نیشتمان و حیزبەکەیان بکەن ، بەڵام لێرەدا کرۆکی کێشە و گرفت و کلۆڵییەکەی ئێمە ئەوەیە کە بۆچی ئەو برادەرانە بە هەمان شێوەش ماف نادەن بە هاوڕێکانیان کە بۆچوونێکی جیاوازیان هەبێت و لە ڕوانگەیەکی ترەوە سەیری کارەسات و ڕووداوەکان بکەن؟ بەتایبەتییش کارەساتێك کە دروێنەی گیانی دەیان ڕۆڵەی بەئەمەکی ئەم حیزب و گەل و نیشتمانەی کردووە و تا ئێستاش کەس خۆی بە بەرپرس نازانێت و هەروەك بڵێیت ئەو کارەساتانە (قەزا و قەدەر) بوون و ڕووداوێکی سروشتیی بوون ، وەك باوبۆران و لافاو و بومەلەرزە و دەستی هیچ مرۆڤێکی تیادا نەبووە!

بەڵێ .. لە کۆمەڵگای ئێمەدا نە فێرکراوین و نە ڕاهاتووین کە ڕێزی بیروڕای جیاواز بگرین! لە کاتێکدا کە دنیا و ژیان بریتین لە یەکیەتی دژەکان!

زۆربەی حیزبییەکان لایان وایە کە ئەوەی ئەندامی حیزبێك بوو ، ئیتر ئەبێت سەد لە سەد وەك ئەندامانی تر و بەتایبەتییش وەك سەرکردایەتییەکەی بیربکاتەوە و هەڵسوکەوت بکات و هەڵوێستی هەبێت! لە کاتێکدا کە لە دنیادا تەنیا دوو مرۆڤێك نیە کە سەد لە سەد وەك یەك بیربکەنەوە و هەمان ڕا و بۆچوونیان هەبێت!

کێشەکانی کۆمەڵگای کوردستان کەم نین و شیوعییەکانیش هەر زادەی ئەم کۆمەڵگایەن و لە ئاسمانەوە نەهاتوون! بۆیە حیزبی شیوعیش وەك هەر حیزبێکی تر بەشی خۆی لەو کێشانەی کۆمەڵگاکەی بەرئەکەوێت ، ئیتر چاك بێت یان خراپ! بۆیە لەم سەردەمە نوێیەی ژیانی مرۆڤایەتی و گڵۆڵەدا (گلۆباڵیزم) ، بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگا و گۆڕینی بارودۆخە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابورییەکان بە دروشم نابێت! بەڵکوو کارکردن سەنگی محەکە.

کارکردنیش بۆ ئەو مەبەستە ، شێواز و ڕێسا و یاسای خۆی هەیە کە ئەویش بەگشتیی (دیموکراتییە).

دیموکراتیی شتێك نیە کە کەسانێك یان حیزبەکان ، فێرگە بکەنەوە و جەماوەرەکەیان فێربکەن!

نەخێر .. دیموکراتیی .. باوەڕ و مەبدەئە ، ئەوەی کە باوەڕی بە بنەما سەرەتاییەکانی مرۆڤایەتی نەبێت! ناتوانێت دیموکرات بێت.

ئەوەی کە باوەڕی بە ئازادیی نەبێت و ڕێزی بیروڕای بەرامبەرەکەی نەگرێت! نەك هەر جەماوەرەکەی و حیزبەکەی بۆ ناگۆڕڕێت! بەڵکوو ناتوانێت گۆڕانکاریی لەناو خێزانەکەی خۆشیدا بکات!

ئەگەر ئەندامانی کۆڕ و کۆمەڵ و حیزبەکان لەناو خۆیاندا دیموکرات نەبن و ڕێزی بیروڕای یەکتر نەگرن! ئەوا ناتوانن لەگەڵ کەسانی دەرەوەی لایەنەکەی خۆیاندا دیموکرات ببن و ڕێزی بیروڕای جەماوەرەکەیان بگرن! بێگومان ئەمەش ڕاستییەکە و لە مێژووی گەلاندا سەلمێنراوە.

ژیان و کاری سیاسی و حیزبایەتی نهێنی ، بمانەوێت و نەمانەوێت ، بارودۆخی نائاسایی دروستئەکات و ئەبێتە هۆی دروستبوونی دیاردەی تاکڕەویی و دیکتاتۆریی و شاردنەوەی ڕاستییەکان و بەگوێرەی پێویستیش سەرکوتکردنی ڕەخنە و بیروڕا جیاوەزەکان! ئەمەش بە ئاشکرا لەم کتێبەدا دیارە و باسکراوە و خوێنەر بە ئاسانیی

هەستی پێئەکات.

ئایا ئەمڕۆ کاتی ئەوە نیە کە ئیتر چاوێك بە ژیانی ڕێکخراوەیی و فیکریی حیزبماندا بخشێنینەوە و لەگەڵ پێویستییە نوێیەکانی ئەم قۆناغەی مرۆڤایەتیدا خۆمان بگونجێنین؟

ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کە بەرپرسیارانی قەسابخانەکەی پشتئاشان ، ئاشقوڵکە ، قەڕناقاو ، ڕەزگە و شەڕە کوردکوژییەکان ، لە هەرچ لایەنێك بن! دەستنیشان بکرێن و بدرێن بە دادگا؟

بەڵێ .. ئەمڕۆ لە هەموو ڕۆژێك زیادتر پێویستمان بەم پروسێسە هەیە و وەك قەرز وایە ، کۆن ئەبێت و نافەوتێت!

ئەگەر ڕژێمی بەعسی فاشیست هەزاران گۆڕی بەکۆمەڵی (نهێنی) هەبوو ، ئەوا گەلی کوردیش چاوەڕێی وەڵامی هەزاران پرسیار ئەکات لە لایەنە سیاسییەکان و سەرکردەکانیان و چاوەڕێی زانینی هۆیەکانی ئەو هەموو شەڕە کوردکوژییانە و تیاداچوونی هەزاران ڕۆڵەی خێرنەدیو ئەکات کە خوێنیان ئاشی شەڕی ناوخۆی ئەگێڕا.

لە چاپی یەکەمی ئەم کتێبەدا کە نزیکەی پێنج ساڵ لەمەوبەر بوو ، زۆر پرسیاری ڕاستەخۆ و ناڕاستەوخۆی تیادا بوو کە تا ئێستاش وەڵامێکیان نەبوو! زۆر خەملاندنی تیادابوو دەربارەی ئایندەی حیزب و سیاسەت و دروشمەکەی کە بەداخەوە لە ماوەی نێوان دوو چاپی ئەم کتێبەدا زۆربەیان هاتنەدی ، وەك سەرنەکەوتنی حیزبمان لە هەڵبژاردنە هەمەجۆرەکاندا!

ئەمڕۆ گەلەکەمان بە قۆناغێکی هێجگار نوێدا ئەڕوات کە کەس بەگوێرەی پێویست خۆی بۆ ئامادە نەکردبوو!

ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کە حیزب تۆزێك ژەنگی حەفتا ساڵەی هەڵبوەرێنێت و بە شێوەی سەردەم خۆی لەگەڵ جەماوەری گەلەکەیدا بگونجێنێت؟ لە کاتێکدا کە

جەماوەرەکە بێزارە لـە (دەسەڵاتداران) و ئەو بارودۆخە نائاساییەی کە ساڵانێکە باڵـی بەسەر کوردستاندا کێشاوە!

ئایا ئەتوانین بە عەقڵییەتی حەفتا ساڵ لـەمەوبەرەوە و سەردەمی ئیمپیریالـیزمە کلاسیکییەکە ، لـەگەڵ ئەم سەردەمە و ئیمپیریالـیزمە نوێیە(ڕزگارکەرەکە!!!)دا خۆمان بگونجێنین؟

بەڵـێ .. ئەمڕۆ هەزاران پرسیار لـەبەردەمی حیزبمان و هێزە چەپەکاندا قوتبوونەتەوە و چاوەڕێی وەڵامن. بێگومان کۆنگرەی سێیەمی حیزبمان کە ئەبێت پێش هەڵـبژاردنە گشتییەکانی کوردستان بگیرێت! ئەبێت بە شێوەیەکی زانستییانە و سەردەمییانە وەڵامی زۆربەی ئەو پرسیارانە بداتەوە.

ئەگەر حیزبمان دەرسێك لـە مێژوو وەرنەگرێت و چاونەخشێنێتەوە بە زۆربەی هەرە زۆری بنەما فیکریی و سیاسی و ڕێکخراوەییەکانیدا ، ئەوا گومانی تیادا نیە کە لـە هەڵـبژاردنەکانی ئایندەدا سەرکەوتن دۆستمان نابێت!

ئەگەر حیزبی ئێمە جارێك لـە جاران دوو کەس سزا نەدات کە بەرپرس بوون لـە تێکشکان و نەهامەتییەکان و سیاسەتە ماڵـوێرانییەکاندا ، ئەی کامەیە ئەو (زەبت و ڕەبتە پۆڵایینە)یەی کە حەفتا ساڵـە باسئەکرێت و ئەو خەڵـکەی پێ پەروەردەکراوە؟

دەستخۆشیی لـە هاوڕێ قایەر ئەکەم کە زۆر دڵـسۆزانە و ئازایانە و جەرگبڕانە لـەپێناوی گەل و نیشتمان و حیزبەکەیدا ، باسی زۆر شتی کردووە کە تا ئێستاش لـەلای زۆر کەس! باسکردنیان قەدەغەیە و خەملاندنەکانی ناو ئەم کتێبەش هەر وەك چاپی پێشوو ، لـەلای هەندێك هاوڕێ و کادێر کە باوەڕیان بە پێشکەوتن نیە (نوقلانەن)بوون و ئێستاش هەر لایان وایە کە (نوقلانە)ن!

جیاوازیی ئەم کتێبە و کتێب و بیرەوەرییەکانی هەندێك لـەو حیزبیی و سیاسییانەی کوردستان کە لـەم چەند ساڵـەدا دەرچووە ، لـەوەدایە کە هاوڕێ قایەر باسی کڵـۆڵـیی و غەدرلـێکراویی و مەینەتیی خۆی و هاوڕێیانی و پێشمەرگە ئەکات

و ڕەخنە لـەوانە ئەگرێت کە وەك (سەنەم) بوون لـەناو حیزبدا و کەس نەیئەوێرا پێیان بڵـێت پێتان خوار داناوە! بەڵام زۆربەی ئەوانی تر لـە کتێبەکانیاندا فشە ئەکەن و خۆیان هەڵـئەکێشن و خۆیان و حیزبەکانیان بە بێگوناهـ دائەنێن و تێکڕای لایەنەکانی تریش تاوانبار ئەکەن و بە هەموو شێوەیەك هەوڵـئەدەن وا پێشانی خوێنەر بدەن کە شەڕە کوردکوژییەکانیان ڕەوا بوون و (پێویستییەکی مێژوویی) بوون!!! و بەزۆر بەسەریاندا سەپێنراوە!!!

ئەمەش هۆیەکی گرنگە لـەوەی کە خەڵـکێکی زۆر عەودالـی خـوێنـدنەوەی ئەم کتێبە بوون و تەنانەت دوو جاریش بەبێ پرس و ئاگاداریی نوسەرەکەی ، لـە سلـێمانیی و هەولـێر چاپکرایەوە.


هەروەها ئەم چاپە بژارکراوە و هەندێك ناو و مێژوو کە لـەیادکرابوون ، لـەم چاپەدا نوسراون و هەندێك ناویش کە لـە شوێنی خۆیدا باس نەکراون ، ڕاستکراونەتەوە و هەندێك باسی تریشی بۆ زیادکراوە.

لـەم چاپەدا سودیش لـە چەندان سەرچاوە وەرگیراوە بۆ دڵـنیایی و پشتگیرییکردنی باس و بۆچوونەکان و بەتایبەتییش نامەی چەندان هاوڕێ کە تێکڕا هەموویان بۆ خۆیان لـەناو کارەساتەکاندا بوون.

بە هەر حاڵ .. هیوادارم نمونەی ئەم کتێبە و ئەم جۆرە نوسینانە زۆربێت و نەوەی ئەمڕۆی کورد لـە ڕوانگەیەکی واقیعییانەوە دیوی ناوەوەی ڕووداوە مێژووییەکانی گەلـەکەی بۆ دەربکەوێت.

## نەوزاد وەلی

# پشتئاشان



دیمەنێکی پشتئاشان

گوندێکی ڕازاوە و دڵگیرە و سروشت هەموو جوانییەکی پێبەخشیوە. ئەم گوندە کەوتووەتە ناو کۆمەڵە چیایەکی هەڵدێر و بڵندەوە و بە دامێنی زنجیرە چیا سەرسەختەکانی قەندیلەوە لکاوە.

لەپێش وێرانکردنیدا 70 ماڵێك بووە و بریتی بووە لە دوو بەش: پشتئاشانی سەروو و پشتئاشانی خواروو ، ڕوبارێکی سازگار لە قەندیلەوە بە ناو دار و درەختی چڕ و پڕی ئەم گوندەدا بە خوڕ دێت و بە دۆڵی شارۆشیندا ئەڕوات.

لە وەرزی هاویندا زۆر فێنکە و کەش و ئاو و هەوایەکی سارد و سازگاری هەیە و هاوینەهەوارێکی ڕەخساوی بێوێنەیە ، بەڵام لە وەرزی زستاندا هەر لە مانگی ڕێبەندانەوە تا نەورۆز هەر بەفر و زریانە و دواییش هەر ڕەهێڵەی بارانە. لەم وەرزەدا هاتوچۆی دانیشتووانی ئەم گوندە لەگەڵ گوندەکانی دەوروبەریان کەم

ئەبێتەوە و ئەکەونە ژیانێکی سەخت و ناهەموارەوە و تا ڕادەیەك لەیەکتر دائەبڕێن. ئابوری و دابینکردنی بژێویان بریتییە لە ئاژەڵداریی و ڕاگرتنی هەنگ و کشتوکاڵی وەك ڕەز ، باخ ، گوێز ، توتنی بۆنخۆش و میوە.



پشتئاشان (ساڵی 2000) ، دانیشتووانەکەی لە گەڕانەوە و ئاوەدانکردنەوەیدان

بەرهەمەکانیان بە وڵاخ ئەگوێزنەوە بۆ شار و شارۆچکەکان و لەوێ ئەیفرۆشن ، لەبەرئەوەی ئەم گوندە دواگوندی سەر سنورە لەگەڵ ئێراندا ، بۆیە لە هاوینی ساڵی 1975دا بەپێی بڕیارە جینۆسایدییەکانی بەعسی فاشیست ، واتە سیاسەتی ڕاگوێزانی کورد ، پشتئاشانیش وەك ئەو هەزاران گوندانەی تر وێران کرا و خەڵکەکەشی ڕاگوێزرانەوە بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکەی چوارقوڕنە.

هەرچی زەویوزاری بە کشتوکاڵ و ڕەز و باخیان هەبوو کە سەرچاوەی ژیانیان بوو ، بێخاوەن مایەوە و بەعسییەکان تەواوی خانووبەرەیان ڕوخاندن و داروبەردیان دا بەسەریەکدا و وێرانیان کرد و وەك هەموو ئەو خەڵکەی تر کە لە خاکی باوك و باپیرانیان هەڵئەکەنران و گوندەکانیان وێران ئەکرا ، گەڕانەوەیان بۆ سەر

زەویوزارەکانیشیان لـێ قەدەغەئەکرا و تەواوی ناوچەکەش ئەبوو بە (ناوچەی قەدەغەکراو).

لـەبەرئەوەی کە پشتئاشان شوێنەکەی چەپەك هەڵـکەوتبوو ، هەروەها دابڕاویش بوو لـە ئاوەدانییەوە ، بەتایبەتیی لـە وەرزی زستاندا و ڕێگای هاتوچۆی ئەوتۆمۆبیلـی بۆ ڕانەکێشرا بوو ، ئەبووایە هاتوچۆ هەر بە پیادە یان وڵاخ بووایە و ئەویش کاتێکی زۆری ئەخایاند و ماندووبوونێکی زۆریش.

# هەڵـبژاردنی پشتئاشان

تا ساڵـی 1982 هیچ حیزب و لایەنێك خۆی نەدابوو لـە قەرەی ئەم ناوچەیە و بیکەن بە بارەگا و بنکەی دەزگا سەرەکییە سیاسی ، سەربازیی و ڕاگەیاندنییەکانی خۆیان.

هاوڕێ ئەحمەد بانیخێلانیی هەرچەندە لـە کتێبی بیرەوەرییەکانیدا باسی ئەم ڕووداوەی نەکردووە ، بەڵام بە دەمیی جارێك وتی: (لـەو ساڵـەدا مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی عێراق سێ هاوڕێی شارەزای خۆی لـە باری سەربازییەوە ، لـە گوندی نۆکانەوە نارد بۆ سەیرکردنی پشتئاشان و بۆ خەمڵاندنی گونجاویی و شیاویی بۆ دامەزراندنی بارەگایەکی سەرکردایەتی لـەوێ.

ئەو سێ برادەرەش بریتی بوون لـە هاوڕێیان مەلا ئەحمەدی بانیخێلانیی ، مەلا عەلـی (عەبدوڵای مەلا فەرەج) و ئارا خاچادۆر ، پاش بینینی ناوچەکە ، ئەم هاوڕێیانە لـەبەر هەندێك هۆ گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە بە کەڵـکی ئەوە نایەت بارەگای لـێ دابمەزرێنرێت.

لـە گەڕانەوەیاندا مەکتەبی عەسکەرییان ئاگادار کرد کە ئەو جێگایە سەربازییانە هەڵـنەکەوتووە و باشتر وایە کە بیر لـە ناوچەیەکی تر بکرێتەوە ، بەڵام ئەم بیرورا و

پێشنیارەی ئەو سێ هاوڕێیە لەلایەن مەکتەبی سیاسی و عەسکەرییەوە بایەخی پێنەدرا و بێ ئەوەی بخرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە ، مەکتەبی سیاسی بڕیاری خۆی دا کە بارەگاکانی خۆی لە نۆکانەوە بگوێزێتەوە بۆ پشتئاشان! لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە :

ـ سوپای پاسدارانی ئێران هێزێکی گەورەی هێنابووە دۆڵەتوو بۆ لێدانی ئەو حیزبە کوردییانەی لە ناوچەکەدان ، حیزبی شیوعیش یەکێك بوو لەو حیزبانەی بە درێژایی کیلۆمەترێك لەناو سنوری ئێراندا بوو ، لە سەروو گوندی نۆکانی سەر بە ئێران بارەگای خۆی تیادا دامەزراندبوو.

ـ لە لایەکی ترەوە پەیوەندیی نێوان حیزبی شیوعی و یەکیەتی نیشتمانیی لەو کاتەدا تا ڕادەیەك گرژیی و ئاڵۆزیی تێکەوتبوو).

لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەزانرا هیچ لایەنێکی تر بیریان لە پشتئاشان نەکردووەتەوە ، بەتایبەتیی لەو بارودۆخەدا ، ئەبووایە ئەو ناتەواویی و کەموکوڕییانەی ناوچەکە ڕەچاو بکرایە ، پێش ئەوەی پشتئاشان بکرێت بە بارەگای سەرەکیی سیاسی ، سەربازیی و سەرکردایەتی ڕێکخراوی هەرێمی کوردستان ، لەبەر ئەم هۆیانە :

1- پشتئاشان جێگایەکی چەپەك و دابڕاوە لە هەموو ئاوەدانییەکەوە ، دورە لە شارۆچکە و شارە گەورەکانەوە.

2- دورە لە پەیوەندیی ڕۆژانە لە گەڵ حیزبە هاوپەیمانە کوردییەکانی تردا.

3- دورە لە پەیوەندیی لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگە و ڕێکخراوە سیاسییەکانی خۆیدا لە مەڵبەندەکانی سلێمانیی ، هەولێر و بادینان.

4- ناهەمواریی و زەحمەتیی دابینکردنی ئازوقە ، کەلوپەل ، تەقەمەنی ، پێویستیی ڕۆژانە ، پێویستییەکانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و پۆست ، دەرمان و چارەسەرکردن و گواستنەوەی بریندار و نەخۆش و ..تد.

5- لەبەرئەوەی پشتئاشان لە دامێنی چیا سەرسەختەکەی قەندیلدا هەڵکەوتووە ،

لە وەرزی زستاندا بە هۆی بارینی بەفرێکی زۆرەوە ئەبێتە (سیبیریا)یەك بۆ خۆی! کار و ئەرکی پێشمەرگایەتی ئیفلیج ئەبێت و توانای جوڵەیان نامێنێت و دەست لە سەر ئەژنۆ ئەبن.

6- ڕۆڵی جەماوەری ناوچەکە:

زۆر زەحمەتە بۆ ڕێکخراوێك ، چ سیاسی یان سەربازیی ، لە ناوچەیەکدا جێگیر ببێت و جەماوەری خۆی نەبێت لەو ناوچەیەدا هاوکاریی بکات ، ئەو ڕێکخراوە ئەبێتە مەلێکی بێ پەڕ و باڵ.

ئەو چەند خێزانە جوتیارانەش کە لەو دواییەدا گەڕابوونەوە پشتئاشان ، لە مێژ نەبوو گەڕابوونەوە بۆ گوندە وێرانکراوەکانیان.

ئەمانە سەر بە حیزبی شیوعی نەبوون ، بەڵکوو زیادتر سەر بە یەکیەتی نیشتمانیی بوون ، لەوەش ئەچوو کە ڕژێمی بەعس و یەکیەتی نیشتمانیی داوایان لێکردبن بگەڕێنەوە بۆ گوندەکانیان ، پەیوەندیی ڕۆژانەشیان نەپچڕاندبوو لەگەڵ ئۆردوگاکانیان و ئازاد بوون لە هەموو هاتوچۆ و جموجوڵێکیاندا و بێ ئەوەی کۆنترۆڵێکیان لەسەر بێت لەلایەن برادەرانی ئێمەوە ، هەرچەندە ئەوەش مافی ڕەوای ئەو خەڵکە خۆیەتی ، بەڵام ئەبووایە لەو بارودۆخەدا سەرکردەکانمان بەئاگا بوونایە لەو جموجوڵانە.

حیزب لە ئەنجامی نەبوونی کەسانێکی لایەنگر و سەربە خۆی لە ناوچەکەدا ، ناچار بوو کە لە ڕێی ئەم نەناسراوانەوە ئازوقە و زۆر پێویستیی تری ڕۆژانەی خۆی دابین بکات و بە پارە و پولێکی زۆر. ئەمە و سەرەڕای ئەوەش مەترسی هەبوو لە باری ئەمنییەوە کە ڕۆژانە دەنگوباسی جۆراوجۆری بارەگاکان و جموجوڵی هێزەکانی پێشمەرگەی حیزبی شیوعی بگاتە بەعس و یەکیەتی نیشتمانیی و سودیان لێ وەربگرن!

7- هەروەها پشتئاشان لە ڕووی ستراتیجیی سەربازییەوە ، جێگایەکی ئەووتۆ نەبوو

که لـه کاتی پێویستدا و لـه ڕووبەڕوو بوونەوەی هێرش و پەلاماری لـەناکاوی دوژمندا بتوانرێت لـه چەند ڕۆژێك زیادتر بەرگریی بکرێت و ڕێ نەدرێت بە دوژمن زاڵببێت بەسەر ناوچەکەدا.

لـەگەڵ ئەوەشدا ئەبووایە حیزب بیری لـه دروستکردن و مسۆگەرکردنی هێزێکی چەکداری بە توانا و لـێهاتوو بکاتەوە و هەمیشە ئامادەبێت بۆ بەرگریی لـه بارەگاکان و ناوچەکە.

ئەو ژمارە پێشمەرگە کەمەی کە لـه بنکەی ڕەزگە و بۆڵـێ بوون ، پێویستیان بە هێزێکی جێگر (ئیحتیات) هەبوو کە لـه کاتی لـێقەوماندا بە هانایانەوە بچن! لـەگەڵ ئەمانەشدا پشتئاشان پێویستی بە ژمارەیەکی زۆر زیادتر پێشمەرگەی ئازا و شارەزا و قاڵبووی شەڕی پارتیزانیی هەبوو وەك لـەو ژمارە کەمەی کە لـێی بوو.

ئەو هاوڕێ عەرەبانەی کە لـه هەندەرانەوە گەڕابوونەوە بۆ کوردستان و بۆ ڕیزی چەکداریی حیزبەکەیان ، خوێندنیان لـه دەرەوەی وڵات تەواوکردبوو ، واتە زیادتر کادێری زانیاریی بوون نەك پێشمەرگایەتی ، تێکڕا هەموو بەجەرگ و دڵسۆز بوون بۆ داکۆکیی لـه حیزب و گەل و نیشتمانەکەیان ، بەڵام ژیانی پێشمەرگایەتی و شەڕیان نەدیبوو ، واتە لـەو بوارەدا قاڵ نەبووبوون.

ڕانەهاتنی ئەمانە و بایەخنەدان پێیان لـه ڕووی پێشمەرگایەتی و شارەزایی ناوچەکە و ئەرکەکانی تری ڕۆژانەیان ، کەمترخەمییەکی زیانبەخشی گەورەی مەکتەبی عەسکەریی بوو.

پشتئاشان ئەو جێیە ستراتیجییە نەبوو کە لـه کاتی تەنگانەدا هێزی هاوسەنگەر بە ئاسانیی بگاتە دەوروبەری.

لـه پەلامارەکەی هێزەکانی یەکیەتی نیشتمانییدا لـه ڕۆژی 29-4-1983 دا بە سەرکردایەتی نەوشیروان مستەفا بۆ سەر ڕەزگە ، قەڕناقاو ، ئاشقوڵکە و پشتئاشان ، هیچ هێزێکی چەکداری هاوپەیمان و هێزەکانی مەڵبەندەکانی حیزبی خۆشمان ،

پیادا ڕانەگەیشتن کە بە هانایانەوە بچن و ئەو پەلامارە تێکبشکێنن.
ئەو هاوڕێیانەش کە لە ڕەزگە لە سەنگەری پێشەوە بوون ، بوونە قۆچی قوربانیی و شەهید بوون ، وەك شەهیدانی نەمر ڕەسوە سور و عەبدوڵا حەسەن دەرگەڵەیی و چەند هاوڕێیەکی تر کە ڕۆڵی قارەمانانەی خۆیان نواند.
هەروەها خوشکە عەشتار ، هاوڕێیەکی عەرەب بوو ، لەگەڵ هاوڕێ ئازاد بادینانییدا بە خۆیان و تۆپە دورهاوێژەکەیانەوە سەریان لە نەوشیروان و هێزەکانی شێواندبوو ، تەنانەت نەوشیروان لە کتێبی (پەنجەکان یەکتر دەشکێنن)دا باسی قارەمانێتی ئەوانە ئەکات و ئەڵێت:(چوار کەسیان بە تۆپی دورهاوێژ لێ شەهید کردین و ڕێگەیان نەئەداین بچینە پێشەوە).
هەروەها هاوڕێ حەسەن خدر و هاوڕێکانی لە قۆڵی (کرمە سوران)ـەوە ، هەرچەندە لە ڕووی هێز و چەك و تەقەمەنییەوە هاوتا نەبوون لەگەڵ ئەو ژمارە زۆرە شەڕکەرەی یەکیەتی نیشتمانییدا ، بەڵام ڕۆڵێکی هێجگار قارەمانانەیان بینی و لەوەش زیادتر نەیانتوانی لە سەنگەری پارێزگارییدا بمێننەوە و ناچار بوون پاشەکشە بکەن ، چونکە هێزێك نەبوو فریایان بکەوێت!
ـ ساڵی 1982 ساڵی چالاکیی و هەڵمەتی بێوچانی پێشمەرگەکانی لایەنەکان بوو ، دژی دامودەزگاکانی بەعسی فاشیست ، لە هەموو لایەکەوە تەنگیان بە ڕژێم هەڵچنی بوو.
سوپا خوێنڕێژە ماندووەکەی بەعس سەرقاڵ بوو بە شەڕی نارەوای عێراق و ئێرانەوە ، زۆربەی هێزەکانی خۆی لەسەر لوتکەی شاخەکان و جێگا هەستیار و ستراتیجییەکانی ناوچەکانی شەڕی پێشمەرگەوە ئەگواستەوە بۆ بەرەی شەڕ لە خوارووی عێراق و پارێزگاریی لە شارە گەورەکان و شارۆچکەکان ، بۆ ئەوەی ئەو جێگایانەش نەکەونە ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەوە.
لە ئەنجامی ڕاپەڕینی جەماوەری شارۆچکەکان و چالاکییەکانی پێشمەرگە ، بەعسی

دوژمن و داگیرکەر ئەوەندەی تر مەترسی لێنیشتبوو ، تەواوی ڕێگاوبانی نێوان شارەکان لـە دوای نیوەڕۆوە کەوتبووە ژێر کۆنترۆڵ و دەسەڵاتی پێشمەرگەوە ، پیاوانی ڕژێمیش لـەو کاتانەدا ، واتە لـەدوای کاتژمێری چواری پاش نیوەڕۆوە هاتوچۆی خۆیان وەستاندبوو ، بە شەویش ئەو جێگایانەی کە دامودەزگای ڕژێمی لێبوو ، تەقوتۆقی لـێ نەئەبڕا.

جەماوەر دڵخۆش بوو بەو ڕاپەڕین و چالاکیانە و هاوکاریی بێوێنەیان هەبوو ، ورەیان بەرز بوو ، باوەڕێکی زۆریان هەبوو بە سەرکەوتنی حیزبە بەرهەڵستکارەکان.


ئەبووایە لـەو بارودۆخەدا هیچ حیزبێکی بەرهەڵستکار بیری لـە شەڕی ناوخۆ نەکردایەتەوە ، ئەو ڕەشەکوژییەی نێوان بەرەی جود و یەکیەتی نیشتمانیی ، لـە بەرژەوەندی بەعسی داگیرکەر بوو ، بووە هۆی دامرکاندنەوەی گڕی تۆڵـە لـە دوژمن لـە زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا.

بە هەر حاڵ ئەبووایە لـەو کاتانەدا سەرکردایەتی حیزبی شیوعی بارەگاکانی خۆی لـە بنکەکانی پێشمەرگەکانی نزیك بکردایەتەوە و ڕووی نەکردایەتە پشتئاشانێکی دور و چەپەك ، بنکە و بارەگای سەرکردایەتی هەر حیزبێك بەوە پارێزراو و سەرکەوتووە کە چەند نزیکە لـە جەماوەر و ڕێکخراوە نهێنییەکانی و هێزە چەکدارەکانی خۆیەوە!

کاك عەبدوڵای مەلا فەرەج (مەلاعەلـی) ئەڵێت:

(لـە کاتێکدا هێرشی سوپای ئێران و پاسداران بۆ سەر سنورەکان و بەتایبەتیی نـاوچـەی زەڵـێ و توژەڵـە "دژی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران" نزیك ئەبووەوە ، بۆیە حیزبی شیوعیش ئەیویست جێگایەکی باش دەستنیشان بکات بۆ بنکەی سەرکردایەتی ، ئەمەش لـە ساڵـی 1982 دا بوو.

دەنگ وا بڵاوبووەوە کە باشترین جێگا بۆ ئەم مەبەستە پشتئاشانە ، لـەو کاتەدا ئەبوعامل ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەڕێوەبەری مەکتەبی عەسکەریی بوو.




نەخشەی پشتئاشان

ئەبوسەرباز لـەوێ نەبوو ، بەڕێز کاك فاتح ڕەسوڵ ئاگاداری کردم کە پشتئاشان خراپترین جێگایە (شاخی قەندیل وەك بازنەیەك پشتی گرتووە) و بۆ جێگای وا بەکەڵك نایەت ، لـەسەرخۆ نەخشەیەکی پشتئاشانی بۆ کێشام کە زستان هات تەنیا باڵدار ئەتوانێت بەو شاخەدا دەرباز ببێت و دوژمنیش لـە پێشەوە هێرش ئەهێنێت و ئەوەی لـەوێدا بێت دەرباز نابێت!

من لـەو کاتەدا ئەندامی مەکتەبی عەسکەریی بووم ، کە هاتە سەر ئەوەی بڕیاربدەین ، من وتم بە کەڵك نایەت و بۆم باسکردن بۆچی ، لـەبەرئەوە با ئەو جێگایە نەکرێتە بنکە. دانیشتنەکە زۆری خایاند و وتیان تۆ دیوتە ، وتم لـە نەخشەدا دیومە و بەکەڵك نایەت.

وتیان باشە بڕۆ بۆ پشتئاشان و بیبینە و ڕاپۆرتێکمان بدەرێ. منیش لـەوانەی کە شارەزاییان هەبوو چوار کەسم هەڵبژارد لـەگەڵ خۆمدا ، لـەوانە ئازاد بەرواریی و

کاك موحسین کە دوو پێشمەرگەی کۆن بوون و شارەزاییان هەبوو ، هەروەها دوو پێشمەرگەی تریش.

بەرەو پشتئاشان ڕۆیشتین ، سێ ڕۆژ لـەوێ ماینەوە و بە وردیی ئەو جێگایانەمان سـەیرکرد و لوتـکەکان و بەردەم پشتئاشان ، بە وەرگرتنی ڕای ئەو چەند پێشمەرگەیەش ، گەیشتینە ئەو باوەڕەی کە ئەم جێگایە کە زستان هات بەفر پشتەوە ئەگرێت و دوژمنیش لـە پێشەوە دێت بۆ هێرش و شەڕکردن ، ئەوەی لـەوێدا بێت دەربازی نابێت.

گەڕاینەوە و بە ئەمسەر و ئەو سەرەوە حەوت ڕۆژمان پێچوو ، ڕاپۆرتێکمان دا بە مەکتەبی سیاسی کە پشتئاشان بە کەڵکی بنکەی کۆمیتەی ناوەندیی ، هەرێم و مەکتەبی عەسکەریی نایەت. تەنیا بۆ لقێك باشە کە حەفتا تا هەشتا پێشمەرگەی لــێ بێت ، بە مەرجێك چەکی قورسیشیان لا نەبێت بۆ ئەوەی لـە زستان و سەرەتای بەهاردا ئەگەر هێرشیان کرایە سەر ، بتوانن بە ئاسانیی دەرباز ببن.

ڕاپۆرتەکە جێگای نارەزایی مەکتەبی سیاسی بوو ، بۆیە کەوتنە شتومەك گوێزانەوە و سێ هاوەنی 120 ملـم و زیاد لـە سەد گولـلـە تۆپی ، دوو هاوەنی 80 ملـم و گولـلـەکانی  و چوار دۆشکە ، ئەمانە هەموو گوێزرانەوە بۆ پشتئاشان.

هەر لـەم کاتانەدا وا ڕێککەوت کە ئەبوعامل چوو بۆ سەردانی پشتئاشان و لـەوێ هەواڵ ئەبیستن کە جاش ئەیەوێت هێرش بهێنێت بۆ پشتئاشان ، ناوبراو بە بێتەل ئاگاداری نۆکانی کرد (کە مەکتەبی سیاسی لـەوێ بوو) ، ئەو کاتە تەنیا کاك کەریم ئەحمەد و کاك عومەری شێخ لـەوێ بوون ، وتی ئەبێت دەزگای بێتەلـەکە 24 کاژێرە کراوەبێت! هەروەها داوای فیشەك و تەقەمەنی کرد.

ئیتر ئەوێی کرد بە جێگای شەڕ کە هیچیش ڕووی نەدابوو! لـەم کاتەدا من تەنیا مابوومەوە لـە نۆکان کە سەپەرشتیی هەموو کاروباری مەکتەبی عەسکەرییم ئەکرد.

بە کاك کەریم و کاك عومەرم وت ئەم کارە وا نابێت ، ئەبوعامل دنیای لــێ

کردووین بە شەڕ و هیچیش نیە! من ناتوانم پێی بڵێم بگەڕێرەوە ، تکایە ئێوە پێی بڵێن با بگەڕێتەوە.

یەکسەر بروسکەیەکیان بۆ کرد کە بگەڕێتەوە بۆ نۆکان ، ئەبوعامل کە گەڕایەوە ، لە ڕێگا باش تەڕ بووبوو ، من لای کاك کەریم و کاك عومەر بووم کە ئەو هاتە ژورەوە ، یەکسەر وتی ئەگەر حکومەتی عێراق پشتئاشانی بە دەستەوە بووایە ، ئەوا ئەیکرد بە کولیەی ئەرکان! واتە زانیبووی کە هاتنەوەکەی لەبەر چییە و بەکەڵکی ئەوە نایەت لەوێ بێت! ئیتر نە هێرش دەستی پێکرد و نە هیچیش ڕوویدا!.

لە بەهاری 1982 دا شتومەکەکان گوێزرانەوە و پشتئاشان بووە بنکەی گەورە و سەرەکیی.

لە مانگی 10ی 1982 دا کۆنفرانسێکی پێشمەرگە لە پشتئاشان بەسترا. ئەوەی بێتەوە بیرم ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی و مەکتەبی سیاسی و کادێرانی پێشمەرگە ، وا ئەزانم زیاد لە 30 کەسێك ئەبووین ، کاك عەزیز محەمەدیش ئامادەبوو.

لە وتووێژدا من وتم پێشتر هاتمە پشتئاشان و لەگەڵ چەند کەسێکی شارەزای پێشمەرگایەتیدا بۆ لێکۆڵینەوە دەربارەی ئێرە و کردنی بە بنکە ، ئێستاش ئەڵێم ئەم پشتئاشانە ئەبێتە گۆڕێك بۆ حیزبی شیوعی و تاهەتایە مێژوو بیڵێتەوە و بەرپرسیارییش لەسەر ئەو کەسانەیە کە بڕیاریان دا ، بەشی زۆری ئەندامان پشتگیریی بۆچوونەکەی منیان کرد و وتیان بە کەڵك نایەت.

لەدواییدا وتیان ئەم (کۆبوونەوەیە!!!) بۆ ڕاوێژکردن بووە! ، واتە هەرچی بڵێن گوێتان لێئەگرین ، بەڵام جێبەجێی ناکەین.[1]

# خۆ ئامادەکردن

لـە ناوەڕاستی مانگی نیسانی 1983 وە یـەکیـەتی نیشتمانیی بـە ڕابـەرایـەتی نـەوشیروان مستـەفا خـەریکی کۆکردنـەوەی هێزێکی گـەورە بوو بۆ پـەلامارێکی لـەناکاو. ناوزەنگ پڕ بووبوو لـە پێشمـەرگـە کـە لـە گـەرمیان و شارەزور و جێگاکانی ترەوە هاتبوون.

هـەموو ئـەو هێزانـە پۆشتـە و پـەرداخ بوون لـە جلوبـەرگی وەك قـەمسـەڵـەی گـەرم ، پێڵاوی باش و کۆڵـەپشتی پڕ لـە (موعـەلـەبات) ، هـەروەها چـەکی نوێی وەك بیکـەیسی و ئارپیجی ، دۆشکـە ، قـەناسـە ، کالاشینکۆڤ ، دەزگای بێتـەلی ڕاکاڵ و (وۆڵکی تۆڵکی) ، دوربین و...تد.

ئـەم هێزە تێروتـەسـەلـە سـەرنجی خـەڵکانی ناوچـەکـەی ڕاکێشابوو ، هـەواڵمان پێگـەیشت کـە ئـەو کـەلوپـەلـە سـەربازییـە خـەستوخۆڵـەی یـەکیـەتی لـە ناوچـەکـەدا بۆ ئـەو خۆئامادەکردنـە ، لـە ڕژێمی بـەعسـەوە نێرراوە و لـە ڕێگای حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانـەوە (حدکا).

ئـەو کاتـە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران پـەیوەندییـەکی ڕاستـەوخۆ و پتـەوی لـەگـەڵ ڕژێمی بـەعسی قڕکـەری کورددا هـەبوو ، لـە هـەمان کاتدا ناحـەز بوو ، بـەڵکوو دژایـەتی بـەرەی (جود)یشی ئـەکرد ، لـەبـەرئـەوەی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق باڵێکی پتـەوی بـەرەی (جود) بوو.

(حدکا) بۆ بـەربـەرەکانی بـەرەی جود بـە ئاشکرا و نهێنی خۆی خستبووە خانـەی هاوکاریی لـەگـەڵ یـەکیـەتی نیشتمانیی و ڕێگای هاتوچۆ و تـەتـەریی گرتبووە بـەر لـە نێوان بـەعس و یـەکیـەتی نیشتمانییدا و بۆ ئـەوەی ڕێکیان بخاتـەوە. ئـەم هـەوڵوێست و کۆششـە زیانبـەخشـەی (حدکا) لـەو کاتـەدا شیرازەی ئـەو دۆستایـەتییـە بـەتینـە مێژووییـە درەوشاوەیـەی ڕابوردووی نێوان خۆیان و حیزبی شیوعی شێواند و

زیانێکی زۆری بە حیزب و بەرەی (جود) و بزوتنەوەی نیشتمانیی گەلـی کورد گەیاند.

ئاگری شەڕەکەی خۆشترکرد ، بەتایبەتیی پێش هێرشەکەی یەکیەتی بۆ سەر پشتئاشان و کاتی هێرشەکە و مەینەتییەکەی پاش پەلامارەکەش.

زانیاریی و بەڵگەنامەیەکی زۆر هەیە لـەسەر ئەو وتووێژ و نامە و نامەکارییەی نێوان خوالێخۆش بوو دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو و مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی بەتایبەتیی لـەسەر هەڵوێستی پشتگیریی حدکا لـە (یەکیەتی) لـەو خوێنڕشتنەدا)[2] ، هەروەها کوشتنی هاوڕێیانی پێشمەرگەی حشع بە دەستی هێزە چەکدارەکانی حدکا لـە (بەرقسلێ) ، وەك: شەهید هێمن ـ بەرپرسی سیاسی لـقی پشدەر ، محەمەد ڕەسوڵ ، ڕەسوڵ حەمە یوسف ، دکتۆر کاوە کەریم ، هاشم زیاد و تۆفیق (هاوڕێیەکی عەرەب) بوو.[3]

بروسکەی پیرۆزبایی لـە هێزی ئاوارە و پیرانشاری حدکاوە بۆ یەکیەتی لـە (سەرکەوتنیان)دا لـەو خوێنڕشتنەی پشتئاشاندا.

ئەو کاتەی من لـە نۆکان بووم و پەیوەندییمان لـەگەڵ یەکیەتی نیشتمانیی نەبڕابوو لـە ناوزەنگ ، خەریکی کار و ئەرکەکانمان بووین ، وەك: کڕینی ئازوقە ، کەلـوپەل ، تەقەمەنی و گۆڕینەوەی پارە لـە قاسمەڕەش و دابینکردنی جێ و ڕێ بۆ هاتوچۆی مەفرەزە و ناردنی نەخۆش و بریندارەکانمان بۆ ئێران و ئەرکی گەیاندنی پۆست ، هەروەها سەرپەرشتکاری پێشمەرگەی لـقی پشدەریش بووم ، بارەگای لـقەکە لـە ڕەزگە و سونێ بوو ، نوێنەری حیزب بووم لـە پەیوەندیی ڕۆژانەمان لـەگەڵ سەرکردایەتی ینك لـە ناوزەنگ.

ئەو شەڕ و بەیەکدادانەی کە لـە نێوانماندا هەبوو ، هێشتا هەر لـە سنوری وردە شەڕ و (موناوەشات)دا بوو ، واتە حیزب خۆی لـە شەڕێکی ڕاستەوخۆ و (تەناحوریی)یەوە نەئاڵاند بوو دژ بە یەکیەتی نیشتمانیی! هەر لـەسەر سیاسەتی ڕیشسپییەتی خۆی

مابووەوە و بەردەوام بوو.

من سەرکردایەتی مەکتەبی سیاسی و عەسکەرییم ئاگادارکرد بەو جموجوڵ و هێزە گەورە و پۆشتەیەی یەکیەتی نیشتمانیی و لە قسەی هەندێك پێشمەرگەیانەوە وا دیارە کە بەرەو باڵەکایەتی بکەونە ڕێ و بە سەرکردایەتی نەوشیروان مستەفا ، بۆ پشتیوانیی لە مەڵبەندی چواری هەولێریان و دەربازیان بکەن لە گەمارۆی هێزەکانی بەرەی جود.

بە هاوڕێیانی سەرکردەم ڕاگەیاند کە هۆشیار بن و نەوەك بە ناوی پەلاماردانی پاسۆك و سۆشیالیستەوە هێرش بکەنە سەر پشتئاشانیش!

هاوڕێ ئەبوسیروان یادی بەخێر ، دەقی نامەکانی منی لە کوردییەوە کردبووە عەرەبیی بۆ هەندێك لە برادەرانی مەکتەبی عەسکەریی و سیاسی ، بەڵام بەداخەوە بایەخیان بەو هەواڵانە نەدابوو ، خۆشیان ئامادەنەکردبوو بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر هێرش و پەلامارێکی لەناکاوی هێزەکانی "ینك" ی هاوپەیمان! ئەو کەمترخەمییەیان لە گەشبینییەوە بوو کە ینك هەر هاوپەیمانە و ڕۆژێك لە ڕۆژان و هەرگیز گورزی وا ناوەشێنێت!.

# چۆلکردنی نۆکان

لەپاش 6 ڕۆژ نامەیەکی بەپەلەم پێگەیشت لە هاوڕێ عومەری مامەشێخەوە (ئەبوفاروق) ، لێپرسراوی مەکتەبی عەسکەریی بوو لە پشتئاشان ، ئەمەش دەقی نامەکەی بوو: (هاوڕێ ئەبوشوان ، بە گەیشتنی ئەم نامەیە خۆت و مەفرەزەکەتان بە پەلە و بێ دواکەوتن و بە شێوەیەکی نهێنی تەواو و بێ ئەوەی سەرکردایەتی (ینك) لە ناوزەنگ پێتان بزانن ، نۆکان بەجێئەهێڵن و ئەگەنە پشتئاشان).

هاوڕێ ئەحمەدی بانیخێڵانیی ئەڵێت: (پێشتریش کە لە هەولێر هێرش کرایە سەر مەڵبەندەکەی یەکیەتی ، ئێمە هاوڕێ (أبوشوان) و (سەید باقی)مان ئاگادارکردەوە ، کە بنکەکەی نۆکان دابخەن و زوو خۆیان بگەیەننە پشتئاشان و لە کاتی خۆیدا گەیشتن).[4]

لە دوای خوێندنەوەی نامەکە دەستبەجێ هەرچیەکمان هەبوو پێچامانەوە و بارمانکرد لە چەند وڵاخێك و بە شەوێکی تاریك و ناوەخت کەوتینە ڕێ بە دامێنی ڕوبارەکەی نۆکاندا و زۆر بە نهێنی و بێورتە شۆڕبووینەوە!

ڕێگاکەمان لاڕێ بوو ، یەکیەتی پێیان نەزانی تا سەر لە بەیانی ڕۆژی دوایی.

ئەم ڕۆیشتنەی ئێمە بەو نهێنییە ، بووە خاڵێکی باس و لێکۆڵینەوە لای مام جەلال و مەکتەبی سیاسی یەکیەتی نیشتمانیی. ئێمە لە نۆکان پەیوەندیی ئاسایی ڕۆژانەمان هەبوو لەگەڵ مەکتەبی سیاسی یەکیەتی و بەتایبەتیی مام جەلال خۆی ، هەستمان بە نائارامییەك نەئەکرد لە نۆکان و ناوزەنگ ، ئەو پەیوەندییەی نێوانمان لەسەر بناغەی ڕێککەوتنەکەی 6 ی شوباتی 1983 بوو لەنێوان حیزب و یەکیەتیدا ، بەڵام بە گەیشتنی ئەو نامەیە ئێمە بیرمان لەوە کردەوە کە پەیوەندیی نێوان هەردوولا ئاڵۆز بووە و مەترسی تێکەوتووە و حیزب وا هەستئەکات کە لە ناکاوێکدا یەکیەتی لە نۆکان ئێمە دەستگیر بکات.

هەرچەندە ئێمە هەواڵی شەڕێکی ڕاستەوخۆمان نەبیستبوو لەنێوان حیزب و یەکیەتیدا ، بەڵام لەوە ئەچێت توشی شەڕێکی ناعادیلانە ببین و بێلایەنییەکەمان و ڕیشسپییەتییەکەمان بکرێتە شەڕێکی لاوەکی لەگەڵ یەکیەتی و لە بەرەیەکی یەکگرتووەوە و لە سیاسەتی هاوسەنگەرییمانەوە لەگەڵ یەکتردا و بە پێی ئەو 5 خاڵەی لە ڕێککەوتنەکەی نێوانماندا لە 6-2-1983 دا لە ناوزەنگ بڕیاری لەسەر دراوە ، لەوەوە بکەوینە سەنگەر لەیەکگرتن و قاتوقڕکردنی یەکتر ، باوەڕیشمان نەئەکرد کە هەر وا بە ئاسانیی و بە بێ لێکۆڵینەوەیەکی قوڵ و هەڵسەنگاندێکی تەواو ، هەروەها بە بێ بڕیاری کۆمیتەی ناوەندییمان! حیزب سیاسەتی دۆستایەتی خۆی لەگەڵ یەکیەتیدا تێکبدات ، شەڕی خوێناویی و لاوەکی و ناعادیلانەی لەلا ببێتە شەڕێکی ڕەوا!

# حاڵی پشتئاشان

به هەر حاڵ بە دەم ئەم خەیاڵ و بیرکردنەوەیەوە گەیشتینە پشتئاشان ، وەك میوان و بێ ئەوەی فریای ئەوە بکەون ئەرکی حیزبیمان پێبسپێرن.

سەرکردایەتی پاسۆك و سۆشیالیست لە ئاشقوڵکە بوون ، ئەم جێگایە دەروازەی سەرەکیی پشتئاشانە.

سێ ڕۆژ بوو گەیشتبووینە پشتئاشان ، مەکتەبی عەسکەریی سەرقاڵ بوون و بۆ پارێزگاریی لە خۆیان خەریکی ناردنی پێشمەرگە بوون بەملا و ئەولادا و بۆ سەنگەرەکانی دەوروبەر و دامێنی بارەگاکە و بۆڵێ و قەڵاتووکان و کومتان.

ناوی ئەو دوو هاوڕێیە نایەتەوە یادم کە هاوڕێ ئەبوعامل ڕایسپاردن دۆشکەیەك ببەنە سەر بەرزایی پشتی گوندەکە! دوو هاوڕێکە لە نیوەی هەورازەکەدا دۆشکەکەیان دانا و گەڕانەوە و وتیان ئەو کارە بە ئێمە ناکرێت و ئەو دۆشکە قورسە بە ئێمە سەرناخرێت! ئەبێت وڵاخ سەریبخات ، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەیانزانی وڵاخ بەو شوێنە هەڵدێرەدا بەبێ باریش سەرناکەوێت! بەداخەوە تا گرتنی پشتئاشانیش ئەو دۆشکەیە تەقەی پێنەکرا.

جگە لەو دوو برادەرەی کە سەرقاڵی ئامێرێکی بێتەل بوون ، برادەرانی بەرپرسیار تێکڕا خەریکی لەناوبردنی بەڵگەنامە و ئیستگە و چاپەمەنی و چەکە قورسەکان بوون.

لە لایەکی ترەوە سەرقاڵی دەستەویەخەی بەفری قەندیل بوون ، ژوورەکان بەسەر یەکدا داپرژاو بوون ، کامێرا و مەخزەنی فیشەك ، جانتای گەورەی (هەڵەوگیراو) ، بەتانی ، ڕۆنیۆ و تایپڕایتەر ، کەلوپەلـی هەمەجۆرە ، نەوت ، چرا (فانوس) ، دەرمان و کاغەزێکی زۆر لە هەموو ژوورەکاندا پەرش و بڵاو بەسەر یەکتردا تێکەڵاو بووبوون.

وڵاخەکان بە پشتی ڕوتیی بەرەڵا کرابوون! لەو بەفرە زۆرەی قەندیل ڕێ دەرناکەن و

ڕوخساری بارەگاکان لـە پەشێوییدایە و دەنگی تەقەش تا دێت هەر نزیکتر ئەبێتەوە. خوشکان لـە دەوری یەکتر کۆبووبوونەوە ، دڵـەڕاوکێیانە و بەجێیانئەهێڵـن! بێ داکۆکیی و بەرگریی ئەکەونە دەستی دوژمن! ئاخۆ چییان بەسەر دێت! پێشمەرگە لـە دەستەویەخەدایە ، سەرکردەکان بێچەك بە دەوری یەکتردا ئەخولـێنەوە و ئەچنە ژورەکانیان و دێنەوە دەرەوە!!!

ئەمانە هەمووی وەك تابلـۆیەکی سوریالـیی ئەهاتنە بەر چاو ، مەرگ ، تێکشکان ، سەرسوڕمان ، پەشۆکاویی ، دیمەنێك بۆنی خوێنی لـێدێت! بەهێز ، بێهێز لـەناوئەبات ، سەرلـێشێواوییە ، شەڕی گەڕانە بەدوای پاوانخوازیی و دەسەڵاتی تاکە کەس و تاکە حیزبدا ، سەربڕینی ئاشقوڵـکە و پشتئاشانە!.

# پاشەکشەی سەرکردەکان

هێرشی یەکیەتی دەستی پێکرد و وردەوردە تا دەهات دەنگی تەقە نزیکتر ئەبووەوە لـێمان ، شەوی 30 ی نیسان کۆمیتەی ناوەندیی و مەکتەبی سیاسی حیزب لـەو ئەندامانەی لـەوێ بوون ، کۆبوونەوەیەکیان کرد ، باوەڕیان بە بەرگریی نەمابوو ، بڕیاریاندا بۆ بەیانیی لـەگەڵ سەرکردەکانی پاسۆك و حسك دا پاشەکشە بکەن! لـەبەرئەوەی گەیشبوونە ئەو باوەڕەی کە پشتئاشان ئەگیرێت.

ئەبوسەرباز ئەڵـێت: (ڕۆژی 30-4-1983 ئەو هاوڕێیانەی (مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندیی) کە لـە پشتئاشان بووین کۆبووینەوە. لـەو کۆبوونەوەیەدا گەیشتینە ئەو قەناعەتەی کە شەڕەکە دەبێ و (ینك) دەتوانێ پشتئاشان بگرێ ، ئەوەش لـەبەرئەوەی نە لـە هەولـێر و نە لـە سلـێمانییەوە هیچ هێزێکی پشتیوانی لـە هاوڕێیانمانەوە نەگەیشتنە پشتئاشان.)(5)

ئەبوسەرباز باسی هۆی نەگەیشتنی ئەو هێزانە ناکات! یان چۆن زانرا وا بە ئاسانیی

یەکیەتی پشتئاشان ئەگرێت ! !

ئەبووایە لەجیاتی پاشەکشە ، بڕیاری بەرگریی بدرایە و بەرەو گۆڕەپانی شەڕ بڕۆیشتنایە.

بۆ بەیانیی 30 ی مانگ بە چیای قەندیلدا بەرەو ئێران کەوتنە ڕێ ، لە پشتئاشانی سەروو داوا لە حاجی محەمەدی جوتیار ئەکەن کە ڕێگای ئێرانیان پێشان بدات !

ئەگەر سەرکردەکانی ئەو دوو لایەنەش (پاسۆك و حسك) لەناو هێزەکانی خۆیاندا بوونایە ، هەر نەبێت لێیانەوە نزیك بوونایە ! توشی زیانێکی وا گەورە و گران نەئەبوون و شەهیدێکی وا زۆریان نەئەدا و تالآنکردنی بارەگاکانیشیان بە دەستی چەکدارەکانی هێزەکەی نەوشیروان کەمتر ئەبوو.

پاسۆك و حسکیش ئەوسا بەو باوەڕەوە ئاشقوڵکەیان هەڵبژاردبوو کە جێگایەکی ئەمین و پارێزراوە و ئەو هێزەی حیزبی شیوعی لە پشتئاشان لە پشتیانەوەیە ، بەڵام بەداخەوە وا دەرنەچوو ! ئەوانیش پاشەکشەیان کرد.

هاوڕێیانی کۆمیتەی ناوەندیی لە پاشەکشەیاندا خێزانەکانیشیان فەرامۆش کرد و لەگەڵ خۆیان نەیانبردن ، ئەو خوشکانەیان وەك نێچیری بێپەنا بۆ دوژمنەکانیان بەجێهێشت ! ئەو کەمترخەمییەیان لە خۆشباوەڕییانەوە بوو کە ئەو هێزەی ینك ئەوان ناگرن ، ئازاریان نادەن و سوکایەتی بە ئافرەت ناکەن !

سەرلەبەیانی 30 ی مانگ تەرمی هاوڕێیەکی عەرەبیان هێنایەوە ، شەهید (عەلی حوسێن بەدر) خەڵکی سەماوە بوو ، لە مێژ نەبوو لە بولگاریاوە گەڕابووەوە و خوێندنی لە زانکۆی سۆفیا تەواو کردبوو.

هەر لەگەڵ ئەو چەند برادەرەی هێنابوویان و لەگەڵ هاوڕێ عیرفان (وەلید) لە ڕۆخی ڕوبارەکە ، لەناو گوندەکەدا بە پەلە گۆڕێکمان بۆ هەڵکەند و بە خاکمان سپارد ، چەند وشەیەکم لەسەر گۆڕەکەی وت !

لە هەموو لایەکیشەوە هەر تەقە بوو ، هەستم کرد وردەوردە پێشمەرگەکانمان

ئەکشێنەوە ، لـە ئەنجامی تەواوبوونی فیشەك و نەبوونی هێزی جێگر کە بە هانایانەوە بچن ، ژمارە و تواناشیان بەراورد نەئەکرا لـەگەڵ ئەو ژمارە چەکدارە زۆرەی ینك دا.

بێگومان پاشەکشە لـە شەڕی پارتیزانییدا جۆری هەیە ، پاشەکشەی دروست و سەرکەوتوو ، یان هەڵـهاتن.

مێژووی گەلـەکەمان و بزوتنەوەی چەکدارییمان خاوەنی گەنجینەیەکە لـە خەباتی ئەو سەرکردانەی ڕۆڵـی خۆیان بینیوە لـە هێرش و چۆنیەتی پاشەکشەدا.

بۆ نمونە ئەگەر بڕوانینە ڕەوتە مێژوییەکەی بارزانیی لـە 6-5-1947دا کە توانی نزیکەی 500 پێشمەرگە بە سنوری سێ دەوڵـەتی دوژمنی زلـهێزدا و بە ناو سەرۆك عەشیرەتە خۆفرۆشەکاندا بەدەم شەڕی دەستەویەخەوە لـەگەڵ سێ دەوڵـەتی سەرکوتکەری کورددا ، لـە کوردستانی عێراقەوە بە دەستکەوتێکی زۆرەوە لـە هێزەکانی دوژمن و بە زیانێکی کەم لـە هێزە بێ تەقەمەنی و بێ خۆراك و ماندووەکەی خۆی! هێزەکەی بگەیەنێتە سەر سنوری یەکیەتی سۆڤیەت.

ئەو ڕەوتەی ئەو سەردەمە ، بووە بە داستانێکی مێژوویی و نمونەی هۆشمەندیی و لـێهاتوویی سەربازیی بارزانیی و کورد ، ئەو هێزە چەکدارەی بارزانیی لـەو ڕەوتەیدا نە بە پشتیوانیی حکومەتێکی زلـهێز و ئاغا و دەرەبەگە دەستڕۆیشتووەکانی سەر سنورەکان بوو ، نە هێزێکی جێگری لـە دواوە بوو ، نە خاوەنی چەکی قورس و ئامێری بێتەلی مۆدێرن بوو ، نە شارەزاییەکی باشی ڕێگاوبانی ئەووتۆی هەبوو! بەڵـکوو ئەو ڕەوتەی بە پشتیوانیی دانیشتووانی هەژار و ڕەشوڕوتی سەر سنورەکان گرتەبەر کە بوونە پاڵـپشت و ڕێپێشاندەری ، هەروەها بە باوەڕی پتەوی بە خۆی و پێشمەرگەکانی و کێشە ڕەواکەی گەلـەکەی.

لـە ڕووی سەربازییشەوە ئەوەی کە گرنگ بوو ئەوە بوو کە بارزانیی یەك بە یەکی پێشمەرگەکانی ئەناسی و ئەیزانی توانا و ئازایەتی و ورەیان چۆنە.

بارزانیی بە باوەڕێکی پۆڵایین بە خۆی و بە هێزەکەی ، ئەو سنورانەی دوژمنیان بەزاند و بە سەرکەتوویی لـە ئاوی ئاراس پەڕینەوە بۆ خاکی سۆڤیەت.
ئایا هۆکارەکانی ئەم داستانەمان کردە ئەزمونێك لـە پاشەکشەی ئەو 72 پێشمەرگەیەی پشتئاشاندا بەرەو ئێران و بە ناو بەفر و ڕەهێڵـەی چیای قەندیلدا؟
ئایا دەرسێکمان وەرگرت لـەو شەڕ و پاشەکشە سەرگەردانییەی هێزی پێشمەرگەی (ینك) لـە نیسانی 1977 دا لـە شەڕی ناعادیلانەی براکوژیی نێوان هێزی "سەرکردایەتی کاتیی" قیادە موەقەتە و یەکیەتیدا لـە ناوچەی هەکاریی و لـە کوردستانی تورکیا کە بووە هۆی لـەناوچوونی سەدان پێشمەرگەی یەکیەتی! لـە ئەنجامی نەشارزاییان و بێجەماوەرییان لـە ناوچەکانی شەڕەکەدا!
ئەگەر سود لـە هۆکارەکانی ئەو شەڕەی هەکاریی و ڕەوتەکەی بارزانیی بۆ سۆڤیەت وەربگیرایە! بێگومان لـەوانەیە هەرگیز ئەو زیانە گەورە و گرانەمان بەو جەرگبڕییە بەسەر نەهاتایە.

# فەرماندە

هاوڕێ ئەبوسەرباز و ئەبوعامل لـەناو پشتئاشاندا لـەپاڵ دارگوێزێکی گەورەدا دەزگایەکی بێتەلـیان لـەلا بوو ، هەر فەرمانیان بەملا و ئەولادا دەرئەکرد و سەرقاڵ بوون ، وا هەست ئەکرا کە ئەبوعامل سەرکردایەتی شەڕێکی سەربازیی نێودەوڵـەتیی ئەکات! چۆن وا بە ئاسانیی داخوازییەکانی سەنگەرەکانی پێشەوە جێبەجێ ئەکات! ئاخۆ ئەبێت چەند (زیلـێکی عەسکەریی) لای خۆیەوە دانابێت و ئامادەبن بۆ گواستنەوەی تەقەمەنی ، خواردن ، دەرمان و هێزی جێگریان فریابخات! لـەگەڵ ئەوەشدا هیچ ولاخ و پێشمەرگەیەکیشم نەئەدی لـە دەوروبەری هەر دووکیانەوە ، خۆ ئەگەر هەشبوونایە ئەوا چەند کاژێرێکی ئەویست تا ئەگەیشتنە شوێنی شەڕەکان.

زۆرم لا سەیر بوو ، ئەبووایە ئەم دوو سەرکردە عەسکەرییەمان وەك سەرکردەکانی یەکیەتی لە ریزی پێشەوەی پێشمەرگەکاندا بوونایە! نەك لە دوریی چەندان کیلۆمەترێکەوە بە بێتەل سەرکردایەتی شەرەکە بکەن.
مەحاڵە لە پارتیزانییدا و لە بارودۆخی ئەوسا و ئێستای کوردستاندا لە دورەوە و بە ئامێری بێتەل سەرکردایەتی گۆڕەپانی شەڕ بکرێت!
ئەشمبینی ئەو هاوڕێیانەی کە بریندار ، یان تەرمی شەهیدێکیان ئەهێنایەوە و ژمارەشیان کەم نە بوو کە ئەگەیشتنە بارەگاکانی پشتئاشان ئیتر نەئەگەڕانەوە بۆ سەنگەرەکان و شوێنەکانی خۆیان!
ئەوانەی شەڕکەر و لێهاتوو بوون ژمارەیان کەم بوو ، ئەوانیش بە زۆریی پێشمەرگەکانی لقی پشدەر بوون. ئەو هاورێ عەرەبانەی لە هەندەرانەوە گەڕابوونەوە لە دوای تەواوکردنی خوێندن ، دڵسۆز بوون و زۆر جێی ڕێز و پێزانین بوون بەڵام شەڕی پارتیزانییان نەدیبوو ، ئەو ماوەیەش کە لە پشتئاشان بوون ڕایان نەهێنابوون و هیچیان لەو ڕووەوە فێر نەکردبوون ، ئەمانە بەرپرسیار نین لەو ناشارەزایی و کەمترخەمییەیاندا ، هەر هەموویان وا ڕاهێنرابوون کە شەڕ ڕۆژێك لە ڕۆژان دەرگای ماڵیان پێناگرێت و دوژمن لەو جێگا دور و چەپەکەدا شەڕی پێناکرێت و زەفەریان پێنابەن!

# نەخشە و پلانی شەڕ

هەر لە یەکەم ڕۆژەوە نەخشەی ینك پەلامار بوو بۆ سەر بارەگاکانی سەرکردایەتی حیزبەکان لە بناری قەندیل.
نەوشیروان ئەڵێت: (کە پەلاماری بالیسانیان دا و گرتیان ئێمەش بڕیارماندا پەلاماری سەرکردەکانیان بدەین لە قەندیل ئیتر چووم بۆ سەرکردایەتی شەڕەکان ..

تۆڵـە بە سەبرە ئەمما بە زەبرە ، ئەوە ڕەمزی دەستپێکردنی پەلامارەکەمان بوو ، لـە ڕادیۆ بلاّوکرایەوە...). [6]

لـەڕاستییدا ئەم دروشمەی (تۆڵـە بە سەبرە ئەمما بە زەبرە)! بە بەردەوام لـە ڕادیۆکەی یەکیەتییەوە بلاّوئەکرایەوە لـەگەڵ مارشی ئینتەرناشناڵ!!!

نەوشیروان لـە نامەکەیدا لـە 22-3-1983 دا بۆ سەید کەریم ئەنوسێت: (تۆ ڕەئی من لـە شەڕدا باش ئەزانی ، من هەرگیز لایەنگری شەڕی دور و درێژخایەن و بێ بەرنامە نیم لـە گەڵ لایەنەکانی دیکە (مەبەستی بەرەی جودە: پدك ، حسك ، حشع و پاسۆك– ق.ڕ) من لایەنگری خۆئامادەکردن و دانانی بەرنامەی تەسفیە و موباغەتە و براندنەوە و بەلاداخستنی شەڕەکەم لـە ماوەیەکی کورتدا). [7]

ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە هەر ئەو کاتە حشع "وەك لایەنێکی بەرەی شەڕ" ناوی لـە نامەکەی نەوشیرواندا هاتووە کە تەسفییەی بکات ، بەڵام لـە هەمان کاتدا حشع لایەنێك نەبوو لـە بەرەی شەڕی براکوژیی ، بەڵـکوو بێلایەن بوو ، لـەگەڵ یەکیەتیشدا لـە بەرەیەکی دوو قۆڵـییدا بوو.

بەگوێرەی ئەو نامەیە و لـەو ڕۆژە دژوارەدا ، نەوشیروان زۆر بە ڕاشکاویی و ئاشکرا ئەیسەلمێنێت کە لـەگەڵ دوژمنی سەرسەختی گەلـەکەمان دۆستایەتی و تەبایی ، بەڵام لـەگەڵ هاوسەنگەرەکانیدا ، شەڕی خوێناویی لـەلا ڕەوایە!

نەوشیروان مستەفا سەرکردایەتی ئەم هێزانەی ئەکرد لـە پەلامارەکەیدا بۆ سەر قەڕناقاو ، ئاشقوڵـکە ، ڕەزگە ، بۆڵـێ و پشتئاشان:

1- تیپی ئاسۆس 2- تیپی مامەند 3- هێزەکانی مەڵـبەندی سێ بە سەرکردایەتی ئازاد هەورامیی لـە قۆڵـی کومتانەوە 4- هێزی گەرمیان لـە قۆڵـی بۆڵـێوە 5- هێزی پارێزگاریی لـە ناوزەنگ 6- هێزە تایبەتییەکەی نەوشیروان لـە قۆڵـی کانی گاتووان ، گردی گازێ و سەری ساوێنەوە.

لـە یەکی ئایاری پیرۆزدا ، ڕۆژی بیرەوەری شەهیدانی کارگەرانی جیهان ، هێزەکانی

یەکیەتی بە سەرۆکایەتی نەوشیروان مستەفا ئەمین ، توانییان دەستبگرن بەسەر پشتئاشان و ناوچەکەدا و ئیتر بارەگاکانی هەر سێ حیزبەکەی بەرەی جود: حشع ، حسك و پاسۆك ، لـە قەڕناقاو ، ئاشقوڵکە و پشتئاشان ، کەوتنە ژێر ڕەحمەت و زەبـروزەنگیان و شەلـم و کـوێرم ناپارێزم ، ئەوەی توانییان لـە کوشتن و بڕین ، تالآنیی ، گرتن و سوکایەتیکردن ، درێغییان نەکرد.

خوشکە فریشتە و خوشکە فەیروزی خێزانی فاتح ڕەسوڵ و دایکی لـێزان بە دوو منالـی کۆڕپەوە و خوشکانی عەرەب بە دیلـیی ئەبەن بۆ بارەگاکانی خۆیان و سوکایەتییان پێکردبوون.

هەرچەندە نەوشیروان ئەڵـێت: (ئەیانوت: "ژنەکانیان کوشتوە و دەستدرێژیان کردووەتە سەر خێزانەکان" دوای کشانەوەی سەرانی حسك و حشع و چەکـدارەکانیان ، هەمو خێزانەکانیان لـە ناوچەکەدا بەجێ مابوون. لـەناو ئەواندا خێزانی فاتح ڕەسوڵ و فریشتەی خوشکی دڵـزار.. بە ڕێزێکی زۆرەوە رەفتاریان لـە گەڵ کرا). [8]

لـە ڕاستییدا ئەوەی ئەو نوسیویەتی پێچەوانەی ڕاستییەکانە ، تەنانەت کاتێك کە هاوڕێ فریشتە ، نەوشیروان لـەبەر چاوی چەکدارەکانیدا ڕیسوا ئەکات و سنگی خۆی ئاوالـە ئەکات و پێی ئەڵـێت بێمنەت بە ، ئەوە سنگی من و ئەوەش گولـلـەی تۆ ، خەریك بوو ئەویش شەهید بکەن! لـەگەڵ ئەوەشدا کە ئافرەتێکی بێچەك و دیلـیش بوو لـە لایان!

خوشکە عەمیدە عەزبی حالـوب ناسراو بە (أحلام) ، هاوڕێیەکی عەرەب بوو ، شەهیدیان کرد و پەنجەی دەستیان بڕیبووەوە بۆ ئەڵـقەکەی!!! وەك خۆیان وتبوویان لایان وابووە کە ئەو بووە لـە سەر تۆپە دورهاوێژەکە کە نەوشیروانی سەغلـەت کردبوو! هەر وەك نەوشیروان خۆی لـە کتێبەکەیدا باسی کاریگەریی ئەو تۆپبارانە ئەکات.

چەکدارەکانی ینك کە دێنە ناو گوندەکەی پشتئاشانەوە ، بە پاچ و پێمەڕە ئەکەونە هەڵدانەوەی گۆڕی ئەو شەهیدەمان کە پێشتر باسم کرد ، بۆ دەرهێنانی تەرمەکەی و بە حسابی خۆیان لەگەڵ تەرمەکەیدا چەك شارراوەتەوە ، تەرمەکەش هەروا بەجێئەهێڵن! لە دواییدا چەند کەسێکی خێرخوازی گوندەکە دیسان تەرمەکە ئەخەنەوە ناو گۆڕەکە و دایئەپۆشنەوە!!!

ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە دیلبوونی ئەو خوشکانە ناکەوێتە ئەستۆی خۆیان.

خوشکە فریشتە یەکێك بوو لەو هاوڕێ قارەمانانەی بە درێژایی ژیانی سەری بۆ هیچ دوژمنێکی حیزب و گەلەکەی شۆڕ نەکردووە! هەر زوو ڕووی کردبووە چیا و ڕێگای تفەنگی گرتبووەبەر و لە خزمەتگوزاریی خوشك و برا پێشمەرگەکانیدا بوو. بە درێژایی ئەو ساڵانەی لە چیا بوو ، شانبەشانی هاوڕێکانی ، هەمیشە خەمخۆرێکی دڵسۆزی حیزب و گەلە ستەمدیدەکەی بوو. لە بنەماڵەیەکی ئەدیب و ئەدەبدۆست و سیاسی و ناوداری شاری کۆیەیە ، تەنانەت لەلای سەرکردەکانی حیزبەکانی تریش ناسراو بوو بەوەی تێکۆشەرێکی کۆڵنەدەرە و خاوەن مێژوویەکی پڕ خەباتە دژ بە داگیرکەرانی گەل و نیشتمانەکەی ، سەرکردەیەکی لێوەشاوەی ڕێکخراوی ئافرەتان بووە و نوێنەریان بووە لە فێستیڤاڵە جیهانییەکاندا لە سەرەتای ساڵانی پەنجاکانی سەدەی ڕابوردوودا.

کاتێك کە دایکی لێزان بە خۆی و دوو کۆرپە ساواکەیەوە بە دیلێتی ئەکەونە دەست چەکدارەکانی هێزی گەرمیانی یەکیەتی نیشتمانیی ، ئەم خوشکە وەك دایکێکی دڵسۆز و ئازا و بەسۆز بۆ هاوڕێکانی ، ئەکەوێتە وەڵامدانەوەی چەکدارەکان و بە ورەیەکی بەرزەوە بەرپەرچی جنێو و قسەی ناشیرین و هەڕەشەکانیان ئەداتەوە و لەگەڵ خوشکە فریشتەدا پێیان ئەڵێن ئێوە تاوانبارن ، خوێنرێژن ، ئەم قەسابخانەیەتان بۆ ناچێتە سەر.

چەکدارەکانی ینك میلی تفەنگیان لێ ئەهێننەوە و پێیان ئەڵێن ، ئێوەی شیوعیە

دەمدرێژەکان ئەبێت لەناوببرێن! بڕۆن واز لە مێرد و کەسوکارەکانتان بهێنن ، ئەوانە بۆ ئێوەش و گەل و نیشتمانەکەمان بێوەفان ، ئەوانە خۆیان هەڕایان کرد و ئێوەیان بەجێهێشت و بەرەڵایان کردن ، ئێوە شیوعین بڕۆن بۆ جنوب شەڕبکەن ، ئێرە خاکی ئێوە نیە!

بەدەم هەڕەشە و قسەی ناشیرینەوە دایکی لێزان و دوو کۆرپەکەی و خوشکە فریشتە ئەبەن بۆ گرتووخانەی وەرتێ و ئەیانخەنە تەویلەی ولاخەوە!

لەوێ خوشکە فریشتە بەرئەدرێت و دایکی لێزان و دوو منداڵەکەی و سێ خوشکی عەرەب 27 ڕۆژ بە دیلێتی لەوێ ئەمێننەوە ، بەڵام کەسوکاری خوشکە فەیروز هەر لە ئاشقوڵکە دێن بە دوایدا و لەگەڵ خۆیان ئەیبەنەوە. هاوڕێ مەحمودی حاجی فەقێ خدر ئەڵێت: (ئەو کاتەی هاوڕێیان لەگەڵ حیزبە هاوپەیمانەکان ، پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی سۆشیالیستی کوردستان ، گەڕانەوە بۆ پشتئاشانی دووەم ، من و کاک فاتح ڕەسوڵیش لەگەڵیاندابووین.

دوای گەیشتنمان بەو ناوچەیە (پشتئاشان) ، چووینە ماڵی حاجی محەمەد کە یەکێکە لە جوتیارە ناسراوەکانی ئەو ناوچەیە ، دیار بوو کە حاجی ، هاوڕێ فاتحی ئەناسی ، پێشوازییەکی گەرمی لێکرد. من لەووەبەر نەمدیبوو ، کاک فاتح منی پێناساند ، ئەو ماوەیەی کە دارای کورڕ لەوێ بووە ، نێوانیان لەگەڵ حاجی محەمەد خۆش بووە ، پێخۆشحاڵ بوو کە منیشی ناسی.

کاک حاجی باسی هێرشەکەی یەکیەتی نیشتمانیی کە کردیانە سەر حیزب بۆ کردین ، هەر لەگەڵ ئەو باسەدا وتی: شەڕ کۆتایی پێهاتبوو ، دوای هەموو شتێك کە کرا بوو ، مەفرەزەیەکی یەکیەتی هاتنە ماڵی ئێمە ، پێشمەرگەیەکی عەرەب کە ئەشمناسی ، پەنای بۆ ماڵی ئێمە هێنابوو ، بەو نیازەوە کە لە کوشتن ڕزگاری بکەم ، کاتێك کە مەفرەزەکە هاتنە ژورەوە ، زۆر بە سەرسامییەوە وتیان ئەرێ ئەمە چییە؟ منیش زۆر لێیان پاڕامەوە و وتم بیکەن بۆ خاتری من ، چونکە پەنای بۆ ماڵی من

هێناوە ، بەڵام وتیان نابێت و لەم ژوورەدا جێگای گرتووە و جێی ئێمە نابێتەوە!
پێم وتن من لەسەر كۆشی خۆم دایئەنێم و ناهێڵم جێگاتان لێ بگرێت! هەموو پاڕانەوەكەم بێسود بوو ، پەلیان گرت و زۆر دوریان نەختەوە و یەك ڕیز فیشەكی كالاشینكۆڤیان پێوەنا.
حاجی محەمەد بەو تاوانە زۆر نارەحەت بوو ، وای ئەزانی كە ئەو دەستدرێژییە كراوەتە سەر كەرامەتی ئەو ، چونكە لە داب و نەریتی كوردەواریدا وا باوە كە هەر كەسێك پەنای بۆ هێنایت ، ئەبێتە ئەركی سەر شانت كە بە هەر شێوە و نرخێك بێت بیپارێزیت! جا ئەو كە نەیتوانیوە ئەو پێشمەرگە عەرەبە بێچەك و بێدەسەڵاتە لە كوشتن ڕزگار بكات ، بەوە زۆر دڵگران و نیگەران بووە.
دیارە ئەوەش بەڵگەیەكی زیندووە كە بەشی زۆری هاوڕێیانمان بە دیلیی شەهیدكراون كە لە هەموو یاسایەكی مرۆڤایەتی و ڕەوشتییەوە دورە.[9]

# 72 هاوڕێ

بەسەرهاتی ئەو 72 برادەرەی كە لە پاشەكشەماندا لە ئێوارەی 30 نیساندا پەرەوازەی ناو بەفرە زۆرەكەی چیای قەندیل بووین ، كەمتر نەبوو لەو زیانە ماڵیی و گیانییەی لە پشتئاشان لێمان كەوت.
ئێمە 72 هاوڕێ بووین كە ڕوومان كردە قەندیل و بەرەو ئێران ، بێ ئەوەی بستێك ڕێگا شارەزا بین! درابووینە دەست مولازم هیشام و مولازم قوسەی و چەند مولازمێكی تر بە سەرپەرشتیی هاوڕێ ئەحمەد بانیخێڵانیی.
ئەمانیش هیچیان شارەزایی و زانیارییان نەبوو لەسەر ناوچەكە ، تەنانەت زمانی كوردییشیان نەئەزانی و بۆ هەر وتووێژ و ڕاوێژێك ، ئەبووایە وەرگێڕێكیان بۆ دابینبكرێت.

ئەندامانی ئەو لیژنەیەی هاوڕێ ئەبوسەرباز و هاوڕێ کەریم ئەحمەد پێکیان هێنابوو بۆ سەرپەرشتیی ئەو 72 هاوڕێیە ، لێهاتوو نەبوون و کوڕانی ڕۆژی لێقەومان نەبوون و بەسەرهاتی وایان بە خۆیانەوە نەدیبوو.

بە نیازی ڕۆیشتن بەرەو بنکەی هێزێکی (حدك) لە گوندی ئینێ ، دوو ڕۆژ و دوو شەو بە ناشارەزایی بە ناو بەفر و بە سەرمای کوێستانی قەندیلدا ڕێمان کرد.

لە پەلوپۆ کەوتبووین بە هۆی سەرما و برسێتی و بێخەویی و ماندوویەتیەوە ، لە ئەنجامی ئەو تێکشکاندنەشماندا ئەوەندەی تر پەکمان کەوتبوو ، هەر ڕێمان ئەکرد و بێ ئەوەی بزانین لە کوێین و بەرەو کوێ ئەڕۆین!

لە دورەوە دوو کەسمان بینی ، یەکێکیان وڵاخێکی پێبوو ، بانگمان کردن و هاتنە لامان و کە نزیك بوونەوە بینیمان تفەنگێکی ڕاو و کەوێکیان پێیە! وتیان ئێمە ڕاوچین!

ئەمانە جێی گومان بوون! ینك کەسانی لەو جۆرەی بەو سارد و سەرمایە بە ناوی ڕاوچییەوە بەو کێوانەوە بڵاوکردبووەوە بۆ چاودێریی جموجوڵی پێشمەرگەی لایەنەکانی تر ، ئەگینا کێ ئەیوێرا بەو شەڕ و گوللەبارانە بچێتە ڕاو!! بەتایبەتییش لەو ناوچەیەدا کە ئاگری شەڕی لێهەڵگیرساوە.

ئێمە لەو کاتەدا عەودالی کەسێك بووین کە ڕێمان پێشانبدات و بگەینە ئاوەدانییەك ، لەبەرئەوە داوامان لەو دوو کەسە کرد کە یارمەتیمان بدەن و بمانخەنە سەر ڕێی ئاوەدانییەك ، ئەوانیش پێشمان کەوتن و بەرەو گوندی کۆیلە کەوتینە ڕێ ، بەڵام هەر دوای چارەکێك خۆیان دزییەوە و بە بەر چاومانەوە هەڕایانکرد ، هاوڕێیانیش هیچیان نەکرد! هەر هیچ نەبێت بیانگرن ، بۆ ئەوەی هەواڵی ئێمە نەگات بە چەکدارەکانی ینك.

بە هەر حاڵ گوندی کۆیلەمان دۆزییەوە. بریتی بوو لە چەند ماڵێك ، دیار بوو زۆر لە مێژ نەبوو ئاوەدان کرابووەوە ، خەڵکی ئەم گوندە زیادتر لە شاریی ئەچوون وەك

لـه گونديى ، جلـوبەرگيان پاك و خاوێن ، تێر و تەسەلـيش بوون ، دور نيە ئەمانەش بە بڕيارێك لـەلايەن ڕژێمى بەعسەوە يان يەكيەتييەوە لـە ئۆردوگاكانەوە بە شێوەيەكى كاتيى نەهێنرابن بۆ ئەم گوندە ڕاگوێزراوە.

ئەو كاتە ئاوارەكان لـە ترسى بەعس نەيانئەتوانى بگەڕێنەوە بۆ سەر دێهاتەكانيان ، چونكە بە پێى ياساى ڕژێمى بەعس ، گەڕانەوەى ڕاگوێزراوەكان بۆ دێهاتەكانيان قەدەغە بوو ، سزاشى كوشتن بوو. ئەم مالأنەى كۆيلـە و ئەو چەند مالـّەى پشتئاشان و قەڕناقاو و ئاشقولـّكە هاتبوونەوە و بە ئاشكراش هاتوچۆى ئۆردوگاكانيشيان ئەكرد. ئەبووايە بزانرايە هۆى ئەو گەڕانەوەيەيان چيە و چۆن ئەتوانن ئاوا بە ئاسانيى هاتوچۆى شار بكەن!

# كۆيلـە

كە گەيشتينە ناو ئاوايى ، ئێوارەيەكى درەنگ بوو زۆر سارديش بوو ، ناو گوند هەمووى قوڕ و چلـّپاو بوو ، ئافرەتەكانيان لـە سەربانەكانەوە بە ناز و فيز و گالـّتەجاڕييەوە سەيريان ئەكردين.

پێشوازييەكى ئەووتۆيان لـێنەكردين! داواى حەوانەوەمان لـێكردن و ئەگەر بتوانن خۆراكێكمان بدەنێ و هەر چەنديش بێت هەر باشە ، بەلأم زۆر بە ناشيرينيى وەلأميان داينەوە و وتيان نە نانمان هەيە بتاندەينێ و نە جێى حەوانەوەش! ئێوەى پێشمەرگە شەڕكەرى لاوەكين و هەر خەريكى يەكتر كوشتنن و بۆ ڕزگاريى گەل چەكتان هەلـّنەگرتووە .. سوكايەتييەكى باشيان پێكردين.

لـە دواييدا وتيان ئەگەر زۆر برسيتانە ئەوا ئێمە ئارد و ڕۆن و برنج و شەكر و چاتان پێئەفرۆشين و ئەبێت خۆشتان نان و چێشتى خۆتان دروست بكەن! هاوڕێ ئەبوسەرباز وتى باشە لـێتان ئەكڕين و خۆشمان نان و خواردنى خۆمان دروست

ئەکەین.

ئەوە یەکەم جار بوو لە تەواوی ژیانی پێشمەرگایەتیمدا وەڵامدانەوەیەکی ئاوەها بەرامبەر بە پێشمەرگە ، لە گوندنشینەکان ببیستم ، هەمیشە دانیشتووانی دێهاتە ئازادکراوەکان لە تەواوی کوردستاندا لە خزمەتگوزارییەکی بێوێنەدا بوون و ماڵیان کراوە بووە و وەك هۆتێل و چێشتخانە بووە بۆ پێشمەرگە ! ! هەر ئەو هۆیەش بوو کە پێشمەرگە ئەیتوانی خۆی ڕابگرێت و بەردەوام بێت بەرامبەر بە هێزی دوژمنی فاشیستی داگیرکەر ، ئەی بۆچی خەڵکی ئەم گوندە وا نین؟

زۆربەی هاوڕێیان لەناو کۆڵانی ئاواییەکەدا و لە بن دیوارەکاندا لەسەر ئەو زەویە قوڕوچڵپاویی و سەهۆڵاویە پاڵکەوتن ، ئەو چەند هاوڕێیەی کە وزەیان تیادا مابوو ، کەوتنە نانکردن و برنج لێنان ، ژنەکانیش هەر لەسەر سەربانی ماڵەکان بوون و سەیریان ئەکرد و پێمان پێئەکەنین.

من ئەو سوکایەتییەم لەلا گران بوو .. ئەمزانی ئەمانە بە ئەنقەست و مەبەست وا ئەکەن و لەوانەیە بیانەوێت زیادتر بمێنینەوە و لە ناوچەکە دور نەکەوینەوە و هەروا شلوشەکەت بین ، تا هێزەکانی ینك ئاگادار ئەکەن و ئەیانهێننە سەرمان!

ڕووم کردە ئەو دوو سێ کەسەی کە خۆیان کردبووە دەمڕاستی خەڵکی ئاواییەکە ، یەکێکیان ناوی خدر بوو ، وتم ئێوە یان سەر بە بەعسن و جاشن یان سەر بە یەکیەتی ، ئێستا هەمووتان ئەگرم و پێش خۆمانتان ئەدەین تا ئەمانگەیەننە گوندی ئینێ.

من لێپرسراوی ڕاستەوخۆی پێشمەرگەکانمان نەبووم ، واتە هیچ بەدەست بووم! هەستم کرد لێپرسراوەکانی هێزەکەمان ئەوەندە بێدەسەڵات و بێدەنگن ، دەمیان بووە بە تەڵەی تەقیو و زمانیان چووەتە قاتیی ، ئەو کەساسیی و بێدەنگییەی ئێمەش کە زیادتر لە ڕێبوار ئەچووین وەك لە پێشمەرگە! ئەوەندەی تر خەڵکی ئاوایی لێمان دەمهەڕاش کردبوو. ئەبوسەرباز لە تەنیشتمەوە ڕاوەستا بوو ، وامزانی پشتم ئەگرێت!

بەڵام رووی کردە ئەو دوو سێ کەسە و پێی وتن: ئەم برادەرە لێپرسراوی ئێمە نیە و من لێپرسراوم ، لێی مەگرن ، دڵی گەرمە ، من لەگەڵتان ئەدوێم و ئێوە چی بڕیار ئەدەن ئێمە وا ئەکەین.

هاورێ ئەبوسەرباز کاری راست بێت ئەم راستییەی نوسیوە لە بیرەوەرییەکەیدا ، ئەڵێت: (ئەبوشوانم بێدەنگ کرد و پێمراگەیاندن ئەم برادەرە دڵی گەرمە و لێی مەگرن ، لە پاشا دەرکەوت ئەمانە سەر بە یەکیەتی بوون). [10]

ئەم بێدەنگکردنەی من لەلایەن ئەبوسەربازەوە ، یەکەم جار نیە ، لە هاوینی 1979 دا کە تازە هاتبووینە شاخ لە ناوزەنگ لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ برادەرانی یەکیەتی و سێ ئەندامی قیادەی قوتری عێراقیی حیزبی بەعس (باڵی سوریا) بە سەرۆکایەتی حازم حوسەین. ئەمانە نیمچە بارەگایەکیان لە ناوزەگ بە رەزامەندێتی یەکیەتی نیشتمانیی کردبووەوە!! حازم حوسەین کوبەیسی بەعسیی لەو چاوپێکەوتنەدا بێشەرمانە هێرشێکی نارەوای کردە سەر حیزبمان ، هەر وەك حوکمرانێك ئەدوا نەك وەك ئاوارەیەکی دەربەدەری لێقەوماو لە کوردستاندا ، قسە و رەفتاری جیاوازیی نەبوو لەگەڵ سەدام حوسەین ، زۆر بە ساکاریی سەلماندی کە بەعس لە هەر کەوڵێکدا بێت ، هەر بەعسە!

دانیشتن لەگەڵ ئەمانەدا ، بێگومان پەشیمانیی و مەرگەساتی لە دوایە ، ئەبوسەرباز وەڵامی حازمی نەدایەوە و برادەرانی یەکێتیش خۆیان لێ کەڕ کرد ، ناچار من بە توندیی وەڵامم دایەوە و وەك بەرگرییەك لە حیزب و پێموت: تۆ کابرایەکی بێئاگا و نەزانی و هاتوویت بۆ ئێرە گێرەشێوێنی بنێیتەوە! جەنابت لە کەسێکی سیاسی ناچیت! ئەبوسەرباز لەجیاتی ئەوەی پشتم بگرێت و رێگەم بدات بەردەوام بم لە بەرپەرچدانەوەی! دەمی گرتم ، لەبەرئەوەی قسەکانی منی بە دڵ نەبوو. ئەوا ئەمجارەش لێرە ، لە کۆیلە دەنگمی کپکرد.

ئەم هەڵوێستە نەرمونۆڵەی ئەم جارەشی لە کۆیلە ، ئەوەندەی تر بووە مایەی مەرگ

و سەرگەردانییمان ، چەند کەسێکی خەڵکی ئاواییەکە (لایتیان) دائەگیرساند بۆ ئەوبەری گوندەکە و لەوبەریشەوە بە لاییت وەڵامیان ئەدانەوە! برادەران ئەو هەموو جموجوڵەیان بەلاوە گرنگ نەبوو ، بایەخیشیان پێ نەدا ، هەستیان بەوە نەئەکرد و خۆیان لێ کەڕ کردبوو کە لە ناوچەیەکی دەسەڵاتدارێتی یەکیەتیدان و ئەو جموجوڵەش بێ هۆ نیە! ئەم بێدەسەڵاتیی و لێنەهاتوویيە ، بە ڕونیی پێمانەوە دیاربوو ، ڕێگەشیان نەئەدا بە کەسێکی تر خۆی بخاتە کارەکەوە.

هەر بەو شەوە مام عوسمانمان لەگەڵ خۆمان هێنابوو ڕێمان پێشان بدات و بمانخاتە سەر ڕێی گوندی ئێنێ ، تاریکە شەو بوو ، دووسەد مەترێك ڕێی نەکرد لەگەڵماندا و بە سوك و ئاسانیی ئەویش ڕایکرد لە دەست لێپرسراوەکانمان! بێ ئەوەی بیگرن و قۆڵبەستی بکەن ، گوێم لێبوو ئەبوسەرباز هاواری کرد و وتی وازی لێبێنن با بڕوات.

ئیتر بەو شەوەزەنگ و تاریك و نوتەکە ، بەبێ ڕێنیشاندەر و شارەزا ماینەوە ، لە گوندی کۆیلە دور کەوتینەوە و نزیکەی دوو کاژێرێك ڕێمان کرد ، بێ ئەوەی ڕێگاش بزانین.

گەیشتینە گوندێکی ڕاگوێزراوی وێرانکراو کە هەر تەنیا دیوارەکانی بە پێوە مابوو ، هاوڕێیان شەکەت بووبوون و لە تواناياندا نەمابوو لەوە زیادتر ڕێ بکەن ، لە نێوان ئەو دیوارە ڕوخاوانەدا لەسەر ئەو زەویە تەڕە سەهۆڵاوییە ، گرمۆڵە بوون و خۆیان دا بە زەویدا و لە چەند جێگایەکەوە ئاگریان کردەوە و لە دەوری ئاگرەکە خەویان لێکەوت ، هاوڕێ کەریم ئەحمەد هەر زوو هاواری لێکردن کە ئاگر نەکەنەوە و با ئاشکرا نەبین ، بەڵام کەس بە گوێی نەکرد ، لەبەر ماندوویی کەس ئاگای لە کەس نەمابوو ، ئەوەندەی پێنەچوو ئیتر بە هۆی ئەو ئاگرەوە ئاشکرا بووین و دراینە بەر دەستڕێژی گوللە ، ئیتر بێ ئەوەی سەنگەریان لێ بگرین و بەرەنگاری هێرشەکەیان ببینەوە ، هەریەکە و بە لایەکدا پەرش و بڵاوبووینەوە!

# دیلیی

چەکدارانی یەکیەتی لە ناوچەکەدا زانیارییەکی باشیان هەبوو لەسەر هێزەکەمان و بە هۆی خەڵکی گوندی کۆیلەوە ئەیانزانی تا چ ڕادەیەك هێزەکەمان شەکەتە و بەرەو کوێش ئەچین! ئەو چەکدارانەی ینك کە هاتنە سەرمان ، ڕێی دێی ئێنێیان لێگرتبووین! ئەگەر ئێمەش ڕێمان هەڵە نەکردایە ئەوا زوو یان درەنگ هەر ئەکەوتینە ناو کەمینەکانیانەوە کە لەسەر ڕێی ئێنێ بۆیان دانابووین!

هەر کە تەقە دەستی پێکرد هەر کەسە و ڕووی لە لایەك کرد و ناشزانێت لە کوێوە تەقەمان لێئەکرێت و (قیادە و قاعیدە) لە یەکتر دابڕاین!

هاوڕێ کەریم ئەحمەد لە شوێنی خۆی نەجوڵا بوو ، کەسیش نەبوو یارمەتی بدات و بە هانایەوە بچێت!

وەلید لە نامەکەیدا بۆ نوسەر ئەڵێت: (من و هاوڕێ کەریم و دوو هاوڕێی عەرەب و ئەبومەکسیم بە یەکەوە لەژێر تاوێرە بەردێکدا بووین ، بێ ئەوەی دەستبکەینەوە و تەقەیەك بکەین ، دراینە بەر دەستڕێژی گوللە ، ئەبومەکسیمی باوکی 7 منداڵ ، لە مێژ نەبوو لە بادینانەوە بە ئەرکی پۆستەبەریی هاتبوو ، شەهید بوو ، هەموو گوللەکان لەسنگی دابوو ، فیشەکیش بەر من و هاوڕێ کەریم کەوت ، زیادتر بەر جلەکانمان کەوتبوو واتە چیغی کردبوو ، ئیتر چەکدارەکانی ینك گەیشتنە سەرمان و ئێمەیان گرت).(11)

لەبەرئەوەی کەس ئاگای لە کەس نەمابوو ، هەریەکە و بیری لە چارەنوسی نادیاری خۆی ئەکردەوە.

هەر لەوێدا بە دیل گیران و خەریك بوون بیانکوژن ، بەڵام یەکێك لە چەکدارەکان هاوڕێ کەریم ئەناسێتەوە و نایەڵێت بیکوژن.

من لە ئەبوسەربازەوە نزیك بووم ، هاوڕێ محەمەد ڕەسوڵیش گەیشتە لامان ،

ئەبوسەرباز وتی هاورێ کەریم نایەوێت بێت لـەگەڵـمان.

وردە وردە بوو بە مانگەشەو ، بەرپێی خۆمان ئەبینی ، کەمێك ڕێمان کرد و بە ئەبوسەربازم وت با نەڕۆین و بگەڕێینەوە لای هاوڕێیان. کاتێك کە گەڕاینەوە و نزیکی جێگاکە بووینەوە ، ئیتر تەقە نەمابوو ، گوێمان لـە دەنگەدەنگ بوو ، زانیمان کە چەکدارەکانی یەکیەتی گەیشتوونەتە جێگاکەمان ، وتم ئەبوسەرباز تەقەیان لـێئەکەم با بڵاوەی لـێ بکەن ، وتی تەقە مەکە دیارە برادەرانمان بڵاوەیان لـێکردووە و کەسمان لـەوێ نەماوە.

ئیتر هەر سێکمان گەڕاینەوە دواوە و بێ ئەوەی بزانین ئەم تولـە ڕێیەی گرتوومانە بەرەو کوێمان ئەبات ، ڕێمان کرد تا ڕۆژ بووەوە ، کاتێك کە ڕوناك بووەوە ، بۆمان دەرکەوت لـە نزیك سەربازگەیەکەوەین و لـە دورەوە سەربازەکانیشمان ئەبینی ، بەڵام شوێنەکەی ئێمە نەدیو و جەنگڵێکی چڕ بوو ، ئەمانتوانی تیایدا بمێنینەوە ، لـەبەرئەوە دانیشتین و ئەو تۆزە نانە وشکە و پەنیرەی پێمان بوو بەشمانکرد و خواردمان.

بڕیارماندا لـەم جێیە نەمێنین و بڕۆین ڕێگای ئینێ بدۆزینەوە کە بنکەیەکی پێشمەرگەی پارتی لـێ بوو.

ئەبوسەرباز وتی ئێوە لـێرە بن ، من ئەڕۆم بەڵـکوو ڕێگایەك بدۆزمەوە و سەیرێکی ئەم دەوروبەرە ئەکەم و دێمەوە بۆ لاتان ، ئیتر ڕۆیشت و زۆری پێچوو ، زۆر چاوەڕوانمان کرد و بێسود بوو ، نەگەڕایەوە. ئێمە لـە بیرکردنەوەی ئەبوسەربازدا بووین و گوێمان لـە دەنگەدەنگێك بوو ، بە هێواشیی سەرمان بەرزکردەوە و بینیمان وا پێنج چەکدار کەمێك لـە دور ئێمەوە تێپەڕین و بێ ئەوەی ئێمە ببینن و سەد مەترێکیش لـەولای ئێمەوە دانیشتن ، ئیتر ئێمە زانیمان کە چەکداری خۆمان نین ، لـەبەرئەوەی پێشمەرگەی ئێمە وا بەو بێباکییە ناسوڕێنەوە و لـەسەر چەقی ڕێگا دابنیشن و بە دەنگی بەرز بدوێن ، ئیتر زانیمان هەر ئەمانە نین لـەناوچەکەدا و هەموو ناوچەکەیان

تەنیوە و بە دەستیانەوەیە.
ئێمە هەر ماینەوە و چاوەڕوانی ئەبوسەرباز بووین ، مەترسی ئەوەمان هەبوو کە ئەبوسەرباز ئەگەڕێتەوە بۆ لامان لەوانەیە بکەوێتە ناو ئەو مرۆڤکوژانەوە! بیریشمان لەوە ئەکردەوە کە ئەبوسەرباز هەموو پێشمەرگەکانی خۆی یەکەیەکە باش ئەناسێ و هەڵەی وا ناکات بچێتە ناویانەوە. محەمەد ڕەسوڵ وتی: ئەبوسەرباز لێپرسراوی 72 پێشمەرگەبوو لەو هێزە دابڕا و ئێستا تەنیا لێپرسراوی هەردووکمانە و ئەگەر لە ئێمەش داببڕێ ئیتر بە تەنیا ئەمێنێتەوە و وەك ئێمەش ناشارەزایە و زۆر زەحمەتە بۆ ئەو بە تەنیا و بەو تەمەنەوە سەر لەم ناوچەیە دەربکات. وتی با بڕۆین بگەڕێین بە دوایدا ، هەڵساین و ئەو کۆڵەپشتەکەی منیشی هەڵگرت و کەوتینە ڕێ بەو ڕێگایەدا کە ئەبوسەرباز پیایدا ڕۆیشتبوو ، زۆر گەڕاین و زۆر ڕۆیشتین و نەماندۆزیەوە.
گەیشتینە سەر لوتکەیەکی بەرز ئەیڕوانی بە سەر پردی زەرد و ڕێگای (هامیلتۆن)دا لە نێوان گەڵاڵە و حاجی هۆمەراندا ، لە خوار ئێمەوە دۆڵ و چەم و دەوەنێکی چڕ بوو ، دوربینێکیشمان پێنەبوو تا باشتر بە دەوری خۆماندا بڕوانین.
محەمەد ڕەسوڵ لاوێکی بەتوانا و بەجەرگ بوو ، پێشمەرگەیەکی دڵسۆز و ئازا و لێهاتوو بوو ، لەو پەرەوازەییەماندا خەمخۆری ئەبوسەرباز و منیش بوو.
دانیشتین پشوویەك بدەین ، خەو ئەیبردینەوە ، هەرچەندە وەك یەکیش ماندوو بووین و شەو هەر بە ڕێگاوە بووین و خەو نەچووبووە چاومان ، لەگەڵ ئەوەشدا وتی هاوڕێ من لە تۆ باشترم بۆ ڕێکردن تۆ لێرەبە من دووبارە ئەڕۆم بەڵکوو سۆراغێکی ئەبوسەرباز بکەم و بیدۆزمەوە ، حەزئەکەم چەکەکەی خۆتم بدەیتێ چونکە ئەم چەکەی من بیکەی سییە و بە مەخزەنەکانییەوە زۆر قورسە ، منیش چەکەکەی خۆمم دایە و ئەویش چەکە قورسەکەی خۆی لەولای منەوە دانا و کۆڵەپشتەکەی خۆی و ئەوەی منیشی خستەسەری و وتی ئەوەندەم پێناچێت و ئەگەڕێمەوە.
ئێمەش ئاگامان لەوە نیە کە لە خوار ئێمەوە مەفرەزەیەکی یەکیەتی لێیە و بە

دوربین ئێمەیان بینیوە و چوار چەکداریان سەرئەکەون بەرەو ئێمە ، منیش بێخەم چاوەڕوانی گەڕانەوەی محەمەد ڕەسوڵم ئەکرد و لە بێخەویدا چاوم هەڵ نەئەهات ، هەر وەنەوسم ئەدا ، لە ناکاوێکدا دەورم گیرا و وتیان نەجوڵێیتەوە ، دەمێکە ئەزانین ئێوە لێرەن ، کوا برادەرەکەت؟ وتم هەر خۆمم ، کەوتنە پشکنینم و قەمسەڵەکەمیان لەبەرمدا داکەند و پشکنییان ، هیچیان نەدۆزییەوە ، وتیان بۆ چەکت پێنیە؟ کوا چەکەکەت؟ بۆ پارەت پێنیە ، بۆ هیچت پێنیە کە بۆ ئێمە خێرێکی تیادا بێت! !
هەر ئەو پێشمەرگانەمان قازانجیان کرد کە هەنگاوێك زووتر گەیشتنە ناو (ئاشقوڵکە و پشتئاشان)ـەوە!
بە قسەکانیاندا دەرکەوت کە ئەوانەی گیران و کوژران هۆیەکەی ئەوە بوو کە پارەیان پێبووە.
لەم پرسیارکردن و قسانەدا بوون و یەکێکیان لە خوار خۆیانەوە هاواری کرد و وتی بیهێننە خوارەوە ، ئیتر دەوروبەری شوێنەکەم نەگەڕان و منیان بردە خوارەوە و بەرەو بنکەکەیان ڕۆیشتین ، لە ڕێگا یەکێك لە چەکدارەکان لێم نزیك بووەوە و وتی من ناوم ئەحمەدە ، خەڵکی کۆیەم و کەسوکارم هەموو شیوعین ، باشتر کەوتیتە دەست ئێمە ، ئەم مەفرەزەیەی ئێمە سەر بە ئاڵای شۆڕشین ، ئەم شەڕەمان پێخۆش نیە و ئێمە دژ بە شیوعییەکان نین!
ئەوەندەی پێنەچوو گەیشتینە بنکەکەیان و منیان بردە ئەشکەوتێك لە کەنارێکی توتڕکاویی ڕوبارێك دایاننام و پێشمەرگەیەکی گەنج هاتە لام و لێمی پرسی ناوت چییە؟ ناوی خۆمم پێوت و ئیتر ئەوەندە پرسیاری نەکرد و وتی باشتر نەکەوتیتە دەست چەکدارەکانی گەرمیان! ئەویش دیسان وەك ئەوی تر وتی ئێمە شەڕمان پێناخۆشە ، پاش تۆزێك بیرکردنەوە وتی تۆ لە نۆکان نەبوویت؟ وتم بەڵێ لە نۆکان بووم ، وتی ئەی چی تۆی گەیاندە ئێرە؟ وتم ڕەفتاری شەڕەنگێزیی ئێوە!
من ناوی ڕاستیی خۆمم بۆیە پێ وتن لەبەرئەوەی ئەگەر ویستیان بمکوژن با ئەوانەی

ئەو مەفرەزەیە ناوی ڕاستییم بزانن و بۆ دوارۆژ هاوڕێیان ئاگاداربن کە نەماوم.
لـەم پرسیار و وەڵامدانەوەیەدا بووین و تەقە دەستی پێکرد ، کەوتمە ئەندێشەی ئەوەوە ئایا محەمەد ڕەسوڵـە یان ئەبوسەرباز؟ لـەپاش ماوەیـەك سێ چەکداریان هاتنەوە و وتیان پێشمەرگەیەکی عەرەبمان گرتووە و ناوی ئەبوعەسکەرە ، ئەیناسیت؟ وتم بەڵـێ هاوڕێی ئێمەیە ، پرسیم بریندارە ، ماوە؟ وتیان ئێمە ئەم مەفرەزەیە حەز بە کوشتنی هیچ پێشمەرگەیەك ناکەین!
هاوڕێ ئەبوعەسکەر یەکێك بوو لـە پێشمەرگەکانی بنکەکەمان لـە نۆکان ، گوێچکەی زۆر گران بوو ، بە واتەیەکی تر هەر کەڕ بوو ، ئەمانیش هاواری لـێئەکەن بوەستێت بەڵام ئەو گوێی لـێ نیە و هەر بە تەنیا بۆ خۆی ڕێئەکات ، ئینجا ئەمانیش تەقەی لێئەکەن ، لـە دەنگی تەقەکان هۆشیار ئەبێتەوە و دەست ئەکات بە تەقەکردن بەدەوری خۆیدا و پاش ماوەیەك ئەیگرن ، وتیان نەمانکوشتووە و لـەگەڵ خۆمان هێنامان بۆ ئێرە و لـە جێگایەکی تر دامان ناوە.
بۆ بەیانییەکەی ناوساجیی گەرم و ماست و پەنیریان هێنا بۆ ئەشکەوتەکەی تیایدا دیل بووم و وتیان ئەم خواردنانە لـە ماڵـە جاشەکانەوە بۆمان ئەهێنن! ئەم جاشانەی ئەم ناوچەیە سەر بە خۆمانن! سەر بە یەکیەتین!
ئینجا لـەگەڵ خۆیان بردمیان و وتیان ئەتبەین بۆ مەڵـبەندی چوار لـە خانەقا ، لـەسەر داوای کاك نەوشیروان!
لـە ڕێگا دیسان تەشقەڵـەیان پێکردم و ئەیانوتەوە کوا چەکەکەت؟ ئێمە چەکمان ئەوێت ، هەرچی تالانییەکمان دەست بکەوێت بۆ خۆمانە! تۆ خێرت بە ناوچەوانەوە نیە!
ئەو هەڕەشە و گوڕەشەیەیان بەردەوام بوو ، دواجار سێ چەکداریان منیان لـە مەفرەزەکە جیاکردەوە و ڕایانگرتم و کەمێك لـە من دورکەوتنەوە و تفەنگەکانیان لـەسەر شانیان هێنایە خوارێ و میلـی کالاشینکۆڤەکانیان ڕاکێشاو بەرامبەرم ڕیز

بوون! وتیان ڕاستیی نەڵێیت چەکەکەت چی لێکردووە ئەتکوژین!

زۆر سەیرە خۆ ئەم سیانە هەر ئەوانە بوون کە ئەیانوت ئێمە کەس ناکوژین! من وەڵامم نەئەدانەوە ، لەم دەنگە دەنگ و توڕەبوونەیاندا ، ئەحمەدەکەی خەڵکی کۆیە گەیشتە سەرمان و هاواری لێکردن ، بۆ بە ناهەق ئەم دیلە ئەکوژن؟ چەکدارەکانی تریش گەڕانەوە سەرمان و هەمان ڕایان هەبوو ، ئیتر زانییان گوشارەکەیان بێسودە ، بێدەنگ بوون و منیان خستەوە پێش خۆیان و کەوتینەوە ڕێ بەرەو مەڵبەندی چوار لە خانەقا.

دوابەدوای گرتنەکەی من هاوڕێ محەمەد ڕەسوڵ ئەگەڕێتەوە بۆ لای من و کە لە دورەوە ئەبینێت دیلکراوم ، ئەگەڕێتە دواوە و بۆ بەیانیی شوانێك ڕێگای پێشان ئەدات و ئەگاتە بنکەی پێشمەرگەی حدك لە پاشماوەی گوندی (ئێنێ)ی ڕاگوێزراو و لەوێشەوە ئەگاتە سنوری ئێران بۆ گوندی سێڵوێ بۆ لای هاوڕێیان.

# خانەقا

کاتێك منیان گەیاندە بارەگاکەیان لە خانەقا ، بردمیان بۆ ژورێك لە ژورەکانی مەڵبەندەکەیان ، هاوڕێ کەریم ئەحمەدیش لەوێ بوو ، لێمی پرسی ئەبوسەرباز چی بەسەرهات؟ وتم ئەمڕۆ بەدەم ڕێگاوە بە هەڕەشە و دڵنیاییەوە پێمیان وت ئەحمەد بانیخێلانییشمان گرتووە ، بەڵام هیچمان لێنەکردووە.

سەید مەجید لێپرسراوی مەڵبەندی چواریان بوو ، هات بۆ لامان و وتی بەخێربێن ، ئێوە دیل نین لای ئێمە!! ئیتر زۆری لەم بابەتە وت و بە عەنجەلیاتەوە نەئەدوا لەگەڵمان ، وتی سەعاتێکی تر ئەبوسەربازیش ئەگاتە ئێرە و سەلامەتە.

ئیتر ئەوەندەی پێنەچوو ئەویشیان هێنا بۆ لامان ، هەواڵی ئەو هاوڕێیانەمان لە سەید مەجید پرسی کە بە دیل گیراون ، وتی لە وەرتێ بەندن و ژمارەیان بە ئافرەت

و پیاوەوە 42 پێشمەرگەیە ، داوامان لێکرد کە بیانبینین ، وتیان بەیانیی ئەتوانن بیانبینن.

بۆ بەیانیی نەوشیروان هات بۆ لامان ، جلوبەرگێکی (موغاویریی) بەڵەکبەڵەکی (سەوزباوی) لەبەردا بوو ، ئەوەندەی تر ڕەش هەڵگەڕابوو ، هەر تەنیا چاوەکانی بوو سور ئەچووەوە ، دانیشت لەلامان و کالاشینکۆڤەکەی خستە سەر هەردوو ڕانی و (کاسکێتە) موغاویرییەکەی لەسەری داگرت و دەستێکی هێنا بە سەریا و کەوتە سکاڵا و نارەزایی لەو شەرە ناوخۆییە!!! بەڵام زۆر بە پۆزەوە ئەدوا و ئەیوت لەگەڵ ئێوە ئاشتیی ئاشتییە و شەڕ شەڕە ، ئێوە پەلامارتان داین لە بالیسان ڕاوتاننناین ، ئێمەش پەلامارتا ئەدەین لە پشتئاشان و جێگاکانی تر.

هەرسێکمان بە توندیی وەڵاممانداییەوە ، بەتایبەتیی هاوڕێ کەریم ، بە توندیی پێی وت ئێوە پۆڵ پۆتن و ئەم قەسابخانەیەی ناتانەوە زۆر ئەکەوێت لەسەرتان ، نەوشیروان هەستی بەوە کردبوو کە ئەو تاوانەی کردوویانە زۆر گەورە و گرانە و زۆر ئەکەوێت لە سەریان ، هەر بۆیە دووبارەی ئەکردەوە بۆمان و ئەیوت لەم ژیانە بێزارم! ئەمەوێت ڕزگارم بێت! ئەڕۆم بۆ هەندەران! ئەم فەرمانڕەواییە بەسە!

پێمان وت ئەمانەوێت دیلکراوەکانمان ببینین ، وتی فەرموون با قادر ڕەشید بچێت بۆ وەرتێ بیانبینێت.

# بەندییخانەی وەرتێ

دوو چەکداریان لەگەڵدا ناردم ، یەکێکیان لە پێشەوە و ئەوی تر لەدوامەوە ئەڕۆیشتن ، گەیشتمە گوندی وەرتێ ، بەندییخانەکەیان لە ناوەڕاستی گوندەکەدا بوو ، چاوم بە هاوڕێیانمان کەوت ، ژورەکەیان لە تونی حەمام ئەچوو. ژورێکی ڕەش و دوکەڵاویی ، بۆگەن ، بۆنی گۆرەوی و پێڵاو و چڵکی لەشیان ، بۆنی شێی زەوی ، دیوارەکان و هەناسەی 42 دیل بەسەر یەکدا کەوتوون لە ژورێکی بچوکدا ، ئەم جێگایە لە پێشدا مزگەوت بوو ، وا ئێستا کردوویانە بە بەندییخانە بۆ هاوڕێیانمان! پەنجەرەکەی بە قوڕ و بەرد گیرابوو ، تاریك و نوتەك بوو ، هاوڕێیان هەموو زەرد هەڵگەڕابوون لە برس و ماندوویەتی و چڵکنییدا ، کێچ و ڕشك و ئەسپێ و تەراتێنی مشك ، ئۆقرەی لێ بڕیبوون ، هەر نەئەناسرانەوە!

هاوڕێیان کەوتنە پرسیارکردنێکی زۆر ، کێ لە هاوڕێیان ماوە؟ کێ نەماوە؟ و ..تد.

هەندێك لەم هاوڕێیانە لەو 72 پێشمەرگەیە بوون کە بە ناشارەزایی لە ئەنجامی تێکشکاندنەکەماندا پەرەوازەی چیای قەندیل بووین ، بەسەرهاتی خۆیان باسکرد و چۆن هاوڕێ ئەبوماجد ، عبد علی جبر ، علی حسین بدر ، محەمەد نەبی ، ئەبومەکسیم ، سیدو خلو یەزیدیی و خوشکە عەمیدە عزبی حالوب (ئەحلام) و ئەنوەر حاجی عومەر هەولێریی ، حەسەن ئەحمد فەتاح هەولێریی ، نەعیمە شێخ فازل ، طارق عودە مزعل ، عیسی عبدالجبار و دەیان هاوڕێی تر شەهیدکران و بێ ئەوەی دەستبکەنەوە!! ئەوانەی پارەی زۆری حیزبیان پێبوو دوای ڕوتکردنەوەیان ، بە دیلییش ئەیانکوشتن!!!

باسی خەڵکەکەی گوندی کۆیلەیان کرد بە مام عوسمان و خدریشەوە بەو دوو راوچییەشەوە کە ڕایان کردبوو لەدەستمان کە هەموو یەکیەتی بوون و لەگەڵ چەکدارەکانی یەکیەتیدا هاوڕێ دیلەکانمانیان ڕوت ئەکردەوە و ئەیانکوشتن!! بۆ

پارە و چەکەکانیان ، ئەو هەڵوێستە نەرم و نۆڵە زیانبەخشەی سەرکردەکانی هێزەکەمانم هاتەوەبیر بەرامبەر بە خەڵکی کۆیلە و چۆن بووە هۆی ئەو لێقەوماویی و کارەساتەی بەسەرماندا هات! عیرفان (وەلید) وتی: تەنانەت کامێراکەی تۆم پێمابوو ئەویشیان لێسەندم و بردیان بە تاڵان.(12)

ژمارەیەکیش لەم 42 هاوڕێیە لەملا و ئەولاوە بە دیل گیرابوون ، لەناو خۆیاندا لیژنەیەکی نهێنییان بۆ خۆیان هەڵبژاردبوو ، لە ئەبوعادل ، وەلید و چەند هاوڕێیەکی تر ، وەلید یەکێك بوو لەوانەی کە خێزانەکەی بە دوو منداڵی ساواوە گیرابوو ، سۆراغی نەئەزانین.

تا بڵێیت ئەو هاوڕێیانە ورەیان بەرز بوو. چەند داخوازییەکیان هەبوو کە بە زووترین کات بیگەیەنم ، هەندێکیان پەیوەندییان بە بەرێوەبەرانی بەندییخانەکەوە هەبوو لەبارەی کەمیی خواردن و بچوکیی جێگاکەیان و نەبوونی پێخەف و ڕێگایان بدەن پەیوەندیی بکەن بە حیزبەوە. ئەو چەك و جلوبەرگ ، ڕادیۆ ، کامێرا ، پارە ، کۆڵە پشت و گەلێك شتی تر کە بە تاڵانیی بردوویانە ، بیاندەنەوە! هەروەها هەندێك داخوازیی تر کە پەیوەندییان بە سەرکردایەتی حیزب و یەکیەتییەوە هەبوو ، وەك داوای ئەوەیان ئەکرد کە بەرەڵا بکرێن و ڕێگایان بدەن بە زووترین کات بچنەوە ئەو جێگایانەی کە هاوڕێیانیان لێ شەهید کراوە و ئێسك و پروسکیان کۆبکەنەوە و بە خاکیان بسپێرن ، یان تەرمەکانیان لەگەڵ خۆیان ببەنەوە ، هەروەها حیزب بە پەلە بەیانێك دەربکات و بەرپرسیاریی ئەو تاوانانە بخاتە ئەستۆی یەکیەتی.

لەدوای ئەم دانیشتنەم لەگەڵیاندا ، داوام لە بەرێوەبەرانی گرتووخانەکە کرد کە چاوم بەو خوشکە عەرەبە دیلانەی تر بکەوێت.

بردمیان بۆ جێگایەکی تر و ئەو خوشکانەش لە ژورێك بوون کە پێشتر تەویلەی وڵاخ بووە! خوشکە لەیلا ، سەمەر و خوشکێکی تر کە ناوەکەیم لە بیر نەماوە. ئەم

خوشكانه بۆنی شیاكه و تەرسی ولاٌخیان لێئەهات! زەرد و بۆر هەڵگەڕاو ، لەبەر برسێتی ، چڵكنیی ، ئازاری دەرونیی و بەسەرهاتی دیلێتییان ، نەئەناسرانەوە! پێم وتن هاوڕێیان فلاٌن و فلاٌن منیان ناردووە بۆ ئەوەی بتانبینم ، هێشتا قسەكەم تەواونەكردبوو دایانە هاڕەی گریان ، بە ورەیەكی بەرزی باوەڕ بەخۆبوون و بە حیزبەكەیان بە دەم قوڵپی گریانەوە پرسییان كێ لە هاوڕێیان ماوە و كێ نەماوە؟

هەرسێكیان باسی بەسەرهاتی خۆیان گێڕایەوە ، هەر ساتێك لەو ژیانە چیرۆكێك بوو لە شێوەی (ئەمڕۆ زەماوەن ئەگێرین)ـەكەی كاك فازیل كەریم ئەحمەد دا.(13)

خوشكە سەمەر هەر لە سەرەتای دانیشتنەكەمانەوە ئەگریا ، هەردوو چاوی بووبوو بە گۆمی خوێن! بە دەم گریان و هەنسكەوە وتی:

منیش ...

دووبارە دایەوە هاڕەی گریان و زۆری لە خۆی كرد شتێك بدركێنێت.

پارچە پەڕۆیەكی لە گیرفانی قەمسەڵە خاكییەكەی بەری دەرهێنا و فرمێسكەكانی سڕییەوە و زۆری لە خۆی كرد و وتی:

چەكدارەكانی یەكیەتی دەزگیرانەكەمیان لە ئێمە جیاكردەوە و بردیان ، نەمزانی بۆ كوێیان برد...

بە هاڕەی گریانەوە و بە هەنسكدانەوە وتی:

ئیتر نەهاتەوە و ئەویشیان بە دیلێتی شەهید كرد.

هەستم كرد چەند زیادتر پرسیاریان لێبكەم ئەوەندەی تر برینەكانیان ئەهێنمەوە سوێ و باری دەرونییان گرانتر ئەكەم ، پرسیارەكانم ڕاگرت ، داوایان كرد پاسەوانەكان ڕێگەیان بدەن چاویان بە هاورێ بەندكراوەكانیان بكەوێت.

هەموو هەواڵ و دەنگ و باسێكیان لـێ قەدەغە كرابوو ، لەدوای گرتنەكەیانەوە هیچ هەواڵێكیان نەئەزانی! بەلاٌم هاوڕێیانی تر لە ڕێگەی دۆستێكی حیزبمانەوە حاجی محەمەد ، بە دزیی یاساوڵەكانیانەوە خواردنی بۆ ئەبردن و دەنگ و باسی

پێڕائەگەیاندن. داخوازییەکانی ئەم خوشکانەش هەمان ئەو داخوازییانە بوو کە لیژنەکەی هاوڕێ دیلەکان پێیان ڕاگەیاندبووم ، ئەو داخوازییانەی پەیوەندییان بە بەندییخانەکەوە هەبوو ، لێپرسراوانی گرتووخانەکەی یەکیەتی پەیمانیاندا کە ڕۆژیی کاژێرێك بیانهێننە دەرەوە ، هەتاوێك ، ڕووناکییەك ببینن و هەوایەکی پاك هەڵمژن و بیانگوێزنەوە بۆ بەندییخانەیەکی گەورەتر و ژەمی خواردنەکەیان بۆ زیاد بکەن و بەتانییان بدەنێ !

گەڕامەوە بۆ خانەقا بۆ بارەگای مەڵبەندی عەسکەریی چواری یەکیەتی نیشتمانیی و دەقی چاوپێکەوتن و داخوازییەکانم گەیاند بە هاوڕێیان کەریم ئەحمەد و ئەبوسەرباز لەگەڵ تێبینی خۆم بۆ هەوڵدانێکی بەپەلە بۆ ڕزگارکردنی ئەو هاوڕێیانە کە زۆر لە ناڕەحەتییدان ، بەتایبەتیی ئەو سێ خوشکە عەرەبە زیندانییانە.

نەوشیروان و کاك سەی مەجید "لێپرسراوی مەڵبەندی 4 ی هەولێر" لەوێ بوون و پێیان ڕاگەیاندین کە مام جەلال ئەیەوێت بمانبینێت ، وتیان هەرسێکتان بەڕێئەکەین بۆ ناوزەنگ لەگەڵ مەفرەزەی خۆماندا.

بۆ بەیانیی نەوشیروان خانەقای بەجێهێشت و بە ئەوپەڕی لە خۆباییبوون و دڵگەرمییەوە! لەگەڵ هێزە تێر و تەسەلە خوێنڕێژەکەیدا کەوتە ڕێ بەرەو دامێنی چیای کارۆخ بۆ لێدانی هێزەکانی بەرەی (جود) ، گوایە ئەوەی کردوویەتی بەس نیە! بۆ تۆڵەسەندنەوەی لە بەرەی "جود".

لەپاش ڕۆیشتنەکەی نەوشیروان بەرەو چیای کارۆخ و ناوچەی بالیسان ، بە خۆی و هێزە هەڵپاچ و داپاچەکەیەوە! کاك عەباس محەمەد حوسەین (حاجی مەمۆ) کادێرێکی ڕۆشنبیری یەکیەتی ، ئەندامی سەرکردایەتی مەڵبەندی چوار ، هات بۆ لامان و پێی وتین: بڕیارە ئێوە بەرن بۆ لای مام جەلال ، ڕێگای نێوان خانەقا و ناوزەنگ دور و چۆڵەوانی و مەترسیدارە ، جار جار جاشەکان دێنە سەر ڕێگاکە و کەمین دائەنێن و کۆنترۆڵی ڕێگاکە ئەکەن ، بێگومان هەواڵی ئەم شەڕە و دیلێتی

ئێوەش گەیشتووەتەوە بە رژێمی بەعس! بۆیە من لەگەڵ ئەوە نیم کە ئێوە بدرێنە دەست قەدەر ، واتە کەسانێکی نەناسراو ئێوە بگەیەنن.

وتی: من هەوڵئەدەم خۆم و مەفرەزەکەم بە سەلامەتیی بتانگەیەنین.

هەرسێکمان ئەو سۆز و دڵسۆزییەیمان پێخۆش بوو ، پێمان وت ئێمەش پێمان باشە ئەگەر بتوانیت ئەو ئەرکە بگریتە ئەستۆی خۆت. وتی هەوڵ ئەدەم. ئیتر لە هەوڵدانەکەیدا سەرکەوتوو بوو.

لە 8-5-1983 لەگەڵ کاك حاجی مەمۆ کەوتینە رێ ، بەوپەری هۆشیاریی و دڵسۆزیی و دڵگەرمییەوە بە دوو رۆژ ئێمەی گەیاندە ناوزەنگ.

کاك حاجی مەمۆ یەکێك بوو لەو رۆشنبیرانەی لە ریزی یەکیەتی نیشتمانییدا ئەو کوشتار و خۆینرشتنەی پشتئاشانی بەلاوە تاوان بوو ، زۆری پێناخۆش بوو ، لەلای ئێمە سکالای زۆری ئەکرد و نارازیی بوو لە سیاسەتی حیزبەکەی ، رێزی زۆری لێئەگرتین و دڵنەوایی ئەکردین. شەری براکوژیی پێ رەوا نەبوو ، دڵسۆزیی ئەو رۆشنبیرە لەبیرناچێتەوە ، ئەڵێم ئەگەر رۆشنبیران و سەرکردەکانی تری "ینك" وەك ئەم و کاك فازیل کەریم ئەحمەد (جەعفەر) بوونایە ، هەرگیز "ینك" دەستی سور نەئەبوو بە خوێنی شیوعیەکان و پێشمەرگەی حیزبەکانی تری بەرەی جود و رێگایەکی تریان ئەگرتەبەر.

# خۆتێوەردانێکی ڕاستەوخۆ

حیزبمان ئەو شەڕەی نێوان ینك و بەرەی جودی بە شەڕێکی ناڕەوا و ناعادیلانە ئەزانی ، لەبەرئەوە بوو هەڵوێستیشی بێلایەن بوو بەڵکوو لەوەش زیادتر ڕۆڵی ریشسپییەتی ئەبینی لەناو لایەنەکاندا. هەرچەندە گرژیی و ئاڵۆزییەك هەبوو لە نێوانماندا ، بەڵام نەگەیشتبووە قاتوقڕکردن و یەکتر لەناوبردن ، تا ئەو ڕۆژەی حشع و بەرەی جود پەلاماری مەڵبەندی هەولێری یەکیەتییان دا و لە بالیسان دەریانپەڕاندن لە 28-4-1983 دا ، تا ئەو کاتە هاتوچۆ و پەیوەندیی لە نێوان حیزبمان و یەکیەتیدا مابوو.

لە ڕۆژی 28 ی نیساندا هاوڕێ ئەبوحیکمەت ، بروسکەی دووەمی خۆی ناردبوو بۆ مەکتەبی سیاسی و مەکتەبی عەسکەریی لە پشتئاشان ، دەقەکەشی ئەمەیە: (برادەرانی جود سێ قۆڵیی سبەینێ پەلاماری (ینك) ئەدەن ، ئێمە چی بکەین؟ بەشداربین یان نا؟ وەڵاممان بدەنەوە). (14)

وەڵامەکەی سەرکردایەتی بە بروسکە لە پشتئاشانەوە نێرراوەتەوە بۆ هاوڕێ ئەبوحیکمەت: ( خۆتان ، سەرکردایەتی مەڵبەندی هەولێر ، بڕیار بدەن و کارەکە لای خۆتانە). (15)

ئێوارەی هەمان ڕۆژ هێزەکانی بەرەی جود پەلاماری بارەگاکانی یەکیەتییان دا و بە ئاسانیی دەستیان گرت بەسەر مەڵبەندی بالیساندا ، هێزی مەڵبەندی هەولێریش بە سەرکردایەتی ئەبوحیکمەت لەگەڵیاندا بوو! !

ئەم وەڵامەی سەرکردایەتی حیزب کە ئەبوسەرباز نوسیویەتی بۆ ئەبوحیکمەت ، شیرازەی هەڵوێستی حیزبی هەڵوەشاند و لە بێلایەنییەوە لەگەڵ یەکیەتیدا لە چاوتروکاندنێکدا گۆڕی بۆ لایەنێکی ڕاستەوخۆی شەڕەکە! بێ ئەوەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب کۆببێتەوە و بڕیاری گۆڕینی سیاسەتی خۆی بدات ، ئیتر لەو

پەلامارەوە شەڕی براکوژیی و ناعدیلانە لای حیزب بووە شەڕێکی ڕەوا.

# گوشاری ینك و بەرەی جود

ئەو کاتە حیزبەکانی بەرەی جود و یەکیەتی نیشتمانیی ئەیانویست بە هەرشێوەیەك بێت ، حیزبی شیوعی لـەو سیاسەتی بێلایەنیە لادەن و بە لای سیاسەتی شەڕەنگێزیی خۆیاندا پارسەنگی بکەن و ڕاستەوخۆ لـەو مەرگەساتەوەی بگلـێنن! بۆ ئەو مەبەستەش لـە پلاندانانی خۆیاندا بوون ، مەبەستەکەشیان بۆ دوو هۆی سەرەکی بوو:

1 ـ ئەگەر حشع تێوەئالاّ لـەگەڵ هەر لایەنێکی بەرەی شەڕ دژ بە لایەنەکەی تر ، ئەوا ئەو لایەنە ڕای گشتیی ولاّتە سۆشیالـیستەکان و ڕای گشتیی حیزبە شیوعیەکان و حیزبە نیشـتمانپەروەرەکانی عەرەب و ناعەرەبییەکان بەلای خۆیاندا مسۆگەر ئەکەن ، لـەبەرئەوەی حشع شوێنەوارێکی نێونەتەوەیی و نیشتمانیی و ڕێزی تایەبەتیی خۆی هەیە لـە ڕیزی بزوتنەوەی نیشتمانیی جیهاندا.

2 ـ لـە باری چینایەتییەوە بەرەی جود و ینك پێیان وابوو ئەگەر لـەم تۆفانی خوێنەدا حشع بە ناوی بێلایەنییەوە و بە بێ زیان و بە سەلامەتی ڕزگاری ببێت! ئەوا لـە داهاتوودا ئەبێتە هێزێکی گەورە و دەستڕۆیشتوو لـە ناوچەکەدا و ئیتر زۆر زەحمەتە ئەوسا بتوانرێنت لاوازبکرێت ، یان هەر نەبێت بۆیان بکرێتە گیسکەکەی هەیاسی خاس!

لـەو کاتەی شەڕی براکوژییدا ، تەواوی هێزەکانی پێشمەرگەی حشع لـە تەواوی ناوچەکاندا سەرقاڵـی چالاکیی عەسکەریی بوون دژ بە دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی بەعسی دوابڕاو ، بەرەو خۆچەسپاندنێکی سیاسی و عەسکەریی هەنگاویان ئەنا ، واتە جێدەستیان دیاربوو. بەعسی دوژمن درکی بەو ڕۆڵـە کاریگەرییەی حیزبی شیوعی

کردبوو ، هەر بۆیە ئەویش لـە نەخشە و پلاندانانی بەردەوامی خۆیدا بوو ، بە هەر شێوەیەك بێت ئەو هێزە چەکدارەی حیزب لـەناوبەرێت ، لـەبەرئەوەی لـە ڕێگەی حیزبی شیوعیەوە عەرەبەکان دەستیان داوەتە چەك ، ڕژێم پێوانەیەکی تایەبەتیی بۆ ئەم دیاردەیە هەبوو ، هەر بۆیە ئەیویست حیزبەکان سەرقاڵی شەڕی لـەناوبردنی یەکتر بن !

# سەربەخۆیی ئابوری

ئەو کاتە حیزب لـە شاخ ، لـە ڕووی ئابورییەوە سەربەخۆییەکی خۆی هەبوو ، بە هیچ لایەنێکەوە نەبەسترابووەوە و پێویستی بە هیچ کام لـە حیزبەکانی کوردستان نەبوو ، واتە دەستی لـە هیچ حیزبێك و لـە هیچ ڕژێمێکی داگیرکەرانی کوردستان پان نەئەکردەوە و داوای یارمەتییان لـێبکات ، سەربەخۆیی ئابوری و سیاسی و عەسکەریی خۆی ڕاگرتبوو.

هەر حیزبێك خۆی بە نوێنەری چین و توێژێکی گەلـەکەی بزانێت ، ئەبێت سەرچاوەی بوون و دەرامەتیشی ئەوان بن ، هەر لـەو ڕوانگەیەشەوەیە کە ئەبێت بە حیزب و هێزێکی ئازاد و خاوەن هەڵوێست و بیروڕا و سیاسەتی سەربەخۆی خۆی. ئەگەر داهاتی لـە هەر سەرچاوەیەکی ترەوە دابین بکات ، دەوڵـەت بێت یان حیزبێکی دەستڕۆیشتوو و فەرمانڕەوا ، ئەوا ئەو حیزبە یارمەتیوەرگرە تا ڕادەیەك دەسەڵات و سەربەخۆیی و بیروڕای ئازادی خۆی لـەدەستئەدات و کار و ئەرکە مێژووییەکانی بە تەمومژاوییەوە پەیڕەوئەکات و بە دابڕاویی لـە جەماوەر ، لـەناو ئەو بازنەیەدا ئەمێنێتەوە کە خاوەن پارە و پول بۆی داناوە و ئەشبێتە حاکمێك بە سەریەوە و هەموو بڕیارەکانیشی ڕەواجی ئەبێت.  بێگومان هیچ یارمەتییەکی دارایی لـە وڵاتانی ئێمەدا بە بێ هۆ نادرێت !

ئەو سەردەمە حیزب لە هەموو بوارێکدا سەربەخۆیی خۆی هەبوو ، بەڵام لە لایەکی ترەوە تێوەگلابووین و یارمەتیمان لە سۆڤیەتەوە وەرئەگرت ، ئیتر بە هەق و نا هەق داکۆکییمان لە سیاسەتی چەوتی سۆڤیەت ئەکرد. ئەم بێدەنگییەمان لە هەڵوێستی چەوتی سۆڤیەت لەو داکۆکییکردنەی لە ڕژێمی بەعس و لە چاوپۆشینیان لە تاوانەکانیان دژ بە داپڵۆسینی حیزبمان و گەلــی عێراق و بەتایەبەتیی گەلــی کوردمان ، وەك ڕاگواستن و لە دواییشدا ئەنفال و کیمیابارانەکەی هەڵەبجە و ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان و داپڵۆسینی خوارووی عێراق بە بێ جیاوازیی چین و نەتەوە ، خاك و مەزهەب ، زۆر ئازاری ئەداین و گرفتی بۆ دروستکردبووین ، بەتایەبەتیی لەباری فیکرییەوە لەناو جەماوەر و لە ڕیزی حیزبەکانی تردا ، تەنانەت لەناو حیزبەکەی خۆشماندا.

حیزب خۆی لە سیاسەتی بێلایەنیی و ڕیشسپیەتییەوە ئاڵاندبوو لە نێوان دوو بەرەی شەڕدا کە ئەمیان لە لایەن عێراقەوە و ئەوانی تریان لە لایەن ئێرانەوە زۆر بە ڕاشکاویی داکۆکییان لێئەکرا و نەوت و بەنزینیان بەسەر ئاگری شەڕەکەدا ئەکرد.

حیزبمان ئەرکێکی زۆری ڕۆژانەی خۆی لەسەر ڕۆشنایی دروشمی (قووا تنظیم حزبکم ، قووا تنظیم الحركة الوطنية)ی بۆ ئەو ناوبژییکردنە تەرخان کردبوو ، نەك بۆ بەهێزکردنی ڕیزەکانی خۆی ، لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە لەژێر بۆڵە و خورتە و گوشاری بەرەی جوددا بوو. لەولاشەوە (ینك)ی "هاوپەیمان" کە لە بەرەیەکی دووقۆڵییدا بووین لەگەڵیاندا ، یەکەیەکە هاوڕێیانمانیان دائەپاچی! ئەم گوشار و هەڵپەیەی هەردوو لایەنەکە بۆ ئەوەبوو حیزبی شیوعی تێوەبگلێنن و گلۆڵەی بکەوێتە لێژیی ، ئیتر حیزبیش نەیتوانی خۆی ڕزگار بکات و کەوتە داوەکەوە و بە ڕێژەیەکی زۆر خراپ تێوەگلا.

# وەرچەرخان

ئەو وەڵامەی هاورێیانی سەرکردایەتی لە پشتئاشان بۆ ئەبوحیکمەت ، خۆی لە خۆیدا مانای وەرچەرخانێکی گەورە و گران بوو لە سیاسەت و ستراتیجیی حیزبدا کە ئەوەش تەنیا لە دەسەڵاتی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبدایە بڕیاری وا گرنگ و ئاڵۆز بدات.

هاورێ ئەبوحیکمەت لێپرسراوی مەڵبەندی هەولێر بوو ، بۆی نەبوو گۆڕانکاریی بکات لە سیاسەتی گشتیی حیزبدا و پێشێلیی بکات و پەلاماری هێزەکانی یەکیەتی بدات ، ئەبووایە وەڵامی ئەبوحیکمەتیش بەو جۆرە نەدرایەتەوە ، بەڵکوو لەسەر بنچینەی سیاسەتی گشتیی و ستراتیجیی ئاشتیی حیزب وەڵام بدرایەتەوە و داوایان لێ بکردنایە کە خۆیان لەو شەڕەوە نەگلێنن!

ئەو سەرکەوتنە کاتییەی بەرەی جود لە پەلاماردانی هێزەکانی یەکیەتیدا لە بالیسان ، سەرکردایەتی حیزبی لە پشتئاشان توشی لەخۆبایی بوون کرد.

ئەبووایە پێش ئەوەی حیزب خۆی لەو شەڕەوە بگلێنێت ، بیری لە ئەنجامەکەشی بکردایەتەوە ، مەکتەبی عەسکەریی و مەکتەبی سیاسی لە خۆئامادەکردنێکی تەواودا بوونایە بۆ بەرهەڵستییکردن لە هەر هێرش و پەلامارێکی یەکیەتی بۆ سەریان.

ئەبوسەرباز ئەڵێت: (بەر لە پەلامارە خوێناویەکەی (ی ن ك) من و هاورێ عومەری مامەشێخە لە بارەگای حسك لە ئاشقوڵکە لەگەڵ هەڤاڵ ڕەسوڵ مامەند و قادر جەباری کۆبووینەوە و بڕیارماندا هێزێك بنێرین قەڵاتوکان بگرین لەبەرئەوەی جێگایەکی گرنگ و ستراتیژە و دەروازەی پشتئاشانە ، هەر لێرەشەوە ینك ئەتوانێ هێرش بکات ... عومەری مامەشێخە (ئەبوفاروق) بەرپرسی عەسکەری ، ڕازی نەبوو بەو بڕیارە و ڤیتۆی بەکارهێنا و وتی: ئەم کارەمان ئەبێتە تەجاوزێکی سیاسی لە سەر یەکیەتی هاوپەیمان ، نابێ بیکەین ... ئیتر ڕیسەکەمان بووەوە بەخوری ،

ئەوهەڵوێستەی ئەبوفاروق زۆر ئازاری داین ، هێزەکانی یەکیەتی هەرلەو قۆڵەوە پەلاماریاندایین و پشتئاشانیان گرت). [16]

ئایا ئەم هەڵوێستە پڕ لە سەرگەردانییە پێویستی بە باس و لێپرسینەوەیەك نیە؟ سەرکردەی هەر حیزبێك ئەگەر توشی هەڵەیەك بوو ، ئیتر حیزب و جەماوەرەکەشی توشی سەرگەردانیی ئەکات ، ئەگەر ئەو هەڵەیەش دیزە بە دەرخۆنە بکرێت ، ئەوا زۆر نەهامەتیی خراپتری بە دوادا دێت ، هەر وەك هاتیش! .

## پشتگیریی

کاتێك کە لە 29 ی نیساندا هێزەکانی یەکیەتی هێرشەکەیان دەستپێکرد بەرەو ڕەزگە و ئاشقوڵکە بۆ لێدانی بارەگاکانی سەرکردایەتی حشع و حسك و پاسۆك و شەڕ گەیشتە دەوروبەری پشتئاشان ، مەکتەبی سیاسی و مەکتەبی عەسکەریی حیزب بروسکەیان نارد بۆ مەڵبەندی هەولێر کە بە هانایانەوە بێن ، بەڵام کار لە کار ترازابوو ، بەرنامەیەکی لەوەوبەر نەبوو ، بۆیە نەیانتوانی لە کاتی پێویستدا داواکارییەکەیان جێبەجێ بکەن ، ئەمەش ئەو ڕاستییە ئەسەلمێنێت کە مەکتەبی عەسکەریی خۆی بۆ کارەساتێکی وا کوشندە ئامادە نەکردبوو! ! هەڵینەسەنگاندبوو و بەرنامەی بۆ دانەنابوو.

ئەبوسەرباز ئەڵێت: (هەر بۆیە بە پەلە بروسکەمان بۆ هاوڕێیانی خۆمان لە هەولێر نارد کە بە زوترین کات فریای سەرکردایەتی حیزب بکەون ، یەکیەتی هەرچی هێزی شەڕکەری هەیە لە کوردستاندا خڕی کردوونەتەوە و پەلاماری پشتئاشان دەدەن ، هەمان بروسکەمان بۆ مەڵبەندی سلێمانیش نارد). [17]

ئەبوحیکمەتیش لە وەڵامدا ئەڵێت: (ناتوانین یارمەتیتان بدەین..). [18]

# ئایا

ئایا توانای عەسکەریی و فیکریی حیزب لەبار و تەواو بوو کە دەستی دایە شەڕێکی تەناحوریی خوێناویی لە بالیسان لەگەڵ یەکیەتیدا؟

ئەبوسەرباز (ئەندامی مەکتەبی عەسکەریی) ئەڵێت: (ئەو پێشمەرگانەی ئێمە لە پشتئاشاندا هەمانە ، جگە لە هاوڕێیانی پشدەر و تاکوتەرای تر ، هێزی شەڕکەر نین و زۆربەیان تازە لە دەرەوە هاتونەتەوە بۆ پێشمەرگایەتی و شارەزای ناوچەکە نین).(19)

ئەبووایە ئەبوسەرباز ئەوەشی بنوسیایە کە ئەو 1500 پێشمەرگەیەی کە پارتی پەیمانی دابوو بە هانامانەوە بێن ، ئەوانیش نەگەیشتن!

ئەمە بەشێکی زۆر کەمە لەو ناتەواوییانەی کە ئەبووایە چارەسەر بکرانایە ، پێش بەشدارییکردنمان لە هێرشە سێ قۆڵییەکەی بەرەی جود بۆ سەر مەڵبەندی هەولێری یەکیەتی لە بالیسان.

پێموایە ئەگەر هەڵوێستی حیزب وەك خۆی بێلایەن بووایە و بایەخێکی تەواوی بە هێزی عەسکەریی خۆی بدایە و ئاگای لە بارودۆخەکە بووایە ، ئەوسا هێرشەکەی یەکیەتی تەنیا بۆ سەر سۆشیالیست و پاسۆك ئەبوو ، لەبەرئەوەی هیچ بەڵگە و بیانوویەکیان بە دەستەوە نەبوو ، نەشیان ئەتوانی وا بە ئاسانیی پەلاماری پشتئاشانیش بدەن و داگیری بکەن ، لەبەرئەوەی ئەوسا هێزی چەکداری حیزب بەهێز و ئامادە ئەبوون و خۆیان کۆئەکردەوە و پلانیان دائەنا بۆ بەرگرییکردن.

سەرانی ینك دەمێك بوو ئەیانزانی هێز و توانای عەسکەریی پشتئاشان چەندە و خاڵێکی لاوازیشە لەو ڕووەوە ، دیارە لە مێژ بوو لە بیانوویەك ئەگەڕان کە دەستێکیش بوەشێنن لە سەرکردایەتی حشع ، مەکتەبی عەسکەرییش ئەو بەڵگە و بیانووەی بۆ ڕەخساندن!

من به دوری نازانم که ئەو ئیتفاقە دووقۆڵییەی ینك لەگەڵ حیزبدا لە 6 ی شوباتی 1983 دا بۆ چاوبەستکردنی حیزب نەبووبێت! بۆ ئەوەی توشی خۆشباوەڕیی و کەمترخەمیی بکات ، واتە بەنجی بکات کە بیر نەکاتەوە لە بەهێزکردنی باری عەسکەریی خۆی.

# باری سیاسی و فیکریی

بیروڕایەکی سیاسی و فیکریی و عەسکەریی یەکگرتوو لە ڕیزی سەرکردایەتی حیزب و هێزەکاندا مەرجێکی سەرەکییە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر کارێکی وێرانکارانەی دوژمن.

ئەو تێکشکاندنەی حیزب لە پشتئاشاندا سەلماندی کە یەکیەتییەکی بیر و بۆچوون نەبوو لە ڕیزی سەرکردایەتی مەڵبەندەکاندا ، ئەم ڕاستییە لە لایەن مەکتەبی سیاسی و عەسکەرییەوە هەستی پێنەکرابوو ، ئەگەر هەستیشی پێکرابێت ئەوا لەبەر هەر هۆیەك بێت خۆیان لێ بێدەنگ کردووە.

کاتێك پشتئاشان گیرا هیچ مەڵبەندێکی حیزب و هیچ لایەنێکی بەرەی جود بەدەنگ حیزبەوە نەهات!

بۆ نمونە مەڵبەندی یەکی سلێمانیی و کەرکوکی حیزب بە بەرپرسیاریی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی ، هاوڕێ بەهادین نوری ، بەرلە گەیشتنی شەڕەکە بۆ پشتئاشان و لە کاتی هێرشەکە و لە دوای هێرشەکەش ، مەکتەبی سیاسی و مەکتەبی عەسکەریی پەیتا پەیتا بروسکەیان ئەنارد بۆیان. هاوڕێ دکتۆر نەوزاد وەلی ئەڵێت: (ئەو کاتە من بەرپرسی موخابەرەی مەڵبەند بووم ، دووسێ ڕۆژ پێش گرتنی پشتئاشان یەکە یەکە ئەو بروسکانەم ئەدا بە ئەبوسەلام و مەلا عەلی. مەکتەبی سیاسی و مەکتەبی عەسکەریی داوایان ئەکرد بەرەو سەرەوە بڕۆن و فریایان بکەون ، بەڵام ئەوان نەك

هەر فریایان نەکەوتن بەڵکوو بە پێچەوانەوە بەرەو خوار بۆ شارەزور و قەرەداغ ئەڕۆیشتن و زۆر جار وەڵامی بروسکەکانیشیان نەئەدایەوە..).

بەڵێ کاتێك ئەبیستن پشتئاشان وێرانکرا لەلایەن هێزەکانی یەکیەتییەوە ، لەجیاتی ئەوەی بکەونە خۆیان و ڕۆڵی بەرپرسیاریی و ئەرکی حیزبیی خۆیان ببینن و لەلای خۆیانەوە پەلاماری هێزەکانی یەکیەتی بدەن و تۆڵەیان لێ بسەننەوە و زام و ئازاری حیزب کەم بکەنەوە و یەکیەتی حیزب بپارێزن و باری ئەو شکاندنە سوکتر بکەنەوە و دەربیخەن کە هێز و توانای حیزب هەر ئەوە نیە کە لە پشتئاشانە! بەداخەوە بەهادین نوری لەگەڵ مەلا بەختیاری یەکیەتی ڕێککەوتن و لە گوندی دێوانە پەیمانی ئاشتیی و هاوکاریی دووقۆڵییان مۆرکرد لەلایەن مەلا عەلی و حەمەی فەرەجی یەکیەتییەوە و بانگەوازێکیش لە ڕادیۆکەی یەکیەتییەوە لەسەر ڕێککەوتنەکە بڵاوکرایەوە.

ئەم هەڵوێستەی سەرکردایەتی مەڵبەندی سلێمانیی ، لەلای جەماوەری حیزب جێی سەرسوڕمان بوو!! زیانێکی گەورە و گران بوو لە حیزب کەوت ، ئەو ڕاستییەی سەلماند کە یەکیەتی بیر و بۆچوون لە ڕیزی سەرکردایەتی حیزبدا جیاوازیی هەیە و لاوازە و کون و کەلەبەری زۆری تیادایە.

ئەگەر ئەم بیر و بۆچوون و هەڵوێستەی کاك بەهادین نوری بە هەڵوێستێکی زیانبەخش و وێرانکاریی دابنێین و بڵێین ڕێبازێکی ڕاستڕەویی بوو!

ئەی ئەبێت چی بڵێین بە هەڵوێستەکەی ئەبوحیکمەت کە ئەویش ئەندامی کۆمیتەی ناوەندییە و بەرپرسی مەڵبەندی دووی هەولێرە و لە چاوترووکاندنێکدا سنوری سیاسەتی حیزبەکەی لە بێلایەنییەوە بەزاند بۆ شەڕێکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ یەکیەتی لە بالیسان؟ بێ ئەوەی بیر لە ئەنجامەکانی دوای ئەو هەڵوێستەی بکاتەوە ، لە کاتێکدا کە ئەشیزانی باری عەسکەریی حیزب لە پشتئاشان وێرانە.

ئایا ئەکرێت بەم هەڵوێست و ڕێبازەی ئەبوحیکمەتیش بڵێین چەپڕەویی؟

ئەمە دوو هەڵوێستی جیاواز لەناو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندییدا و دوو سەرکردەی دوو مەڵبەند (قاطع)ی عەسکەریی ، هەڵوێستی سێیەمیش ئەوەی مەڵبەندی سێی بادینان بوو ، ئەم مەڵبەندە بەرپرسیاریی لە لایەن خوالێخۆشبوو هاوڕێ تۆما تۆماسەوە بوو (ئەبوجۆزێف) کە ئەمیش ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی بوو ، سەرکردایەتی ئەم مەڵبەندەش خۆیان لەو کارەساتە کەڕ کرد و نەهاتن و پشتگیریی خۆیان پێشان بدەن! هێز و دەسەڵاتی یەکیەتی لە ناوچەکەی ئەماندا نەبوو تا ئەمانیش تاقیبکرێنەوە و ئاخۆ چییان ئەکرد! بەڵام بێدەنگیی ئەمانیش ، بە هەر هۆ و بیانوویەکەوە بووبێت ، گوایە درەنگ داواکەیان پێگەیشتووە یان ڕێگایان دور بووە و فریا نەکەوتوون و...تد ، خۆی لە خۆیدا هەڵوێستێکی بێلایەنیی ، یان گوێنەدان بوو کە ئەویش لەو کاتەدا زیانبەخش بوو.

هاوڕێ تۆما تۆماس دانی نەئەنا بە بەرپرسیاری مەکتەبی عەسکەرییدا ، زۆر جار وەك گاڵتەجارییەك بە هاوڕێ عومەری مامەشێخەی (بەرپرسی مەکتەبی عەسکەریی) ئەوت: وەرە خۆت سەرکردایەتی مەڵبەندەکە بکە!

ئەو کێشەیەیان لەسەر کەمیی چالاکیی و ساردوسڕیی عەسکەریی مەڵبەندی بادینان بوو.

مەڵبەندەکە بووبوە کەمپێکی پەنابەران ، واتە چالاکیی عەسکەرییان بە پێی پێویست نەبوو ، هەروەها بەشێك لە ناکۆکییەکانیش لەسەر ئەو چەکە باشانە بوو کە لە سوریاوە ئەگەیشت و ئەبوجۆزێف دەستی بەسەردا ئەگرت بۆ مەڵبەندەکەی خۆی ، ئەوەش نارەزاییەکی زۆری لەناو مەڵبەندەکانی سۆراندا دروست کردبوو.

مەڵبەندی بادینان (دەوڵەتێکی) سەربەخۆ بوو! بایەخیان نەئەدا بە بڕیارەکانی سەرووی خۆیان ، هەر بۆیە لەکاتی خۆشیدا بە هانای بانگەوازی پشتئاشانەوە نەهاتن!



پاییزی 1981 ، ئەم پێشمەرگانە بە شارەزایی شەهید (ئەبوکرەییم) لە ڕوبارەکەی گەلیی کۆماتەوە ئەپەڕنەوە بۆ بارەگای مەڵبەندی بادینان لە گوندی ڕاگوێزراوی یەك ماڵە لەسەر سنوری تورکیا. خوشکە بەهار ، گەلاوێژ ، شوان قادر ، نوسەر ، ئەبوکرەییم و دوو پێشمەرگەی مەڵبەند

پێموانیە ئەو هەڵوێستەی هاوڕێ بەهادین نوریش لە ترسەوە بووبێت ، ئەو چەندان ساڵەی ژیانی حیزبییم لەگەڵ ئەودا بردووەتەسەر ، ئەتوانم بڵێم کە هاوڕێیەکی ترسنۆك نیە و ئەو هەڵوێستەی لە قەناعەتێکەوە بووە کە هەڵوێستی سەرکردایەتی حیزبەکەی بە ناتەواو زانیوە لە هەڵگیرساندنی ئەو شەڕەدا ، خۆ ئەگەر گریمان واشبووبێت ئەبووایە هاوڕێ بەهادین نوری یەکەمین ئیلتزامی حیزبەکەی خۆی پەیڕەو بکردایە کە ئەویش داکۆکییە لە سیاسەتی حیزبەکەی ، کاتی خۆشی زووزوو ئەم دروشمەی دووپاتئەکردەوە بۆمان و پێی ئەوتین (نفذ قرار الحزب أولا ثم ناقش) واتە لە پێشدا بڕیاری حیزب جێبەجێ بکە ئینجا گفتوگۆی لە سەر بکە! بەڵام هاوڕێ بەها ئەوەندەی بڕیاری خۆی لاپەسەند بوو ئەوەندە بڕیاری حیزبەکەی لا گرنگ نەبوو. لە ژیانی حیزبییدا تاکڕەویی پێوە دیار بوو ، هیچ هاوڕێیەکی لە

سەروو خۆیەوە بە لێهاتوو و بەتوانا نەئەزانی ، بە کردەوە ئیعترافی بە مەکتەبی عەسکەریی نەئەکرد!

لەوانەیە ئەبوحیکمەتیش بڵێت سەرکردایەتی حیزب تیشکی سەوزی بۆ هەڵکردم ، بۆیە منیش ئەو ڕێبازەم گرتەبەر! یان نەمتوانی لە سەرکێشیی ئەم کادێری عەسکەریی و ئەو کادێری مەڵبەند و گوشاری ئەم حیزب ئەو حیزب قورتار ببم! بۆیە تێوە گلام!

ئەبوحیکمەت وتی: (نکۆڵیی ناکەم لەو باسانەی لە کتێبەکەی پشتئاشاندا هاتووە ، بەڵکوو برادەرانیشم زۆر لێی ڕازیین ، بۆ زانیاریی زیادتر ئەمەوێت بڵێم پێش ئەو بروسکەیەی کە ناردم بۆ مەکتەبی سیاسی و عەسکەریی حیزب ، بروسکەیەکی تریشم بۆ ناردبوون کە تیایدا ئەڵێم یەکیەتی نیشتمانیی نامەیەکیان بۆ ناردووین بۆ بالیسان و دەقەکەی ئەمەیە: (ئێمە لە هێزەکانی پارتی و پاسۆك و حسك ئەدەین ، ئێوە سیاسەتێکی بێلایەنییتان گرتووەتەبەر و لە نێوانیشماندا ڕێکەوتنێکی دووقۆڵیی هەیە ، تکایە هەر بێلایەن بن و خۆتان لەو شەڕەوە مەگلێنن)...

دەقی ئەم نامەیەم بە بێتەل نارد بۆ سەرکردایەتی حیزب لە پشتئاشان ، وەڵامیان نەدایەوە! ئەوەی لە کتێبەکەتدا باسکراوە ، بروسکەی دووەممان بوو ، ئەویش بەو جۆرە وەڵامیاندایەوە کە لە کتێبەکەتدا باسکراوە).[20]

ئەبووایە لە کۆبوونەوەکەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبدا لەپاش ڕووداوەکانی پشتئاشان کە لە گوندی سێڵوێی سەر بە کوردستانی ئێران لە 24-5-1983 دا بەسترا ، ئەم کارەسات و تێکشکاندنە و هۆیەکانی و دەستنیشانکردنی بەرپرسیاران بە بوێرییەوە بخراێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن ، بەڵام بۆ نەکرا؟

بۆچی تا ئەمرۆش نەکراوە؟ بۆچی ئەو هاوڕێیانەی لێپرسراو بوون لە پشتئاشان ، لە بیرەوەرییەکانیاندا بە واقیعییانە و بابەتییانە و بەرپرسیارانە بە پەرێزی ئەم ڕووداوەدا وەك پێویست نەچوون و لێی نەدواون؟

# شارەزایی

هەر حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسی یان عەسکەریی کە لە ناوچەیەکدا بنکەی هەمیشەیی دامەزراند و تیایدا جێگیر بوو ، ئەگەر بیەوێت پەرە بە چالاکییە سیاسی و عەسکەریی و کارە هەمەجۆرەکانی خۆی بدات و خۆشی بپارێزێت لە دوژمن ، ئەوا پێویستە و بەڵکوو مەرجێکی سەرەکییە کە شارەزاییەکی تەواوی هەبێت لەسەر ناوچەکە و لە هەموو ڕوویەکەوە لە ژێر کۆنترۆڵی خۆیدا بێت ، بەتایبەتیی لە کاتێکدا کە ڕووبەڕووی دوژمن ئەبێتەوە و پەنا ئەبرێتە بەر چەك بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان ، جا ئەگەر دوژمنەکە سەرەکیی بێت یان لاوەکی.

لێرەدا مەبەستم ئەوەیە کە ئەو 300 هاوڕێیەی لە پشتئاشان کۆبووبوونەوە و چەکدار بوون و لە بارودۆخی پارتیزانییدا ژیانیان ئەبردەسەر ، تێکڕا بە سەرکردە و قەواعیدیشەوە هیچ شارەزاییەکیان لەسەر ناوچەکەیان و تەنانەت لەسەر دەوروبەری بارەگاکەشیان نەبوو. ئەو شارەزاییە زۆر گرنگە لە هەلومەرجی شەڕی پارتیزانییدا ، بەتایبەتیی لە کاتی پەلامار و بەرگریی و پاشەکشەدا.

هەروەها نەبوونی شارەزایی لەسەر ئەو گوند و ئاواییانەی تیایدا گوزەران ئەکەن ، یان پیایدا تێئەپەڕن و نەبوونی زانیاریی لەسەریان ، وەك ژمارەی گوندەکان ، ژمارەی دانیشتووانەکانیان ، پەیوەندیی و لایەنگریی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فیکریيان ، بێلایەنییان و چۆنیەتی سود لێوەرگرتنیان لەکاتی پێویست و لێقەوماندا ، هەروەها دەسەڵات و توانای سیاسی و فیکریی جەماوەری سەربە دوژمن لە ناوچەکەدا.

نەبوونی ئەو شارەزایی و زانیارییانە لەلایەن هاوڕێیانەوە و بەتایبەتییش هاوڕێیانی سەرکردە لە پشتئاشان ! بووە هۆی سەرگەردانیی و سەرلێشێواویی 72 پێشمەرگە و کادێری سیاسی.

بۆ سەلماندنی ڕاستیی ئەم باسە ، ئەوەتا هاوڕێ ئەحمەد بانیخێلانیی ئەڵێت: (کە لە بارەگا دەرچووین و گەیشتینە نزیك (ماڵی حاجی محمد) لە کوڕەکەیم پرسی باوکت لە ماڵە گوتی بەڵێ. ویستم بچمە لای و هەواڵی ڕێگاکانی کوێستانی شاخی قەندیلی لێ بپرسم ، بەلام پێم شەرم بوو ، هەر بە هۆی ئەو هەڵەیەشەوە بوو تووشی کارەساتی بەدیل گرتنەکە بووین لە لایەن چەکدارەکانی (ینك)ـە وە گیراین). (21)

لێرەدا دیسان پرسیارێك دێتە پێش ، بۆچی لە سەرەتاوە بایەخ نەدرابوو بەو شارەزایی و زانیارییانە لەسەر ناوچەکە؟

ئایا ئەو کەمترخەمییە ئەوە ناهێنێت کە لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوەی لەسەر بکرێت کە بووە هۆی شەهیدبوونی دەیان پێشمەرگەی خێر لە خۆ نەدیو؟

# زانیاریی

خۆتێهەڵقورتاندن و چوونە ناو شەڕێکی چەکداریی بێ ئەنجامەوە بەبێ هەڵسەنگاندن و زانیاریی تەواو لەسەر هێزە بەرامبەرەکە ، مانای مەرگ و تیاداچوونە.

لە بارودۆخی خەباتی پارتیزانییدا ، زۆر جار پەنا ئەبرێتە بەر چەك بۆ چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکییەکان ، جا ئەگەر بەرامبەرەکە دوژمنی سەرەکیی بێت یان لاوەکی ، لەم هەلومەرجەشدا ئەبێت چەند خاڵێك وەك ڕێسایەکی سەرەکی لە شەڕدا بزانرێت و پەیڕەو بکرێت:

1 - ژمارەی چەکداری شەرکەری دوژمن

2 - جۆری ئامێر و چەك و تەقەمەنییان

3 - باوەڕی لایەنە شەڕکەرەکان بەو شەڕەی دەستیان داوەتێ ، بە شەڕێکی ڕەوا و

عادیلانەی خۆیانی ئەزانن یان نا؟ واتە ئەو هێزەی دوژمن هێزێکی بە بیروباوەڕە یان نا؟

4 - بارودۆخی شوێن و ناوچەی شەڕەکە لە بەرژەوەندی کام لایە؟ واتە بەلای کاملادا لەبار و پارسەنگە؟

5 - ئایا هێزەکەی دوژمن شەڕکەرن و خاوەن ئەزمونێکی تاقیکراوە و قاڵبووی شەڕن؟

6 - هێزی جێگر هەیە لە پشتیانەوە یان نا؟

7 - خێرایی گواستنەوەی هێزەکان و گەیشتنی یارمەتی بۆیان بۆ بەرەکانی شەڕ لە کاتی پێویستدا؟

8 - بوونی شارەزایی و زانیاریی تەواو لەسەر ئەو ناوچەیەی شەڕەکەی تیادا ئەکرێت و ئایا ئەو هێزەی دوژمن جەماوەری خۆیان هەیە لە ناوچەکەدا کە داکۆکییان لێبکەن؟

9 - کێن ئەوانەی سەرکردایەتی ئەو هێرشە ئەکەن؟ کەسانی کارامە و ئازا و لێهاتوو و شارەزان؟

10- چەند لە سەرکردە عەسکەرییەکانمان قاڵبووی شەڕی پارتیزانیین و سەرکردەی بەتوانا و لێهاتووی ئەووتۆن کە بتوانن لە سەنگەری پێشەوەی شەڕدا بن لە هەر پەلامارێکی ناکاوی دوژمندا؟

11- ڕۆڵی سیاسی و ڕاگەیاندنی دوژمن تا چ ڕادەیەك کاریگەرە؟

12- زانیاریی پێشوەخت لەسەر نەخشە و پلانی هێرشی دوژمن بە چ ڕادەیەکە؟

ئەبووایە سەرکردایەتی حیزب لە پشتئاشان ئەم مەرج و ڕێسایانە و زۆری تریشی هەڵبسەنگاندایە و پێوانەی بکردایە و بەراوردی بکردایە لەگەڵ هێز و توانای عەسکەریی خۆیدا لە بەرەنگاربوونەوەی ئەو هێرش و هێزانەی یەکیەتی نیشتمانییدا.

ئایا لەو کاتەدا حیزب پێویستی بە چ جۆرە بەرگرییەك هەبوو؟

بەرەنگاربوونەوەیەکی بەرەیی سەربازیی فراوان! یان گۆڕینی جێگا بۆ جێگایەکی لەبارتر کە بتوانێت بە زیانێکی کەمترەوە هێرشەکەی دوژمن بشکێنێت و ڕێگای سەرکەوتنی لێبگرێت و ئەنجامی شەڕەکە بە لای خۆیدا بشکێنێتەوە و پارسەنگی بکات؟

بەداخەوە مەکتەبی سیاسی و مەکتەبی عەسکەریی بایەخیان بەو زانیارییە گرنگانە نەدابوو لەو هێرشەی یەکیەتیدا بە سەرکردایەتی نەوشیروان مستەفا بۆ سەر پشتئاشان و قەڕناقاو و ئاشقوڵکە لە 29 ی نیسانی 1983 دا ، ئەو کەمترخەمییەش هۆیەك بوو لە تێکشکاندنەکەی حیزبدا لە پشتئاشان و بەو کتوپڕییە.

لە هەمان کاتیشدا یەکیەتی زانیاریی ڕۆژانەی هەبوو لەسەر پشتئاشان و ئاشقوڵکە و هێزەکانیان و توانای سەربازیی و ڕادەی بەرگرییان. ئەبووایە حیزبیش زانیاریی خۆی هەبووایە لەسەر توانای عەسکەریی و غەیری عەسکەریی ینك ، نوێنەرانی دوو چینی جیاواز ، گەرچی هاوکاریی و تەباییش هەبێت لەنێوانیاندا ، کێشە چینایەتییەکە بە شێوازێکی تر هەر ئەمێنێت ، کە وا بوو زانیاریی نهێنی لەسەر یەکتر ئەبێتە ڕەوا.

ئەبینین ئەو حیزب و حکومەتانەی هاوپەیمان و دۆستی یەکتریشن زۆر بە نهێنی هەر خەریکی کۆکردنەوەی زانیارییبن (عەسکەریی ، ئابوری ، سیاسی و..تد) لەسەر یەکتر ، هەموو لایەن و حیزبێکی هاوپەیمان بە نهێنی زانیاریی لەسەر لایەنە هاوپەیمانەکانی خۆی لە کاتی ئاشتیی و تەباییدا کۆئەکاتەوە و لە کاتی پێویستدا سودی لێوەرئەگرێت.

کۆششی بەردەوامی سیخوڕیی بەعسی "هاوپەیمان" لە سەردەمی بەرەکەماندا بە سەر حیزبمانەوە لە سنوری نهێنی دەرچووبوو! ! کاتێکیش کە بێڕەحمانە لێیاندایین ، حیزب دەستەپاچە بووبوو ، بەرنامەیەکی دیارییکراوی پارێزگاریی لە خۆی نەبوو.

بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییەش ، ئەم ڕووداوە باس ئەکەم: لە هاوینی 1974 دا

بەرپرسی ئیداریی بارەگای حیزب بووم لـە بەغدا ، هاوڕێ عەزیز محەمەد سکرتێری گشتیی حیزب ، وتی ئەرکێکی گرنگ و هێجگار نهێنیمان هەیە و ئەبێت ئەنجامی بدەیت ، ئەویش ئەوەیە کە ئەبێت بەپەلـە بچیت بۆ مۆسکۆ بۆ خولێکی تایەبەتیی دژی شاڵاوی سیخوڕیی حیزبی بەعس ، کارمەندانی KGB یارمەتیدەرمانن.

هەروەها وتی تەنیا هەندێك لـە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی ئاگاداری ئەم ئەرکەن. بێئەوەی بڕیارەکەی دووبارە بکاتەوە لـێم ، ئایا ڕازییم یان نا! وتم ئامادەم ئەنجامی بدەم.

ڕۆیشتم بۆ مۆسکۆ ، ئەوەی لـە ئەستۆم بوو بە سەرکەوتووییەوە لـە ڕێگەی KGB یەوە و بە زانیارییەکی باشەوە خولـەکەم تەواو کرد و سودی زۆر بوو بۆ ئاشکراکردنی هەموو کارێکی تێکنیکیی سیخوڕیی ئەو سەردەمەی بەعس بەسەر هاوڕێیانی سەرکردایەتی و بارەگاکانمانەوە.

سودێکی باشی هەبوو لـە پاراستنی نهێنییەکانی کۆنگرەی سێیەمی حیزب کە لـەناو بارەگای گشتیی حیزبدا لـە (کەڕادە) لـە بەغدا گیرا. ئەم کارەمان بەعسی شڵـەژاند ، هەرچەندە سیخوڕێتی بەعس بەسەر حیزبەوە لـە زۆر قوڵـەوە بوو! واتە هەر بارە تێکنیکییەکەی نەبوو ، لـە ڕێگەی تێلـێفۆن و ئامێری بچوکی وەرگرتنی دەنگ لـە ژور و لـەناو حەوشەی بارەگاکەدا و ڕاگرتنی ئەوتۆمۆبیلـی سیخوڕیی لـە نزیکی بارەگاکەوە بە ئامێری وەرگرتنی زانیاریی لـەو ئامێرانەی بە نهێنی لـەناو بارەگاکەدا شارراونەتەوە ، بۆیە زۆر زەحمەت بوو جاسوسیەتی بەعس بەسەرمانەوە بەربەست بکرێت.

باقر ئیبراهیم (ئەبوخەولـە) ئەندامی مەکتەبی سیاسی گوشارێکی زۆری هێنابووە سەر هاوڕێ عەزیز محەمەد ، گوایە بۆچی بەبێ ئاگاداریی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی ئەو هەنگاوەی ناوە و منی ناردووە بۆ مۆسکۆ بۆ ئەو مەبەستە! پێی وابوو ئەگەر بەعسی (هاوپەیمان) پێیبزانێت ئەوا بۆ بەرپرسێتی و هاوکاریی بەرەییمان خراپە و بەعسمان

لـێ ئاڵۆز ئەبێت!

ئەم جۆرە بۆچوونەی ئەندامانی سەرکردایەتی و ڕاگرتنی ئەرکەکانی من لـە پاش ئەو گوشارە ، چاوپۆشینێك بوو لـەو ڕەفتارە بێرەوشتییەی بەعس و بیرنەکردنەوە بوو لـە زانیاریی کۆکردنەوە لـەسەر ڕەفتاری دوژمنکارانەی حیزبی بەعس. ئەوەش ئازاری زۆری داین و ئیتر هەموو جوڵـەیەکمان لـەژێر کۆنترۆڵـیاندا بوو ، هیچ بەرنامە و پرۆگرامێکی بەرگریی پێشوەختمان نەبوو بۆ ڕزگارکردنی قاعیدەی حیزب لـەپێش ئەوەی دوژمن دەستی خۆی بوەشێنێت! ئیتر بێ بەرگریی توشی سەرگەردانیی بووین و دەست و پێ بەستراو کەوتینە بەر دەستیان.

لـە ڕاستییدا سۆڤیەتیش ئەرکە نێونەتەوەییەکەی خۆی و پشتگیریی لـە بزوتنەوەی ئازادییخوازیی گەلی عێراق ، بە گەل و خاکەوە کردبووە قوربانی بەرژەوەندی ئابوری خۆی و بەردەوام بوو لـە یارمەتیدان و فێرکردنی موخابەراتی بەعس بە تازەترین ئامێری سیخوڕیی و چاوپۆشینیان لـە تاوانەکانی بەعس!

ئەو یارمەتییەی KGB ئەوە نەبوو کە حشع ڕزگاربکات لـە پەلامار و کاری سیخوڕیی بەعس ، لـە لایەکی ترەوە دۆست و هاوپەیمانەکانیشمان وەك وڵاتە سۆشیالـیستەکانیش بە نهێنی خەریکی کۆکردنەوەی زانیاریی بوون لـە سەر حیزبمان ، دووبارە سوریا لـە ڕێگەی بارەگای حیزبمانەوە لـە قامشلـی ، هەر لـە کۆتایی ساڵـی 1979 وە ، ئەوەندە بە ئاسانیی بۆیان ڕەخسابوو کە بە ئاشکرا خەریکی کۆکردنەوەی زانیاریی ببن لـە سەرحیزبمان و حیزبە کوردستانییەکان.

ئەم دیاردانە زۆر بە ڕاشکاویی هەستیپێئەکران ، هەروەها یەکیەتی نیشتمانییش پێش ئەوەی پەلامارمان بدات ، بە نهێنی خەریکی کۆکردنەوەی زانیاریی بوو لـەسەر حیزبمان لـە باری عەسکەریی و فیکریی و جەماوەریی و جیۆگرافیی ناوچەکە و لـە گەلـێك بواری تردا ، ئەویش توشی کارەساتی خوێناویی کردین ، واتە دەرسێکمان لـەم هەموو دیاردانە وەرنەگرتبوو!

کاتێك کە لـەسەر داوای مام جەلال ، هاوڕێیان کەریم ئەحمەد و ئەحمەد بانیخێڵانیی و قادر ڕەشید بە دیلـیی لـە خانەقاوە گوێزرانەوە بۆ ناوزەنگ ، مام جەلال خۆی ئەم ڕاستییانەی درکاند و زۆر بە ڕاشکاوییەوە وتی ئێمە هەموو زانیارییەکمان هەبوو لـەسەرتان لـە پشتئاشان ، واتان ئەزانی ئێمە هێزەکانمان ئەنێرین بۆ بالـیسان و بالـەك! واتان ئەزانی ئێمە لـێرە قادر ڕەشید و مەفرەزەکەی لـە نۆکان بە دیل ئەگرین!

هەروەها وتی کشانەوەی قادر ڕەشید لـە نۆکان بەو نهێنییە ، ئێمەی خستە شکەوە کە ئێوە نیازتان هەیە لـە ناکاوێکدا پەلاماری ناوزەنگ بدەن ، بۆیە ئێمەش بەو پەلـەیە هێرش و پەلامارەکەمان ئاڕاستەی پشتئاشان و ئاشقوڵکە کرد بۆ تێکشکاندنی سۆشیالـیست و پاسۆکیش ، باشیشمان ئەزانی توانای عەسکەریتان چەندە و گرفتەکانتان چیە و بەرگریتان لـە چ سنورێکدایە!

جارجاریش ئەوەی دووبارە ئەکردەوە و ئەیوت ئێوە دەستپێشخەرییتان کرد لـە هەڵگیرساندنی ئەم شەڕەدا ، پەلاماری مەڵبەندی هەولـێرمانتان دا لـە بالـیسان و ئەوی بۆتان کرا پێتان کردین ، گڕ و کڵپەی شەڕەکەتان بۆ لای خۆتان ڕاکێشا ، بێئەوەی ئێوە لـە پشتئاشان لـە باری ئامادەییدا بن بۆ شەڕ و بەرگریی!

# پێویست

کەواتە پێویستە هەموو حیزب و کۆڕ و کۆمەڵێك ، هەموو سەرکەوتن و کارەساتێك هەڵبسەنگێنێت و تاووتوێی بکات و پێوانەی چاکە و خراپەکەی بکات و بیخاتە بەردەم ڕێکخراوەکانی بۆ باس و لـێکۆڵـینەوە و بۆ مێژوو ، لـە داهاتوودا سودی لـێوەربگیرێت.

لـە پاش ڕووداوەکانی پشتئاشان ، ئەبووایە سەرکردایەتی حیزب هەڵـەکانی ئەم

ڕووداوەی فەرامۆش نەکردایە و دەستنیشانی خاڵی لاوازی خۆی بکردایە.

بەرپرسیاریی لێپرسراوانی یەکالا بکردایەتەوە و بکرایە بە ئەزمونێك بۆ داهاتووی هاوڕێیان و جەماوەری دۆستی خۆی و بۆ لایەنەکانی تر و شەڕکەر و بێلایەنیش ، بۆ ئەوەی ئەو هەڵە و ناتەواوییانە دووبارە نەبنەوە.

ئەبووایە ئەو ڕاستییە ڕەچاوبکرایە کە شەڕی نێوان یەکیەتی و بەرەی جود (حشع ، پارتی ، سۆشیالیست و پاسۆك) ، شەڕێکی براکوژیی ناوخۆیە و ئەنجامەکەشی ماڵوێرانییە بۆ جوڵانەوەی نیشتمانیی و ئازادییخوازیی گەلی کورد و لە بەرژەوەندی ڕژێمی بەعسی داگیرکەر بوو.

ئەبووایە نەفرەت لەو شەڕە بکرایە و دووبارە نەکرایەتەوە ، نەبووایە بە ڕێبازێکی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان و ئیتر شەڕی ڕەشەکوژیی کۆتایی پێبهاتایە.

ئەتوانین بڵێین ئەو شەڕە وێرانکارییەی لە ساڵی 1994 دا لە نێوان یەکیەتی و پارتی و حیزبەکانی تردا سەری هەڵدایەوە ، تەواوکەری شەڕی پشتئاشان و شەڕەکانی پێشووتر بووە ، بە بێ چارەسەری بنەڕەتیی و نەفرەت لە شەڕی ناوخۆیی ، دور نیە لە داهاتووشدا هەمان ڕێگا نەگرنەوەبەر بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانیان.

# سەرکردە

ڕۆڵی کارامەیی و لێهاتویی سەرکردایەتی سیاسی و عەسکەریی لە شەڕی پارتیزانییدا ، نیوەی سەرکەوتنە ، ئەم مەرجە لە تاقیکردنەوەی بەسەرهاتی ڕۆژانی سەختی چەکدارییدا دەرئەکەوێت ، کارامەیی سەرکردەی عەسکەریی لە خۆیەوە دروست نابێت ، ئەگەر لەوەوبەر پێنەگەیشتبێت و چالاکیی سەربازیی هەمە جۆرەی نەبووبێت.

شەڕی پشتئاشان دەریخست کە هۆیەکی تێکشکاندنەکە لاوازیی سەرکردایەتی سیاسی و عەسکەریی بوو.

لەمێژ بوو هەستئەکرا کە هێزی چەکداریی حیزب کێشەیەکی سەرکردایەتی هەیە و پێویستی بە چارەسەر هەیە ، هەر لەبەر ئەو بێتواناییە بوو کە لە ماوەی ئەو دە ساڵەدا کە حیزب خەباتی چەکداریی دەستپێکردبوو ، زیادتر لە دە جار گۆڕانکاریی لە مەکتەبی عەسکەرییدا کرابوو ، وەك زیادکردن و کەمکردنی قەوارەی مەکتەب ، گۆڕانکاریی لە ئەندامەکانیدا و ئاڵوگۆڕکردنیان ، هەروەها لە بەڕێوەبەرانی مەڵبەندەکان ، هەر هەموو ئەو گۆڕانکارییانە بە ڕێگای دیارییکردن بوون (تەعینکردن) بە پێی میزاج ، ئەمەش لەخۆیدا ئەبووە دەستتێوەردان و نەبوونی پێوانەیەکی واقیعیی بۆ دابینکردنی کەسانێکی بەتوانا و لێهاتوو کە قاڵ بووبن لەو کارەدا ، تەنانەت کار ئەگەیشتە ئەو ڕادەیەی کە کەسانێکی زۆری بێئاگا و نەزان و بێئەزمون لە کاروباری عەسکەریی ، وەك بە ڕەحمەت بێت هاوڕێ دکتۆر ڕەحیم عەجینە (پسپۆری نەخۆشیی منداڵ) بکرێت بە ئەندامی مەکتەبی عەسکەریی ، ئەگەر لەوەش زیادتر دەسەڵاتی سەربازیی پێ نەسپێرابێت!

مەرج نیە هەموو ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندیی سەرکردەیەکی عەسکەریی بەتوانا بێت یان هەموو تێکۆشەرێك سەرکردە بێت!

لەو دە ساڵەدا کە حیزب دەستی دابووە چەك ، بارەگاکانی سیاسی و عەسکەریی هەمیشە دور بوون لە گۆڕەپانی شەڕەوە ، ڕۆژێك لە ڕۆژان شەڕ بەردەرگای پێنەگرتبوون ، ئەندمانی (کۆمیتەی ناوەندیی و مەکتەبی سیاسی) سەرکردایەتی شەڕی ڕاستەوخۆی دوژمنیان نەدەکرد ، یان لە بارەگای دواوە بوون یان لە بارەگاکانی مەڵبەندەکان بوون ، زۆر بە دەگمەن هەبوو لە نزیکەوە ئاگاداری شەڕێك بووبێت ، بە پێچەوانەی سەرکردەکانی حیزبەکانی ترەوە !
پێشمەرگەکان هەستیان بەم دیاردەیە کردبوو. نامەوێت ناوی یەکەیەکەی ئەو سەرکردانەی حیزبەکانی تر بهێنم کە خۆم ئەمبینین لە قەرەداخ ، گەرمیان ، خواکورك ، بادینان ، شارەزور و جێگاکانی تر کە زۆر جار سەرکردایەتی شەڕەکانیان ئەکرد !

# ئەرك

ئەو پێشمەرگانەی کە لە بارەگای سەرکردایەتی بوون ، ئەو ئەرکە سەرەکییانەی هەیان بوو بریتی بوون لە دروستکردنی خانووبەرە ، یارمەتی نەخۆش و بریندار ، نانکردن ، دروستکردنی خواردنی سێ ژەمە ، دابینکردنی ئازوقە ، پۆست ، ڕاگەیاندن و ئاڵوگۆڕکردنی بروسکە لەگەڵ مەڵبەندە دورەکان و کاری تەتەریی بۆ هێنان و گەیاندنی هاوڕێیان بۆ دەرەوەی وڵات. هەروەها ئەرکی تری ڕۆژانەی پێشمەرگە وەك دارهێنان ، جلوبەرگشتن ، خاوێنکردنەوەی ژور ، پاسەوانیی و گەلێك ئەرکی ڕۆژانەی تر ، ئیتر پێشمەرگە لەوە زیادتر هیچی تری پێناکرێت و بیریش لەوە ناکاتەوە کە لەو دورەپەرێزییەوە شەڕ یەخەیان بگرێت.
بەزەقیی ئەبینرا کە ئەو پێشمەرگانەی ئازا و شەڕکەر بوون لە مەفرەزە و سەنگەرەکانی پێشەوە بوون و ڕازیی نەئەبوون بیاننێرن بۆ بارەگاکانی سەرکردایەتی

بۆ خزمەتگوزاریی و ئەرکی بێ بەرهەم و وەك ئەیانوت (مردوشۆریی)! پێیان خۆش بوو هەمیشە لەناو جەماوەر و گوندەکاندا بن و لە چالاکیی ڕۆژانەدا بن دژ بە هێز و دامودەزگاکانی بەعسی فاشیست.

# ئۆردوگای پەنابەران

پشتئاشان هەر وەك ئۆردوگایەکی پەنابەران ئەهاتە بەرچاو ، ئەو پێشمەرگە و کادێر و خێزانانەی لە پشتئاشان ئەژیان ژمارەیان لە 300 کەس زیادتر بوو ، بە پیر و پەککەوتە و لاوەوە ، بەیانیی ، نیوەڕۆ و ئێوارە یەك لە دوای یەك لە کاتی دیارییکراودا ڕوویان ئەکردە چێشتخانەکان ، بە جلوبەرگی چڵکن و پڵکنەوە ، ڕیشن و دەموچاو دوکەڵاویی و تێکترشاوەوە ، بەو بەفر و سەرمایە بە جوتێك نەعل بەسەر پێوە ، خواردنەکانیان وەرئەگرت و بە پەلە ئەگەڕانەوە بۆ ژورەکانیان.

لەبەرئەوەی کە حەوسەڵەی دارهێنانیان نەبوو لە کەژ و کێوەکانەوە و بۆ گەرمکردنەوەی ژورەکانی خۆیان ، هەموو دارمێوەکان و داری بەردرایان لەناو گوندەکەدا بڕیبووەوە.

بە ڕۆژیش هەر لەژێر بەتانییەکانیانەوە بوون و تەنانەت پاسەوانییشیان لە خۆیان و لە بارەگاکەیان بەلاوە گران بوو!

هاوڕێ مەحمود عەباس (مەحمودی فەقێ خدر – بەرپرسی سیاسی لقی پێشمەرگەی پشدەر) ئەڵێت: (ئەو چەند ماڵەی لە پشتئاشان بوون ئەهاتنە لامان ، سکاڵا و گلەییان لێئەکردین و پێیان ئەوتین: پێشمەرگەکانتان هەموو دارمێوەکان و داری بەرداری ناو گوندەکەیان بڕیوەتەوە و ئاگری پێئەکەنەوە ، ئەمە کەی ڕەوایە؟ ئەم ڕەفتارانەیان لە پیاوکوشتن خراپترە)! [22]

لە ئەنجامی ئەو کەمترخەمییەیاندا جاری وا هەبوو دیل ڕایئەکرد لە دەستیان و

کەسیش لـەسەر ئەو بێئاگاییيە سزا نەئەدرا و لـێپرسینەوەی لـەسەر نەئەکرا و هەر وەك هیچ ڕووی نەدابێت و پاسەوانی بەرپرس لـەو کەمترخەمییە نە ئەخرایە جێگای دیلـەکە و زیندان بکرایە.

# بەسەرهات

لـێرەدا ئەمەوێ لـە ڕاستیی ئەم باسە بدوێم و بە واقیعیی بەسەرهاتێك باس بکەم کە خۆم تیایدا ژیاوم.
بارەگاکانی پشتئاشان بێئەندازە بێ دیسپلـین و بێسەروبەر بوون ، لـەوە نەئەچوون کە بنکەی پارتیزانیی و شۆڕشگێڕیی بن و سەرقاڵ بە دوژمنەوە.
لـە سەرەتای مانگی یەکی ساڵـی 1983 دا بە ئەرکی حیزبیی لـە نۆکان بووم ، بروسکەیەکی مەکتەبی سیاسی حیزبم پێگەیشت و نوسرابوو: دوو برادەری کوردی تورکیا ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی سۆشیالـیستی کوردستانی تورکیان ، میوانن لـەلای سەرکردایەتی یەکیەتی لـە ناوزەنگ (ئەو کاتە پەیوەندییمان لـەگەڵ یەکیەتیدا ئاسایی بوو) ، لـەگەڵ خۆت بیانهێنە بۆ پشتئاشان.
من یەکەم جارم بوو پشتئاشان ببینم ، بیرم لـەوە کردەوە توشی گیروگرفتێك نەبین لـە پشتئاشان ، چونکە هەر بەریدێکم بە پێشمەرگەدا ئەنارد و لـە گەڕانەوەیاندا ئەکەوتنە بۆڵـە و خورتە و گلـەیی و داوایان ئەکرد جارێکی تر بۆ هەر شوێنێکیان بنێرم و بۆ پشتئاشانیان نەنێرم! ئەیانوت کەس بە کەس نیە ، جێگایەکت دەست ناکەوێت شەوی تیادا ڕۆژ بکەیتەوە ، هەست بە بێکەسیی ئەکەیت! ئەو خەڵـکەی ئەوێ خۆیان لـە خۆیان وەڕسن ، ئەم سکاڵا و گلـەییانەیانم بە بەردەوام ئەبیست.
بۆ ڕۆژی داهاتوو لـەگەڵ ئەو دوو هەڤاڵـە (دکتۆر خالـید و ئەوی تریان وا بزانم ناوی هەڤاڵ مەحمود بوو) و سێ پێشمەرگەی خۆمان لـە نۆکانەوە کەوتینە ڕێ ، قۆناغی

یەکەممان لە بارەگای پێشمەرگەی ڕەزگە کۆتاییی هات ، شەو لەلای هاوڕێیانی لقی پشدەر ماینەوە و زۆر بە گەرمیی و ڕێکوپێکیی پێشوازییان کردین و خزمەتێکی باشیان کردین.

بۆ بەیانیی کەوتینەوە ڕێ ، بەفر ئەوەندە باری بوو ، زۆر بە زەحمەت ڕێگامان ئەبڕی ، مەترسی ئەوەمان هەبوو لەم زنجیرە چیا سەختەی قەندیلدا (هەواکەمان) لێبگۆڕێت و بیکات بە زریان و هەر وەك خوالێخۆشبووان تایەری عەلی والی بەگ و کاوەی شێخ لەتیف و نۆ هاوڕێکەی سۆشیالیستمان بەسەر بێت و زریان و هەرەسی بەفری کێوەکان دامانبپۆشێت و تەرمەکانیشمان نەدۆزرێتەوە.

ئەو سێ پێشمەرگەیەمان ئازا و بەخۆ بوون ، چاونەترس و کوڕانی ڕۆژی سەخت و لێقەومان بوون ، پێشمان کەوتبوون و بە نۆبە بەفرەکەیان ئەشکاند و ڕێگایان ئەکردەوە.

شەو درەنگ گەیشتینە ئاشقوڵکە ، لە پەلوپۆ کەوتبووین ، بەفر هەر ئەباری و بەو شەوە درەنگەش گەڕاین هەتا بنکەیەکی هاوڕێیانمان دۆزییەوە ، ئەم بنکەیە ناونرابوو (محەطە) و چەند پێشمەرگەیەکی لێبوو بۆ یارمەتیدان و ئاسانکردنی هاتوچۆی هاوڕێیان و حەوانەوەی کاتیی و بەڕێکردنی ڕاگوزاران ، زۆربەی پێشمەرگەکانی ئەم بنکەیە برادەرانی عەرەب بوون.

کە ئێمە چووین پاسەوانیان نەبوو ، دەرگای ژورەکەیانمان کردەوە ، چرایەکی هێجگار کەم تروسکەی ڕەش و بۆر هەڵگەڕاو بە بنمیچەکەدا هەڵواسرابوو. گەرمای ژورەکە و سەرمای دەرەوە ئەوەندە جیاوازییان نەبوو ، سۆپاکە سارد و سڕ بوو ، ژورەکە ئەوەندە تاریك و نوتەك و دوکەڵاویی بوو ، زۆر بە زەحمەت ئەزانرا چەند کەس لەم ژورەدان. شەوقی چراکەمان کەمێك زیادکرد ، دیمان هەموو لە تەنیشت یەکەوە وەك دارەڕای خانوو خۆیان کردووە بە ژێر بەتانییەکانیانەوە و تەنیا سەریان کەمێك بەدەرەوەیە ، بە ساردییەکەوە بەخێرهاتنیان کردین و بێئەوەی پێمان بڵێن فەرموون جێی خۆتان

بكەنەوە و دانیشن ، سەریان كردەوە بە ژێر بەتانییەكانیانەوە و وایان ئەزانی كە ئێمە ئەو دیمەنەمان دی ئیتر بەو نیوەشەوە ئەگەڕێینە دواوە و ئەبینەوە بە میوانی بەفر و ڕەهێڵـەكەی !

هەموو جلـەكانمان بەستبووی و وەك دەفی لـێهاتبوو ، پێویستمان بە جێگایەكی گەرم هەبوو چونكە سەرماكە برسیەتی و ماندویەتی لـەبیر بردبووینەوە ، وتم برادەرینە لـە گەڵ ئێوەمانە كامتان بەرپرسن؟ یەكێكیان لـەژێر بەتانییەكەیەوە كەمێك سەری دەرهێنا و چاوەكانی هەڵگڵۆفی و لـەژێر لێویەوە و بەدەنگێكی گڕ و خەواڵوویيەوە وەڵامی دایەوە و وتی من ، بۆچی؟

وتم ئەمانەوێت ئەمشەو لـێرە بمێنینەوە ، ئەم دوو هەڤاڵـەی لـەگەڵـمانن كوردی توركیان و میوانی سەركردایەتی حیزبن ، زۆریش برسین ئەگەر پارچە نانێك ، چایەك هەبێت بیخۆین و سبەینێ بەیانیی زوو ئەڕۆین بۆ پشتئاشان ، ئەمشەو ناتوانین لـەوە زیادتر ڕێ بكەین ، ئەبینن ئەوەش حاڵـمانە ، شەكەت بووین و وزەی ڕێكردنمان نەماوە و شارەزاش نین و ڕێگاوبانیش هەمووی ونبووە لـە بەفردا.

لـەوە ئەچوو یەكێك لـەو برادەرانە لـە دەمێكەوە نەبوو گەڕابووەوە لـە هەندەرانەوە بۆیە وتی: ئەبینن جێگامان نیە ، پێخەفیشمان نیە ، داریش نیە بیخەینە سۆپاكەوە و چاش بە ئاگر ئەكرێت و نانیش نیە بتاندەینێ چونكە نانەواكەمان بەیانییان نان ئەكات ، باشتر وایە بڕۆن بۆ پشتئاشان ، خواتان لـەگەڵ ، ئەمەی وت و سەری خۆی داپۆشییەوە !

هاوڕێ كامەرانی عەلـەڕەش پێشمەرگەیەكی بەتوانا بوو ، یەكێك بوو لـەو سێ پێشمەرگەیەی لـەگەڵـماندا بوو ، لـە پشتمەوە و لـە تاریكایی لای دەرگاكەوە وەستا بوو ، خۆی بۆ نەگیرا و وەڵامی دایەوە و وتی كەمێك غیرەتتان هەبێت ، ئێمە هیچمان شارەزای پشتئاشان نین ، بەم شەوە و بەم بەفرە زۆرە ڕێكردن مەحاڵـە ، ئەم برادەرانەی لـەگەڵـماندان برسی و شەكەت و ماندوون. ئیتر بە توڕەییيەوە پێی وتن

ئێمە لێرە ئەمێنینەوە ، هیچ نەبێت لەبەر ئەم میوانانە.

ئەوەی ئێمەی شەرمەزار کردبوو ئەو دوو میوانە بوو ، ئاخۆ چیمان پێ بڵێن؟

لەپاش مشتومڕ و نیوە شەڕێك لەگەڵیاندا بە زۆری خۆمانماینەوە ، بەڵام لەلای دەرگاکەوە لەسەر پێلاوە لاستیکە بۆگەنەکانیان دانیشتین و خۆمان گرمۆڵە کرد!!

کامەران لاییتێکی پێبوو ، گەڕا و تەورێکی کولی دەسك شکاوی دۆزییەوە و ڕۆیشتە دەرەوە. ئەو ئەوەندەی ئێمە پەکی نەکەوتبوو ، زۆر ئازا بوو ، شەڕیشی زۆر دیبوو ، لە شەڕێکیشدا لە بەری قەرەداخ بریندار بووبوو ، ئەوەندەی پێنەچوو گەڕایەوە بە هەندێك داری تەڕەوە و خستیە ناو سۆپاکەوە ، لەبەرئەوەی دارەکە زۆر تەڕ بوو لە چرە دوکەڵ زیادتر ئاگرێکی ئەووتۆی لێ هەڵنەگیرسا کە جلە تەڕەکانمان کزر بکاتەوە.

بە هەر حاڵ لە دەوری سۆپای سارد و لەبەردەمی دەرگاکەدا بە برسییەتی و لەش تەڕیی و وەنەوزدانەوە ئەو شەوەمان بردەسەر ، وابزانم هەر من نەبووم نەخۆش کەوتم و توشی لەرز و تا و هەڵامەت بووم! میوانەکانیشمان زۆر ماندوو بووبوون و ئەو شەوە خەو نەچووە چاوی کەسمان.

بۆ بەیانیی کەوتینە ڕێ بە دەم گێرەکردنەوە لەناو بەفردا تا دەوری نیوەڕۆ گەیشتینە پشتئاشان ، کەسمان نەدی لە دەرەوە بێت ، هەر وەك (مەنعی تەجەول) بێت! بارەگا وەك ئاشی ئاوکەوتە وا بوو ، بەو نیوەڕۆیە نە دەنگێك ، نە ڕەنگێك نەبوو.

پاش ماوەیەك لە دورەوە دوکەڵێکمان دی ، ڕوومان کردە شوێنی دوکەڵەکە و وا ڕێککەوت چێشتخانە بوو ، برادەرێکی لێبوو ، لێمان پرسی ژورەکانی برادەرانی سەرکردایەتی لە کام قۆڵەوەن؟ بە عەربیی وەڵامی داینەوە و ووتی لەپشت ئێرەوە هەر ڕاست برۆن ژورەکەی هاوڕێ کەریم ئەحمەدە. ئەم هاوڕێیە دوو ساڵ بوو پێشمەرگە بوو ، سێ وشەی کوردیی فێرنەبوو بوو!

لـە دەرگای ژوورەکەمان دا و هاوڕێ کەریم دەرگاکەی لـێکردینەوە ، بەخێرهاتنێکی زۆر بە سۆز و گەرمی کردین و کەوتە ماچکردنی ئەملا و ئەولای میوانەکان و ناردی خواردنیان بۆ هێناین ، سۆپای ژوورەکەی زۆر گەرم بوو ، هەر هەموومان لـە دەوری سۆپاکە کۆبووینەوە و ئیتر هەڵم لـە جلـەکانمان هەڵئەستا ، ئەو ڕۆژە خواردنی بەیانیی و نیوەڕۆ و ئێوارەمان کرد بە سەر یەکدا و بە یەك ژەم خواردمان.
پێش ئەوەی ئێمە بکەوینە سکاڵای خۆمان ، هاوڕێ کەریم وتی ڕێگاوبان چۆن بوو؟ چۆن لـەو کوێستانانە و لـەو بەفرە زۆرە دەرباز بوون؟ کەی گەیشتنە ئاشقوڵکە و...تد؟

ئەو دوو برادەرە میوانە ئەوەندە پەست و بێزار بوون لـەو پێشوازییە پڕ شەرمەزارییەی هاوڕێیانی ئاشقوڵکە کە لـێیان کردین! ئیتر ڕێگەی ئەوەیان نەدا کە هاوڕێ کەریم پرسیارەکانی تەواو بکات و وتیان هەڤاڵ کەریم ئەگەر پێشمەرگەکانی بنکەکانی ترتان و هی ئێرەش وەك ئەوانەی ئاشقوڵکـەبن ئەوە بە تەمای خۆتـان مەبن! ئەگەر ڕۆژێك لـە ڕۆژان دوژمن هێرش بکاتە سەرتان ئەوا ئەو پێشمەرگانەتان نە ئەتوانن پارێزگاریی ئێوە بکەن و نە پارێزگاریی خۆشیان ، لـە ئێستاوە بیرێکی جددیی لـە خۆتان بکەنەوە ، خۆزگە سەد خۆزگە لـە گوندێك لامان بدایە و ڕوومان بکردایەتە ماڵـە جوتیارێك .. گەلـێك باشتر ئەبوو.
هاوڕێ کەریم ئەو گلـەیی و ڕەخنە کتوپڕییەی زۆر پێناخۆش بوو زۆر کاری تێکرد و پێی ناڕەحەت بوو ، دەستبەجێ ناردی بە دوای هەموو ئەوانەی لـە ئاشقوڵکە بوون و هەموویان بۆ ڕۆژی دوایی هاتن.

# سزای بێسود

لەبەر چاوی ئێمە زۆری پێکردن و ڕووی کردە میوانەکان و وتی ئەم ناپەسەندانە بۆ خزمەتگوزاریی هاتوچۆی برادەران لەو جێگایە دانراون ، بۆچی ئەمە ڕەفتاریان بێت؟ هەر تەنیا ژورێك نیە کە هەمانە لە بنکەی ئاشقوڵکە بەڵکوو چەند ژورێکمان هەیە و ئەبووایە جێگاکانی خۆیانیان بۆ چۆڵ بکردنایە و بەو برسییەتی و سەرمایە ئێوەیان نەهێشتایەتەوە.

هاوڕێ کەریم زۆر مەبەستی بوو دڵنەوایی ئەو دوو هەڤاڵە بکات ، لەوە ئەچوو یەکەم جار نەبووە و ئێمەش یەکەم کەس نەبووبین ئەو گلەیی و سکاڵایەمان کردبێت! ئەوانە مەناعەیان پەیداکردبوو لە ڕەخنە وسزا ، ئیتر هیچ ڕەخنە و سەرزەنشت و سزایەك کاری تێنەئەکردن ، هاوڕێ کەریم ئەیزانی باری عەسکەرییان پەرێشانە و مەکتەبی عەسکەریی لاواز و بێسەروبەر و بێ دیسپلینە و کەس بە کەس نیە و حاڵیان بەربادە و لەدەست چووە و تێبینییەکانی ئەو برادەرانەش زۆر ڕاستە و لە جێی خۆیدایە.

ئەم ڕەوتارە ئابڕووبەرەیە ڕەنگدانەوەی ئەو بێسەروبەرییەی مەکتەبی عەسکەریی بوو ، بۆ ڕۆژی دووەم لەگەڵ سێ هاورێکەمدا و بە لەرز و تاوە گەڕامەوە بۆ نۆکان ، ماڵی ئاوا بێت هاوڕێ ئەبوسەرباز ولاخێکیشی بۆ پەیداکردم و فریام کەوت و بەڕێی کردم ، زوو زووش ئەو گلەیی و بێزاریی و سکالایانەی پێشمەرگەکانم بیرئەکەوتەوە کە ئەیانوت لە ئاشقوڵکە و پشتئاشان کەس بە کەس نیە ، وێرانە وێران ، بڕۆن بە چاوی خۆتان بیبینن.

تێبینییەکانی ئەو دوو میوانە لە جێی خۆیاندا بوون و ئەوەندەی نەبرد کە (دەقاودەق هاتنەدیی) ، هەرچ کەسێك لە میوان و غەیری میوان ڕووی بکردایەتە پشتئاشان ئەو ناتەواوییانەی بۆ دەرئەکەوت و ئەگەیشتە ئەو باوەڕەی کە پشتئاشان

زیادتر لـه ئۆردوگای پەنابەران ئەچوو وەك لـە بنكەی سەركردایەتی پارتیزانیی!
بۆیە هەر بەو كتوپڕییەش تێكشكاین ، هەر كەسێك لـەوەوبەر پشتئاشانی ببینیایە ئەوا ڕوودانی ئەو كارەساتەشی بەلاوە ئاسایی ئەبوو و شتێكی سەرسوڕهێنەریش نەبوو ، ئەگەر بەفریش بووینایە بەو دوو ڕۆژە شەڕەی پشتئاشان نەئەتواینەوە.
ئەبووایە هاوڕێیانی سەركردایەتی ئەو كەموكوڕیی و ناتەواوییانەیان فەرامۆش نەكردایە و چارەسەریان بكردایە ، چاوپۆشیی لـەو واقیعە تاڵـەش بووە هۆی زیانێكی گەورە و گران ، تێبینییەكانی دوو میوانەكە و ئێمەش ، كە تەنیا چەند مانگێك بەرلـە كارەساتەكانی پشتئاشان بوو ، وەك نەخشی بەرد هاتەدی!

# كۆبوونەوەی سێڵوێ

ئەوەی لـێرەدا شایانی سەرنجە ئەوەیە كە پاش 24 ڕۆژ لـە كارەساتی پشتئاشان ، كۆمیتەی ناوەندیی هەر لـەو ئەندامانەی (كۆمیتەی ناوەندیی و مەكتەبی سیاسی) كە لـە پشتئاشان بوون ، لـە شەوی 24-5-1983 لـە گوندی سێڵوێی كوردستانی ئێران كۆبوونەوە و لـە جیاتی ئەوەی لـە هۆكارەكانی كارەساتەكە بكۆڵـنەوە و بەرپرسیاران لـە كارەساتەكە ئاشكرا بكرێن و سزا بدرێن! بۆ ئەوەی جارێكی تر كارەساتی وا ڕوونەداتەوە و جارێكی تر ئەو كەموكوڕیی و ناتەواوییانە پەیدانەبنەوە ، بەبێ تاووتوێكردنێكی جیددیی نەچنە هیچ شەڕێكی دوڕاوی ترەوە! بەداخەوە ئەوەی كە بە بیری كەسدا نەئەهات ئەوەبوو كە هەموو ڕوویان كردە هاوڕێ كەریم ئەحمەد و گوشارەكە خرایە سەر ئەو و گوایە ئەو كاتەی دیل بووە لـە ناوزەنگ ، بەیانی ڕاگەیاندنی ئاگربەستی لـەگەڵ مام جەلال دەركردووە ، ئەمە بووە خاڵـی سەرەكیی بـاس لـەو كۆبوونەوەیەدا ، ئیتر هۆی خوێنڕشتنی ئەو 68 هاوڕێـیە و ئەو هەموو زیانە ، پێشێـلكرا و خرایە لاوە.



دیمەنێکی گوندی سێڵوێ

ئەوەندە بە جیددیی لـە سەر هاوڕێ کەریم دوان و توانج و تانەیان لـێدا و خستیانە ژێر باری ڕەخنە و سزاوە ، ئەگەر دەستی هەڵـنەبڕیایە و نەی وتایە ڕاستە گوناهبارم ئەوا ئەوەندەی تر پەڕ و باڵـیان کردبوو! !

بە هەر حاڵ ئەو زۆر بە ناحەقیی سزادرا و ئەوانەش کە بەرپرسیاری سەرەکیی ئەو تێکشکاندنە بوون! بەتایەبەتیی مەکتەبی عەسکەریی ، وەك بەرزەکی بانان دەربازیان بوو و لـە بیر چوونەوە.

ئەو شانۆگەرییەی لـەو کۆبوونەوەیەدا سازکرا لـە کرۆکدا بۆ لـە باربردنی لـێکۆڵـینەوە و لـێدوان بوو لـەسەر بەرپرسیاران و هۆیەکانی کارەساتی پشتئاشان و داوای سزادانی هاوڕێ کەریم ئەحمەد و لـەگەڵ ئەویشدا ناوی قادر ڕەشید هاتە ناو ناوان و کەوتە بەر هەڵـمەتی ڕەخنە و هەندێکیان ڕایان وابوو ئەبێت لـەناو ببرێت چونکە گوایە ڕێنمای 72 هاوڕێ بووە لـە پاشەکشەکەدا و توشی مەرگەسات و سەرگەردانیی کردوون.

کاری ڕاست بێت هاوڕێ کەریم دێتە قسە و ئەڵـێت ئەو نە ڕێنمامان بووە و نە

لێپرسراو و نه شارەزای ئەو ڕێگاوبانەش بووە ، ئەگەر کارەکەمان بەو بسپاردایە ئێمە هیچمان بەسەر نەئەهات ، لە ڕێگا سەلماندی کە لێوەشاوە بوو ، هەڵوێستی ڕاست بوو بەڵام ئێمە بە قسەی ئەومان نەکرد.

بەم جۆرە هاوڕێ کەریم ئەو نەخشەیەی پوچەڵ کردەوە ، (لە شوێنێکی تردا ڕوونی ئەکەمەوە بۆچی ئەو کەسە لەو کۆبوونەوەیەی کۆمیتەی ناوەندییدا لە سێڵوێ ویستی منیش سزا بدرێم ، ئەمە تۆڵەی ئەنجامی ئەو ڕەخنە ڕاستەوخۆ و جەرگبڕە بوو لە پێش چەند ڕۆژێکدا بەر لە کۆبوونەوەکە لە سەر کارەستی پشتئاشان ، ڕاستەوخۆ لە هاوڕێ ئەبوفاروقم گرتبوو لە ڕاژان) ، ئیتر هاوڕێ کەریم سزا درا و کە نەئەبوو سزا بدرایە ، لەسەر ئەو هەڵوێستەی هەیبوو لە دەرکردنی بەیانی ئاگربەستدا لەگەڵ مام جەلال دا. ئەوی پێیان کرد زۆر نارەوا بوو ، خۆی لە خۆیدا نەخشەیەکی دروستکراو بوو ، ڕەنگدانەوەی کێشە فکریی ، سیاسیی و ڕێکخراوەییەکە بوو ، ئەوەی پێویست بوو باس بکرێت نەکرا و دیزە بە دەرخۆنە کرا.

هەر لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیار درا لەسەر شەش خاڵ ، هەر وەك کاك فاتح ڕەسوڵ نوسیویەتی و ئەمەش دەقەکەیەتی: (لە 24-5-1983 دا پێنج ئەندامی مەکتەبی سیاسی و 7 ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی کۆبوینەوە بە دور و درێژی باسی بەسەرهات و کارەساتەکە کرا. دەمەتەقە و مشت ومڕی زۆرمان لە سەردا کرد. ئەم خاڵانەی خوارەوە دەرسکران:

1- کورتەیەك لە سەر پەلاماردانەکان و ئەو زیانە زۆرانەی بە ئەستۆی حشع کەوت تەقدیری سەرەکی ئەوە بوو کە ژمارەی شەهیدەکان 57 شەهیدن.

2- محاسەبەی هاوڕێ کریم احمد کرا لە سەر ئەوە ڕێکەوتنەی لەکاتی دیلیدا لە گەڵ مام جەلال تاڵەبانی ڕۆژی 10-5-1983 مۆری کردبوو...

3- هاوڕێ عومەر عەلی شێخ لە شوێنی ئەو هەڵبژێردرا کە سەرکردایەتی

کۆمیتەکەمان بکات تا سکرتێری یەکەم دەگاتە لامان.

4- بڕیار وەرگیرا نوێنەرانی حشع بۆ ڕاژان بچن و لیژنەی بەرەی نیشتمانی دیموکراتی کۆبێتەوە.

5- تەقەلا بدرێت هێزەکانی جود ئامادە بکرێت بۆ ئەوەی سنورێك بۆ تاوان و دەستدرێژییکانی (ینك) دابنرێت.

6- دەربارەی کۆبوونەوەکە ڕاگەیاندنێك بڵاو بکرێتەوە).[23]

کۆبوونەوەی ئەو 12 هاوڕێیە بەو پەلە و سەرپێیە لە جێی خۆیدا نەبوو ، بەڵکوو کارێکی داتاشراوی سەپێنراو بوو ، لە کەش و هەوایەکی نائازاددا بوو ، چونکە:

1- بەرلە هەموو شتێك حیزب بریندار بوو ، پێویستی بە پشوودان و ئارامییەك هەبوو بۆ پێداچوونەوەیەکی جیددیی و لەسەرخۆ لە هەڵە و ناتەواوییەکانی خۆی ، لە کەمترخەمییەکانی ، لە باری عەسکەریی ، دەرونیی ، فیکریی و پەشۆکاویی بەرپرسیارانەوە کە بووە هۆکاری ئەو زیانە کتوپڕییە.

2- ئەبووایە سکرتێری گشتیی حیزب هەر بە بیستنی ئەو نەهامەتییە ، بێ دواکەوتن لە مۆسکۆوە بگەڕایەتەوە و سەرکردایەتی ئەم کۆبوونەوەیەی بکردایە و ڕۆڵی بەرپرسیارانەی خوێ بدیایە! ئەو گۆڕانکارییەی قبوڵ نەکردایە و داوای لێکۆڵینەوە و سزای بکردایە بۆ ئەو کەسانەی ئەو سەرگەردانییەیان دروستکرد لە مەکتەبی عەسکەریی و بەتایبەتیی سکرتێری مەکتەب تەجمید بکرایە تا ئەو ڕۆژەی لێپرسینەوەیەکی جیددیی و مەبدەئییان لێئەکرا.

ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە لەکاتی ڕووداو و کارەساتی جەرگبڕدا کە بە سەر حیزبدا ئەهات ، هەمیشە هاوڕێ عەزیز محەمەد لە دەرەوەی وڵات بوو!!

3- ئەبووایە لەو کۆبوونەوەیەدا کادێری سیاسی و عەسکەریی و ئەندامانی لیژنەی هەرێمی کوردستان و بەتایبەتیی ئەوانەی لە نزیکەوە بەشداربوون لە کارەساتەکەدا ، بەشدار بکرانایە و گوێیان لە ڕا و بۆچوونەکانیان بگرتایە.

4- ئەبووایە ئەو کۆبوونەوەیە لە ناوچە ئازادکراوەکانی خۆماندا بکرایە ، هەر چەندە ئێمە میوانی پدك بووین ، بەڵام لە گوندی سێڵوێ و هەمزاوا لای پاسدارانی ئێران و ئاغاکانی عەشیرەتی مامش لەم ناوچەیەدا پەنابەر و میوانێکی چارەگران بووین ، لە جوڵە و هاتوچۆماندا سەربەخۆ و ئازاد نەبووین ، لەژێر کۆنترۆڵی پاسداری ئێراندا بووین ، لە ڕێگای برادەرانی پارتییەوە ئازوقە و خواردەمەنیمان لە سوپای پاسدارانی ئێرانەوە بۆ ئەهات ! !

# بانێکە و دوو هەوا

هاوڕێ کەریم سزادرا لەبەرئەوەی کە دیل بووە لای ینك و ئازاد نەبووە و بڕیاری ئاگر بەستی مۆر کردووە !

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆبوونەوەکەی سێڵوێ کۆبوونەوەیەکی ئازاد نەبوو لەژێر گوشار و پاڵەپەستۆی بەرەی جوددا و لەژێر کۆنترۆڵی پاسداری ئێران و ئاغا و دەربەگەکانی عەشیرەتی مامش دا بوو. ئەم دەرەبەگانە ڕقیان لە پارتییش دەبووەوە لەبەرئەوەی (باووباپیرانی ئەو ئاغایانە بە خواستی ڕژێمی شای ئێران بە نەخشەیەکی دیارییکراو لە 23-2-1947 دا لە گوندی سێڵوێ ، ئەیانەوێت پێشمەرگەکانی بارزانیی بگرن و تەسلیم بە ڕژێمی ئێرانیان بکەن لە شنۆ ، بەڵام لە ئەنجامی هۆشیاریی بارزانییەکاندا ، پلانی ئاغاکان بە سەر خۆیاندا شکایەوە و 12 کەس لە بنەماڵەی قەرەنی ئاغا ئەکوژرێن و ئەوانی تریان بە دیل ئەگرن و دوو پێشەرگەی بارزانییش شەهید ئەبن).[24]

ئاغاکان بە ئاشکرا پێیان ئەوتین ، چاومان بە پارتیی هەڵنایەت ، ئەوانە قاتیلی باووباپیرانمانن.

سێڵوێ زەوی ئازادکراوی ئێمە نەبوو ، واتە لە کەشوهەوایەکی  ئازاد و سەربەخۆی

خۆماندا نەبووین ، ئەبووایە ئەو كۆبوونەوەیەش لـەوێ نەكرایە!

ئەگەر بڕوانینە خاڵی پێنجەم لـە بڕیارەكانی كۆبوونەوەكەی سێڵـوێ دا ، ئەوا بۆمان دەرئەكەوێت كە بڕیاری دووبارەبوونەوە و سەپاندنی شەڕێكی ماڵـوێران و خوێناویی دۆڕاوتر دراوە! چونكە لـە تاقیكردنەوەدا دەركەوت بڕیارەكانی ئەو كۆبوونەوەیە و لابردنی هاوڕێ كەریم و دانانی عومەری مامە شێخە (بەرپرسی یەكەمی مەرگەساتەكە) بە جێگری سكرتێری گشتیی ، هیچی لـە مەسەلـەكە نەگۆڕی و تۆڵـە نەسێنرا و سنوریش بۆ (ینك) دانەنرا و لـەناویش نەبرا ، ئەوەندەی تر زیانی گیانیی و ماڵـوێرانیی و سەرگەردانیی زیادتری بە حیزب و لایەنەكانی بەرەی (جود) گەیاند و تا ئەمڕۆش هەر شوێنەواری دیارە.

هەر لـەپاش ئەم كۆبوونەوە بێسەروبەر و كاڵـوكرچە! باقر ئیبراهیم (ئەبوخەولـە) ئەندامی مەكتەبی سیاسی لـەپاش تەواببوونی كۆبوونەوەكە لـەجیاتی جێبەجێكردنی بڕیارەكانی كۆبوونەوەكە و خۆئامادەكردن بۆ شەڕی تۆڵـە! 40 پێشمەرگەی عەرەبی (حاشیەی خۆی) بە بەرچاوی جێگری سكرتێری گشتیی تازەوە (عومەری مامە شێخە) و ئەندامانی كۆبوونەوەكە ، بەرەو هەندەران خستە ڕێ ، لـەجیاتی ئەوەی بۆ گۆڕەپانی شەڕیان بنێرێت! كورد وتەنی (خلـە بارئەكات و بلـە كەپرئەكات)! كەسێكیش لـەو 12 هاوڕێیە بە جێگری نوێی سكرتێرەوە جورئەتیان نەبوو لـەو سەرەڕۆییەی (ئەبوخەولـە) ورتەیەكیان لـێوە بێت ، تەنانەت لـە بیرەوەرییەكانیشیاندا باسی ناكەن! ئەمە لـە خۆیدا بێئیلـتزامیی و پاشگەزبوونەوە بوو لـە بڕیارەكانی دانیشتنەكەیان و مەبەستی كۆبوونەوە داتاشراوەكەیان ئاشكرا ئەكات. كارەكە بۆ هەریسەكە بووە ، نەك بۆ حوسەین!

ئەو بێسەروبەرییە ئەوەندەی تر ماڵی حیزبی وێرانتر كرد ، بەم سەرلـێشێواوییەوە لـە ژێر گوشاری (جود) دا چووینە شەڕێكی دۆڕاوی زیانبەخشی پشتئاشانی دووەمەوە ، كەسانێكیش نیە لـەو 12 سەركردەیە تا ئەمڕۆ ، بڵـێن بەرپرسیارین!

ئەبووایە سکرتێری گشتیی حیزب ، هاوڕێ عەزیز محەمەد بێدەنگ نەبووایە لەو مەرگەسات و ماڵوێرانییە و سیاسەتە تەوفیقییەکەی بەلاوە بنایە و بێهەڵوێست نەبووایە لەو کێشە ناڕەوا ناوخۆییەدا.

# بانگەوازی ئاگربەست

ئەو کاتەی کە ئەو بانگەوازی ئاگربەستە کرا لە نێوان هاوڕێ کەریم و مام جەلال دا لە 10-5-1983 دا ، هاوڕێ ئەبوسەرباز و من لەوێ بووین و هیچ تێبینییەکی خراپمان لەسەری نەبوو ، هاوڕێ کەریم لە ئێمە زیادتر هەستی بەوە کردبوو کە بەردەوام بوونی ئەو شەڕە لە بەرژەوەندی حیزب نیە ، یەکێتییش توشی لەخۆباییبوونێکی گەورە بووە و بەردەوامە لەسەر ڕەشەکوژییەکەی و پشووی بۆ نادات! بەتایبەتیی دژی مەڵبەندی هەولێرمان.

هاوڕێ کەریم وای بە باش ئەزانی کە زیان لە نیوەی بگەڕێتەوە و ئەوەندەی تر خوێنی هاوڕێیان بە فیڕۆ نەڕژێت ، بە چاوی خۆی ئەو ناتەواویی و پەشۆکاویی و بێسەروبەرییەی سەرکردایەتیکردنی شەڕەکەی دیبوو کە تا چ سنورێك کارەساتەکە کوشندە و ماڵوێرانییە. بیروڕای وەستاندنی شەڕ لە هاوڕێ کەریمەوە بوو ، ئەو بۆچوونەشی لە هەڵوێستێکی لاوازەوە نەبوو ، هەر لە یەکەم ڕۆژی دیلییمانەوە هاوڕێ کەریم زۆری بە سەرکردایەتی یەکیەتی و بەتایبەتیی مام جەلال و نەوشیروان ئەکرد لەسەر ئەو تاوانانەیان.

کاتێك کە هەرسێکمانیان هێنا بۆ ناوزەنگ لەسەر داوای مام جەلال لە ژورەکەی مەلا بەختیار دایان ناین ، کاك ملازم عومەر هات بۆ لامان و بەخێرهاتنی کردین و وتی مام جەلال ئەڵێت ڕووداوێکی وا بەرپا بووە لە نێوانماندا چاوم بەرایی نایەت مامۆستا کەریم ببینم ، بۆیە ئێستا منی ناردووە بەخێرهاتنتان بکەم و سبەینێ هەموو

یەکتر ئەبینین.

بۆ بەیانیی لەو چاوپێکەوتنەدا مام جەلال وتی ڕووداوێکی پڕ شەرمەزارییە ، مامۆستا کەریم ئێوە دەستپێشخەرییتان کرد لە هەڵگیرساندنی ئەم شەڕەدا ، ئێوە لەگەڵ بەرەی جود بە چوار قۆڵیی لە بالیسان پەلامارتاندداین ، لە کاتێکدا لە نێوان ئێمە و ئێوەدا پەیمانی دووقۆڵیی هەیە و هاوسەنگەر بووین.

مام جەلال ئەیویست ئەو کوشتوبڕ و ڕەشەکوژییە لە ئەستۆی خۆیان لابەرێت!

بەڵام هاوڕێ کەریم ڕووبەڕوو مام جەلالی سەرزەنشت کرد و وتی ئێوە تاوانبارن و ئەم قەسابخانەیەی ناتانەوە بە سەرتانەوە تێناپەڕێت ، خۆتان بە سەرکەوتوو مەزانن و حیزبی شیوعی عێراقیش بە ئێوە و غەیری ئێوە لەناوناچێت.

مام جەلال وتی (ئەوەتا مەڵبەندی سلێمانییتان بە ڕابەرایەتی بەڕێز مامۆستا بەهادین نوری بەیانی دووقۆڵیی دەرکردووە لەگەڵ مەلا بەختیار و برادەرانی ئێمەدا لە دێوانە ، بۆ ئاشتیی و تەبایی لە نێوانماندا. هەروەها وتی ئەو کارە جێی ڕەزامەندیی ئێمەشە).

لە دواییدا باس هاتە سەر وەستاندنی شەڕەکە ، دووبارە مام جەلال (وتی مامۆستا کەریم جەنابت هەرچی ئەڵێیت ئێمە وا ئەکەین و دیلەکانیش بەرئەدەین ، پەڕەیەکی سپیم بدەرە دەست بۆتی مۆر ئەکەم).

دوای ئەوە لە 10-5-1983 دا بەیانێکی دووقۆڵیی لە نێوان هاوڕێ کەریم ئەحمەد و مام جەلال دا دەرکرا و لە ئیستگەکەی یەکیەتییەوە بڵاوکرایەوە ، ئەو بەیانە تەنیا بۆ ئاگربەست بوو ، نەك بۆ ئاشتبوونەوە و ڕێککەوتنێکی نوێ لە نێوان هەردوو لادا.

لەو دانیشتنەدا مام جەلال داوای کرد و وتی با نەفرەت لە شەڕی دژوار بکەین و ئاشتیی و تەبایی لە نێوانماندا بگرینەبەر. هاوڕێ کەریم وتی بۆ نزیك بوونەوەمان لە یەکتر بۆ جارێکی تر ، ئەوە لە دەسەڵات و بڕیاری کۆمیتەی ناوەندیی حیزبدایە.

مام جەلال وتی: ئێوە دیل نین لەلای ئێمە ، ئەو 42 برادەرەشتان کە لە گرتووخانەی وەرتێن بەریانئەدەین . هاورێ کەریم و مام جەلال وایان بە باش زانی کە من بڕۆم بۆ ئێران و نامەی هاورێ کەریم بگەیەنم بە مەکتەبی سیاسی و هاورێ ئەبوفاروق لە ئێران لە بارەگای (پدك) لە گوندی ڕاژان.

بۆ سبەینێ یەکیەتی (بەرگی عبور)یان بۆ کردم ، ( بەو مۆر و بەرگی عبورانەی کە چەکدارەکانی یەکیەتی لە ئاشقوڵکە لە بارەگای "حسك" دەستیان بەسەردا گرتبوو). کەوتمە ڕێ بەرەو سەردەشت ، لەوێوە خاڵەحاجی بەڕەحمەت بێت نوێنەری سۆشیالیست بوو لە ئێران ، (بەرگی عبور)ێکی تری بۆ کردم و منی لە سەردەشتەوە گەیاندە گوندی ڕاژان بۆ بارەگای سەرکردایەتی پارتی (پدك) ، کاتێك گەیشتمە ئەوێ هاورێ ئەبوفاروق لەوێ میوان بوو ، پێش ئەوەی من نامەکەی هاورێ کەریمی بدەمێ و باسێکی بەسەرهاتی خۆمانی بۆ بکەم و ماندوونەبوونێکم لێبکات ، زۆر بە گرژییەوە وتی بۆچی ئەبوسەلیم لەگەڵ مام جەلال بەیانی ئاگربەستی دەرکردووە؟

منیش وتم بۆچی؟ وتی ئێمە ئەمانەوێت تۆڵە بسەنین و لەگەڵ (پارتی)دا پشتئاشانی دووەم ئەنجام ئەدەین ، هەروەها وتی مەکتەبی سیاسی بەیانی دەرکردووە و ئەم ئێوارەیە لە ئیستگەکەی پارتییەوە بڵاوئەکرێتەوە.

منیش وتم هاورێ ئەبوفاروق کەمێك لەسەرخۆ بە .. ، ئەبووایە ئەو بەیانەتان لە مێژەوە بڵاوبکردایەتەوە ، ئێستا من پێشنیار ئەکەم کە یەك ڕۆژ دوای بخەن و بە یەك ڕۆژیش دواکەوتن هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت لەبەرئەوەی بڕیارە سبەینێ ئەو 42 هاورێ دیلانەمان بەرببن ، لە ڕەزالەت دان ، هەر هیچ نەبێت جارێ نامەکەی هاورێ کەریم بخوێنەرەوە و بزانە کێ ماوە و کێ کوژراوە و بۆچی بەیانی ئاگربەست مۆرکراوە و...تد. وتی ناتوانم بە پارتی بڵێم ئەمشەو ئەو بەیانە ڕاگرن ، هەر بڵاوی ئەکەینەوە ، جا هەر هەمووتان لە گەڵ ئەو 42 گیراوانەشدا ، چیتان بەسەر دێت با

بێت.

لەوە ئەچوو ڕاگرتنی بڵاوکردنەوەی ئەو بەیانە لە ئیستگەکەی پارتییەوە لە دەسەڵاتی ئەبوفاروقدا نەبێت.

وتم هاورێ داوات لێئەکەم پشتئاشانێکی تر دروست مەکە و با ئەوەندەی تر توشی زیانی گەورەتر نەبین ، بەبێ هەڵسەنگاندنی پشتئاشان ، چ ڕەوایە کە پشتئاشانێکی تر دروستبکرێتەوە؟ ئەگەر مەبەست هەر ئەوە بێت شەڕ بەردەوام بێت ئەوا ئەتەوێت سەرکۆزەرەکەشمان پێ بهاڕیت و ئەوەندەی تر پێشمەرگەکانمان بە فیڕۆ بدەین ، لەمە زیادتر توشی زیانمان مەکە ، ئەوماڵوێرانییەی بەسەرمان هات کەم نەبوو.

پرسیارم لێکرد ئەمجارەیان بە پشتیوانیی و هاوکاریی کام لایەن و کام هێز دەست بکرێتەوە بە شەڕ؟ وتی بە پشتیوانیی کاك مەسعود ، وتم یارمەتییەکەیان و بەهاناهاتنەکەیان هەر وەك یارمەتییەکەی پشتئاشان ئەبێت؟ وتی کاك مەسعود عەشائیرییە و کە وەعدێکی دا ئەیباتەسەر و لەوەش زیادتر پرسیار مەکە و لە سەری مەڕۆ.

ئیتر هەستم کرد کە بۆ ئەبوفاروق ئەو هەموو شەهید و زیانەی لێمان کەوتووە هەر وەك هیچ ڕووی نەدابێت وایە و کاری تێنەکردووە و خۆشی بە بەرپرسیار نازانێت و هەست بە کەموکوڕیی و بێدەسەڵاتیی ولێنەهاتوویی خۆیی و زیانی حیزب ناکات ، هەست ئەکات کە نە کەسێك ، نە هەیئەتێکیش نیە لە سەروو خۆیەوە پێی بڵێت تۆ بەرپرسیاریت لەو کارەسات و تێکشکاندنە. سەرەڕای ئەو زیانەش ئەیەوێت ئەوەی کە ماوە وێرانی بکات و لەناوی بەرێت!

# ڕەخنە

بڕیارمدا بە هەموو ویژدانێکەوە ، بە هەموو هۆشیارییەکەوە ئەوەی بە ڕاستی ئەزانم پێی بڵێم ، چیم بەسەر دێت با بێت ، ئیتر وتم هاوڕێ ئەبوفاروق تۆ سەرکردە و لێپرسراوێکی بێدەسەڵات و لاواز و بێتوانا و ماندوویت! هەست بە هەڵە و بەرپرسیاریی خۆت ناکەیت ، وازمان لێبهێنە و ئیتر با ئەوەندەی تر هاوڕێیان بە فیڕۆنەچن و سەرگەردان نەبن ، ئەگەر پشتئاشانی دووەم هەڵگیرسێنیتەوە لە بەرژەوەندی حیزب نابێت و لە بەرژەوەندی بەرەی (جود)یش نابێت! ئەبێتە هۆی زیانی گەورە و گرانتر ، ئەگەر دە ساڵ و بیست ساڵی تریش بێت باس و لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم بەسەرهاتە ئەکرێت و حیزب دادگایەك بۆ ئەم ڕووداوە و ئەم بەرپرسیارییەی تۆ هەر دائەنێت.

ئەمڕۆ ئاگربەست لە بەرژەوەندی حیزبە ، با بەتەما نەبین لایەنی تر یارمەتیمان بدەن و بە پشتی ئەوان شەڕ بکەین ، کورد وتەنی "ئەگەر بە تەمای دراوسێ بیت شەو بێ شێو سەر ئەنێیتەوە" با ئیتر پەند و ئەزمون لەو تێکشکاندنەمان وەربگرین ، دەستنیشانی ناتەواوییەکان بکرێت و بەراورد و پێوانەی توانای عەسکەریی و فیکریی خۆمان بکەین ، حیزب بریندارە و خوێن لە برینەکانی ئەچۆڕێت ، با برینەکانمان سارێژببێتەوە ، ڕێگای سەختی تێکۆشانمان کەمی ڕۆیشتووەو زۆری ماوە ، ئەوسا بیر لە تۆڵە بکرێتەوە. ئەمڕۆ تۆ پێویستت بە پشوو هەیە ، تەمەنیش ڕۆڵی خۆی ئەبینێت ، ئەگەر دە ساڵ و بیست ساڵی تریش بێت باس و لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم هەڵە و بەسەرهاتەمان ئەکرێت و چاوی لێ ناپۆشرێت ، ئەمە بووە مێژووی ژیانی حیزب و تۆمار بوو ، تاهەتایە ناسڕێتەوە و لێفەپۆشیش ناکرێت.

لەو بارەیەوە زۆرم لەگەڵ باسکرد ، ئەوەی هەڵە و ناتەواویمان بوو بە ڕاستگۆیی و ڕاشکاوییەوە پێم وت ، باشیش ئەمزانی کە ئەم ئامۆژگارییانەم سودی بۆی نیە ، ئیتر

خوێنی خۆم کرده کاسه و بووم به بزنەکەی نانی شوانی خواردووە. هاورێ عومەری مامه شێخه (ئەبوفاروق) ئەم بیر و بۆچوونەی منی زۆر پێ ناخۆش بوو ، لەوانەیه لەو بڕوایەدا نەبووبێت که کەسێك ڕۆژێك لە ڕۆژان بەو زەقییه و ڕووبەڕووە لەگەڵیدا بدوێت و بەو ڕاشکاویی و بوێرییەوە ڕەخنەی لێبگرێت.

بێگومان ئەگەر به چاوی خۆم ئەوماڵوێرانییەم نەبینیایه که بەسەرماندا هاتبوو لە ئەنجامی ئەو کەمترخەمیی و پەشۆکاویی و بێورەییەی سەرکردەکانماندا ، ئەوا هەر وا بەو سەراحەتەوە لەگەڵیدا نەئەدوام.

وتی با بڕۆین ، کاك مەسعود و مەکتەبی سیاسی پارتی ئەیانەوێت لەگەڵت بدوێن ، بەڵام لە ڕووی ئەواندا ئەم قسه بێسەروبەرانه مەکه ، پرسیاریشیان لێ مەکه ، لۆمەیان مەکه و ڕەخنەشیان لێ مەگره ، بزانه ئەوان چی ئەڵێن و چ پرسیارێکت لێئەکەن تۆ تەنیا وەڵامی پرسیارەکانیان بدەرەوە و بەس! !

بەیەکەوە چووین بۆ لایان ، کاك مەسعود ، کاك ئیدریس بەڕەحمەت بێت ، کاك فازیل میران ، کاك فەلەکەدین و وابزانم کاك ڕۆژیش لەوێ بوو ، ئیتر کەوتنه پرسیارێکی زۆر دەربارەی بەسەرهاتمان و ئەو بەیانی ئاگربەستەی لەگەڵ مام جەلال دا دەرکراوە.

هەستم کرد دەرکردنی ئەو بەیانەیان زۆر پێ ناخۆش بوو ، زۆریشیان لامەبەست بوو لەو بارەیەوە زانیارییەکیان هەبێت ، حەزیان لەوە نەبوو شەڕ بووەستێت! لەپاش وتووێژێکی زۆر خۆم بۆ نەگیرا ، پرسارێکم ئاڕاستەی کاك مەسعود کرد لە خۆیدا لۆمەش بوو ، وتم کاك مەسعود ، ئێوە وەعدتان دا به ئێمه که 1500 پێشمەرگه بنێرن و پشتیوانییمان بکەن! ئەگەر ئەو هێزە بهاتایه به هانامانەوە ئەوا ئێمه وامان بەسەر نەئەهات. ئیتر کاك مەسعود بواری ئەوەی نەدام گلەیی و پرسیاری زیادتری خۆم بکەم و وتی: کاك قادر ، ئێمه تەسەوڕمان نەدەکرد که ئێوە لە پشتئاشان بەرگەی دوو ڕۆژ شەڕ ناگرن ، ئێمه وەعدی خۆمان بردەسەر بەڵام فریاتان نەکەوتین

لەبەرئەوەی ئێوە زوو تێكشكان.

ئەم وەڵامە وای لێكردم كە ئیتر بێدەنگ ببم ، (خوا نەكات ئەبوفاروق ورتەی لێوە بێت و وەڵامی كاك مەسعود بداتەوە!) ، ئیتر ڕاستەوخۆ ئەوەم هاتەوە بیر كە لە دێی كۆیلە خەڵكی گوندەكە پێیان وتین: لەپێش ئێوەدا هێزێكی پیشمەرگەی پارتی سەد كەسێك ئەبوون بە ڕابەرایەتی نەجمەدین گورون ، هاتنە ئێرە و بۆ پشتئاشان بچن ، ئێمە پێمان وتن شەڕ تەواو بووە و پشتئاشان گیراوە ، ئیتر گەڕانەوە بۆ ئێنێ بۆ بارەگاكەیان.

سەرم هەڵبڕی و سەیرێكی ئەبوفاروقم كرد لچ و لێوی داوە بەسەر یەكدا و هەر دوو چاوەكزەكانی بڕیوەتە ناوچاوم و هەر دانە جیرەیەتی لێم و بەو پرسیار و قسانەی من زۆر خۆی سەغڵەت كردووە و لای پەسەند نەبوون. ئیتر كە دانیشتنەكەمان كۆتایی هات و هاتینە دەرەوە ، وتی: پێم نەوتی مەكەوەرە ڕەخنە و پرسیاری موزعیج! بۆ ئەوانمان لێ ئیحراج ئەكەیت! هەر ئێستا بڕۆرەوە بۆ ناوزەنگ و بە هاوڕێیان بڵێ كۆمیتەی ناوەندیی كۆئەبێتەوە ، ئەگەر بەریان دان وەرنەوە ، وتم ئەی نامەت نیە بۆیان؟ بەتوڕەییەكەوە وتی نەخێر نامەم نیە و ئەمەی پێم وتی نامەیە و بڕیاری حیزبە و تەواو! ! ئیتر خۆت چۆن ئەڕۆیتەوە بڕۆرەوە ، من ناتوانم بەرگی عبورت بۆ پەیدا بكەم ، دووبارەی كردەوە و وتی هەر ئەمشەویش بەیانی مەكتەبی سیاسی لە ئیستگەی پارتییەوە بڵاو ئەكەینەوە ، بە توڕەییەوە وتی ئێوە و ئەو 42 دیلە چیتان بەسەر دێت با بێت!

زۆربەی ناوەڕۆكی بەیانەكەش لەپاش بڵاوبوونەوەی دەركەوت بریتی بوو لە وەڵامدانەوەی قسە و قسەڵۆكی ئیستگەكەی یەكیەتی ، لەڕووی شێواز و ناوەڕۆكەوە لە نوسین و داڕشتنی بەیانێكی حیزبی شیوعی نەئەچوو![25]

# گەڕانەوە

بەنهێنی و بە بێ بەرگی عبور خۆم گەیاندە ئورمیە و بۆ لای سۆشیالیست ، دووبارە خاڵە حاجی ڕەحمەتیی و برادەرانی یارمەتییاندام و گەیاندمیانەوە سەردەشت. لەوێشەوە بە پیادەیی خۆم گەیاندەوە ناوزەنگ ، برسیی و ماندوو ، پارەشم پێنەبوو لە ڕێگا خواردنێك بخۆم! لەگەڵ ئەو ڕەخنانە و وتووێژەمدا لەگەڵ ئەبوفاروقدا ئیتر هەستم کرد ئارامیی لە ژیانی حیزبییمدا نابینم ، تەنانەت بەرگی عبورێکیشی بۆ نەکردم و سەرەتای ڕقوقینیشی لە من لە کۆبوونەوەکەی کۆمیتەی ناوەندییدا لە سێڵوێ دەرخست. بە درێژایی ئەو ڕێگایە تا گەیشتمە ناوزەنگ هەر بیرم لێئەکردەوە.

کاتێك کە گەیشتمە ناوزەنگ ڕووم کردە ئەو ژوورەی بۆیان تەرخان کردبووین ، تەنیا هاوڕێ ئەبوسەرباز لەوێ بوو و وتی هاوڕێ کەریم لای مام جەلالە.

چووم بۆ لای ، بەیەکەوە دانیشتبوون ، هەردووکیان بەخێرهاتنەوەیان لێکردم و وتم هاوڕێ کەریم ، هاوڕێ ئەبوفاروقم بینی لە ڕاژان میوانی حدك بوو ، لەوێ پێی ڕاگەیاندم کە کۆمیتەی ناوەندیی کۆئەبێتەوە و ئەگەر بتوانن لەگەڵ هاوڕێ ئەبوسەربازدا بەشداری ئەو کۆبوونەوەیە ببن ، (لەوێدا باسی دەرکردنی بەیانەکەی ئەو ئێوارەیەم نەکرد) ، مام جەلال وتی مامۆستا کەریم سبەینێ بەیانی هەرسێکتان بەڕێ ئەکەین ، فەرموون بڕۆنەوە ئامادەی کۆبوونەوەی خۆتان ببن و سبەینێ گیراوەکانیش بەرئەدەین.

لەگەڵ هاوڕێ کەریم هاتینە دەرەوە بەرەو ژوورەکەی خۆمان و لە ڕێگا وتی زوو هاتیتەوە ، وتم بەڵێ با دابنیشین بۆتان باس ئەکەم ، ئیتر کە دانیشتین ئەوەی لە نێوان من و ئەبوفاروقدا ڕووی دابوو هەروەها لە دانیشتنەکەی لەگەڵ کاك مەسعود و مەکتەبی سیاسی پدك دا ، هەرچی هەبوو باسم کرد و لە بنی هەمانەکەم دا ، وتم

ئیتر ئەبوفاروق چی ئەکات با بیکات چونکە ئەزانم ئیتر لە ژیانی حیزبییمدا بە دەست ئەبوفاروقەوە ئارامیی بە خۆمەوە نابینم. وتم ئەزانم پشتی ئەستورە و کەس موحاسەبەی ناکات و هیچی بەسەر نایەت و هەر ئەمێنێتەوە و توشی زیانی زۆر خراپتریشمان ئەکات ، وتم ئەمشەویش لە ئیستگەکەی پارتییەوە بەیانی مەکتەبی سیاسی ئەخوێنرێتەوە لەسەر پشتئاشان.

پێموتن داوام لە ئەبوفاروق کرد یەك ڕۆژ ئەو بەیانە دوابخات ، لەبەر ئەو 42 گیراوانەمان ، بەڵام وتی ئەگەر هەر هەمووشتان لەناوبچن ئەمشەو ئەو بەیانە هەر ئەخوێنرێتەوە! وای لێتێگەیشتم کە ئەگەر بۆ چەند کاژێرێکیش بێت وەستاندنی ئەو بەیانەی لەدەستدا نیە چونکە پارتی ئەیەوێت بڵاوبکرێتەوە ، جا نایەوێت بڵێت دەسەڵاتی وەستاندنیم نیە ، بۆیە تکا و داوای من لە ئەبوفاروق ، لەو بارەیەوە بێسود بوو.

کاژێرێکی پێنەچوو مولازم عومەر هات بۆ لامان و وتی ئێستا بەیانی حیزبتان لە ئیستگەی پارتییەوە بڵاوکرایەوە ، هەر ئەوەندەی وت و پاش ماوەیەك خواحافیزیی لێکردین.

بۆ بەیانیی مام جەلال وتی لەگەڵ ئەوەشدا ئەمشەو حیزبتان بەیانی خۆی بڵاوکردەوە ئێوە فەرموون بڕۆنەوە و دواییش برادەرانتان بەرئەدەین ، بەڵام لە ڕاستییدا بە بیستنی ئەو بەیانە بەریان نەدان و ئازارێکی زۆریان دابوون و ماوەیەکی زۆر بە دیلیی مانەوە و لە پاش سوکایەتی و ڕەزالەتێکی زۆر بە چەند وەجبەیەك بەریاندان.

# دەمانچەکەی مام جەلال

مام جەلال دوو دەمانچەی دا بە هاوڕێ کەریم و ئەبوسەرباز پێیان بێت بۆ ڕێگا و لەگەڵ مەفرەزەیەك ئێمەیان گەیاندە سەردەشت ، لە نزیك سەردەشت هاوڕێ کەریم وتی با ئەم دەمانچەیەت پێبێت تا ئەگەینە جێی خۆمان و دەمانچەکەی تر درایەوە بە مەفرەزەکە.

ئەو دەمانچەیەش کرا بە خاڵێکی ڕەش لەسەرم لەلایەن ئەبوفاروقەوە و گوایە من دەمانچەم لە مام جەلال وەرگرتووە. ئەمە بوختانێکی ناڕەوابوو ، ئیتر هاوڕێ کەریم و ئەبوسەرباز چەند باسیان کرد وانیە ، هەر بێسود بوو ، قسەی ئەبوفاروق ڕەواجی هەبوو.

لەپاش 14 ساڵ بەسەر ئەم بوختانە هەڵبەستراوەدا لە کۆنفرانسێکی حیزبییدا لە هاوینی1997دا لە ستۆکهۆڵم باسکرایەوە ، بەڵام هاوڕێ ئەبوسەرباز کاری ڕاست بێت ڕونیکردەوە کە ئەبوشوان دەمانچەی لە مام جەلال وەرنەگرتووە ، بەڵکوو ئەوە هاوڕێ کەریم و ئەبوسەرباز بوون کە لە مام جەلالەوە دوو دەمانچەیان پێدرابوو ، نەك ئەو. ئیتر لە دوای ئەوەندە ساڵ ئەم بوختانە ناڕەوایە وەك هەڵبەستراوەکانی تر پوچەڵ بووەوە.

کێشەیەکی توند و تیژ لە نێوان هاوڕێیانی سەرکردایەتیدا هەبوو ، کارەساتی پشتئاشانیش بواری کێشەکانی فراوانتر و تیژتر کرد و لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی دا لە سێڵوێ بە زەقیی دەرکەوتبوو ، نەئەویسترا لە سەرووترەوە ئەو کێشەیە دابمرکێتەوە و ئەو گیروگرفتانە کۆتایی پێبهێنرێت!

# پشتئاشانی دووەم

شەڕی پشتئاشانی دووەم هەڵگیرسایەوە ، لە سەر بڕیاری کۆبوونەوەی حشع لە سێڵوێ و لەسەر بڕیاری کۆبوونەوەی بەرەی (جود) لە ڕاژان ، بەبێ ئەوەی پەندێك وەرگیرابێت لە شەڕە زیانبەخشەکانی پێشوو ، بەبێ دیراسەیەکی واقیعیی و مەوزوعییانە لە توانا و هێزی (ینك) لە باری مەعنەویی و پۆزی لە خۆباییبونیان لە تێکشکاندنی (حسك ، پاسۆك و حشع)دا لە پشتئاشان.

ئەم سێ لایەنە بریندارە ، دیراسەیەکی واقیعیی بەسەرهاتەکەیان وەك خۆی نەخستە بەردەم کۆبوونەوەکەیان لە ڕاژان و بەتایەبەتیی (پدك) و دیسان هێزەکانی خۆیان ناردەوە بۆ گۆڕەپانی شەڕ بۆ گرتنەوەی ئەو جێگایانەی کە ینك گرتوونی!

(کتوپڕ لە کۆتایی مانگی ئابی 1983 دا هێزەکانی ینك هێرشی بەرفراوانیان کردەوە سەر هێزەکانی (جود) ، پێشەکی بەرزترین لوتکەی شاخی (کونەکۆتر)یان گرتەوە. گشت ئەو پێشمەرگانەی پدك کە ژمارەیان 46 پێشمەرگەبوو بە فەرماندەی حەسۆ میرخان ژاژۆکیی شەهیدکران ، بۆ ڕۆژی 1-9-1983 جارێکی دیکە بە تەواوی (ینك) دەستی بە سەر هەموو ناوچەکەدا گرتەوە ، هێزەکانی (جود) دووچاری شکان و پاشەکشە هاتنەوە ، ژمارەیەکی زۆریش لە هەموو هێزەکە شەهید کران). [26]

لە پێش ئەوەی ئەم پێشمەرگانە بە ناڕەوا تیادابچن! تکام لە ئەبوفاروق کرد کە بەو بێسەروبەریی و پەلەیە بڕیاری شەڕی پشتئاشانی دووەم نەدەن.

کەواتە کێن ئەوانەی بەرپرسی شەهیدبوونی ئەو پێشمەرگانەن؟ ئەوەی پەیوەندیی بە حیزبمانەوە هەبێت ، ئەوانەن کە بێپشوو لەم شەڕی دۆڕاوەوە ئەچن بۆ ئەو شەڕی دۆڕاوتر! !

ئەوانەی لە کۆبوونەوەی سێڵوێ دا کە پەیمانی شەڕی پشتئاشانی دووەمیان مۆرکرد و لە سەروو هەموویانەوە (ئەبوفاروق ـ عومەری مامە شێخە) ، کاك فاتح ڕەسوڵ و

هاوڕێکانیان ، بەو خوێنڕشتنە نارەوایە ، بەو تێکشکانە یەك لە دوای یەکانە بەدەست (ینك)وە ، ئەبووایە دادگایی خۆیان بکردایە و وازیان لە ڕێبەرێتی خۆیان بهێنایە و لە ماڵی خۆیان دابنیشتنایە و چی تر سەرکردایەتی شەڕ و ڕووداوی تێکشکاو و دۆڕاویان نەکردایە!

# هەڵسەنگاندن

ئەگەر لەپاش ڕووداوەکەی پشتئاشان هەڵسەنگاندنێکی بابەتییانەی ئەو تێکشکانە بکرایە ، سودبەخش ئەبوو ، نەك هەر بەتایبەتیی بۆ حیزبمان ، بەڵکوو بە گشتییش بۆ بەرەی جود و یەکیەتیش و پشتئاشانی دووەم دروست نەئەبوو ، دووبارە ئێمەش و پارتییش و لایەنەکانی تریش تێکنەئەشکاین ، بەتایبەتیی پارتی ئەو زیانە گیانییە دڵتەزێنەی لێ نەئەکەوت و حیزبیش دووبارە نەیئەدۆڕاند و ژمارەی شەهیدەکانمان نەئەبووە نزیکەی 90 شەهید و شەڕیش 3 ساڵی تری نەئەخایاند و یەکیەتی نیشتمانییش هەروەك خۆی مایەوە و نە تۆڵەی لێسەنرا و نە لەناویشبرا.

لە ڕاژان (لە بارەگای پارتی) زۆرم لەگەڵ ئەبوفاروق وت و تکام لێکرد کە پشتئاشانێکی دووەممان بۆ دروست نەکاتەوە و بەم بێسەروبەرییەمان سەرکەوتن بەدەست ناهێنین!

بەداخەوە هەڵسەنگاندنی پشتئاشانی دووەمیش نەکرا و تا ئەمرۆش هەر نەکراوە! لە کۆنگرەی چوارەمی حیزبدا لە ساڵی 1985 دا لە گەلی ڕەش لە گوندی ئارموش باسی پشتئاشان نەهاتە ئاراوە! لە کۆنگرەی دووەمی هەرێم و یەکەم و دووەمی حشك یشدا هەر بەو جۆرە ، لە کۆنگرەی پێنجەم و شەشەمی حشع و تەواوی کۆنفرانس و کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندییدا بەسەرهاتی پشتئاشان ناوی نەبووە و هیچ هەڵوێستێك ئاشکرا نەکراوە لە بەرپرسیارانی ئەو مەرگەسات و ماڵوێرانییە و تا

ئێستاش لێكۆڵینەوە نەكراوە.

لەدوای ڕاپەڕینە شكۆدارەكەی گەلی كوردستان لە بەهاری 1991 دا هەڵبژاردنی پەرلەمان هاتە ئاراوە و بەداخەوە هەمان سەركردەكانمان لە كارەساتەكانی پشتئاشاندا ، بوونە سەركردایەتی هەڵبژاردنەكە بۆ مسۆگەركردنی ژمارەیەك لە كەسانی خۆشەویست و ناودار بۆ پەرلەمانی هەرێم ، هەرچەندە ساختە و فرۆفێڵی زۆر كرا لە هەڵبژاردنەكەدا بەڵام بەداخەوە نەیانتوانی تاكە نوێنەرێكیش بگەیەننە پەرلەمان!

ئەبووایە هەر هیچ نەبێت بەرپرسیاران لەو نوشستییە بەرپرسیاریی خۆیان هەڵبسەنگاندایە و لێكۆڵینەوەیەك بكرایە!

ئەگەر كار وا بڕوات ئەوا بێگومانە كە لە هەڵبژاردنی ئایندەدا هەمان نوشستیی دووبارە و چەندبارەش ئەبێتەوە ، بەتایبەتیی كە ئێستا بارودۆخی كوردستان و ناوچەكە هێجگار ئاڵۆز بووەتەوە ، واتە دیزە بە دەرخۆنەكردنی كارەساتی یەكەم و دووەمی پشتئاشان و تێكشكانی خۆرنەوەزان و زیانی شەڕی بەردەوامی ناعادیلانەی براكوژیی سێ ساڵی تری دوای پشتئاشان و پاشەكشە بێسەروبەرە زیانبەخشەكەی 16-8-1988ی خواكوڕك و هەڵهاتنە پڕ شەرمەزارییەكەی بارزان بەڕابەرایەتی كاك فاتح ڕەسوڵ (سكرتێری هەرێمی كوردستان) لە بارزانەوە بەرەو ناوچەی كافێ بە هەڕەشەیەكی شێخ خالید بارزانیی لە 3-8-1985 دا.

ئەمە دەقی هەڕەشەنامە و بڕیاری هەڵهاتنە ئابڕووبەرەكەیە:

هەڕەشەنامەكەی خالید بارزانیی:

**جاء الحق و زهق الباطل ان الباطل كان زهوقا**

**الى: الشيوعيين الكفرة**

**ان ارض بارزان الطاهرة لايمكن ان تكون ملاذا للكفر والملحدين ، ننذركم باخلاء مناطق بارزان خلال ستة ايام والا فان جحافل الأسلام جاهزة لاخراجكم منها بالقوة.**

**وقد اعذر من انذر**
**رحمان رضائي شيخ خالد بارزاني**

ئەمەش دەقی نوسینەکەی کاك فاتحە لەسەر هەڕەشەکەی خالید ، پێش ئەوەی ماوەی ئینزارەکە تەواو ببێت ، ناوچەکەیان بە پەلە بەجێهێشت:

(بە ناچاری بڕیارمان وەرگرت بەبێ وەستان بکەوینە گواستنەوە و کۆچ کردن. پێشمەرگەکانی مەڵبەندەکە بۆ ناوچەی (زێبار)یەکان ، دەوروبەری گوندی کافێ ، کەوتینە بەکرێ گرتنی دەیان هێستر لە فەلاح و دانیشتوانی گوندەکانی زێباریەکان ، بە ماندوبوون و شەکەتی و سەر هێشە و زیانی زۆر لە ماوەی شەش ڕۆژ ناوچەی بارزانمان بە جێهێشت! بەتەك ئەو دەرکردن وسوکایەتییەی پێمان کرا...).(27)

ئەم هەڵهاتنەش بەو پەلە و ترس و لەرزەوە جێی سەرسوڕمان نیە چونکە زنجیرەی هەڵهاتن و تێکشکانەکانی هەردوو پشتئاشانەکەیە و بەدەستەوەدانی خۆرنەوەزان و دواتریش هەڵهاتنە پڕ شەرمەزارییەکەی خواکوڕك و نیمچە ئاشبەتاڵەکەی پاییزی 1988 و هەروەها سەرنەکەوتن لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێم لە ساڵی 1992 دا و هەڵبژادنی شارەوانییەکان لە 3-2-2000 دا لە سلێمانیی و هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی هەولێر و شکستی هەڵبژاردنی تەواوی ڕێکخراوە پیشەییەکان ، بوونەتە زنجیرەیەك نوشستیی و ئەگەر گۆڕانکاریی بنچینەیی لە حیزبدا نەکرێت ئەوا لە داهاتووشدا ئەڵقەکانی ئەم زنجیرەیە زیادتر ئەبن.

تا ئێستا تاکە لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنێك لە حیزبەوە نەکراوە و دەرسێکیش لەو هەمووو تێکشکان و داکەوتنانە وەرنەگیراوە.

# نمونه

لێرەدا ئەمەوێت لە ڕووداوێك بدوێم كە كەم یان زۆر پەیوەندیی بە كاری هەڵسەنگاندن و لێكۆڵینەوە و سزادانی بەرپرسیارانی كارەسات و نوشستییەوە هەیە ، تەنیا لەم ڕوانگەیەوە و بەس.

لەسەرەتای ساڵی 1998 دا ڕۆژێك لە میسر 68 گەشتیار (توریست) بە دەستی ئیسلامییەكان كوژران ، (هەمان ژمارەی شەهیدەكانی پشتئاشان!).

ئەم كارەساتە كەم نەبوو ، ئەبێت بیری وردی لێبكرێتەوە بۆ ئەوەی لە ئایندەدا ڕوونەداتەوە یان هەر هیچ نەبێت ئەگەر ڕووشیدایەوە ، سوكتر و زیانی كەمتر بێت.

حوسنی موبارەك سەرۆكی حكومەتی میسر وا بیری نەكردەوە كە هەر تەنیا ئیسلامییەكان تاوانبارن لەو كارەساتەدا و بەس ، بەڵكوو وەزیری ناوخۆی دەركرد ، لەگەڵ هەموو دەستوپێوەندەكانی و لێپرسراوە بەرزەكانی ئەمن و ئاساییش و دران بە دادگا و سزادران! لەبەرئەوەی كە بەگوێرەی پێویست وریا و هۆشیار نەبوون و كەمتەرخەمییان كردووە لەو ئەرك و كارانەی لە ئەستۆیاندا بووە بۆ پاراستنی ئاسایشی ئەو ناوچە گەشتوگوزارییانە ، ئەگەر هۆشیار بوونایە ئەو ڕووداوە بەو جۆرە ڕووی نەئەدا.

حوسنی موبارەك دەستی نەخستە سەرشانی وەزیرەكەی كە بەرپرسیاری یەكەمە لەو كارەدا و پایەی بەرز نەكردەوە ، هەروەك گوناهبار نەبێت لە بەشێكی ئەو ڕووداوەدا.

لەوانەیە حوسنی موبارەك دەرسێكی لە زەمانەوە وەرگرتبێت و بیری لەوە كردووەتەوە كە ئەگەر ئەو لێپرسراوانە نەدرێن بە دادگا ئەوا ئیتر لە داهاتوودا زنجیرەیەك لەو ڕوودا و كارەساتانە بەرۆكیان ئەگرن ، لەوانەیە خۆشی بەرپرسیار بێت ، بەڵام ئەوەی نەكردایە ئەوەندەی تر بەرپرسیارتر ئەبوو.

لای ئێمەش لەجیاتی لێپرسینەوە لە كەمترخەمیی لێپرسراوی عەسكەریی (لەو

نەهامەتییەی پشتئاشان) ، لەلایەن سکرتێری گشتیی حیزبەوە ، کەچی بەرپرسی یەکەمی ئەو نوشستییە کە سکرتێری مەکتەبی عەسکەریی بوو ، لە پاش 23 ڕۆژ بەسەر ڕووداوە سەرگەردانییەکەی پشتئاشاندا کە هێشتا چلەی شەهیدەکانمان نەچووبوو!! لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندییدا لە سێڵوێ لە 24-5-1983 دا بەرزکرایەوە و کرا بە جێگری سکرتێری گشتیی حیزب!!!

سکرتێری گشتییش وەك حوسنی موبارەکی نەکرد تا لە داهاتوودا کارەسات ڕوونەدات و بەربەستبکرێت! بەڵکوو گوێی خۆی لێ خەفان ، ئەوەش ئەنجامەکەیەتی کە بە واقیع ئەیبینین و درۆێنەی بەرهەمی تێکشکانی لە دوای تێکشکان ئەکەین!

# خۆزگە

خۆزگە هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوە و هەڵوێستێك لەسەر پشتئاشانی یەکەم بکرایە تا توشی کارەساتی پشتئاشانی دووەم و سێ ساڵی تری شەڕی بەردەوامی براکوژیی و ئەو زنجیرە تێکشکانانە نەبووینایە. بێگومان ئەگەر سەرکردەکانی پشتئاشان وریا و هۆشیار بوونایە ، ئەوا پشتئاشان ئەبوو بە گۆڕستانێك بۆ هێرشکەران و پەلاماردەران.

ئەڵێم ، خۆزگە سەرکردەی شۆرشگێڕمان لە سەرکردەی شۆڕش (گێڕکەر) جیابکردایەتەوە.

# نوسین لەسەر پشتئاشان

بەداخەوە ئەوانەی لەسەر ڕووداوەکەی پشتئاشان نوسیویانە و لە کتێب و بیرەوەرییەکانیاندا باسی ئەکەن ، بە مەبەستی لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاند و بە بابەتییانە نەچوونەتە ناو باسەکەوە کە خوێنەر سودی لێوەربگرێت و بۆ

لێپرسراوانیش تاقیکردنەوەیەکی تاڵ بێت ، واتە ئەوەی هەڵـە و تاوانە دووبارە نەبێتەوە لـە داهاتوودا و نەفرەت لـە هەموو شەڕێکی براکوژیی و ناوخۆیی و لاوەکی بکەن. ئەبووایە لـێدوانەکانیان واقیعیی و بابەتییانە بووایە و بە بوێرییەوە ڕووداوەکانیان شیبکردایەتەوە ، دور لـە چاوپۆشیی لـە کەموکوڕیی ، بەتایبەتیی هەندێك لـەو کەسانە خۆیان لـەناو ڕووداوەکاندا بوون و لـێپرسراو بوون و هەندێکیان سەرکردەی لـەشکر بوون لـە هێرش و پەلامارەکانیاندا بۆ لـەناوبردنی ئەو هاوسەنگەرانەی کە تا دوێنێ بوو ، برادەری یەکتر بوون لـە تێکۆشانی چەکدارییدا دژ بە دوژمنە سەرسەختەکەیان کە ڕژێمی بەعس بوو.

ئەبووایە لـە نوسینەکانیاندا باسی هۆیەکانی ئەو شەڕ و بەیەکدادانانەیان بکردایە و لـە خۆیان بپرسیایە بۆچی لـەو بارودۆخەدا شەڕی نێوان بەرەی جود و یەکیەتی دروست بوو؟

ئایا :

– شەڕی پاوانخوازیی و خۆسەپاندن بوو؟

– شەڕێکی ئایدیۆلـۆجیی و جیاوازیی چینایەتی بوو؟

– شەڕێك بوو کە بەعسی دوژمن هەڵـیگیرساندبوو بۆ بەرژەوەندی خۆی؟

– کارێکی ساویلـکە و بێ بایەخ بوو ، لـە خۆیەوە دروست بوو؟ یان کورد وتەنی "شەڕ بە کۆنە قین ئەکرێت" ، واتە ئەم شەڕە تەواوکەری شەڕەکانی 66 و 77ی هەکاریی و ئەوانی تر بوو.

ئەبووایە بیاننوسیایە کە ئەو شەڕە هەر لـە سەرەتاوە شەڕێکی ناعادیلانە بوو ، بەرپرسیاران مەحکوم بکرانایە ، ئەگەر کەم یان زۆر خۆشیانی بگرتایەتەوە.

بێگومان شەڕی ناڕەوا لـە زیان و ماڵـوێرانیی زیادتر ، دەستکەوتی تیادا بەدی ناکرێت.

ئەو نوسەرانە لـەو ڕووەوە هەگبەکانیان پڕ بوو ، ئەبووایە هەر نەبێت ، بە بوێرییەوە و

بە بابەتییانە هەگبەکانیان هەڵبڕشتایە بۆ مێژوو ، بۆ نەوەکانی داهاتوو.
ئەبووایە زۆر لـە مێژەوە ئەو شەڕە بکرایە بە داستانێك و ئیتر شەڕی تری بەدوادا نەهاتایە.

# ژیلـەمۆی شەڕ

هەر بە هۆی ئەو کەمترخەمیی و بێئەزموونییەشەوە بوو کە ئەو ئاگری شەڕانە نەکوژایەوە و بەداخەوە لـە ساڵـی 1994 دا و لـەو بارودۆخە هێجگار ناسکەی کوردستاندا ، دیسان ئەو ژیلـەمۆیانەی ژێر خۆڵـەمێشەکانی شەڕ بوو کە ئاگری شەڕێکی نوێی هەڵـگیرساند لـە نێوان یەکیەتی و پارتی و هەندێك لـە لایەنەکانی تردا. شەڕێك بە شێوە و وەرچەرخانێکی نوێوە کە لـە مێژووی ئەو 30 ساڵـەی ناکۆکیی نێوانیاندا بەو شێوەیە کوشندە وماڵـوێرانکەر نەبووە و لـە بارو دۆخێکی وا ناسکدا کە نەك هەر لـەو 30 ساڵـەدا ، بەڵـکوو لـە تەواوی مێژووی باشوری کوردستاندا بارودۆخی وا ناسك نەبووە ، گەلی کوردیش تێکرا بە ماڵ و گیانەوە گومرگی ئەو تاوانانە ئەدات.
ئایا نەئەبوو یەکیەتی ئەو پەلامار و هێرشەی نەکردایەتە سەر سەرکردایەتی هەر سێ حیزبەکانی حشع ، حسك و پاسۆك؟ یان ڕێگایەکی تریان بگرتایە بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشانە؟
یان نەئەبوو مام جەلال ئەوەی لـەبەرچاو بگرتایە کە حشع ڕۆڵـێکی نیشتمانیی و هەست بەلـێپرسینەوەی گێڕا بۆ وەستاندنی هێرش و پەلامارەکەی خوالـێخۆشبوو حەسۆ میرخان ژاژۆکیی بۆ گرتنی سەرکردایەتی یەکیەتی لـە ڕۆژی 13-2-1983دا لـە ناوزەنگ؟ واتە دوو مانگ و نیو بەر لـە پەلاماردانەکەی پشتئاشان!
سەرکردایەتی یەکیەتی باش ئەیزانی کە ئەو ڕۆژە پارتی زۆر بە ئاسانیی ئەیتوانی

ناوزەنگ بگرێت ، بەڵام بۆچی نەیانکرد؟

# بۆ مێژوو

لێرەدا ئەمەوێت بۆ مێژوو ڕاستیی ئەو ڕووداوە باس بکەم. من لەگەڵ مەفرەزەیەکماندا لە نۆکان بووم بە کاری حیزبیی ، دەمەو ئێوارەیەکی درەنگ نامەیەکم لە مام جەلالەوە پێگەیشت و نوسیبووی بە گەیشتنی ئەم نامەیە بەڵکوو سبەینێ زوو یەکتر ببینین ، بۆ کارێکی گرنگ و بەپەلە.

بۆ سبەینێ بەیانییەکەی لەگەڵ مام جەلال و جەمال ئاغادا دانیشتین ، مام جەلال وتی ئێوە لێرە نوێنەری حشعن و لایەنێکی بەرەی جودن و لەگەڵ ئێمەشدا هاوپەیمانن بەپێی ئەو ڕێککەوتنە دووقۆڵییەی کە لە نێوانماندا هەیە. ئێستاش زانیومانە کە حدك هێزێکی زۆری هێناوەتە (سەری جاسوسان) لەگەڵ ئەفسەر و پاسدارانی ئێرانیی و بە تۆپ و جبەخانەیەکی زۆرەوە و ئەیانەوێت پەلامارمان بدەن و ناوزەنگ داگیربکەن ، بە کوردییەکەی شەڕمان پێئەفرۆشن ، ئێمەش لەم کاتەدا ئەو هێز و توانایەمان نیە کە بەرگرییان بکەین. پێشنیارم وایە بەڵکوو بتوانیت بە ناوی خۆتانەوە حەسۆ میرخان ژاژۆکیی ببینیت و داوایان لێبکەیت ئەو هێرشە نەکەن و ڕایبگرن.

دوای ئەوەی لەگەڵ جەمال ئاغا لە باسەکەیان بوونەوە ، وتم مام جەلال ، یەکەم: من بەبێ بڕیاری سەرکردایەتی حیزبمان ئەم ئەرکەم پێ ئەنجام نادرێت و دووەمیش: من شارەزای سەری جاسوسان نیم و بەفرەکەش هێجگار زۆر باریوە.

مام جەلال وتی من خۆم بە بێتەل پەیوەندیی ئەکەم بە سەرکردایەتیتانەوە لە پشتئاشان و ئاگاداریان ئەکەم و برادەرێکی شارەزاشتان لەگەڵ ئەنێرین بتانگەیەنێتە جێگای مەبەست.

گەڕامەوە بۆ نۆکان و بروسکەیەکم نارد بۆ مەکتەبی سیاسی لـە پشتئاشان و تیایدا نوسیم مام جەلال داوایەکی وای هەیە ، تکایە ئاگادارمان بکەنەوە ئەو کارە ئەنجام بدەین یان نا؟ هەروەها پێشنیارم کرد کە وا بە باش ئەزانم هاوڕێ مەحمودی فەقێ خدر (لـێپرسراوی سیاسی لـقی پشدەر) بەشدار بێت لـەو ئەرکەدا.

بۆ ئێوارە بروسکەم لـە مەکتەبی سیاسییەوە پێگەیشت و ئەڵێت ئەو کارە ئەنجام بدەن.

بۆ بەیانی 12-2-1983 دووبارە لـەگەڵ مام جەلال دانیشتین و پێمڕاگەیاند کە سەرکردایەتی حیزب ڕازییە بچین بۆ سەری جاسوسان.

جەمال ئاغا وتی ئێمە (محەمەد وەتمان)مان داناوە بتانگەیەنێتە شوێنی پێویست و ئێستا لـە گۆڕەشێر چاوەڕوانتانە.

لـەوەوپێش نامەیەکی بەپەلـەم بۆ هاوڕێ مەحمود نوسیبوو ، داوام لـێکردبوو کە لـەگەڵ دوو هاوڕێی شارەزادا بێن بۆ نۆکان بۆ ئەو مەبەستە ، بە گەیشتنی نامەکەم هاوڕێ مەحمود و هاوڕێ سەلـیمە سوری لـێپرسراوی عەسکەریی لـقی پشدەر و هاوڕێ هەمزە سور گەیشتن.

لـە گۆڕەشێر بە براکەی محەمەد وەتماندا لـەگەڵ هاوڕێ مەحمود ، نامەیەکمان نارد بۆ خوالـێخۆشبوو حەسۆ میرخان ژاژۆکیی و نوسیمان ئێمە نوێنەری حیزبی شیوعین لـە ناوچەکەدا و ئەمانەوێت یەکتر ببینین ، وەڵامی داینەوە فەرموون وەرن.

ئەوەندە زۆر بەفر باریبوو هەر کەسانی شارەزای ناوچەکە ئەیانتوانی سەر لـە ڕێگاکە دەربکەن .

گەیشتینە سەری جاسوسان ، ڕێکەوتی 13-2-1983 بوو ، ئەوەی مام جەلال وتی ڕاست بوو ، حەسۆ میرخان پێشمەرگەیەکی زۆری لـەگەڵـدا بوو ، تۆپێکی زۆریان دابەستبوو ، چادرێکی زۆریان لـەناو بەفرەکەدا هەڵـدابوو ، ڕەشەبایەکی بەهێزیش هەڵـیکردبوو ، چادرەکانی وەك جۆلانە ئەهێنا و ئەبرد ، ئەوەندەش سارد بوو زۆر بە

زەحمەت ئەمانتوانی لەگەڵ یەکتر بدوێین.
پێموت ئێمە نوێنەری حیزبی شیوعین ، وا دەرئەکەوێت کە ئەتانەوێت پەلاماری ناوزەنگ بدەن! ئێمەش لە نۆکانین ، واتە هێرشەکەتان بۆ سەر ئێمەشە ، لە کاتێکدا کە هەردوولامان لە بەرەی جود داین. هەروەها ئێمە لەگەڵ یەکیەتیش هاوپەیمانین ، لەبەرئەوە پێشنیار ئەکەین ئەو هێرشەتان ڕابگرن تا سەرکردایەتی هەردوولامان یەکتر ئەبینن ، هەر نەبێت بۆ سێ ڕۆژ ڕایبگرن.
لەپێش ئەوەی وەڵامم بداتەوە وتی ئێوە نوێنەری حیزبی شیوعین ئەی ئەوانی تر کێن؟ وتمان ئەوە کاك محەمەد وەتمانە ، یەکیەتییە ، وتی بۆچی هاتووە؟ وتمان تەنیا بۆ شارەزایی ڕێگا لەگەڵمان هاتووە ، ڕێپیشاندەرمانە ، ئیتر بێدەنگ بوو.
لەپاشان وتی بەخێربێن ، ئێمە ئەمانەوێت بڕۆین بۆ بەری قەڵادزێ.
وتمان فەرموون لە ڕێگای (سونێ) وە بڕۆن ، ئێمە بنکە و بارەگامان لەوێ هەیە و لە خزمەتگوزارییتاندایین ، وتی نەخێر ئێمە بە ناوزەنگدا تێئەپەڕین.
ئیتر ئێمە زانیمان نەخشەیان گرتنی ناوزەنگە ، دووبارە کەوتینەوە گفتوگۆ لەگەڵیاندا و زۆر هەوڵماندا قەناعەتی پێبکەین ، لە ئەنجامدا پێشنیارەکەی ئێمەیان پەسەند کرد و وتیان ئێمە پەیوەندیی بە سەرکردایەتی خۆمانەوە ئەکەین و ئەو پێشنیارانەی ئێوەیان پێڕائەگەیەنین.
ئێمە گەیشتینە ئەو باوەڕەی کە هێرشەکەیان ڕائەگرن بۆیە ئیتر گەڕاینەوە بۆ ناوزەنگ و خۆمان بە سەرکەوتوو دانا لە وەستاندنی ئەو کارەساتەدا. لەگەڵ هاوڕێیان مەحمودی فەقێ خدر و سەلیمە سور و هەمزە سور لە گەڕانەوەماندا لەسەری جاسوسان بەرەو ناوزەنگ و نۆکان لە نزیك دێی زەڵێ توشی چوار کەسی شاریی بووین کە چەند پێشمەرگەیەکی یەکیەتی لە پشت و پێشیانەوە بوون.
یەکێك لە چوار کەسەکە بە زمانی عەرەبیی ماندوونەبوونیان لێکردین و پرسیاریان لێکردین کە پێشمەرگەی کێین! وەڵاممان دانەوە کە پێشمەرگەی حیزبی شیوعین.

وتمان ئەی ئێوە چ کارەن؟ وتیان ئێمە وەفدی ڕێکخراوی فەلـەستینیین و میوانی بەڕێز مام جەلال بووین. ئێمە کەوتینە گومانەوە چونکە بە دیالـێکتە عەرەبییەکەیاندا دیار بوو کە فەلـەستینیی نین! پێمان وتن لـەوە ئەچێت کە ئێوە عێراقیی بن! ئیتر بەفرەکە ئەوەندە ئەباری و ڕۆژەکەشی ئەوەندە سارد و توش بوو ڕێگاکەش تەنیا ڕێچکەیەکی باریك و هەڵدێر بوو ئەیڕوانی بە دیوی ڕوبارەکەی نۆکاندا ، کاروانچییەکانیش بە وڵاخەکانیانەوە وەستابوون و چاوەڕوانی ئێمەیان ئەکرد تولـە ڕێگەکەیان بۆ چۆڵ بکەین ، لـەوەندە زیادتر نەئەتوانرا درێژە بە قسەکانمان بدەین.

دیاربوو ئەوانیش لـە خوایان ئەویست کە چرکەیەك زووتر وازیان لـێبهێنین و ئاشکرا نەبن ، دیارە پەلـەشیان بوو کە زوو بگەنەوە قەڵادزێ ، ئیتر لـە یەکتر دابڕاین.

لـە دانیشتنەکەماندا لـەگەڵ کاك جەمال حەکیم ، ئەم هەواڵـەشمان پێڕاگەیاند ، کاك جەمال کەمێك سەری بەرزکردەوە و تەزبیحە ئەبڵـەقەکەی بە هەردوو لـەپی دەستی هەڵگڵۆفی و وتی: ئا..ئا.. ئەوانە نوێنەری بەڕێز یاسر عەرەفات بوون و بۆ لای بەڕێز مام جەلال هاتبوون.

ئێمەش پێمان وت جەمال ئاغا (خوات بێ)! ئەوانە عێراقیی بوون! ئیتر جەمال ئاغا قسەکەی بە ئێمە بڕی ، تا لـەوە زیادتر ئیحراج نەبێت! وتی برادەرینە با بێینەوە سەر باسی ئەرکەکەتان لـە ڕۆیشتنەکەتاندا ، وەك باسی ئەکەن سەرکەوتنێکی گەورەتان بۆ ئێمە ڕەخساند ، پێخۆشحاڵـین بەم هەڵـوێستە پڕ لـە دڵـسۆزییەی ئێوە و حیزبەکەتان.

بینینی ئەو بەعسیانە لـەو بارودۆخەدا ، ئێمەی خستە گومانەوە ، لـە ڕاستییدا ئەم پەیوەندییەی ینك و بەعس لـەو کاتە ناسك و ئاڵـۆزەدا بوو کە ینك لـەشەڕێکی دەستەویەخەی خوێناویی دژ بە هێزەکانی بەرەی (جود)ەوە ئالابوو ، ئێمەش

بەوپەڕی دڵپاکیی و دڵسۆزییەوە لە کۆشش و ماندووبوونێکی بێپشوودا بووین بۆیان.

توانیمان هێرش و پەلاماری هێزەکانی پدك بۆ داگیرکردنی بارەگای سەرکردایەتی ینك لە ناوزەنگ ڕابگرین و هەر ئەو سێ ڕۆژە پێشنیارەی ئێمە بوو ، بووە وەستاندنی هێرشەکە و کشانەوەی هێزەکانیان لە سەری جاسوسانەوە بەرەو کونەمشکان ، هەر لەم کاتەشدا حیزبمان لە بەرەیەکی دووقۆڵییدا بوو لە گەڵ ینك دا.

وا دیارە حیزب ئاگاشی لەو جموجوڵە نهێنییەی بەعس و یەکیەتی نیشتمانیی هەبووە و خۆشی لێ بێدەنگ کردووە! بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونە ، نەوشیروان مستەفا ئەڵێت: (ڕۆژی 13ی شوباتی 83 نوێنەرانی حکومەت جارێکی تر هاتنەوە. وەفدی حکومەت هەمان وەفدی پێشوو: ئەبوئەحمەد ، ئەبوعودەی ، ئەبومحەمەد بوو ، ڕێگای سونێ ـ ناوزەنگ بەفر گرتبوی...).[28]

هەروەها ئەڵێت: (ئەو پەیوەندیە لە ڕێگای (حدکا)وە بوو... مام جەلال هەواڵی ئەم کۆبوونەوەیەشی بە نامەیەکی تایبەتی بۆ کریم ئەحمەد نوسی).[29]

دواتر دەرکەوت کە حیزبیشمان هیچ حسابێکی بۆ ئەم ڕووداوە نەکردبوو!

## پێزانین

کاتێك کە لە ناوزەنگ دیل بووین ، مام جەلال ئەو ڕووداوەی باسکرد و وتی مامۆستا کەریم ئەگەر قادر ڕەشید نەبووایە حەسۆ میرخان ژاژۆکیی ناوزەنگی گرتبوو ، ئەو کاتە ژمارەمان نەئەگەیشتە پەنجا کەس ، کاری ڕاست بێت بۆ ئەو کۆششەی و ئەو هێرشەی وەستاند.

پێش ئەوەی هاوڕێ کەریم و ئەبوسەرباز وەڵام بدەنەوە ، من دەستپێشخەرییم کرد و وتم مام جەلال من نەبووم حیزبی شیوعی بوو ئەو کارەی کرد ، ئینجا هەردوو هاوڕێ

ڕووی دەمیان کردە مام جەلال و وتیان جا باشە لەپاش دوو مانگ و نیو بەسەر ئەو هاوکارییەی حیزبماندا بۆ ڕزگارکردنی ئێوە! ئەمە پاداشتتان بوو! ئاوا چاکەتان داینەوە! ئایا ئەمەیە پێزانیی ئێوە؟ هەموو برادەرێکمان وەك هاوڕێ قادر ڕەشید دڵسۆزن و ئامادەن بۆ ئەنجامدانی بڕیاری حیزبەکەیان و کاری نیشتمانیی و ئاشتیی و تەبایی.

لە کاتێکدا ئەم وەڵامەیان دایەوە کە هەستکرا مام جەلال لە سەرەتادا ئەم باسەی هێنایە پێش هەروەك پێزانینێك ، بەڵام لە ڕاستییدا ئەو وەك بەراوردێك باسی کرد و بێئەوەی ناوی کەس ببات ، مەبەستیشی ناڕەزایی بوو لە هەڵوێستی هاوڕێ ئەبوسەرباز بەرامبەریان کە لە ڕۆژی 30-4-1983 دا هاوڕێ ئەبوسەرباز نامەیەکی بۆ هاوڕێ شەهید ڕەسوڵە سور نوسیبوو دەربارەی یەکیەتی.

ئەو نامەیە کەوتبووە دەست مام جەلال ، ئیتر بەلای یەکیەتییەوە شەڕی پشتئاشان لە لایەك و ناوەڕۆکی ئەو نامەیەش لە لایەك ، ئەبوسەربازیش هەستی بەوە کردبوو کە یەکیەتی زۆر بە داخە لێی ، وای بیر ئەکردەوە کە لەوانەیە بەرینەدەن! ئەم دیاردەیە لە کۆبوونەوەکانماندا لەگەڵ مام جەلال زۆر بە زەقیی هەستی پێئەکرا.

# چەواشەکردن

دەربارەی وەستاندنی هێرشەکەی حەسۆ میرخان ، فاتح ڕەسوڵ و نەوشیروان مستەفا بە هەمان شێوە لە کتێبەکانیاندا بە چەواشەیی باسیان کردووە ، گوایە یەکیەتی خۆی دەوری گێڕاوە لە ڕێگەی محەمەد وەتمانەوە! فەرماندەی تیپی 61 ی یەکیەتی.

ئەو نامە و نامەکارییە لە نێوان خوالێخۆشبوو حەسۆ میرخان و محەمەد وەتماندا بە مێژووی 10-2-1983 ڕاست نیە ، بەڵکوو دروستکراوە و بە دەستخەتی خۆیان

نەنوسراون و ئەو مێژووەش ناگونجێت لەگەڵ مێژووی دانیشتنەکەی ئێمە لەگەڵ حەسۆ میرخان ژاژۆکیی لە 13-2-1982.

بەگوێرەی ئەم دوو نوسەرە و لێدوان و نوسینەکانیان ئەوە ئەگەیەنێت کە وەفدی حشع لە ڕاپەڕاندنی ئەو کارەدا پاشکۆی وەفدی یەکیەتی بووە بە سەرۆکایەتی محەمەد وەتمان!

ئەو نامە دروستکراوانەش سەد لە سەد وەك یەك نوسراون لە کتێبی (پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن)ی نەوشیروان ، لاپەڕە 416 و 417 ، هەروەها لە کتێبی (چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد ـ بەرگی سێهەم)ی فاتح ڕەسوڵ ، لاپەڕە 227 و 228 کە لە کاتێکدا ئەم کتێبەی فاتح ڕەسوڵ سێ ساڵ بەرلە کتێبەکەی نەوشیروان بڵاوکراوەتەوە!!!

هەروەها هەردووکیان دووبارە بە هەمان شێوە لە کتێبەکانیاندا نامەیەك بە ناوی کاك مەسعودەوە بڵاوئەکەنەوە کە بە دەستخەتی خۆی نوسیویەتی بۆ حەسۆ میرخان ، هەر وەك لە کتێبەکانیاندا هاتووە:

برای عزیز حسو میرخان ژاژوکی

پاش سلاو کاغزا تە گەشتە من وە هەرچیا تە نفس من زانی بە هیچ شیوەیەکی حق نەبو هنگ دگەل ئەوان دانیشن قەیدی نەبو أبو شوان و محمود ئەمما ئەوی دی ئەم رازیی نەبوینە وە مە بروسکەش کربو کە نابی دگەل وان دانیشن ، ئایە چەوا تەڤ دانیشتن بویە.. ..) مسعود بارزانیی بروارى 28-2-1983.

ئەگەر لێرەدا مەبەستی کاك مەسعود لە (ئەوی دی) محەمەد وەتمانە لە ڕاستییدا ئەم بە ناوی نوێنەری یەکیەتییەوە نەهاتبوو ، بەڵکوو وەك شارەزایەکی ڕێگا ، ڕێپیشاندەرێك هاتبوو لەگەڵمان! (مام جەلال ئەو ڕاستییە باش ئەزانێت) ، خۆ ئەگەر یەکیەتی ناردبێتی بەو مەبەستەش کە لە نزیکەوە دەنگوباسی دانیشتنەکەمان بزانێت! ئەوا ئەوەیان پەیوەندیی بە ئێمەوە نەبووە ، لەوانەشە کە حەسۆ میرخان

لە بروسکەکانیدا بۆ سەرکردایەتی خۆیان نوسیبێتی کە ئەو برادەرەش یەکیەتییە و لەگەڵ وەفدەکەی حیزبی شیوعی هاتووە.

لەوانەیە بۆ کاك مەسعودیشی نەنوسیوە کە ئەو وەك شارەزایەکی ڕێگا هاتووە ، بۆیە کاك مەسعود نامەکەی بەو شێوەیە نوسیوە.

نەوشیروان ئەڵێت: (کاتێك حەسۆ میرخان ژاژۆکی و عبدالرحیم جسیم کوژران لە کونەکۆتر لە شەڕی پشتئاشانی دووەمدا هەندێ نامەی ئیدریس و مەسعود و کەسانی ترمان لە هەگبەکەیدا دەرهێنا).[30]

سەیرە .. یەکیەتی ئەو نامانەی گرتووە ، کەچی لە کتێبەکەی فاتح ڕەسوڵ دا بڵاوکراونەتەوە و سێ ساڵیش بەرلە بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی نەوشیروان!!!

جگە لەوەش بەو نامە دروستکراوانەی کە گوایە محمەد وەتمان بۆ حەسۆ میرخانی نوسیوە! ویستوویانە بە حساب و بۆچوونی خۆیان ڕۆڵی حیزبی شیوعی لەو کارە نیشتمانیی و دڵسۆزییەدا بشارنەوە و خوێنەر چەواشە بکەن!

وتمان کاك فاتح بەبێ بڕیار و ئاگاداریی سەرکردایەتی حیزب ، خۆی کردووەتە ئەرشیڤی حیزب! ئەی چۆن بوو بە ئەرشیڤی یەکیەتی نیشتمانیی و حیزبەکانی تری بەرەی جود و ئەو نامە نهێنییانە بڵاوئەکاتەوە کە تەنیا دەست یەکیەتی کەوتوون و ئەو کاتەش یەکیەتی لە شەڕدا بوو لەگەڵ تەواوی لایەنەکانی کوردستاندا؟

## نایانەوێت

نوسین و هەڵوێستی ئەم دوو نوسەرە دەربارەی ئەو ڕووداوە ، زۆر جیاوازە لەگەڵ هەڵوێست و پێزانینی مام جەلال ، لەوە ئەچێت کە ئەمان نەیانزانیوە ، یان نایانەوێت بزانن کە مام جەلال داوای لە حیزبی شیوعی کردبوو بەپەلە بکەونە

نێوانیانەوە و هەوڵی وەستاندنی نەخشەی داگیرکردنی سەرکردایەتی یەکیەتی لەلایەن هێزەکانی حەسۆ میرخانەوە بوەستێنن.

کارێکی ئاسان نیە بۆ ئەو دوو نوسەرە و کەسانی دوای ئەوانیش کە بتوانن بەو ئاسانییەی ئەیانەوێت ڕووداوێکی مێژوویی و واقیعیی سەردەمێکی نزیك بشێوێنن و خوێنەریش چەواشەبکەن کە هێشتا زیادتر لە 15 ساڵ تێنەپەڕیوە بەسەر ڕووداوەکەدا.

هەر نەبێت ئێمە و سەدانی تر کە لەناو ڕووداوەکەدا بووین هێشتا لە ژیانداین.

# کشانەوە لە سەری جاسوسان

ئەوەش کە ئەبێت بە ئینسافەوە بوترێت ئەوەیە کە هێزەکەی پارتی لە سەری جاسوسان ئەو هێرشەی خۆیان ڕاگرت ، لە ئەنجامی سەرما و سۆڵە و ڕەهێڵەی بەفر و زریانەوە نەبوو! هەروەها لە ئەنجامی کۆششی کەسانی سەربە یەکیەتی نەبوو.

لەبەرئەوەش نەبوو کە نەیانئەتوانی ناوزەنگ بگرن ، هەروەك ئەو دوو نوسەرە باسی ئەکەن! بەڵکوو لە ئەنجامی هەوڵ و تەقەلای حیزبی شیوعییەوە بوو.

لەوانەشە دۆستانی پارتیش لە دەرەوەی وڵات کاریگەرییەکیان هەبوو بێت ، دوریش نیە ئەوەش لەسەر داوای مام جەلال بووبێت! ئەو هەڵوێستەی پارتی لەو داواکردن و پێشنیارانەی حیزبمان بۆ ئەو کارە و بەدەنگەوەهاتنیان بۆ ئەو بانگەوازەمان ، جێی سوپاس و پێزانین بوو.

# ئەبووایە

ئەبووایە یەکیەتیش ئەو هەڵوێستەی پارتی بە ئیجابیی وەربگرتایە و بە پێزانینەوە سەیری کۆششی حیزبی شیوعییان بکردایە کە یارمەتییان دان لـە تەنگانەدا و بەبێ خوێنڕشتن هێرشێکیان ڕاگرت کە لـەوانەیە ببووایە بە گەورەترین کارەسات.
ئەبووایە سودێکیان لـەوە وەربگرتایە و بەدوای ڕێگەیەکی تردا بگەڕانایە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان خۆیان و بەرەی جود و لـە پاش دوو مانگ و نیو پەلاماری پشتئاشانیان نەدایە و ئەو هێرشەیان ڕابگرتایە. هەروەك سەرکردایەتی پارتی پەلاماری خۆی ڕاگرت بۆ سەر سەرکردایەتی یەکیەتی لـە ناوزەنگ لـە ڕۆژی 13-2-1983 دا کە بووە هۆی ئەوەی مام جەلال و سەرکردایەتی یەکیەتی بە پارێزراویی بمێننەوە و لـە ئەنجامیشدا بۆیان بوو بە سەرکەوتنێکی مێژوویی!

# پلان

هەروەها مەسەلـەیەکی تریش کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیی نیە بە کارەساتەکانی پشتئاشانەوە بەڵام نەوشیروان لـە کتێبی (پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن) دا ، بە شێوەیەکی سەیر و سەمەرە و نا واقیعییانە باسی ئەکات و پەیوەندیـی بە منەوە هەیە ، ئەویش مەسەلـەی ڕاکردنەکەیەتی لـە بارەگای لقی حەوتی هەڵـەبجەی حیزبی شیوعی عێراق لـەسەرەتای مانگی کانونی دووەمی ساڵـی 1981 دا لـە ئەشکەوتی هەزار ئەستون لـە سورێن.
لـەبەرئەوەی کە نەوشیروان بە ئەمانەتەوە باسی ئەو ڕاکردنەی نەکردووە ، بۆیە منیش ناچارم کە لـێرەدا بە واقیعییانە باسی ئەو (هەڕاکردنە)ی بکەم.
ماوەی چەند ڕۆژێك بوو بە ئەرکی حیزبیی لـە باکوری کوردستانەوە (کوردستانی

توركيا) گەڕابوومەوە بۆ ناوزەنگ ، هێشتا ماندوویەتیم نەڕەویبووەوە کە کاك فاتح ڕەسوڵ هات بۆ لام و بڕیارێکی مەکتەبی سیاسی حیزبی پێ ڕاگەیاندم.

وتی (لەسەر داوای حیزبمان ، برادەرانی سەرکردایەتی حسك بڕیاری بەردانی هەڤاڵ نەوشیروان مستەفایان دایە ، ئەمەش نامەی ئەوانە و دەیبەیت بۆ برادەرانیان لە ناوچەی سورێن ، ئێستا هەڤاڵ نەوشیروان میوانە لە کن هاوڕێیانی پێشمەرگەمان لە سورێن لە ئەشکەفتی هەزار ئەستون لەگەر خۆت دەیهێنیەوە. بۆ ئەنجامدانی ئەو کارەی مەفرەزەیەکت لەگەر دێت بە سەرپەرشتی هاوڕێ عەلی کالاشێنکۆڤ).

هەرچەندە زۆر ماندوو بووم بەڵام وشەی (نەء) نیە لە جێبەجێکردنی بڕیار و



پاییزی 1981 ، چەند پێشمەرگەیەکی حشع لەسەر ڕوباری هیزڵ کە سنوری باکور و باشوری کوردستان لە یەکتر جیائەکاتەوە ، چەند جارێك پێشمەرگەمان لەم ڕوبارەدا ئاو بردوویەتی و بە ئامێری چاپەمەنی و دەزگای ئیستگە و بێتەل و چەك و تەقەمەنی و دەرمان و شتی ترەوە و بێسەروشوێن بوون.

ڕاسپاردەی حیزبدا! (لە ڕاستییشدا پاش گەڕانەوەم لە سورێن ئینجا زانیم کە ئەو ئەرکە بە کاك فاتح خۆی سپێررابوو!! بەڵام خۆی لـێ دزیبووەوە و بە منی سپارد).

بۆ سبەینێ کە ڕێکەوتی 24-1-1981 بوو لـە ناوزەنگەوە لـەگەڵ ئەم هاوڕێیانەمان ، عەلی کالاشینکۆڤ بەرپرسی مەفرەزەی عەسکەریی ، ئەبوعادل ، حەمەسور ، مەلا جەلال ، فەرهاد ، هیمداد عەبدوڵا(شاخەوان) ، بەرەو سورێن کەوتینە ڕێ.

پێش ئەوەی بکەوینە ڕێ کاك جەمال حەکیم ، ناسراو بە جەمال ئاغا لـەگەڵ دوو پێشمەرگەدا هاتن بۆ لامان و وتیان ئێمەش لـەگەڵتان دێین تا شارباژێڕ و لـەوێ ئەمێنینەوە تا ئێوە لـە سورێن ئەگەڕێنەوە.

هاتنەکەی جەمال ئاغام پێخۆش بوو چونکە برادەری منداڵیی یەکتر بووین ، لـە ناوەڕاستی ساڵانی چلـەکاندا پێکەوە لـە قوتابخانەی سەرەتایی ئەیوبیە ئەمانخوێند.

ئەو ڕێگا دور و درێژەمان بە نوکتە و قسەی خۆشەوە بڕی.

ئەو ڕۆژەی کەوتینە ڕێ ، ڕۆژێکی زۆر سارد بوو ، بەفر بە باوە ئەباری ، جلـوبەرگ و پێڵاوەکانمان بۆ ئەو کاتە و ئەو ڕێگایە نەئەبوو کە پێنج ڕۆژی خایاند بە ناو دۆڵ و شاخی بەرز و کوێستانەکانی سنوری ئێراندا ڕێمان ئەکرد ، ڕێگاوبان بەستبووی و خلـیسك بوو ، ئەوەندە سارد و چۆڵـەوانییش بوو ، مەترسی ڕەقبوونەوە و لـێقەومانمان لـێنیشتبوو.

# ئەرکێکی نیشتمانییە!

یەکێك لـە پێشمەرگەکانمان هاوڕێ هیمداد عەبدوڵا (شاخەوان)ی خوشکەزای مامۆستا دڵـزاری شاعیر بوو ، ئەم هاوڕێیە مامۆستا بوو ، زۆر لـە مێژ نەبوو هاتبووە دەرەوە بۆ پێشمەرگایەتی ، زیادتر بە خۆشیی هاوڕێ دڵـزار و پورە فریشتەیەوە ڕێگای شاخی گرتبووەبەر و یەکەم جاریشی بوو لـە ڕۆژێکی ئاوا سەخت و ناهەمواردا ڕێگایەکی وا دور و درێژ ببڕێت.

زۆر دڵـی بەو هاتنە خۆش بوو ، زۆریشی پێخۆش بوو ئەرکێکی وای پێبسپێررێت.

کاتێك که بەفرەکە بە چڕیی ئەباری و بەباوە لولی ئەدا ، ئێمەش لە یەکتر نزیك ئەبووینەوە بۆ ئەوەی لە یەکتر ون نەبین ، هاوڕێ شاخەوان دوائەکەوت ، پێڵاوە لاستیکەکانی لە بەفرەکەدا عاسی ئەبوو ، پێشی خۆش نەبوو هاوارمان لێ بکات و بڵێت بەجێم مەهێڵن.

شاخەوان زۆر قسەخۆشیش بوو ، ئەگەر ڕەخنە و ناڕەزایی هەبووایە ئەوا بە نوکتەوە باسی ئەکرد.

بە ڕۆژ تا ئەمانتوانی بە ناو بەفری کوێستانانی کوردستانی ئێراندا ڕێمان ئەکرد و بە شەوانیش لە مزگەوتی ئاواییەکان لامان ئەدا و کە ئەنوستین پێڵاوە لاستیکەکانمان ئەخستە کیسەی نایلۆنەوە و لەگەڵ کۆڵەپشتەکانماندا لەجیاتی سەرین ئەمانخستە ژێر سەرمانەوە.

شاخەوان ئەوەی نەئەکرد بۆیە لەو چەند ڕۆژەدا سێ جار پێڵاوەکانیان بۆ گۆڕی و پێڵاوی دڕاویان بۆ دانا ، خۆ بۆ تاکە جارێکیش بێت پێڵاوێکی باشتریان بۆ دانەئەنایەوە لە جیاتی ئەوەی خۆی ، ئەویش بە ناچاریی هەر لە هەمان دێدا پێڵاوێکی نوێی تری ئەکڕی.

شەو لە مزگەوتەکاندا بە نۆرە لە دەوری سۆپاکە کۆئەبووینەوە ، هەندێك لەو مزگەوتانە داری سوتاندنیان کەم هەبوو ، بۆیە شەو تا بەیانیی لە سەرما هەڵئەلەرزین و خەومان لێنەئەکەوت ، بەو جۆرە بە ڕۆژ بە ناو بەفر و ڕەهێڵەدا و بە شەویش بێئارامیی بەدەست سەرما و کێچ و ئەسپێ و بۆنی پێخەف و بۆگەنی پێڵاو و گۆرەوییەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا ورەمان بەرز بوو ، دڵخۆشیی خۆمان بەوە ئەدایەوە کە ئەو ماندووبوون و کۆڵەمەرگییەمان بۆ کارێکی نیشتمانییە! بۆ ڕزگارکرنی کاك نەوشیروانە! کەسی دووەم لە یەکیەتییدا ، بەخێرێ بۆ پەیڕەوکردنی دروشمەکەی حیزبمانە (ڕێکخراوی حیزبتان بەهێز بکەن .. ڕێکخراوەکانی بزوتنەوەی نیشتمانیی

بەهێز بکەن).

کە گەیشتینە دێی چاڵەخەزێنە ، جەمال ئاغا و برادەرەکانی وتیان ئێمە لە شاربازێڕ ئەمێنینەوە ، لەگەڵ ئەوەشدا خۆی و برادەرەکانی تا شانەدەریی لەگەڵمان هاتن و دوایی گەڕانەوە بۆ پاڕەزان.

هاوڕێ کەریمی حاجی و مەفرەزەکەشی لە چاڵەخەزێنە بوون ، بۆ دۆزینەوەی تەرمی خوالێخۆشبوو هاوڕێی پێشمەرگەمان عومەری عەلی هەڵەبجەیی کە دوو ڕۆژ لەوەوبەر بە تەنیا و نەشارەزایی لە ڕوباری سورەبانی دابوو. ئاو بردبووی و خنکابوو.

هاوڕێی پێشمەرگە عومەر عەلی سێ ڕۆژ لەوەوبەر لە دێی بلەکێ لە مەفرەزەکەی جیائەبێتەوە ، لە ئەنجامی دەمەقاڵێی لەگەڵ بەرپرسیاری مەفرەزەکە ، کەریمی حاجی! بەتەنیا بەرەو سورێن ئەکەوێتە ڕێ بێئەوەی شارەزای ڕێگاکە بێت و بە نەشارەزایی و بێئەوەی بواری پەڕینەوەکە بزانێت ، لە ڕوبارەکەی سورەبان ئەدات.

دیارە کە تەوژمی ئاوەکە هەڵیبڕیوە و ئیتر نەگیرساوەتەوە. بەداخەوە ئەوەش یەکەم قوربانیی سورەبان نەبوو. خۆزگە هاوڕێ کەریم نەیهێشتایە بە عاجزیی لێیان دابڕێت و بە تەنیایی و نەشارەزایی ڕێگا بگرێەتە بەر.

ئێمە کە گەیشتینە دێی چاڵەخەزێنە تەرمەکەیان تازە دۆزیبووەوە. بە خاکمان سپارد و لەگەڵ جەمال ئاغا و پێشمەرگەکانمان و مەلا و دانیشتووانی چاڵەخەزێنە بە وتار و دەسترێژێکی گوللە ماڵئاواییمان لێکرد و وەك شەهیدێکی ڕێگای ئازادیی و سەرفرازیی گەل و نیشتمانەکەی.

لە دواییدا کاك عەلی باوکی و برا و کەسوکاری لە هەڵەبجەوە هاتن و دووبارە تەرمەکەیان دەرهێنایەوە و لەگەڵ خۆیان بردیانەوە بۆ هەڵەبجە.

# هەزار ئەستون

هاوڕێ کەریم و مەفرەزەکەی بوون بە چاوساغمان و کەوتینە ڕێ. لە نیوەشەوێکی درەنگدا گەیشتینە شانەدەریی ، بەو شەوە ناوەخت و درەنگییە دابەش بووین بەسەر ماڵـەکاندا و خزمەتێکی زۆر باشیان کردین. پاش نانخواردن و پشوودانێکی کەم ، لە بەرەبەیاندا بەرەو شاخی سورێن کەوتینە ڕێ ، بە ناو گوندە ڕاگوێزراوەکەی چنارەدا تێپەڕین و دەمەو نیوەڕۆ گەیشتینە بارەگای لقی حەوتی هەڵـەبجەی حیزبمان لە ئەشکەوتی هەزار ئەستون. چاومان کەوت بە هاوڕێیان و نەوشیروان و کاوەی شێخ لەتیف بەڕەحمەت بێت ، بەڵام چەکداری حسکی لـێ نەبوو.



دەروازەی ئەشکەوتی هەزار ئەستون ، نوسەر (بە پێوە) لـەگەڵ مام ساڵح و شێخ سەعید بەرزنجیی

لە قوژبنێکی ئەشکەوتەکەدا کاك نەوشیروان و شێخ کاوە و پێشمەرگەیەکی دانیشتبوون ، لەپاش چاك و چۆنیی و پشوودانێکی کەم بە کاك نەوشیروانم وت ئێمە

بۆ بەردانی بەڕێزت هاتووین و نامەی مەکتەبی سیاسی حسك مان پێیە بۆ لێپرسراوانیان لێرە و ئەمانەوێت هەر لەگەڵ خۆمان بتبەینەوە بۆ بارەگای سەرکردایەتیتان بۆ ناوزەنگ.

نەوشیروان بە ساردییەکەوە وتی سوپاسی ئێوە و برادەرانتان ئەکەم ، هەروەها سوپاسی برادەرانیشتان ئەکەم لێرە کە منیان ڕزگار کرد لەو سوکایەتییەی حسك پێیان ئەکردم ، دێ بە دێ ئەیانگێڕام و پێشانی ئەو خەڵکەیان ئەدام!

ئەو شەوە لای نەوشیروان نوستم ، بۆ بەیانیی برادەرانی حسك هاتن ، کاك قادر جەباریی ، کاك مولازم تایەر ، کاك شیروان شێروەندیی و کاك حەمەی حاجی مەحمود. نامەکەم دانێ و وتم ئێمە بۆ ئەوە هاتووین نەوشیروان لەگەڵ خۆمان ببەینەوە. نامەکەیان وەرگرت و وتیان بەخێربێن سەر چاو ، بەڵام ئێمە دانیشتنێکی نیوکاژێریی بۆ ئەکەین ، ئیتر چوونە دەرەوەی ئەشکەوتەکە.

کاتێك کە هاتنەوە ، دوو قۆڵیی دانیشتین ، وتیان ئێمەش سەرکردەی حسکین و بۆمان هەیە ڕەئی خۆمان هەبێت ، ئێمە داخوازییمان هەیە بۆ بەردانی نەوشیروان.

ئیتر من و هاوڕێ عەلـی کالاشینکۆڤ وتمان ئێمە نەهاتووین بۆ وتووێژ و ڕاوێژکردن لەگەڵ ئێوە ، ئێمە بۆ بردنەوەی نەوشیروان هاتووین بەپێی ئەم نامەیەی سەرکردایەتیتان ، ئەرك و دەسەڵاتی وتووێژ و ڕاوێژکردنمان پێنەدراوە لەلایەن حیزبمانەوە ، نە نوێنەری یەکیەتیین و نە زمانحاڵیشیان ، حیزبمان پێی ڕاگەیاندووین ئەم نامەیەتان بدەینێ و ئێوەش نەوشیروان مان بدەنێ.

نەوشیروان ئاگای لەم کەینوبەینە نەبوو ، کاتێك کە گەڕاینەوە بۆ لای ، پێش ئەوەی ئێمە بیروڕای برادەرانی حسکی بۆ باس بکەین ، بە پەلە وتی ئەو حسکانە ڕەئیان چی بوو؟

بڕیاریاندا بەرمبدەن؟ وتمان ئەوان وایان وت و ئێمەش وامان وت. کاك نەوشیروان شپرزە بوو و ئەوەندەی تر تێکچوو ، وتی تکاتان لێئەکەم ئەگەر بەریان نەدام

مەڕۆنەوە ، ئەگەر ئێوە بڕۆنەوە ئەوەندەی تر سوکایەتیم پێئەکەن و لـەوانەشە بـمـکوژن ، یان تەسلیم بە حکومەت یان بە پارتیم بکەن.

لـەگەڵ هاوڕێ عەلــی دا بڕیارماندا کە بەجێی نەهێڵـین ، بەڵام بیریشمان لـەوە ئەکردەوە کە بارێکی گران ئەکەوێتە سەر شانی هاوڕێیانی لقی حەوت و لـە توانایاندا نیە بژێوی ئەو هەموو پێشمەرگەیەی خۆیان و ئێمە و برادەرانی حسك و نەوشیروان و شێخ کاوە و دوو پێشمەرگەکەی ، بە شەو و ڕۆژ دابین بکەن.

شێخ کاوە نەخۆشیی گەدە (مەعیدە)ی هەبوو ، ئەبووایە ڕۆژانە هاوڕێیانمان لـە شارەزورەوە بسکویت و شیر و مریشکی بۆ بهێنن ، بۆیە بیرمان لـەوە ئەکردەوە ڕۆژێك زووتر ئەو کارە ئەنجام بدەین و باری سەرشانی ئەو هاوڕێیانەمان سوك بکەین.

وامان بە باش زانی کە بنێرین بە دوای جەمال ئاغا دا و بە ناوی یەکیەتییەوە لـەگەڵـیان بدوێت ، بە مەرجێك کە برادەرانی حسك بڕیار بدەن ئەویش نەگرن.

برادەرانی حسك بە پێشنیارەکەمان ڕازیی بوون ، ناردمان بە دوایدا ، لـەگەڵ شێخ دارا هاتن بۆ لامان.

## بەڕێوەبەری ئەمنی عێراق

ڕۆژی ئایندە کاك حەمەی حاجی مەحمود هات بۆ لام و وتی ئەم نامەیە بخوێنەرەوە!

نامەکەم خوێندەوە ، بە خەتێکی خۆش نوسرابوو ، وابزانم بە ئیمزای فازیل بەڕاکەوە بوو ، بەڕێوەبەری گشتیی دەزگای ئەمنی عێراق ، نوسرابوو: نەوشیروان مستەفا لای ئێوە دیلـە و ئەمانەوێت تەسلـیمی عەدالـەتی بکەن ، چاوەڕوانی فەرمانی تەسلـیم کردنەوەیتانین.

وتم كاكه حەمە ، کێ ئەم نامەیەی بۆ هێناون؟ وتی هەر ئێستا کاك عەلــی والــی بەگی باوکی کاك تایەر هێنای. ڕاست بوو کاك عەلی هاتبوو ، بەڵام من نەمئەناسی ، وتم ئەی ئێوە ڕاتان چیە؟ کاکە حەمە وتی مەحاڵـه ، ئێمە شتی وا ناکەین و تەسلیمی ناکەینەوە ، با مودیری ئەمن بۆ خۆی بڵێت.

هەر کە ئەم هەواڵـەم بە نەوشیروان گەیاند ، ئەوەندەی تر شڵـەژا و پەشۆکا و گرژ و پەست بوو ، وتی کاك قادر گیان پێم نەوتن مەڕۆنەوە ، ئەمانە ئامانیان نیە و تەسلیمم ئەکەنەوە ، باوەڕیان پێ مەکەن.

لـەم کاتانەشدا جەمال ئاغا و شێخ دارا گەیشتن ، لـەگەڵ جەمال ئاغا دا کەوتینە وتووێژ و باسکردنی ڕووداوەکە ، ئەویش داوای کرد کە نەڕۆین.

برادەرانی حسك و جەمال ئاغا کەوتنە وتووێژێکی دور و درێژەوە ، حسك داوای 36 پارچە چەکیان ئەکرد لـەگەڵ هەندێك داخوازیی تر ، لـە ئەنجامدا گەیشتنە ئەوەی کە پێشەکی چەند پارچە چەکێکیان بۆ بهێننەوە ، لـەگەڵ یەك ئار پی جی (ئەو چەکانەی لـە شەڕی نێوانیاندا ، یەکیەتی دەستی بەسەردا گرتبوو) ، ئیتر جەمال ئاغا لـەو پێشمەرگانەی لـەگەڵـیدا بوو ، دوو پێشمەرگەی بەڕێکرد بۆ شارباژێڕ بۆ لای برادەرانیان کە بۆ بەیانیی چەکەکان لـەگەڵ خۆی بهێنێت.

# چۆن نایکوژم!

بۆ بەیانیی برادەرانی حسك بڕیاریاندا بە گەیشتنی چەکەکان نەوشیروان بەربدەن ، ئیتر هەر هەمووماں بارەگای لقی حەوت و ئەشکەوتی هەزار ئەستونمان بەجێهێشت و بەرەو گوندی چنارەی ڕاگوێزراو کەوتینە ڕێ و لـەوێ چەکەکانیان بگات و بیاندرێتێ.

چاوەڕوانی گەیشتنی چەکەکان بووین ، لـە دورەوە کابرایەکی بێچەك بەرەو ئێمە

هات و به شپرزەییەوە بانگی کاك تایەری کرد و چوونە ئەولای ئێمەوە و چرپەچرپێکی لەگەڵ کاك تایەر کرد ، ئیتر کاك تایەریش ڕەنگی تێکچوو ، دەمانچەکەی ڕاکێشا و بە جنێودان و قسەی ناشیرینەوە ڕووی کردە نەوشیروان و وتی هەر ئێستا ئەتکوژم! منیش هەر ئەوەندەم پێکرا بچمە نێوانیانەوە و نەوشیروانم خستە پشتی خۆمەوە و هاوارم کرد بۆ ئەیکوژن؟ چی ڕووی داوە؟ مەگەر ئێمە ڕێك نەکەوتین؟

ئیتر ڕیسەکەمان بووەوە بە خوری ، هاوڕێ عەلـی و پێشمەرگەکانمان دورکەوتنەوە و دامەزران و خۆیان ئامادەکرد بۆ هەر دەستدرێژییەك کە بکرێتە سەر میوانی (ئازیزی!) حیزب ، کاك جەمال حەکیم ئەوەندە حەپەسا بوو نەیئەزانی چی بکات! نەوشیروان هەر سەیری لولەی دەمانچەکەی ئەکرد کەی گوللـەکەی لێوە دەرئەچێت!! خۆ ئەگەر گوللـەکەش دربچووایە ئەوا منی ئەپێکا نەك ئەو!

ئەوەی بۆمان دابین نەئەکرا و بە دەوری هەمووماندا ئەسوڕایەوە ، کاك شیروان شێروەندیی بوو.

مولازم تایەر وتی چۆن نایکوژم! ئەمشەو یەکیەتی لە سلێمانیی قونبەلـەیان خستووەتە ماڵـەکەمەوە و تەقیوەتەوە ، ئیتر نازانم منالـەکانم چییان بەسەر هاتووە!

کاك تایەرمان بەوە ئارام کردەوە کە ئەو هەواڵـە ڕاست نیە و ئەگەر ڕاستیش بێت لـەوانەیە حکومەتی بەعس کردبێتی و بۆ ئەوەی گڕی ئاگرەکە خۆشتر بکات!

بە هەر حاڵ نەوشیروانمان لە چنگی مولازم تایەر و برادەرەکانی دەرهێنا و بارودۆخەکەمان کەمێك هێمن کردەوە ، لە دواییدا هەواڵ گەیشت کە قونبەلـەکەی فڕێدراوەتە ماڵـی مولازم تایەرەوە ، زیانی نەبووە. ئیتر برادەرانی حسك ناردیان مەڕێکیان هێنا و سەریانبڕی بۆمان و ئاو کرا بە ئاگرەکەدا ، چەکەکانی جەمال ئاغاش هەر نەگەیشت ، ئیتر لەسەر تکا و پێشنیاری نەوشیروان خۆی ، بڕیارماندا کە من و جەمال حەکیم بگەڕێینەوە بۆ شارباژێر بۆ دێی پاڕەزان بەو حسابەی کە

ئەوان بۆ سبەینێ چەکەکانیان ئەگات ، نەوشیروانیش تکای لـێکردین  کە هاوڕێ عەلـی ئەگەر بۆ شەوێکیش بێت با بمێنێتەوە و سبەینێ بە یەکەوە بگەڕێنەوە بۆ هەزار ئەستون.

لـەبەرئەوە هاوڕێ عەلـی مایەوە و منیش لـەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی خۆماندا ، هاوڕێ هیمداد عەبدوڵا (شاخەوان) ، هاوڕێ حەمەسور برای شەهید غەفوری ڕەواندوزیی و لـەگەڵ جەمال ئاغا و شێخ دارا گەڕاینەوە بۆ پارەزان بۆ دابینکردنی چەکەکان (هەرچەندە ئەوە کاری ئێمە نەبوو!) ، ئیتر ئەبووایە ئێمە بۆ سبەینێ بە چەکەکانەوە بگەڕاینایەتەوە و نەوشیروان بەربدرایە و لـەگەڵ خۆمان بمانبردایەتەوە بۆ ناوزەنگ.

لـەگەڵ هاوڕێ عەلی بڕیارمان دابوو بەبێ ڕزگارکردنی ئەو نەگەڕێینەوە.

ئەبووایە نەوشیروان لـە کتێبەکەیدا ئەم ڕووداوەی بە واقیعیی و وەك خۆی باس بکردایە و بە هەڵـەیەکی گەورەی حسکی لـە قەڵـەم بدایە ، بۆ ئەوەی ببێت بە داستانێك و لـە داهاتوودا پەندی لـێوەربگیرایە و هیچ لایەنێك بەو شێوەیە ڕەفتار نەکات لـەگەڵ پێشمەرگە و کادێری لایەنێکی تری جوڵانەوەی نیشتمانییدا.

لـەگەڵ جەمال ئاغادا لـە مزگەوتەکەی دێی پارەزان بووین ، من نوستبووم و لـە دەنگە دەنگ و تەقەی گولـلـە خەبەرمان بووەوە! هەر هەموو بەپەلـە خۆمان کۆکردەوە و لـە مزگەوتەکە هاتینە دەرەوە و دامەزراین ، وامانزانی جاش و سوپا دەوریان گرتووین ، دەنگەدەنگ و هاتوهاوار هاتە گوێمان ، (کاکە نەوە) ڕایکردووە و گەیشتووەتە جێگای خۆی!.

# خۆدزینەوە

هەر زوو زانیم فرسەتی لـەو ڕێز و خزمەت و خۆشباوەڕییەی هاوڕێیانمان هێناوە و خۆی دزیوەتەوە کە تاکە پێشمەرگەیەکی حسك پاسەوانی نەبووە و ئەو ئەمانەت بووە لـەلای هاوڕێیانی ئێمە و نەیانهێشتووە حسك بیبەن و بیگێڕن بە گوندەکاندا و سوکایەتی پێبکەن! باش ئەیزانی کە بەرئەبێت و بەیانیی ئێمە ئەیبەینەوە بۆ سەرکردایەتی ، بەڵام لـەلای هاوڕێیانمان هەڕایکردووە. ڕەفتارێکی بێوەفایی و ناشیرینە کە میوان بە دزیی کەفیل و خانەخوێکەیەوە هەڕابکات ، توشی شەرمەزاریمان بکات.

بە دەنگی بەرز ئەم ڕاستییەم دووبارە و چەندبارە کردەوە ، بۆ ئەو پێشمەرگانەی لـە مزگەوتەکە بوون و کە ڕۆژ بووەوە هاوڕێ عەلی گەیشتە لامان ، دەرکەوت هەر وابوو کە من بە خەڵکەکەم ڕاگەیاندبوو.

هاوڕێ عەلی زۆر دڵتەنگ بوو ، چونکە لـە نزیکەوە ئاگاداری خۆدزینەوەکەی نەوشیروان بوو ، هەروەها لـەلایەکەوە چەند لـە پێناوی بەردانی ئەودا ماندوو بووین و بەو بەفر و تۆفانە ڕێگای دور و سەخت و پڕ مەترسیمان بڕیبوو ، لـەلایەکی تریشەوە شەرمەزاری حسکی کردین.

کە گەیشتینە ناو گوندەکە ، ئەویش ئەوەندەی تری بە نەوشیروان و یەکیەتی کرد و وتی لـە ماڵـی ئێمەدا خۆی دزیوەتەوە ، کە لای ئێمە میوان بووە و ئێمەش کەفیلـی بووین.

خۆی باش ئەزانێت کە بەیانیی ئێمە لـەگەڵ خۆماندا ئەمانبردەوە ، بۆچی لـە دەست ئێمەی دۆستی ڕایکرد؟

نەوشیروان شەو و ڕۆژ بە ئارەزووی خۆی لـە ئەشکەوتەکە ئەچووە دەرەوە و پیاسەی ئەکرد و بە تەنیا دورئەکەوتەوە و (دەستی بە ئاو ئەگەیاند) ، کەس لـە

پێشمەرگەکانی ئێمە پاسەوان نەبوون بەسەریەوە ، ئەگەر پاسەوانییشیان کردبێت ئەوە لەبەرئەوە بووە کە ئەمانەت و میوان بووە لای ئێمە و نەوەك کەسێك لە خافڵگیرییەکدا زەفەری پێبەرێت و بیکوژێت.

هاورێ مەلا جەلال خەڵکی گوندی زێوێی خۆشناوەتی ئەو کاتە پاسەوانی ئەشکەوتەکە ئەبێت ، ئەبینێت نەوشیروان چووە دەرەوە ، دەست بە ئاو بگەیەنێت ، لەبەرئەوەی تاوانبار نەبوو ، دیل نەبوو لای ئێمە و میوان بوو ، خۆ ناکرێت بە زۆر سەریەوە بوەستێت تا دەست بە ئاو ئەگەیەنێت!

بەو بۆنەیەوە خۆی ئەدزێتەوە و هەرائەکات.

ئەگەر ئەوەندە ئازا بووایە ئەوا ئەیتوانی لە دەست حسك رابکات نەك لە ماڵە میوان و کەفیل ، بێگومان نەیئەتوانی لای حسك هەرابکات ، لەبەرئەوەی کە ئەوان مامەڵەی دیلیان لە گەڵدا ئەکرد نەك میوانێکی ئازیز!!

ئەو سیناریۆیەی کە نەوشیروان لە کتێبەکەیدا نوسیویەتی و باسی یارمەتی کاوەی شێخ لەتیف ئەکات ، دورە لە راستییەوە ، چونکە چ خۆی و چ شێخ کاوەی رەحمەتیی هەردووکیان میوانی حیزبمان بوون! ئەگەر ئەو ئازاد بووبێت و بە ئارەزووی خۆی بچێتە دەرەوەی ئەشکەوتەکە! هەرچ کاتێك بیویستایە ئەیتوانی رابکات ، ئیتر ئەبێت چ پێویستییەکی بە یارمەتی کەسێکی تر یان شێخ کاوەی میوان هەبوو بێت؟

تەنانەت دوای ئەوەش کە هەرائەکات ، تاکە پێشمەرگەیەکمان دوای ناکەوێت و نارۆن بەدوایدا و تاکە فیشەکێکیان نەتەقاندبوو بەدوایدا ، پێشمەرگەکانی ئێمە تەنیا لەوە ئەترسان کە بکەوێتەوە دەست پێشمەرگەکانی حسك و خۆی نەدات بەدەستەوە و بیکوژن ، یان کەسێکیان تەسلیمی عێراقی بکات.

لەپاش نیوکاژێر کە هاورێ عەلی ئەبینێت نەوشیروان نەگەراوەتەوە (لە دەست بە ئاو گەیاندنەکەی!) ، پێشمەرگە ئەنێرێت بۆ لای و ئەڵێت نەوەك هەڵخلیسکابێت

یان توشی کارەساتێك بووبێت ، بەڵام بۆیان دەرئەکەوێت کە هەڕایکردووە !
کاتێك کە برادەرانی حسك هەواڵی ڕاکردنەکە ئەبیستن ، دێن بۆ لای هاوڕێیانمان و ئەڵێن ئەوەتا بە چاوی خۆتان بینیتان ، لەگەڵ ئەو خزمەتگوزارییەی ئێوە و ئەو هەموو ڕێز و میواندارییە ، کەچی ڕایکردووە ، ئەبووایە ئەگەر بشکوژرایە خۆی نەدزیایەتەوە چونکە میوان بوو لەلاتان و ئێوە کەفیلی بوون ، ئەبووایە تۆزێك بەوەفا بووایە و ئەو خزمەتگوزارییەی ئێوەی لەبەرچاو بووایە.
بەڵێ .. ئەبووایە کاك نەوشیروان بە ڕاستگۆیی و واقیعیانەوە ئەم "هەڕاکردنەی" خۆی بگێڕایەتەوە.
لە کۆتاییدا ئەمەوێت ئەوە بڵێم کە ئەو هەڵهاتنەی نەوشیروان و ئەو هەڵوێستەی سەرکردەکانی حسك لە ناوچەکە بۆ بەرنەدانی نەوشیروان کە لەسەر داوای حیزبی شیوعی بوو ، من بە هەڵوێستێکی سیاسی دائەنێم و ئەویش بۆ لەباربردنی ڕۆڵی دڵسۆزیی و وەفادارێتی و هەوڵ و تەقەلای حیزبمان بوو ، هەر بۆیە بەو شانۆگەرییە و بەو شێوەیە کۆتاییان پێ هێنا !
ئەگەر نەوشیروان بۆ ڕۆژی ئایندە بەربدرایە و بمانبردایەتەوە بۆ سەرکردایەتییان ، یان بماندایە بە مەفرەزەیەکی یەکیەتی ، ئەوە خۆی لە خۆیدا ئەبووە دەستکەوتێکی سیاسی سەرکەوتوو بۆ حیزبمان.
حسك و یەکیەتی لە یەك بەرەبابن و بەگشتیی زۆربەی هەڵوێستی سیاسی و چینایەتی و ئایدیۆلۆجییان لە یەك سەرچاوەوە هەڵئەقوڵێت کە ئەویش کەم یان زۆر بۆ گەشەنەکردنی حیزبی شیوعییە لە ڕووی سیاسی ، عەسکەریی ، جەماوەریی و ئایدیۆلۆجییەوە.
ئەگەرچی ئەو دوو لایەنە لە یەکتر دابڕاون و جیابوونەتەوە و لەگەڵ هەموو شەڕوشۆڕ و پەلامارێکی یەکتردا ، نزیك بوونەوەیان لە یەکتر لە نزیك بوونەوەیان لە حیزبی شیوعی ئاسانتر و بەهێز ترە.

پێم وایە نەوشیروان مردنی لا باشتر بووە وەك لەوەی حیزبی شیوعی ڕزگاری بکات و لەناو جەماوەرەکەدا دەنگبداتەوە کە حیزبی شیوعی کەسی دووەمی یەکیەتییان لە دیلێتی ڕزگار کردووە! ! و ئەوەش سیاسەتی هاوکاریی و هاوپەیمانێتی ڕاستینەی شیوعییەکان ئەسەلمێنێت.

لەوانەیە بەوە ڕازیی بووبێت کە حسك بە هەموو کوردستاندا بیگێڕێت و ڕیسوای بکات ، بەڵام نەك حیزبی شیوعی سەرکەوتنێکی مەعنەویی و سیاسی لە کوردستاندا بەدەست بهێنێت! بەتایبەتیی لە کاتێکدا کە حیزبی شیوعی تازە برینەکانی سارێژ ئەبووەوە لە ئەنجامی شاڵاوە دڕندەکەی بەعس بۆ سەر ڕێکخراوەکانی و ماوەیەکی زۆر نەبوو کە دەستیان کردبوو بە خەباتی چەکداریی.

بە هەر حاڵ ئەبووایە هاوڕێیانی سەرکردایەتی ئێمەش ئەو تاقیکردنەوەیەیان بکردایە بە دەرسێك و کەمتر بە خۆشباوەڕییەوە بچوونایە بەپیر مەسەلەکانەوە و لە ڕوانگە ئایدیۆلجییە چینایەتییەکەوە سەیری زۆربەی ڕووداوەکانی کوردستان و هەر خۆتێهەڵقورتاندنێکیان بکردایە.

بێگومانە ئەگەر سودێك لەو ئەزمونە وەربگیرایە ، ئەوا کارەساتەکانی پشتئاشانیش لەوانەیە بەو جۆرە نەبوونایە.

مێژووش سەلماندی کە نەوشیروان ئەو ڕووداوەی لەلا بوو بە گرێ و ڕقوقینێکی زیادتر بەرامبەر بە حسك ، چونکە تا ئەو کاتە هەر خۆیان بە تەنیا بە حاکمی کوردستان ئەزانی و لەگەڵ ئەوەشدا لەلایەن مەفرەزەیەکی بچوکی حسکەوە بە دیل گیرابوو ، بە گوندەکانی شاربازێڕدا ئەیانگێڕا و سوکایەتییان پێئەکرد.

دور نیە کە کارەساتەکانی پشتئاشانیش و بەتایبەتیی زنجیرە هێرشەکانیان بۆ سەر حسك تۆڵەی ئەو ڕووداوی دیلییە نەبێت!

لە ساڵانی پەنجاکاندا ئێمەی شیوعییەکان کە ئەگیراین ، دۆست و ناسیاوەکانمان ئەهاتن و ئەبوون بە کەفیلمان تا ڕۆژی دادگاییکردنمان ، لەگەڵ ئەوەشدا کە

ئەمانزانی حوکم ئەدرێین ، لە ڕۆژی دادگاییکردندا هەر ئامادە ئەبووین ، بۆ ئەوەی کەفیلەکەمان توشی ئازار نەبێت! لەم ڕوانگەیەشەوە ئەبووینە جێی متمانە و باوەڕی جەماوەر.

بۆ نمونە خوالێخۆشبووان ، شەهیدانی حیزبمان شێخ مارف بەرزنجیی و شێخ حوسەینی برای و نوری سەیوەلی و 25 هاوڕێی تر کە ئازاد بوون و هێجگار بە ئاسانیی ئەیانتوانی نەچن بۆ دادگا لە دوارۆژی دادگاییکردنیاندا ، بەڵام بە پێی خۆیان چوون بۆ دادگا و خۆیان شەرمەزاری کەفیلەکانیان و جەماوەرەکەیان نەکرد و ترسنۆکییان پێشان نەدا و باوەڕیان بە ئامانجێك هەبوو کە لە پێناویدا خەباتیان ئەکرد.

هاوڕێ نوری سەیوەلی بە ئەوتۆمۆبیلەکەی خۆی لە گەڵ براکانیدا بۆ دواجار چوو بۆ دادگا و کەسیان نەگەڕانەوە و ئەوتۆمۆبیلەکەشی تا چەند ساڵێکیش هەر لە گۆڕەپانەکەی بەردەمی دادگادا مایەوە.

وەك هەمووشمان ئەزانین ، هەموو ئەو شیوعییانە کە 28 هاوڕێ بوون ، حوکمدران بە لە سێدارەدان و لە 23 ی حوزەیرانی 1963دا شەهیدکران.

لەدوای ڕاپەڕینەکەشەوە وەسێتنامەی زۆربەیان کەوتە دەست حیزب و لایەنەکانی تر و یەکێکیان پەشیمانیی دەرنەبڕیوە لەوەی کە بە پێی خۆی چووە بۆ دادگا.

مامۆستا جەرجیس فەتحوڵای پارێزەر دەربارەی ئەو ڕووداوە و چوونی هاوڕێ شێخ حوسەین بەرزنجیی برادەری بۆ دادگا بە پێی خۆی ، ئەڵێت: (تا بمێنم لە ژیاندا ئەم ڕووداوەم هەر لەبیر ئەبێت ،... بڕۆ خۆت ون بکە ، 48 کاژێرت ماوە بۆ دوارۆژی دادگاییکردنەکەتان و خاکی کوردستانیش فراوانە و خۆشت لە گەورەپیاوانی قەومەکەتیت ، بەڵام وتی: ئەی هەڵوێستم چی بێت بەرامبەر بەو کەسەی کە کەفالەتی کردووم..؟). [31]

خۆ من ناڵێم ئەبووایە نەوشیروانیش وەك شیوعییەکان بووایە! نەخێر .. ئەوەی کە

زۆر جار بە شیوعییەکان ئەکرێت بە هەموو کەسێك ناکرێت!
نە ڕاکردنەکەی نەوشیروان ئازایەتی بوو ، نە گرتنەکەشی لە لایەن حسکەوە ئازایەتی بوو ، لەبەرئەوەی نەوشیروان لە سەنگەری شەڕدا بە هێزێکی زۆرەوە و بەچەکی تەقەپێکراوەوە بە دیل نەگیرابوو. هیچ لایەکیان لەو دوو لایەنە ، ئەو ڕووداوەیان نەکردە ئەزمونێك و دەرسێکی لێوەربگرن و شەڕی پێشمەرگەکوژیی ڕابگرن.
گرتنی نەوشیروان سەرکردایەتی حسکی لە ناوچەی سورێن توشی لەخۆباییبوون (غرور) کرد ، هیچ بایەخ و ڕێزێکیان بۆ ئەو کۆشش و ماندووبوونەی حیزبی شیوعی دانەنا ، بۆ نمونە نەوشیروانیان دێ بە دێ ئەسوڕانەوە و پێشانی جەماوەری ناوچەکەیان ئەدا ، کاتێکیش کار هاتە سەر بەردانی مەرجی سەرەکییان چەند پارچە چەکێك بوو کە بیاندەنەوە ، تا شەڕی زیادتری پێبکەن!
لەبری ئەوەی داواکەی حشع بکەنە هۆیەك بۆ ڕاگرتن و بنبڕکردنی شەڕی قاتوقڕکردنی یەکتر و بە ڕێگەی وتووێژ ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت ، بیر لەوە ئەکرایەوە بواری شەڕ پان و بەرینتر بکەن. کاتێکیش لە گەڵ کاك جەمال حەکیم بە ڕێگاوە بووین بە ناو بەفر و زریانی شاخی زەرتکەدا و ڕێمان ئەبڕی ، کاك جەمال پێی وتم ، بەهەر نرخێك بێت ئەبێت کاك نەوشیروان ڕزگاری ببێت ، وتی: دە هەزار دینارم لەگەڵ خۆم هێناوە ، ئەگەر ڕێزیان لە ئێوە نەگرت و بەریان نەدا بەم پارەیە ڕزگاری ئەکەم!
لەو چەند ڕۆژە ڕێکردنەماندا وای لێتێگەیشتم ، لەمانیشەوە ڕزگارکرنی نەوشیروان بۆ تۆڵەسەندنەوەیە لە حسك و بەس ، نەك بۆ ئاشتیی و تەبایی بێت و بکرێتە دەرسێك و نەفرەت لەشەڕی براکوژیی بکرێت!
چەند مانگێك لەووبەر ئەم دوو لایەنە لە یەك بەرەباب ، واتە یەك حیزب بوون. هەڵگری بەرژەوەندی یەك چین و توێژ و یەك ئایدیۆلۆجیا و یەك بەرنامە و

پڕۆگرام بوون ، بەڵام زۆر بە ناکاو دوولـەت بوون و بەپەلـە و بێپشوودان کەوتنە کوشتار و لـەناوبردنی یەکتر!

لـە هێرشەکەی هێزەکانی یەکیەتی لـە یەکی ئایاری 1983 دا بۆ سەر پشتئاشان ، بە سەرۆکایەتی نەوشیروان ، دەستیان بەسەر ئاشقوڵکەدا گرت کە بارەگای سەرکردایەتی (حسك)ی لـێبوو.

نەوشیروان بەدوای خوالـێخۆش بوو ڕەسوڵ مامەند دا ئەگەڕا تا بۆی بکرێت قۆڵبەستی بکات و بیبات بۆ شارەزوور و دێ بە دێ بیگێڕێت و پێی بڵێت (تۆڵـە بەسەبرە ئەمما بە زەبرە)! خوالـێخۆش بوو دوو ڕۆژ لـەوەوبەر خۆی و هاوڕێکانی پاشەکشەیان کردبوو لـە گەڵ سەرکردەکانی حشع دا.

# خۆرنەوەزان

لـەپاش ڕووداوەکانی پشتئاشانی یەکەم و دووەم ، دوچاری تێکشکاندنێکی سەربازیی و سیاسی تر بووین ، ئەویش لـە خۆرنەوەزان کە سەر بە مەڵبەندی سەربازیی سلـێمانیی و کەرکوکی حیزبمان بوو.

خۆرنەوەزان دەربەندێکی دور و درێژی سەختە و کەوتووەتە دامێنی چیای سورێنەوە و لـکاوە بە (سنوری!) ئێرانەوە ، ناوچەکە جێگایەکی گرنگ و لـەبارە بۆ کاروباری پێشمەرگایەتی ، دەروازەی هاتوچۆی پێشمەرگە بوو لـەو ناوچانەوە بۆ ناوچەکانی شارباژێڕ ، شارەزور و بەری قەرەداغ.

خۆرنەوەزان لـە زستاندا هەتاوی تێناکەوێت و زۆر ساردە و لـە هاوینیشدا گەرم و وشك و ڕەشەبای زۆرە ، دوژمن نە بە تۆپ و نە بە فڕۆکە نەیئەتوانی دەرفەت لـەم ناوچەیە بهێنێت.

جگە لـە بنکەی ئێمە ، بنکەی پێشمەرگەی پارتی ، سۆشیالـیست و پاسۆکیش لـە

خۆرنەوەزان و دەوروبەری نیشتەجێ بووبوون ، بەتایبەتیی لە گوندە ڕاگوێزراوە وێرانەکەی میری سوردا.

ئەشکەوتی هەزار ئەستون کۆتایی بەم زنجیرە شاخ و قەڵبەزە و دۆڵ و کەندڕانە ئەهێنێت.

لە هاوینی 1984 دا لە شەوێکی تاریك و نوتەك و لە ناکاودا هێزێکی سەربازیی ڕژێم کە ژمارەیان نەئەگەیشتە 30 سەرباز ، بە سەرکردایەتی ئەفسەرێك (مولازم) ، لە خۆرنەوەزان پەلاماری بارەگای پێشمەرگەی حیزبمانیان دا و زۆر بە ئاسانیی و بێ تەقە و ڕەقە و بەرەنگاربوونەوەیەك ، هاتنە ناو بارەگاکەوە.



هاوڕێیان دلێر ، عەلی و دەروێش لە ئەشکەوتی هەزار ئەستون لە سورێن ، بەهاری 1984نان بۆ هاوڕێکانیان ئەکەن

ئەو پێشمەرگە و لێپرسراوانەش کە لەوێ بوون و ژمارەیان لە پەنجا کەس زیادتر بوو ، هەر ئەوەندەیان پێکرابوو خۆیان دەرباز بکەن و هەندێکیش کە لەو شیرین خەوەدا ڕاپەڕی بوون! تەنانەت فریای چەکەکانیشیان نەکەوتبوون و بەبێ چەك

دەرباز بووبوون.
چەك و تەقەمەنی و کەلوپەل و ئازوقەیەکی زۆریش کەوتە دەست دوژمن.
هەرچەندە زیانی گیانیی نەبوو ، بەڵام شکستێکی سیاسی ، مەعنەویی و سەربازیی گەورە بوو ، ئازارێکی زۆری حیزبی دا.
ئەو هێزە کەمەی دوژمن توانی لە بارەگاکەدا بمێنێتەوە و بوو بە ڕێپێشاندەری هێزە سەربازییەکانی ڕژێم لە ناوچەکانی شارەزور ، وەك سەید سادق و شانەدەریی و خورماڵ و جێگاکانی تر.
ئیتر بە یارمەتی ئەو هێزە کەمەیانەوە لە خۆرنەوەزان ، کەوتنە تۆپبارانکردنی ئەو کەندڕ و هەردانەی کە ئەشکەوتەکانی پێشمەرگەی هەموو لایەنەکانی لێ بوو ، زۆر ئازاریاندایین ، زیانێکی زۆری لێدایین بە شەهید ، بریندار و سەرگەردانییەوە.
ئیتر ناوچەکە ئاواڵە و ئازاد بوو بۆ سوپا خوێنڕێژەکەی بەعس و دار و بەردی شاخی سورێنیان کرد بە بڵێسەی ئاگر.
بارەگای مەڵبەندی سلێمانیی و کەرکوکی حیزب لە کەرەجاڵ لە پشتی دێی ئەحمەدئاوا و سەرچاوەی زەڵم ، زۆر دور نەبوو لە خۆرنەوەزانی (داگیرکراوەوە).
لە بەرەبەیاندا هەواڵی پەلاماردانەکەی بەعس گەیشتە کەرەجاڵ ، بەڵام بە داخەوە ئەوانیش دەرفەتێکیان نەڕەخساند کە برینی ئەو شکستە سارێژ بکەن و پەلاماری ئەو هێزە کەمەی سوپای بەعس بدەن و خۆرنەوەزان ئازاد بکەنەوە ، ئیتر حیزب لە ناوچەکە و لە سلێمانیی و هەڵەبجە و تەواوی گوند و شارۆچکەکان کەوتە بەر تانە و لۆمە و قسە و قسەڵۆکی زۆری جەماوەرەوە ، بە هۆی ئەو کەمترخەمیی و بێئاگاییەی پێشمەرگەکانییەوە لە خۆرنەوەزان!
سوپای پاسداران لە ناوچەکەدا بەو نزیکبوونەوەیەی سوپای عێراق تەواو سەغڵەت بوون و ئەوانیش خۆیان لە ناوچەکەدا کۆکردەوە و کەم یان زۆر بواری هاتوچۆی پێشمەرگەی ئێمە و لایەنەکانی تریشیان کەم کردەوە.

ئەو ڕووداوانە هەفتەیەکی خایاند تا پارتی هێزەکانی خۆی کۆکردەوە لە ناوچەکەدا و لە ناوچەکانی دەوروبەر و بە سەرکردایەتی کاك نادر هەورامی. لە ناکاو بە تۆپ و هاوەن و چەکی قورسەوە هێرشیان کردە سەر خۆرنەوەزان و لەبەرئەوەی پەلاماردانەکەیان ئەوەندە لە ناکاو و کتوپڕ بوو ، سەریان لە دوژمن شێواند و لە شەڕێکی کورتدا دەستیان بەسەر خۆرنەوەزاندا گرت ، ئەو سەربازانەی نەکوژرابوون ، بەگشتیی دەستگیر بوون و ئەفسەرە مولازمەکەش لەناویاندا بوو.

تەواوی دیلەکانیان بە ئەفسەرەکەشەوە گواستەوە بۆ سەرکردایەتییان بۆ ڕاژان و



ئاداری 1985 ، لە بارەگای لقی یەکی پدك لە کەرەجاڵ ، لە ڕاستەوە نوسەر ، کاك فایەقە ڕەش ، کاك نادر هەورامیی ، برا پێشمەرگەیەك و هاوڕێ مەلا ئەحمەدی بانیخێڵانیی و دوو پێشمەرگەی تر

پەیتا پەیتا ئەم سەرکەوتنەیان لە ڕادیۆکەیانەوە بڵاو ئەکردەوە.

ئەم تێکشکاندنەی خۆرنەوەزان هەروەك هەردوو تێکشکاندنەکانی پشتئاشان بووە مایەی پرسیار و جێی سەرسوڕمان.

زۆر بە دەگمەن (ئەگەر ڕوویدابێت!) ، سوپای بەعس بە شەو لە سەربازگاکانی

خۆیان دور ئەکەونەوە و پەلاماری بنکەی پێشمەرگە ئەدەن ، بە ژمارەیەکی کەمەوە و بە شێوەیەکی پارتیزانیی! بەتایبەتیی بۆ جێگایەکی وا شاخاویی و سەخت و عاسی!

چۆن ئەو شارەزایی و ئازایەتییە ڕەخسا بۆ ئەو ئەفسەر و سەربازانە کە لە شەوێکی وا تاریکدا بێباك و ترس ، دەست بەسەر بنکەیەکی حیزبی شیوعیدا بگرن و هەروا بە ئاسانیی و بێ ئەوەی خوێن لە لوتی یەکێکیان بێت!!!

هاوڕێ هیوا و ئەبوزاهیر لەو کاتەدا پاسەوان بوون ، هاوڕێ هیوا بۆی گێڕاینەوە و وتی: من و هاوڕێکانم لە سەرلوتکەی گەلییەکە پاسەوان بووین ، نیوەشەو بوو ، کۆمەڵێك ڕوویان تێکردین و بە دەنگە دەنگ و بە بێباکییەوە گەیشتنە سەر سەرمان ، ئینجا زانیمان کە ئەمانە هێزێکی دوژمنن!

ئەوەندەمان پێکرا کە پاشەکشە بکەین و خۆمان بگەیەنینە بارەگاکە و هاوڕێیان ئاگادار بکەین و سەربازەکانیش هەر بە پێی ئێمە بە دواماندا هاتن و هەندێك تەقەیان کرد و هاوار هاواری تەسلیمبن .. تەسلیمبنیان بوو ، ئێمەش ڕامانکرد و خۆرنەوەزان دەستی بەسەرداگیرا و کەوتە دەست ئەو چەند سەربازە.

ئەگەرچی لێپرسراوانی ئەو بنکانەی حیزب لە خۆرنەوەزان بەرپرسیاری ئەو شکستە بوون ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەبووایە سەرکردایەتی حیزب لە مەڵبەندی سلێمانیی و کەرکوك لە کەرەجاڵ ئاگاداری ئەو ناتەواویی و کەمترخەمیی و ناهۆشیارییەی ئەو هێزانەی بووایە و ئاگادار بووایە لە نەخشە و پلانی دوژمن و جموجوڵ و هاتوچۆی کەسانی بێگانە و گومان لێکراو کە بە ناوی دۆستایەتییەوە هاموشۆی بنکەکەیان ئەکرد!!

ئەبووایە ئەو ڕووداوە پشتگوێ نەخرایە و بە پێی پێویست لێی بکۆڵرایەتەوە و هەڵبسەنگێنرایە و هۆ و خاڵە لاوازەکانی ئەو تێکشکاندنە ئاشکرا بکرایە.

ئەبووایە سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی و مەکتەبی عەسکەریی حیزبیش ئەم ڕووداوەی بەسەردا تێپەڕ نەبووایە و خۆی لـێ بێدەنگ نەکردایە و هەڵـوێستی خۆی دیارییبکردایە ، بەڵام ئایا هیچیان کرد؟



21ی ئاداری 1984 ئاهەنگی جەژنی نەورۆز لـە کەرەجاڵ لـە بارەگای مەڵبەندی کەرکوك و سلێمانی حشع ، هاوڕێ مەناف ، هاوڕێیەکی عەرەبە ، سەمای (هێوە) ئەکات

لـێپرسراوانی مەڵبەندی سلێمانیی و کەرکوك دەربارەی ئەو ڕووداوە هیچ وەڵامێکیان نەبوو بەرامبەر ناڕەزایی هاوڕێیان و خەڵکەکە. بەتایەبەتیی بۆ پێشمەرگە و سەرکردەکانی بەتالیۆنی نۆی هەڵەبجە لـە کەرەجاڵ کە داوای سزای توندی لـێپرسراوانی بنکەی خۆرنەوزانیان ئەکرد ! !

ئەوەی کە لـە دوای ڕووداوەکە ئەنجامدرا ئەوە بوو کە هاوڕێ د.(أ.ع) ، یەکێك لـە لـێپرسراوانی بنکەکەی خۆرنەوەزان ، لـەسەر داوای خۆی نێررا بۆ مۆسکۆ بۆ لای

خێزانەکەی و یەکێکی تریش لە لێپرسراوان ، هاورێ (أ.ز) ، ئەویش لەسەر داوای خۆی کە دوری بخەنەوە لە ناوچەکە ، لەترسی هەڕشە و تۆڵەی پێشمەرگەی داخ لە دڵ کە نەیکوژن ، گوێزرایەوە بۆ بنکەی سەرکردایەتی لە لۆلان و لەوێ کرا بە نانەوای بارەگاکە!

لە ڕاستییدا کاتێك حیزب ئەم ئاڵوگۆڕەی کرد کە پارتی ڕایگەیاند ئەفسەرە دیلەکە هەموو نهێنییەکی ئاشکرا کردووە و دانی پیادانـاوە و گوایە فەرماندەکەیان پێی وتووە بڕۆن بێ ترس و بێ تەقە ئەو بنکەیە ئەگرن! ئەوەی جێی داخ و سەرنجیش بوو لای هاوڕێیان و خەڵکەکەش ئەوە بوو کە ئەو هێرشەی دوژمن لە قۆڵی لای هاوڕێیانەوە هاتە خۆرنەوەزان و دەستی بەسەر ناوچەکەدا گرت!

هەروەها ئەوەی کە جێی سەرنجە ئەوەیە کە پێشمەرگەکانی حیزبمان و حیزبەکانی تریش پێش ئەو هێرشە هەستیان بە هیچ جموجوڵێکی هێزی دوژمن نەکردبوو لە ناوچەکەدا.

ئەبووایە ئەو ڕاستییە فەرامۆش نەکرایە کە سەرکردەی عەسکەریی مەڵبەند و سەرکردەی بنکەی خۆرنەوەزانیش بەرپرس بوون لەو کارەساتەدا ، نەك پێشمەرگەکان و بەس!

# ئازادکردنی نەوجول

ئەو پێشمەرگە نەبەردانەی کە لە خۆرنەوەزان (هەڵهاتن) لە ئەنجامی سەرکردایەتی کەسانی بێتوانا ، لاواز ، بێئاگا و لێنەهاتووەوە ، هەر ئەوانیش بوون توانییان دور لە سەرکردایەتی و لێپرسراوانی پێشووی مەڵبەندی سلێمانیی و کەرکوکەوە! داستانی پڕ لە شانازیی و قارەمانێتی بۆ حیزب و گەل و نیشتمانەکەیان تۆماربکەن ، وەك گرتنی ناحیەی نەوجول لە گەرمیان لە نزیك بیرەنەوتەکانی زەنبورەوە و بە

ڕێنمایی و هاوکارییەکی نەبەردانەی هاوڕێیانی ڕێکخراوی لیژنەی ناوچەی کەرکوکی حشع.



بەڕێوەبەرانی ڕێکخراوی محەلی کەرکوك لە سەروی کەرەجاڵ ، نزیك (پلەی مەلا مستەفا) ، نوسەر (لای چەپ) ، مەلا شکور(مام فەتاح) و سەید عەلی جەباریی

شەوی هێرشەکە لە تەموزی ساڵی 1987 لە گۆڕستانەکەی دێی قەواڵی ، دوا کۆبوونەوە کرا لەنێوان هاوڕێیاندا ، بەرپرسی عەسکەریی ، شەهید ڕەئوفی حاجی محەمەدی گولان (جەوهەر) ، بەرپرسی مەڵبەندی سلێمانیی و کەرکوك محمد النهر (ئەبولینا) ، سکرتێری لیژنەی ناوچەی کەرکوك قادر ڕەشید ، ئەندامی مەکتەبی ناوچە مەلاشکور (مام فەتاح) ، ئەندامانی لیژنە شەهید ئەبوڤیان و مام عەلی (مەلا هیدایەت) ، ئیتر ڕێکخراوی سیاسی حیزب لە ناوچەکە و هێزی مەڵبەندی سلێمانیی و کەرکوك بە نەخشەیەکی هاوبەش بە هەڵمەتێکی لەناکاو بە ڕێبەرایەتی هاوڕێیان شەهید ڕەئوفی حاجی محەمەد و ئەبوڤیان و هاوڕێیانی

لیژنەی ڕێکخراوی سیاسی کەرکوك ، دەستگیرا بەسەر (ناحیەی نەوجول)دا و بە دەستکەوتێکی زۆرەوە لە دیل ، چەك ، تەقەمەنی و دەزگای بێتەل (ڕاکاڵ) ، چەند ئەوتۆمۆبیلێك ، ئازوقەیەکی زۆر و تەواوی ئەو کەلوپەلانەی لە ڕەبییەکانی دەوروبەری نەوجول و ناو نەوجول دا بەدیل و بریندارەکانیانەوە کە هەر هەموو جاش و سەرباز بوون ، گواسترانەوە بۆ دێی قەواڵی ئازادکراو.

تەواوی ئازوقە و کەلوپەلەکان دابەشکران بەسەر دانیشتووانی گوندەکانی دەوروبەری قەواڵی دا ، لەو نەبەردییەدا تاکە شەهیدێکمان نەبوو ، هەواڵی ئەم ڕاپەڕینە و بانگەواز لە ڕادیۆی حیزبی شیوعییەوە بڵاوئەکرایەوە و دووبارەئەکرایەوە: (گەردەلولە..گەردەلول ، قەڵا لەدوای قەڵای دوژمن ئازاد ئەکرێت..ئەی جەماوەری خۆڕاگری گەرمیان ، بە هانای ڕۆڵە پێشمەرگەکانتانەوە بچن). ئەم بانگەوازە ئەوەندەی تر جەماوەری ناوچەی گەرمیانی هەژاندبوو.

دەستبەسەرداگرتنی ڕەبیە لە دوای ڕەبیە بە ڕێنمایی و پلانی ڕێکخراوی سیاسی (محەلی کەرکوك) بووبووە چالاکیی بەردەوامی ڕۆژانەی هێزەکانی حیزب ، لە ناوچەی گەرمیاندا.

## دەستگرتن بەسەر قەرەداغ دا

هەروەها لە سەرەتای نیسانی ساڵی 1987 دا بە نەخشەیەکی داڕێژراو لەنێوان هێزەکانی ئەو حیزبانەی کە لە ناوچەی قەرەداغ دا بوون (حشع ، پدك ، ینك ، حسك ، پاسۆك و پارتی گەل) ، لە پەلامارێکی ناکاودا دەستیان گرت بەسەر شاری قەرەداغ و هەموو دامودەزگاکانی بەعس و ڕەبییەکانی دەوروبەریدا.

لەم سەرکەوتنەدا لە قۆڵی (حشع)ـەوە کە بۆی دیارییکرابوو ، چەك و تەقەمەنییەکی زۆر و ژمارەیەکی زۆر لە جاش بە معاون موستەشارێکەوە بەناوی

کەمال بە دیل گیران و تەواوی خەستەخانەکە بە ئامێری ئەشیعە و ئەوتۆمۆبیل و دەرمان و کەلوپەلی خەستەخانەکەوە کەوتە دەست پێشمەرگەکانمان کە ئەمە لەو کاتەدا زۆر گرنگ بوو بۆ حیزبمان ، بەتایبەتیی دەرمانی ئەترۆپین بە (مەڵحەم) و (قەترە)یەوە کە زۆر سودبەخش بوو بۆ یارمەتی ئەو ئافرەت و منداڵ و بەساڵاچووانەی لە مانگی ئاداری 1988 دا بە بۆمبی کیمیاویی بریندار بووبوون و هانایان بۆ خەستەخانەکەی حشع هێنا.

لەپشتی دێی ئەستێڵ ، لەلایەن دکتۆرەکانمانەوە (دکتۆر موفق معروف (أبوالعقب) و دوو دکتۆری تر کە ناوەکانیانم لەبیر نەماوە بە ڕۆژانە دەیان برینداریان بەوانە چارەسەرئەکرد و جل و بەرگیان هەرزن هەرزن بووبوو ، بۆیان ئەگۆڕین ، هەموو سنگ و لەشیان شین و مۆر هەڵگەڕا بوو ، چاوەکانیان بووبوون بە گۆمی خوێن و هیچیان نەئەبینی. سییەکانیان سوتا بوو لە ئەنجامی هەڵمژینی گازی سیانید و تابۆن و خەردەل ، لە هۆڵی خەستەخانەکەماندا ئەو بریندارانە ، ئەوانەی کوێر بووبوون بە دەنگ و گریان دایك و کەسوکارەکانی خۆیان ئەناسیەوە و یەکتریان بەسەرئەکردەوە.

دوکەڵی شین و زەرد و بۆر ئاسمانی ناوچەکەی تەنیبوو ، ناوچەکە بۆنی هێلکەی کولاو و پەتاتەی لێئەهات!

لە سەرەتای مانگی ئادارەوە ناوچەی قەرەداغ تا دەربەندیخان بە بۆمبی کیمیاوی لێی ئەدرا ، سێ ڕۆژ لەسەریەك دێی جافەران لە ئاسمانەوە کیمیاپرژێن کرا.

لە 22-3-1988 لەکاتژمێری شەشی ئێوارەدا لە سەربازگەکەی گوڵانەوە ، دێی (سەوسێنان) درایە بەر گوللە تۆپی ڕاجیمەی کیمیاویی کە بریتی بوو لە ڕێژنەیەکی 40 گوللەتۆپ و لە چەند چرکەیەکدا 78 کەس شەهید و نزیکەی 200 کەس بریندار بوون!

ئەو ئاژەڵانەی بەرەو ماڵ ئەبوونەوە لەناو کۆڵانەکانی گوندەکەدا لەگەڵ خەڵکەکە بەسەریەکدا کەوتبوون... ئەمە بووە سەرەتای دەستپێکردنی ئەنفال و لە 13 قۆڵەوە

جاش و سوپا هێرشیان کرده  سەر ناوچەکە.

# پاشەکشەی سەرکەوتووانە

پێشمەرگەکانی هەموو حیزبەکان بە هاوکارییەکی نەبەردانەی یەکتر ، بە ورەیەکی بەرزەوە و لـە بەرگرییەکی قارەمانانەدا دژ بەو شاڵاوە بەربڵاوەی هێزی کیمیاوەشێنی بەعسی داگیرکەر ، دەستەویەخە بوونەوە ، بۆ پارێزگاریی لـە خاك و جەماوەری ستەمدیدەی ناوچەکە. ئەو هێزە زۆرەی دوژمن لـە سەرباز و جاش ، ئەوەندە زۆر بوو کە بەراورد نەئەکرا لـەگەڵ  هێزی پێشمەرگەدا.

دوژمنی داگیرکەر دووبارە دەستی بەسەر ناوچەی ئازادکراودا گرتەوە و کەوتنە ئەنفالـکردنی خەڵکی بێبەرگریی ، بێچەك ، بریندار ، سەرگەردان و لێقەوماو.

لـەو بەرگرییەدا ئەم پێشمەرگە شیوعییە کۆڵنەدەرانە شەهید بوون (شوان حەمە قوتوو ، بارام ، کاوەی عەول قایەری گوڵانیی ناسراو بە مام ئەسکەندەر ، مەلا بەکر سدیق ، عەلی و سابیر ، ئەم هاوڕێیانەش لـە شاخە بەرزەکەی پشتی شیوی قازی لـە سەنگەری بەرگرییاندا لـە هێرشی هێزی دوژمن ، بریندار بوون ، ئەحمەدی مامە ، عادل و حازم کە دوو هاوڕێی عەرەب بوون.

هەروەها لـە ناوچەی گەرمیان و جەباریی بۆ بەرگریی لـە زنجیرە ئەنفالـەکەی ڕژێمی بەعس ، زیادتر لـە 20 پێشمەرگەی حیزبی شیوعی شەهید بوون ، هاوڕێ سەید عەلی جەباریی کادێری پێشکەوتووی ڕێکخراوی محەلی کەرکوکی حیزب لـە بەرگرییەکی قارەمانانەدا لـەگەڵ هاوڕێکانی لـە هێرشی بەردەوامی ئەنفال ، بۆ پارێزگاریی لـە خاکی بابوباپیرانی لـە (ناوچەی جەباریی) لـە 4-4-1988 دا بە خەستیی بریندار بوو.

کشانەوەی پێشمەرگەکانمان لـەم بارودۆخە هێجگار ناهەموار و نابەرابەریی و

کارەساتە کیمیاوییە مێژووییەدا ، پێی ناوترێت هەڵهاتن لە ئاستی هێرشی دوژمن ، وەك لە نۆکان و پشتئاشان و بارزان و خۆرنەوەزان و خواکورك و...تد ، بەڵکوو پاشەکشەیەکی دوای داستانێکی پڕ لە شانازیی و قارەمانێتی بوو لە مێژووی تێکۆشانی چەکداریی حشع دا.

## نائارامیی

هەر وەك وتم پاش ئەم ڕووداوە ، واتە ڕووداوی خۆرنەوەزان ئیتر لە بنکەی کەرەجاڵ کەوتینە ژێر گوشاری سوپای پاسدارانەوە و وردە وردە ئێرانییەکان کەوتنە داگیرکردنی ناوچەکە و ئێمەش و هێزەکانی پدك ، حسك و پاسۆکیش کەوتینە ژێر ڕەحمەتی تۆپبارانی سوپای عێراقەوە و بە شەو و بە ڕۆژ ئارامییان لێ بڕیبووین ، جێیان پێ لێژ کردبووین.

بە گوللەی تۆپ و هاوەن زیانێکی زۆری گیانییمان لێکەوتبوو ، وەك هاوڕێی پێشمەرگە کامەران ئەحمەد(دەروێش) و ئێرهاردی ئەڵمانیی کە دیل بوو لامان ، هەروەها بریندابوونی پێشمەرگە مستەفای دەروێش قادری هەڵەبجەیی.

لەپاش شەهیدبوونی هاوڕێ عەلی کالاشینکۆڤ و یاسین حاجی ئەحمەد و شەهیدبوونی پێشمەرگەیەکی پارتی کە میوانی ئێمە بوو ، بریندابوونی سەید عەلی خوالێخۆشبوو کە ئەشکەوتەکەی بارەگای کەرەجاڵ ڕوخا بە سەریاندا.

من لە شارباژێڕ لەگەڵ هێزێکی حیزبدا بووم ، بە بیستنی ئەو هەواڵە هاوڕێ ئەبوسەرباز ئاگاداری کردم کە بەپەلە بە ناو ئێراندا بگەڕێمەوە بۆ کەرەجاڵ بۆ دڵنیایی ئەو هەواڵە و خۆ ئەگەر ڕاست بێت ئەوا چارەسەری کێشەکان بکەین و چارەیەکیش بۆ تەرمەکانیان بدۆزینەوە.

به ناو خاکی کوردستانی ئێران و ڕەبیەکانی پاسداری سنوردا و بە ناو بەفر و ڕەهێڵەی چیا بەرزەکانی (سنور!)دا ، گەیشتمە جێگای ڕووداوەکە و بە یارمەتی برادەرانی پدك تەرمەکانمان بە نهێنی ، بۆ هەڵەبجە بەڕێکرد ، ئیتر مەڵبەندی سلێمانیی و کەرکوك و کۆمیتەی ناوخۆیی ڕێکخراوی کەرکوك و سلێمانیی ، بۆ دوا جار کەرەجاڵمان بەجێهێشت و بە یارمەتی برادەرانی پارتی گواستمانەوە بۆ شاربازێڕ ، لە نزیك بارەگای لقی یەکی پارتییەوە لە گۆڵێ.



نوسەر (لای ڕاست) و نەورۆز شاوەیس ، پاییزی 1986 لە گوندی ڕاگوێزراوی سپیارە

لەبەرئەوەی کەوتبووینە نێوان ئاگری شەڕی عێراق و ئێرانەوە ، گەمارۆی هەردوو لامان لەسەر بوو ، لە ناچارییدا و لە مەترسی بۆردومانی فڕۆکەی عێراقیی ، بە ڕۆژ بڵاوەمان لێئەکرد و بە شەو ئەگەڕاینەوە بۆ ژورەکانمان ، لەتاو پارێزگارییکردن لە خۆمان ، توانای شەڕی پارتیزانییمان نەمابوو بەرامبەر بە ڕژێمەکەی بەعسی فاشیست ، لە نزیك دێی چەمەك و سپیارەی ڕاگوێزراوی وێرانکراوەوە و دور لە ئاوەدانییەوە گیرساینەوە.

ئەوەندەی پێنەچوو سوپای پاسدارانی ئێران گەیشتنە سەرمان و ئەم جێگایەشیان لێداگیرکردین و کردیانە گۆڕەپانی شەڕی عێراق و ئێران و بەزۆر ئێمەیان دەرپەڕاند و کردیانین بەوبەری ڕوبارەکەی سورەبان دا. لەناو چەم و دۆڵێکی بەردەڵانیی و سەختدا بە زستانێکی سارد و ڕەهێڵە و کرێوەی بەفر و باران ، گیرساینەوە و ئیتر ناچار کەوتینە هەڵدانی چادری کۆن و دڕاو لە سەر زەوی تەڕ و قوڕاویی و لەژێر ڕەحمەتی تۆپ و فڕۆکەی عێراق و مەترسی گوشاری گرتن و ڕاونانی پاسداری ئێران ، توشی هەر پێشمەرگەیەکی ئێمە بهاتنایە ئەیان گرت و چەکەکەیان ئەبرد! !



زستانی 1986 لەدێی سپیارەی ڕاگوێزراو ، عادل (لای ڕاست) هاوڕێیەکی عەرەبە ، نۆرەی دارشکاندنیەتی بۆ بنکەکەمان ، لەگەڵ نوسەر

ئەم بەسەرهات و ڕووداوانە هیچیان نەبوونە ئەزمونێك و هەر هیچ نەبێت بارێکی ئارامیی بخوڵقێنێت ، هیچ هەنگاوێکیش لە سەرکردایەتی حیزبەوە نەنرا بۆ لێکۆڵینەوە لەو کارەساتە ناهەموارانە کە خۆی لە خۆیدا نیوە پشتئاشانێك بوون.

هیچ لێپرسینەوەیەك نەکرا و کەس بە بەرپرسیاری ئەو کارەساتانە دانەنرا ، هیچ

گۆڕانکارییەك لـە سەرکردایەتی مەڵبەندی سلێمانیی و کەرکوکدا نەکرا و ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە کەسیش لـە هیچ بیرەوەری و کتێبێکدا بە پەرێزی ئەم ڕووداوانەدا نەچووە!

# دروشمی حیزب

(قووا تنظیم حزبکم ، قووا تنظیم الحرکة الوطنیة) ، ئەم دروشمەی حیزب واتە ڕێکخراوی حیزبتان بەهێزبکەن ، ڕێکخراوی جوڵانەوەی نیشتمانیی بەهێز بکەن ، یەکێکە لـەو دروشمە کۆنانەی حیزبمان کە ساڵانێکی زۆرە جێی وتووێژ و لێکۆڵینەوەیە.

حیزبمان تاکە حیزبێك بوو ، هەروەها تا ئێستاش هەر تاکە حیزبێکە کە هەر لـە سەرەتای چلـەکانەوە ئەم دروشمە بەجێیەی هەڵگرتووە و کردوویەتی بە بەردی بناغەی تێکۆشانی شیوعییەکان و لـە بەرنامە و پەیڕەویی ناوخۆدا جێگیری کردووە.

ئەو کاتە هاوڕێ فەهد هەستی بەو ڕاستییە کردبوو کە ڕێکخراوی جوڵانەوەی نیشتمانیی عێراق لـەو قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانییەدا پێویستی بە هاوکاریی و لـەیەکتر نزیکبوونەوە هەیە بۆ بە هێزبوونی خەباتی سیاسییان و هەر تەنیا ڕێکخراوێکی نیشتمانیی بەهێزیش ئەتوانێت بەرەنگاری ئیمپریالـیزمی ئینگلـیز و ڕژێمە پاشایەتییە نۆکەرەکەی ببێتەوە.

لـە چلـەکانی سەدەی ڕابوردوودا حیزبمان نهێنی بوو ، بەڵام دوو حیزبی ئاشکرا و نیوەئاشکرای دروستکردبوو ، حیزبی ڕزگاریی نیشتمانیی و حیزبی گەل. جەماوەرێکی فراوانیان هەبوو ، پایەیەکی چەسپاوی بە هێزو پتەویان هەبوو لـەناو کارگەران ، جوتیاران ، کاسبکاران ، ڕۆشنبیران و پیاوانی دیندا ، بۆیە بە پەرۆشەوە ئەو دروشمەمان هەڵگرتبوو ، چونکە پتەوبوونی ئەوان هەر پتەوبوونی خۆمان بوو!

لـه دوای هەڵـوەشاندنەوەی ئە و دوو حیزبە و شەهیدبوونی هاوڕێ فەهد و شەبیبی کە لـەوەوبەر سەرۆکی حیزبی ڕزگاریی نیشتمانیی بوو ، ئیتر ئەو دروشمە باوی نەما. ئێمەش بە بێ لـێکۆڵـینەوە و هەڵـسەنگاندن ، ئەو دروشمەمان وەك خۆی هێشتووەتەوە و وەك "دەقێکی پیرۆز" سەیر ئەکرێت ، نەوە لـەدوای نەوە!

ئەو سەردەمە حیزبمان توشی ئازار و دەردیسەریی ڕێکخراوەکانی جوڵانەوەی نیشتمانیی نەبووبوو. ناکۆکیی و هەڵـوێستی سیاسی و چینایەتی و ئایدیۆلـۆجی لـە نێوان حیزبەکانی ئەو سەردەمە و حیزبماندا وا بە زەقیی لـە ئارادا نەبوو ، بە لایەنی کەمەوە هێشتا هیچ حیزبێك لـەو حیزبانە جڵـەوی حوکمڕانیی و دەسەڵاتی نەکەوتبووە دەست تا تاقیبکرێنەوە!

ئەو دروشمەی حیزب دەنگدانەوەیەکی باشی هەبوو لـەناو جەماوەردا و هەڵـوێستی ڕاستەقینەی شیوعییەکانی دەرئەخست بەرامبەر بە جوڵانەوەی نیشتمانیی ، هەر لـە ئەنجامی ئەو سیاسەتە و یارمەتیدانی لایەنەکانی ئەو سەردەمەوە بوو کە حیزب توانی لایەنەکان کۆبکاتەوە و پێکەوە لـە ساڵـی 1957 دا بەرەی یەکیەتی نیشتمانیی عێراق دروست بکەن.

هەر ئەو بەرەیە و هاوکارییەش بووە هەوێنی شۆڕشی 14 ی تەموزی 1958 بە سەرۆکایەتی ئەفسەری نیشتمانپەروەر عەبدولـکەریم قاسم.

لـە هەمان کاتیشدا نەتەوەپەرستەکان و بەعسییەکان لـەناو ئەو بەرەی یەکیەتی نیشتمانییەی عێراقدا ، ڕازیی نەبوون بە هاوکاریی لـەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان و بوون بە ئەندامی لـە بەرەکەدا. حیزبمان هەر لـە سەر ڕۆشنایی هەمان دروشم بە جیا پەیمانی دووقۆڵـیی و هاوکاریی و برایەتی لـە گەڵ پارتی دا مۆر کرد.

هەروەها یەکێك لـەو حیزبانەی هاتنە ناو بەرەی یەکیتی نیشتمانیی عێراقەوە و حیزبمان بەگوێرەی توانا یارمەتی ئەدان لـە سەرەتای دروستبوون و گەشەکردنیدا و بە یارمەتی هەمەجۆرەی وەك ڕاگەیاندن و چاپەمەنی و شتی تر ، حیزبی (بەعسی

عەرەبی  ئیشتراکی) بوو!

# پاداشت

ئەوە بوو هەر ئەو حیزبە لـە کودەتا شومە خوێناوییەکەی 8 ی شوباتی 1963 دا کە حوکمڕانییان کەوتەدەست ، پاداشتی ئەو چاکەیەی حیزبیان دایەوە بە دڕندەترین شێوەی مێژوویی و کەوتنە کوشتوبڕی بێهاوتای شیوعییەکان و کوشتنی بە کۆمەڵـی سەرکردەکان ، ئەندام ، دۆست و تەنانەت کەسوکاریشیان لـە سێدارە ئەدان ، یان لـەژێر ئەشکەنجەدا شەهیدیان ئەکردن ، وەك سەرکردەی قارەمان و نەمر سکرتێری حیزب هاوڕێ سەلام عادل ، هاوڕێیان جەمال حەیدەریی ، عەبەلی و سەدان لـە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی ، کۆمیتەی ناوەندیی ، کۆمیتەکانی ناوچەکان و شارەکان ، ئەفسەران ، کاربەدەستانی ئەندامان و دۆستانی حیزب لـەناو سوپا و پۆلـیس و دەزگاکانی دەوڵـەتدا.

بە هەزاران تێکۆشەر ڕاپێچی بەندییخانەکانی قەسری نیهایە و نوگرەسەلمان و بەندییخانەکانی شارەکان کران ، بەیانی ژمارە 13 یان دەرکرد کە خوێنی شیوعییەکان و قەلاچۆکردنیانی حەڵاڵ کرد. بەم هێرش و پەلاماردانەیان ئازارێکی زۆری حیزبیاندا و لـە دەسەڵات و توانای جەماوەرییان کەم کردەوە.

هەروەها ڕێکخراوی جوڵانەوەی نیشتمانیی لـە کوردستانیشدا ، مەکتەبی سیاسی پارتی ، هەر لـە ساڵـی 1961 ـەوە دەستیان کرد بە ڕاونان و کوشتوبڕی شیوعییەکان لـە شار و شارۆچکە و گوندەکان لـە چیای بەمۆ ، ژاڵـەناو و گوندەکانی بەری سیروان بە ڕابەرایەتی حیلمی عەلی شەریف ، ئەوانەی ئەگیران ڕەوانەی بەندییخانەی گەڵاڵـە ئەکران و ئازار و ئەشکەنجە ئەدران.

لـە ساڵـی 1964 یشدا کە لایەنێکی تری ڕێکخراوی جوڵانەوەی نیشتمانیی!

دروستبوو ، به جیابوونەوە لە پارتی ، بەداخەوە ئەوانیش هێشتا نەکەوتبوونە سەر پێی خۆیان ، کەوتنە ڕاونان و کوشتوبڕی شیوعییەکان و گیراوەکانیان ڕەوانەی بەندییخانەکانی بەکرەجۆ و چەمی ڕێزان و ماوەت ئەکرد و زۆریان بێسەروشوێن ئەکردن و دوا شاڵاویشیان هێرشەکانیان بوو لە پشتئاشانی یەکەم و دووەم دا.

بە درێژایی ئەو ساڵانە و لەپاش هەر بەیەکدادان و شەڕوشۆڕێکی ئەو حیزبانە لەگەڵ حیزبی شیوعیدا و لەپاش هەموو گرژیی و ئاڵۆزییەك ، بەبێ پەشیمانیی و لێبوردنیان ئاشتبوونەوە و تەبایی و کار و پەیوەندیی بەرەیی پەیدابووەتەوە!

لەگەڵ حیزبی بەعسدا دیسان بەرەی نیشتمانیی دروستبووەوە و ئەو هەزاران شەهید و گیراو و بێسەروشوێنکراوانە لە یاد چوونەوە و بەغدا بووەوە بە شامی شەریف و ئەوەندەی نەخایاندەوە و دووبارە حیزبی بەعس ڕێگەی لەناوبردنی حیزبی شیوعی گرتەوەبەر و گەلێك لە ساڵی 1963 خراپتری بەسەر هێناین و دەیان هەزار شیوعی و دۆست و تەنانەت کەسانی بێلایەنیش بە ناوی شیوعییەوە لەناوبران و پاکانەیان پێئەکردن و بێسەروشوێن ئەکران.

ئەم هێرشە تەواوی عێراقی گرتەوە و حیزبی شیوعی لەو وڵاتە پان و بەرینەدا ئارامیی بەخۆیەوە نەدی بە دەست (ڕێکخراوی بزوتنەوەی نیشتمانیی) عێراقیی و کوردستانییەوە!

لەگەڵ هەموو ئەو کارەساتانەی حیزب بە دەست ئەو لایەنانەوە بەسەری هاتووە ، هێشتا هەر (قووا تنظیم حزبکم ، قووا تنظیم الحرکة الوطنیة) ، دروشمی حیزبە و هەر لە جێی خۆیەتی و تێکەڵ بە خوێن و گۆشت و ئێسکی شیوعییەکان بووە! ئەم دروشمە گوڵی گەشاوەی هەموو کۆنفرانس و کۆنگرەیەکی حیزبە! و کراوە بە ئایەتی قورئان و نابێت لەم هەموو گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییانەدا کە بە سەر حیزب و بزوتنەوەی نیشتمانییدا هاتووە ، یەك زەڕە لە دەقەکەی کەل بکرێت ، هەر کەسێکیش لێی بدوێت بەپێی ئازادیی بیروڕا ، بەداخەوە ئەوا بە گێل و نەفام و

تێنەگەیشتوو سەودای لـە گەڵدا ئەکرێت!

(زیادتر لـە پەنجا ساڵ ئەندام بیت لـە حیزبێکدا و هەزاران کاری پڕ مەترسی جێبەجێ بکەیت و هەزاران تاڵـیی و ناخۆشیی و گرتن و دورخستنەوە و سەرگەردانیی و ماڵـوێرانیی ، بەڵام بۆت نەبێت گفتوگۆی سیاسەت و دروشمێکی حیزبەکەت بکەیت و ڕەخنە لـە سەرکردەیەك بگریت! ئەگەر کردیشت ئەوا نەزان و تێنەگەیشتوویت! ! !).[32]

هیچ حیزبێکی عێراقیی و کوردستانیی دروشم و هەڵـوێستێکی لـەو جۆرەیان لـە بەرنامە و پەیڕەویی ناوخۆی حیزبەکانیاندا بەرزنەکردووەتەوە ، چونکە بە بەرژەوەندە چینایەتییەکەی خۆیانی نازانن. ئەوان سودی زیادتریان لـەو دروشمەی حیزب وەرگرتووە بۆ بەرژەوەندی حیزبەکانی خۆیان و بزوتنەوەکانیان ، وەك لـەوەی ئێمە تا ئێستا سودمان لـێوەرگرتبێت! کێ ئەمڕۆ دوژمنی چینایەتی خۆی (قەڵـەو) ئەکات بە خۆڕایی و لـەسەر حسابی خۆی! ئەگەر بۆ (قوتدان)ی نەبێت!

لایەنەکانی بزوتنەوەی نیشتمانیی ئەم سەردەمە ، ئەم دروشمەی حیزبیان پێخۆشە و زیانیان لــێ نەکردووە و لـە هەموو کێشەیەك و پێکدادانێکی نێوان خۆیاندا ناوبژی و یارمەتی و مامەخەمەیی و ڕیشسپییەتی و بە تەنگەوەهاتنی شیوعییەکانیان مسۆگەر کردووە.

# زاخاو

لـێرەدا ئەمەوێ ئەوە بڵـێم کە پەیڕەوکردنی ئەم دروشمە ئەوەندە کاریگەریی خۆی هەبووە لـەسەر بیر و بۆچوونی سەرکردەکانی حیزب لـە پشتئاشاندا ، ئیتر چۆن ئەتوانن بەرەنگاری هێرشی لایەنێکی (ڕێکخراوی جوڵانەوەی نیشتمانیی! !) ببنەوە لـە کاتێکدا کە ساڵـەهای ساڵـە مێشکیان زاخاو ئەدرێت بەو دروشمە.

هەر ئەوەشە وای کردووە کە حیزب هەرگیز بە پێی پێویست نەیتوانیوە و بە باوەڕ و بە جددییەوە بە هەست و هۆشێکی چینایەتییەوە بەرەنگاری ئەو هێرشانەی (ڕێکخراوی جوڵانەوەی نیشتمانیی!) ببێتەوە.
ئەم دروشمە شیوعییەکانی کردووە بە حەزرەتی عیسا و پاداشتی ئەو سیاسەتە و ئەو ئاشتیخوازییەشی هەر هێرش و پەلاماردان بووە لەلایەن حیزبەکانی (ڕێکخراوی جوڵانەوەی نیشتمانیی!)یەوە.
لەلایەن بەعسەوە بە بەیانی ژمارە 13 ی 1963 پاداشتمان وەرگرتەوە و لەوەش دژوارتر ، لەلایەن یەکیەتی نیشتمانییشەوە بە دروشمی (تۆڵە بە سەبرە ئەمما بە زەبرە) بەرامبەر بە (ڕێکخراوی جوڵانەوەی نیشتمانیی بەهێز بکەن) بە خوێنڕشتنمان پاداشت دراینەوە لە یەکی ئایاری 1983 لە پشتئاشانی یەکەم و دواتریش لە پشتئاشانی دووەمدا.

# جیاوازیی سەردەم

ئەگەر ئەم دروشمەی حیزب لە دروشمێکی ستراتیجییەوە بکرێتە دروشمێکی تاکتیکیی لە بارودۆخی ئێستادا کە جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ ئەو چەرخ و سەردەمەی کە عێراق کۆڵۆنیالیی ئینگلیز بوو ، ئایا ئەگەر بە جۆرێکی تر ئەم دروشمە دابڕێژینەوە باشتر و لەبارتر نیە؟
ئایا ئەگەر بوترێت (بە بەهێز بوونی ڕێکخراوەکانی حیزبتان ڕێکخراوی جوڵانەوەی نیشتمانیی بەهێز ئەبێت) واتە (بتقوية تنظيمات حزبكم تتقوى تنظيم الحركة الوطنية) باشتر نیە؟
ئەمەش مانای وازهێنان و دورکەوتنەوە نیە لە دۆستایەتی و هاوکاریی لەگەڵ لایەنەکانی جوڵانەوەی نیشتمانیی ، یان بەشدارییینەکردن لە کاری هاوبەش و

بەرەییدا.

هەندێك لە لایەنەكانی جوڵانەوەی نیشتمانیی چ عێراقیی و چ كوردستانیی ، بەگوێرەی بەرژەوەندی خۆیان یارمەتی حیزبیان داوە و بەبێ ئەوەی كە دروشمێكی وەك ئەوەی ئێمەیان هەبێت.

ئەمڕۆ لە كوردستاندا چەند حیزبێكی چەپ دروست بووە ، هەندێكیان لە حیزبی شیوعی عێراقیی یان كوردستانیی جیابوونەوە و ئەیانەوێت كەم یان زۆر ببنە جێگری حیزبی شیوعی كوردستانیی ، بە پێی ئەو دروشمەمان ئەبێت ئەو حیزبانەش بەهێز بكەین چونكە ئەكەونە خانەی ڕێكخراوی جوڵانەوەی نیشتمانییەوە و لەبەرئەوەش كە ئەو دروشمە سنورێكی دیارییكراوی نیە بۆ چەپ و ڕاست ، تەنیا ئەوەیە كە ئەو لایەنە ئەبێت لە ڕیزی جوڵانەوەی نیشتمانییدا بێت!

لە پراكتیكدا ئەم دروشمە بەم جۆرە پەیڕەو ئەكرێت (قووا تنظيم الحركة الوطنية ، قووا تنظيم حزبكم) ، هەر بۆیە ئەبینین لایەنەكانی بزوتنەوەی نیشتمانیی لە برەو دایە و بزوتنەوەی حیزبیش لە لاوازبوون دایە! لەبەرئەوەی هەر بە ڕێكخستنی لایەنەكانی بزوتنەوەی نیشتمانییەوە خەریكبووین و كارەكانی تری حیزبی خۆمان خستووەتە لاوە.

بەپێی دروشمەكەی حیزب بێت ، ئەبووایە ئەمڕۆ لایەنەكانی جوڵانەوەی نیشتمانیی وەك حیزبمان لاواز بوونایە ، كەچی ئەبینین بە پێچەوانەوەیە! ئەبووایە حیزبیش وەك لایەنەكانی بزوتنەوەی نیشتمانیی لەبرەوتردا بووایە ، بەڵام ئەمڕۆ ئەم هاوكێشەیە هاوسەنگ نیە!

پێم وایە بەرژەوەندی چینایەتی لە سەروو پەیوەندیی دۆستایەتی لایەنەكانی بزوتنەوەی نیشتمانییەوەیە ، جاری وا هەیە دۆستایەتییەكە نامێنێت ، یان ئەمێنێت بەڵام ئەیانەوێت حیزب بكەن بە گیسكەكەی هەیاسی خاس و بەكردەوەش كاریان بۆ كردووە و بەردەوامیش هەر ئەیكەن.

لـه هەموو حاڵـەتێکدا مەرجە و ئەبێت پاراستنی بەرژەوەندە چینایەتییکە فەرامۆش نەکرێت! بۆ ئەو فەرامۆش نەکردنەش پێویستە بەپێی بارودۆخی ئەمڕۆ بەو دروشمەدا بچینەوە و لـەپێناوی بەهێزبوونی حیزب و بزوتنەوەکەیدا.

# بەراوردی سەردەم

بە بەراوردێکی ساکاری جۆری تێکۆشانی ڕێکخراوی عەسکەریی و ڕێکخراوی مەدەنی (ڕێکخراوی ناوەوە ـ شار)ی حشع لـەنێوان ساڵانی شۆڕشی ئەیلـول و ساڵانی (1979 – 1989)دا زۆر ڕاستییمان بۆ دەرئەکەوێت.

حیزبی شیوعی عێراق وەك زۆربەی حیزبە شیوعییەکان ، بەناچاریی! پەنای بردووەتە بەر خەباتی چەکداریی ، بەتایبەتیی لـە ساڵی 1963 دا. زۆر داستانی پڕ لـە قارەمانییەتی وەك شەڕی هەندرێن و سەری حەسەن بەگ و دەیانی تری بۆ گەل و حیزبەکەی تۆمارکرد.

ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی لـە شار و شارۆچکەکاندا ڕۆڵێکی کاریگەریان گێڕا لـە خەمخۆریی و هاوکاریی خۆیاندا بۆ پشتگیرییکردنیان لـە بزوتنەوە چەکدارییەکەی حیزبەکەیان.

ئەو کاتە ڕێکخراوی لـیژنەی هەرێمی کوردستان سەرپەرشتکار و بەڕێوەبەری کاری چەکداریی بوو لـە شاخ ، ڕێکخراوی مەدەنی کۆڵـەکەی پتەوی ئەو جوڵانەوە سەبازییە بوو ، سەرچاوەی مادیی ، مەعنەوی و سیاسی بوو.

ئەم پشتگیریی و خەمخۆرییەی ڕێکخراوی مەدەنی سەرکەوتنێکی مەزن بوو کە لـە مێژووی حیزبدا تۆمارکراوە.

لـە ساڵی 1979 دا بۆ جارێکی تر ڕێبازی شەڕی پارتیزانیی بەرۆکی حیزبی شیوعی گرتەوە و دەستی کردەوە بە خەباتی چەکداریی. ئەم جارەیان ئەرکەکەی

گرانتر ، دژوارتر ، درێژخایەنتر و فراوانتر بوو ، دژ بە دەسەڵاتی دوژمنێکی بەهێزتر و خاوەن چەکی کیمیاویی و تێکنەلۆجیایەکی عەسکەریی نوێ.

بۆ شەڕکردنیش لەگەڵ دوژمنێکی وا بەهێزدا ، حیزب پێویستی بە پیاداچوونەوەیەکی ڕابوردووی سیاسی و عەسکەریی خۆی هەبوو کە بەراوردێکی بابەتییانەی ئەو سەردەمە و سەردەمی نوێی بکردایە ، بەڵام نەیکرد!

لەبەرئەوەی خەباتە چەکدارییەکەی کەوتە سنوری کوردستانەوە ، هەر وەك ساڵانی شۆڕشی ئەیلول و بەتایبەتیی ساڵی 1964 ، پێویست بوو جڵەوی کاری چەکداریی دووبارە بدرایەتەوە بە ڕێکخراوی هەرێمی کوردستان و قەوارەی ڕێکخراوی هەرێمی بەهێزتر و دەسەڵاتدارتر بکردایە! بۆ مسۆگەرکردنی سەرکەوتنی زیادتر و نوێتر.

لای زۆربەمان شاراوە نیە کە گۆڕینی سیاسەتی بەرەیی بۆ چەکهەڵگرتن لە شاخ لە ساڵی 1979دا ، تەنیا بە دەستپێشخەریی ڕێکخراوی هەرێمی کوردستان بوو ، بە دامەزراندنی یەکەم بنکەی چەکداریی لە ناوزەنگ بە ڕابەرایەتی هاوڕێ ئەحمەد بانیخێڵانیی و ئەندامانی لیژنەی هەرێم و قاعیدەی ڕێکخراوەکەی و بە هاوکاریی دۆستانەی یەکیەتی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوو.

ڕێکخراوی هەرێم کەوتە خۆی بۆ ڕزگارکردنی کادێر و دۆست و ئەندامەکانی ، ئەوانەی بەر شاڵاوی بەعسی دڕندە نەکەوتبوون دەربازکران بۆ شاخ. لە لایەکی ترەوە ئەم هەڵوێستە نوێیەیان بە سەرکردایەتی حیزب ڕاگەیاند کە ڕێگای چەك تاکە ڕێگای بەرەنگاربوونەوەیە دژی ڕژێمی بەعس ، دوژمنە سەرسەختەکەمان.

ڕۆژنامەی پراڤدا ، زمانحاڵی حیزبی شیوعی سۆڤیەتی پێشوو لە ئاداری 1979 دا هەواڵی خەباتی چەکداریی شیوعیە عێراقییەکانی ڕاگەیاند کە لە ڕۆژنامەیەکی عەرەبییەوە وەریگرتبوو!

سەرکردەکانی حیزبمان لەدەرەوی وڵات ـ بە هاوڕێ عەزیز محەمەدیشەوە ـ بە

سەرسوڕمانەوە ئەو هەواڵـە ئەبیستن!

ئیتر سەرکردایەتی حیزب بە ناچاریی سیاسەتی شەڕی پارتیزانیی پەسەند و ئاشکرا کرد و لـەو بارەیەوە بەیاننامەی گۆڕینی سیاسەتی خۆی ڕاگەیاند و هاوڕێیانی دەرەوە دەستیان کرد بە گەڕانەوە بۆ گۆڕەپانی خەباتی چەکداریی لـە کوردستاندا.

ئەو پێنج بەتالـیۆنەی دروستکرابوو ، کرا بە سێ مەڵبەندی عەسکەریی (مەڵبەندی بادینان ، هەولـێر و کەرکوك ـ سلـێمانی) ، سەرکردایەتی ئەم مەڵبەندانەش دران بە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی و بە پراکتیکیش جێی ڕێکخراوی سیاسی هەرێمی کوردستانیان گرت! واتە بوونە هەموو شتێك و ئیتر ڕێکخراوی هەرێم بە پێچەوانەی سەردەمی ساڵانی شەستەکانەوە ، بوو بە ژێر دەست و پێوە!

لـیژنە و مەکتەبی هەرێم وەك مەلـێکی پەڕوباڵـکراو مانەوە! لـە ناچارییدا ڕێکخراوە محەلـییەکانی شارەکان لـە ڕێگەی مەڵبەندەکانەوە پەیوەندیی خۆیان ئەکرد و گرفتەکانیان چارەسەر ئەکرد ، وەك کاری چاپەمەنی ، ڕاگەیاندن و هاتوچۆی پۆست و پێویستیی دارایی و سیاسی و زۆر ئەرکی تر.

وەك وتمان ئەم شێوە کارکردنە نوێیەی خەباتی چەکداریی ساڵانی 1979 و دواتر ، پێچەوانەی شێوە و ڕێبازی پێشووی حیزب بوو کە لـە ساڵـی 1964 دا لـیژنەی هەرێمی کوردستان ، بەڕێوەبەری شەڕی چەکداریی بوو. ئەو کاتە لـیژنەی هەرێم خۆی خاوەن دەسەڵات و بڕیار بوو بەپێی تایبەتمەندیی و بوونی ڕێکخراوەکەش لـە کوردستاندا و سەرپەرشتیی هەموو کاری چەکداریی ئەکرد و لـە هەمان کاتیشدا زۆر لـە کادێرە عەرەبەکانیش لـەپاڵ ئەم ڕێکخراوەدا بوون.

سەرکردایەتی حیزب پۆلـێك لـە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندیی دەستنیشان کردبوو ، بە نۆرە مەکتەبی عەسکەریی لـێ دروستئەکردن! وەك دکتۆر ڕەحیم عەجینە ، ئەبوعەواتف ، ئارا خاچادۆر ، ئەبوحیکمەت ، بەهادین نوری ، ئەبوعامل ، عومەری مامەشێخە(ئەبوفاوق) ، ئەبوسەعد و چەندانی تر ، ئەمانە هەر

هەموویان (شارەزا و خاوەن ئەزمونی شەڕی چەکداریی) نـــەبـــوون!

(قـەدەغـەش) بوو کەسانێکی شارەزا و لـێهاتوو بکرێن بە ڕابەری عەسکەریی کە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی نەبن! ئەم ڕێبازە بووبووە هۆیەك لـەو هۆیانەی کە لـەماوەی ئەو دە ساڵـەی خەباتی چەکدارییدا سەرکەوتنی کەمتر بە دەست بهێنین و کۆستی گران و دڵـتەزێنی زیادترمان لـێبکەویـت ، وەك شەڕی پشتئاشان و گەلـێك تێکشکانی تر!

مەلا عەلی لـەم ڕووەوە ئەڵـێت: (لـە مانگی 10- 1982 دا کۆنفرانسێکی پێشمەرگە لـە پشتئاشان کرا. بەبێ پرس مەکتەبی عەسکەرییان لابرد (ملازم خدر- ئەبوئیزدهار ، ئەبوتارا و مەلاعەلی) ، چونکە ئێمە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی نەبووین و مەکتەبی عەسکەریی تازەیان دروستکرد لـە کاك بەهادین نوری ، ئاراخاچادۆر ، ئەبوعەواتف و بە سەرۆکایەتی ئەبوعامل.

ئەوەی بێتەوە بیرم لـەو کۆبوونەوەیەدا بە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی ، مەکتەبی سیاسی و کادێرانی پێشمەرگەوە ، وا ئەزانم نزیکەی 30 کەسێك ئەبووین ، کاك عەزیز محەمەدیش ئامادەبوو.

... ئارا خاچادۆر وتی من پسپۆرم لـە بواری کاری سەندیکاییدا ، منتان هێناوە و لـە مەکتەبی عەسکەرییدا داتانناوم کە هیچی لـێ نازانم! ماوەیەك لـەمەوبەر وتیان هێرش ئەکرێتە سەرمان ، منیش یەکێك لـە ئەفسەرە دەرچووەکانی (یەمەن)م بینی و وتم ئەگەر کشاینەوە ، چۆن بکشێینەوە؟ وتی ئەم ئاوە بگرە و بڕۆ!

ئاویش لـە هەزار بە هەزاری واوە دێتە خوارەوە کە تەنیا باڵـندە و بە فڕین ئەتوانێت بەو جێگایانەدا تێبپەڕێت!

هەروەها ئەبوعامل پارێزەرە (محامی) ، بەهادین نوری و ئەبو عەواتف و هەموویان هیچ لـە بواری عەسکەریی و پێشمەرگایەتی نازانن!

ئەم هەموو کادێرە باشانەمان هەیە ، بۆچی ئەم کارانە نادەن بەوان؟ ئێمە هیچی لـێ

نازانین!..).[33]

لەپاش کۆنگرەی چواری حشع لە 10-11-1985 لە گوندی مەرگەوەڕی خواروو ، لیژنەی هەرێم ئەوەندەی تر بێدەسەڵاتتر مایەوە و بە لاوەنرا ، لە کاتێکدا دروشمی سەرەکیی کۆنگرەکە بایەخدان بوو بە بەهێزکردنی ڕێکخراوی مەدەنی لە ناوەوەی وڵات و بەتایبەتییش لە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستاندا!

بە پێچەوانەی ئەو دروشمەوە ، مەکتەبی سیاسی بڕیاریدا ئەبوعەواتف کە خەڵکی بەسرە بوو ، کرا بە سکرتێری لیژنەی هەرێم!!! هەروەها ئەبوجنان کە برادەرێکی عەرەب بوو لەگەڵ هاورێیەکی فەلەی عەرەب ، ئەمانیش تاکە وشەیەکی کوردییان نەئەزانی و بوونە ئەندامی مەکتەبی هەرێم!!!

ئەم سیانە ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەندامی لیژنەی هەرێم نەبوون ، ئەبووایە مەکتەب لە ئەندامانی لیژنەی هەرێم پێکبهاتایە و بە هەڵبژاردن بووایە! ئەمە خۆی لە خۆیدا لادانێك بوو لە هەموو ڕێبازێکی دیموکراتیی ، بەپێی پەیڕەویی ناوخۆی حیزب کە ئەبێت بە هەڵبژاردن مەکتەب و سکرتێر دیارییبکرێن!

لەدواییدا مام قادر(مەجید عەبدولڕەزاق) ئەندامی لیژنەی هەرێم وەك (موتەرجیم) خرایە پاڵیان ، ئەویش وزە و توانای ئەوەی نەمابوو تەنانەت نامەی یەکێك لە ڕێکخراوەکانی محەلییەکان بە کوردیی بخوێنێتەوە و بۆیان بکات بە عەرەبیی!!

سکرتێر و ئەندامانی مەکتەبی هەرێم بە بڕیاری مەکتەبی سیاسی تەعین ئەکران و دور لە هەڵبژاردنی دیموکراتییانە و ئازادەوە! ئەگەر لیژنەی هەرێمیش ڕێگای هەڵبژاردنی بگرتایەتەبەر هەر ئەبووایە لیستی مەکتەبی سیاسی پەسەند بکردایە! ئەو هاورێیانەش کە ئەکران بە سکرتێر ، خاوەنی ڕای خۆیان نەبوون! و بەرامبەر بە هەڵسوکەوتی چەوت و ناتەواوییەکان ، ورتەیان لێوە نەئەهات ، واتە بێوەی بوون!

مەکتەبی عەسکەریی وەك پارچەی شەترەنج جێگۆڕکێیان بە ئەندامانی لیژنەی هەرێم ئەکرد و ئەرکیان پێئەسپاردن ، بەبێ ئەوەی پرس و ڕای مەکتەبی هەرێم

وەربگرن.

مەکتەبی عەسکەریی بەمەشەوە نەوەستا ، بە کردەوە دەستی بە سەر ڕێکخراوە محەلییەکانی هەرێمی کوردستانیشدا گرتبوو ، تەنانەت مەڵبەندە عەسکەرییەکان دەستیان دایە دروستکردنی ڕێکخراو و محەلییەکانی سەر بە خۆیان لە شارەکاندا ، ئیتر کار ئاسان بوو بۆ کەسانی گومانلێکراو کە بە ئاسانیی خۆیان بخەنە ڕیزی ئەو ڕێکخراوانەوە ، وەك لە شاری کەرکوك و جێگاکانی تر زۆر بە زەقیی گومانلێکراوان ئەبینران!

لە ئەنجامی ئەم کارەدا زۆر لە کادێر و پێشمەرگەی دلێرمان لە شارەکاندا لە هاوڕێیانی کورد و عەرەب کەوتنە تۆڕی بەعسیەکانەوە و بێسەروشوێن کران ، کەسێکیش لە بەرپرسیاران و بەڕێوەبەرانی ئەو کارە شکستییانە دەستنیشان نەئەکران! هەروەها مەڵبەندی عەسکەریی بۆی هەبوو پلەی ئەندامێتی محەلیی بدات بەو پێشمەرگانەی لەو ڕێکخراوە عەسکەرییانەی کە لە مەڵبەندەکاندا بوون! ئەو سیستمە زۆر ئازاری داین کە بەبێ پێوەرێکی واقیعییانە و دەنگدان ، کەسانێکی بێتوانا و لێنەهاتوو پلەی سیاسی بەرزیان پێئەدرا.

پشتگوێخستنی ڕۆڵی سیاسی و فیکریی و ڕێکخراویی لیژنەی هەرێمی کوردستان گرفتێکی گەورەی دروست کردبوو لەنێوان ڕێکخراوی سیاسی و عەسکەرییدا ، ڕێکخراوی هەرێم ڕۆڵی جەماوەری لە شارەکاندا بۆ یارمەتی و پشتگیریی لە باری فیکریی و سیاسی و مەعنەوی و مادییەوە لە یارمەتیدانی جوڵانەوە چەکدارییەکەدا لاواز بوو.

حیزب بوو بە عەسکەرتاریی و هەرێمی کوردستانیش بوو بە پاشکۆیەکی بێ وزە و بێ جوڵە ، وای لێهاتبوو سکرتێر و ئەندامانی مەکتەبی هەرێم لە ماوەی ئەو دەساڵەی ژیانی شاخدا ، وزەی ئەوەیان نەمابوو تاکە دوو سەد مەترێك لە بارەگاکانیان دور بکەونەوە ، وەك لە چیاکانی گارا ، مەتین ، بارزان ، گوندی دراو ،

پشتئاشان و جێگاکانی تر (کە هەر ساڵەی لە جێگایەکی دور و چەپەك بارەگەیان ئەکردەوە).




ساڵی 1980 ، بۆ دووەم جارە ئەم خێزانە خانووی وێرانکراویان ئاوەدان ئەکەنەوە لەگوندە ڕاگوێزراو و کاولکراوەکەیاندا لە ناوچەی بەرواری باڵا

تەنانەت نەیانئەتوانی سەردانێکك یان ئیشرافێکی ڕێکخراوەکانیان بکەن لە ناوچەی گەرمیان ، سورێن ، هەولێر ، قەرەداخ و جێگاکانی تر.

مەکتەبی سیاسیش لە ئاستی ئەم کەمترخەمییەیاندا خۆی لێ کەڕ کردبوو. ئێمە (مام بارام و قادر ڕەشید) سکرتێری محەلیی سلێمانی و کەرکوك بووین ، لە گەرمیان و قەرەداخەوە بە پیادەیی ئەچووین بۆ بارەگای مەکتەبی هەرێم بۆ چیای گارا ، مەتین ، ناوچەی بارزان و گوندی دراو ، تەنیا بۆ کۆبوونەوەیەك و بە پانزە ڕۆژ ئەگەیشتین ، بە شەو و بە ڕۆژ ڕێمان ئەکرد.

بۆ هەر قۆناغێك زیادتر لە هەشت کاژێر ڕێگامان ئەبڕی ، ڕێکردنەکەشمان داستانێك بوو ، موغامەرەیەك بوو بۆ خۆی ، پەڕینەوەی ڕوبار و پەڕینەوە لە جادەکاندا کە لەژێر کۆنترۆڵی ڕژێمدا بوو ، جگە لە ماندوویەتی ، برسییەتی و مەترسی تیاچوون

لەگەڵ ئەو پێشمەرگە دلێرانەماندا کە یاریدەدەرمان بوون لە شارەزایی ڕێگا و لە دورخستنەوە لە کەمینی جاش و سوپا. ئەمە لە کاتێکدا کە هەموو ئەندامانی تری لیژنەی هەرێم ، وەك ئێمە لە ناوچەکانی خۆیانەوە بەرەو هەمان بنکەی (بەرپرسی) هەرێم ئەکەوتنە ڕێ.



هاوینی 1987 ، نوسەر (لای چەپ) و وەستا محەمەدی نانەوا (مام بارام) و چەند پێشمەرگەیەك ، لە گەرمیان و قەرەداخەوە بەرەو بارەگای هەرێم لە چیای گارا و مەتین.

بێگومان ئەوە ژیانی پێشمەرگایەتی ئەو سەردەمە بوو ، گلەییشمان لەو ژیانە نەبوو ، بەڵام ناڕەزاییەکە لەوەدا بوو کە یەك یان دوو کەسی بەرپرسی هەرێم لە بارەگا دورەکانی هێڵەکانی پشتەوەی سەر سنور ، نەئەهاتن بۆ لای ئەندامانی هەرێم بۆ کۆبوونەوە ، بەڵکوو ئەبووایە (هەموو ئەندامان) بچوونایە بۆ لای یەك یان دوو کەس!

کاتێکیش کە ئەگەیشتینە بارەگای هەرێم ، ئەمانبینی ئەندامانی مەکتەب پاك و خاوێنن ، جێگا و ڕێگای نەرم و گەرم و خۆش ، لە ڕوخسار و جلوبەرگیاندا هەر لە

دەوڵـەمەندەکانی شار ئەچوون!

پێشمەرگە خواردنیان بۆ دروستئەکەردن و ئازوقەیان لـە مەڵبەندەکانەوە بۆ ئەهێنان و لـە زستاندا داریان بۆ ئەهێنان و نانیان بۆ ئەکردن و تەنانەت ژورەکانیشیان بۆ خاوێن ئەکردنەوە و پاسەوانییان بۆ ئەکردن! ئێمەش هەموو پەنجەکانی پێمان لـە پێڵاوی لاستیکدا بلـۆقی کردبوو لـە ڕێگادا و کە بلـۆقەکانیش ئەتەقان ئەبوون بە برین و ئازاری زۆری ئەدایـن ، لـەبەرئەوە هەریەکەمان برێك حەب و دەرمانی ئازار و سکچوونمان پێبوو بۆ ڕێگای دوری کۆبوونەوەی هەرێم!!!

بۆنی چڵك و ئارەقی لـەشمان و بۆگەنی گۆرەوییەکانمان ، دەوروبەرمانی کاس و وەڕس ئەکرد. هەگبەکانی کۆڵـمان بریتی بوون لـە پێڵاوی لاستیکی زیادە! تاقمی ڕیشتاشین و نان و خورمای قەسپ (کوردکوژە) و موعەلـەباتی ئێکسپایەر (بەسەرچوو)!

ئەبووایە هەر شەش مانگ جارێك هەردووکمان ئەم سەفاو مەروایەمان بکردایە ، جا وەرزی باران و تۆفانی زستان بووایە یان گەرمای هاوین.

لـەو کارەساتە (قەتڵ و عامە) خوێناوییەی پشتئاشاندا لـە یەکی ئایاری 1983 دا مەکتەبی هەرێمی کوردستان لـە پشتئاشان بوو ، بێدەسەڵاتییان ئەوەندە پێوە دیاربوو نەیانتوانی ئازایانە و سەربەخۆیانە و بە بوێرییەوە بەیانێکی تاوانبارکردن و ڕیسواکردنی ئەو پەلامارەی هێزەکانی یەکیەتی نیشتمانیی کوردستان ڕابگەیەنن! ئەو کاتە و کاتەکانی پێشووتریش هەر کاك فاتح ڕەسوڵ خۆی سکرتێری هەرێمی کوردستان بوو.

جا پێویستە هەموو باشە و ناتەواوییەکی کاری سیاسی و عەسکەرییمان وەك واقیع هەڵبسەنگێنین و بەسەرهاتەکانمان و بۆچوون و هەڵـوێستەکانمان بە واقعییانە و وەك خۆی باسبکەین.

# هەڵـە

لـە ساڵـی 1985 دا لـە کۆنگرەی چوارەمی حیزبی شیوعی عێراقدا ، سکرتێری حیزب هاوڕێ عەزیز محەمەد لـە دوای هەڵسەنگاندێکی بەرەکەمان لـەگەڵ بەعسدا وتی سەرکردایەتی حیزب توشی هەڵـەیەکی گەورە و گران بوو لـە بەشداریکردنی لـە بەرەکەی لـەگەڵ بەعسدا ، ئەو هەڵـەیە بووە هۆی زیانێکی گەورە لـە حیزب و جەماوەری گەلـەکەمان و جوڵانەوەی نیشتمانیی لـە وڵاتدا ، من لـە پێش هەموویانەوە خۆم بە بەرپرسیاری یەکەم ئەزانم لـە و هەڵـە سەرگەردانییەماندا.

هاوڕێی سکرتێر ئەوەی وت! بەڵام نەیوت دەبا ئیتر هاوڕێیەکی تر سەرکردایەتی حیزب بکات! بەڵکوو ئەویش و هەمان ئەو سەرکردایەتییەی کە (خاوەنی) ئەو هەڵـە گەورانە بوون! هەر لـە جێی خۆیان لـە سەرکردایەتیدا مانەوە و دووبارە هەڵبژێررانەوە ، لـەبەرئەوەی کە سەرکردەکان بە کەسانێکی تر ڕازیی نەبوون کە لـە خوار خۆیانەوەن! ببنە جێگریان.

ئەندامانی کۆنگرەش بە (تەعین) دیارییکرابوون ، نەك لـە ڕێی کۆنفرانسەکانی ڕێکخراوەکانەوە ، تەنانەت ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی لـە بیری بەستنی کۆنگرەدا نەبوون ، یەك ڕۆژ پێش کۆنگرە ئاگادارکرابوون ، واتە کۆنگرەیەکی موفتەعەلی وابەستە بە حەز و ئارەزووی باڵادەستان بوو. ئامادەبووانی کۆنگرە پێشتر هیچ بەرنامە و بەڵگەنامەیەکی کۆنگرەیان نەبینیبوو ، وا قەناعەتیشیان پێکرابوو کە کەسانێکی بەتوانا و لـێهاتووی تر نیە کە ببنە بەدیلـی ئەوان بۆ سەرکردایەتیکردنی حیزب ، هەر بۆیە خۆیان بوونەوە بە سەرکردە و بە سەرۆکایەتی هاوڕێ عەزیز محەمەد.

لـەگەڵ ئەوەشدا ئەوانەش کە کەموکوڕییەکانیان کەوتبووە سەر زاری ئەم و ئەو ، وەك هەڵوێستی ناشایستە ، هەڵـهاتن ، ترسنۆکیی ، مونافەسەی دەسەڵاتخوازیی و خۆدزینەوەی بەرپرسیاران لـە ئەرکە حیزبییەکان و ماستاوساردکردنەوەی لـە ڕادە

بەدەری ئەم و ئەو بۆ سەرکردەکان و..تد ، ئەمانە لابران ، واتە لـە کۆی 29 ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی و مەکتەبی سیاسی 13 یان لابران!

ئەمەش لـەو (زۆر بێت و بۆربێت)ـەی پێشوو باشتر بوو ، هەروەها باشتر بوو لـە دانانی دە ئەندامی بێئاگای جێگر بۆ کۆمیەتی ناوەندیی کە سالأنێك بوو هەر لـە ناو زیادتر هیچی تر نەبوون ، لـەدواییدا ناوی (عەشرەی موبەشیرە)یان دابڕی بەسەریاندا.

ئەوەی جێی سەرسوڕمان بوو لـەدوای کۆتایی کۆنگرە لـە گوندی مەرگەوەڕی خوارووی ڕاگوێزراو لـە 10-11-1985 دا بە دە ڕۆژ ، تەواوی بەڵگەنامەکانی کۆنگرە لـە ڕێگای دەوڵـەتی (کوەیت)ـەوە کەوتە دەستی بەعس و ناوی ئەوانەی بۆ سەرکردایەتی دەرنەچووبوون (بەلاوە نرابوون) ، لـە ڕۆژنامەکانی وڵاتە عەرەبییەکاندا بڵاوکرایەوە!!!

ئەم ڕووداوەش دیزەبەدەرخۆنە کرا و بەرپرسیاران ئاشکرا نەکران ، لـەبەرئەوەی یەکێك لـە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بەرپرسی ئەو کارە بووە! (کاك فاتح ڕەسوڵ ئەم ڕووداوەی لـە ئێرانەوە ئاشکرا کردووە).(34)

ئەبووایە هەر لـەو کۆنگرەیەدا هەڵسەنگاندنێکی واقیعییانەی ئەو کارەساتەی پشتئاشانیش بخرایەتە بەرباس و لـێکۆڵـینەوە و هەڵسەنگاندن و بەرپرسانی ئەو کارەساتە یەك لـە دوای یەکانە سزا بدرانایە و هەر هیچ نەبێت هەڵسەنگاندنی پشتئاشان دوانەخرایە بۆ کۆنگرەی ئایندە و هەڵهاتنە ئابڕووبەرەکانی بارزان و خۆرنەوەزان لـێفەپۆش نەکرانایە و لـەپاش کۆنگرەش چاوپۆشیی نەکرایە لـە گرتنی ئەو دۆکیومێنتانەی کۆنگرە کە هەر وا بەو زوویییە کەوتە دەست دوژمن! ئەبووایە لـێکۆڵـینەوەی لـەسەر بکرایە و بەرپرسیاران ئاشکرا بکرانایە.

# دواخستن

لە کۆنگرەی دووەمی هەرێمی کوردستاندا و لە کۆنگرەی پێنجەم و شەشەمی حیزبی شیوعی عێراقدا و لە کۆنگرەی یەکەم و دووەمی حیزبی شیوعی کوردستانییشدا توخنی ئەو زنجیرە کارەساتانە نەکەوتن و بە پەرێزیدا نەچوون.

پشتئاشانی یەکەم ، دووەمی بە دوادا هات ، ئینجا کارەساتی خۆرنەوەزان لە1984 دا و هەڵهاتنە ئابڕووبەرەکەی بارزان لەساڵی 1985دا و هەڵهاتنەکەی خواکورك لەساڵی 1988دا و... تا نشوستییەکەی هەڵبژاردنەکەی پەرلەمانی 1992 لە کوردستاندا کە تەنانەت نەتوانرا تاکە نوێنەرێکیش بگەیەنرێتە پەرلەمان ، هەروەها تێشکانەکەی هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لە 3-2-2000 لە سلێمانیی کە نەمانتوانی لە 58 شارەوانییدا تاکە شارەوانییەك مسۆگەر بکەین!

هەروەها لە هەڵبژاردنەکەی شارەوانییەکانی هەولێر لە 28-5-2001 دا و لە هەڵبژاردنەکانی ڕێکخراوە پیشەیییەکان لە تەواوی کوردستاندا.

هەموو ئەو زنجیرە هەڵە و کارەسات و نسکۆ و شکستانە بەبێ لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن ماونەتەوە و تا ئەمڕۆش لە هیچ کۆمیتە و دەزگایەکی حیزبدا باس ناکرێن ، تەنانەت لەو دەزگا و کۆمیتە ناوخۆییانەشدا کە حیزب بۆ کاری (فیکریی!) دروستی کردوون و هەمیشە دوائەخرێت بۆ دەرفەتێکی تر.

لەو بڕوایەدام بە هەڵسەنگاندنی شۆڕشگێڕانە و نەترس و واقیعییانەی هەڵە و کەموکورییەکانمان ، نەك هەر حیزب بەهێز ئەبێت ، بەڵکوو تەواوی جوڵانەوەی نیشتمانییش بەهێز ئەبێت و هەموو لایەك سود لەو هەنگاوە نەترس و جەرگبڕانەیە وەرئەگرن.

دەبا ئیتر هەڵسەنگاندنی کار و ئەرك و سیاسەتی هەنوکەیی و دورخایەنیش ببێت بە بەشێك لە کلتوری شیوعییەکان ، پێشکەوتنخوازان و چەپڕەوان و لە پێناوی

بەرگرتن لـە کارەسات و قەیرانەکان.

# کارەساتێکی گەورە

لـە کۆتایی ساڵـی 1979 دا بە شێوەیەکی هێجگار دڕندانە و فاشیستانە حیزبی بەعس درێژەی ئەدا بە هێرش و پەلاماردانەکەی بۆ سەر حیزبمان کە پێشتر لـە ساڵـی 1978 دا دەستی پێکردبوو ، بەو نیازەی کە لـەو ساڵـەدا ، وەك ڕایانگەیاند ، تۆوی شیوعیەت لـە عێراقدا نەهێڵـن.

ئەو هاوڕێیانەی کە تا ئەو کاتە نەکەوتبوونە بەر شاڵاوی گرتن ، ئەندامانی ئەنجومەنی جێبەجێکردن و ئەنجومەنی یاسادانان بوون لـە هەولـێر و کارمەندانی دەزگای ڕاگەیاندن و چاپەمەنی حیزب بوون لـە بەغدا ، هێشتا هێرشیان نەکردبووە سەر بارەگاکانی شارەکان و هەروەك کەمینێك هێشتبوویاننەوە بۆ ڕاوی هاوڕێیان.

ئەو بارەگایانەش بە گشتیی هەر پاسەوانێکی لـێبوو چونکە هەمیشە لـەژێر چاودێریی سیخوڕەکانی ئەمندا بوون ، ئەو کەسەی بیویستایە بچێتە بارەگایەك ، ئەبووایە زۆر بەنهێنییەوە بچێت و بێتە دەرەوە ، ئەگینا لـە هاتنەدەرەوەیدا ئەگیرا.

تەواوی تێلـێفۆنی ماڵـی هاوڕێیان و بارەگاکان لـەژێر چاودێرییدا بوو ، دەزگای (ئەمنی عامە)ی هەولـێر لـە نزیکی بیناکەی ئەنجومەنی یاسادانانەوە بوو.

بەشی ئەشکەنجە و لـێپرسینەوە لـە نزیکی بارەگای هەرێمی حیزبمانەوە بوو ، بە شەو گوێمان لـە هاوار و ناڵـەی هاوڕێیانمان بوو کە ئەشکەنجەئەدران! !

لـەو ڕۆژانەدا زیادتر لـە دوو هەزار ئەندامی حیزبیان لـە شاری هەولـێر و شارۆچکەکانەوە ئەهێنا و پاکانەیان پێئەکردن و ئەوەی کە نەیکردایە بە شێوەیەکی لـەسەرخۆ لـەژێر ئەشکەنجە ، لـێدانی کارەبا ، هەڵـواسین و بە ئاگر و تێزاب شەهیدیان ئەکرد.



ساڵی 1976 ، حەوت ئەندامی لیستی حشع لە ئەنجومەنی یاسادانانددا ، لە چەپەوە ئەحمەد دڵزار ، تۆما شابا(ئەبوئازاد) ، نەجمەدین مامۆ ، (برادەرێکی شۆفێر) ، حاجی مەلا سەعید ، یوسف حەنا(ئەبوحیکمەت) ، مەحمود عەباس (مەحمود حاجی فەقێ خدر) و قادر ڕەشید. سێ ئەندامەکەی تری لیستی حشع کە لەم وێنەیەدا نین ، دکتۆر تایەر بابان ، دکتۆرە سامیە چاوشلی و برایمی سۆفی مەحمود بوون.

هاوڕێ ئەبوحیکمەت کرابوو بە لێپرسراوی سەرەکیی هەرێم بۆ سەرپەرشتیی و پەیوەندیی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی شارەکان و ئەو هاوڕێیانەی کە خۆیان شاردووەتەوە.

تەواوی ڕێکخراوی هەرێمی کوردستان لەیەك دابڕابوو ، لەبەر پەرەوازەیی و نەبوونی جێی خۆشاردنەوە بۆ ئەو هەزاران هاوڕێیە ، زۆر لە کادێران و لێپرسراوەکانی ڕێکخراوەکان ئەگیران و پاکانەیان پێئەکردن و وازیان لە حیزب ئەهێنا ، وای لێ هاتبوو کە هەرکەسێك جێی خۆشاردنەوەی نەبووایە پێی ئەوترا بڕۆ بەرائەت بدە! با نەکوژرێیت ، ئەندامی لیژنەی هەرێمی کوردستان خوشکە (...) پاکانەی ئەکرد و لەجیاتی جارێك دووجار و ئەیوت: هاوڕێ ئەبوحیکمەت پێی وتووم پاکانە بنوسم.

لەگەڵ ئەوەشدا هاوڕێیانی باڵادەست بۆ (دوو ئەندامەکەی کۆمیتەی هەرێم) لەسەر پاکانەکردن ((شەدیدولعیقاب)) بوون و بۆ ئەو خوشکەش ((ئەرحەم ولراحمین)) بوون!

حیزب هیچ نەخشە و پلانێکی نەبوو بۆ ئەو کارەساتە و خۆپاراستن لە لەناوچوونی هەزاران هاوڕێی بەجەرگدا.

هاوڕێیان منیان کرد بە لێپرسراو بۆ بەستنەوەی پەیوەندیی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی بەغدا ، موسڵ ، کەرکوك ، سلێمانیی و دهۆك و هەر ڕۆژەی بۆ شارێك ئەچووم. لەبەرئەوەی کە بۆ ماڵی هەر ئەندامێکی ئەنجومەنی جێبەجێکردن و ئەنجومەنی یاسادانان دوو پاسەوانی سیخوڕیان دانابوو ، تا کاتژمێری 12 ی شەو ئەمانەوە ، بۆیە منیش لە کاتژمێری سێی شەودا ئەکەوتمە ڕێ و لەبەرئەوەی کە بەڵگەنامەی ئەنجومەنی یاسادانانم پێ بوو ، لە هیچ بازگەیەك ڕایان نەئەگرتم.

# تەسلیمکردنەوە

لەسەر داوای حیزبی بەعس و بڕیاری حیزب ، هەرچی ئەوتۆمۆبیل و پیکئاپ و چەك و تەقەمەنییەکی حیزبمان هەبوو لە هەموو شارەکانی عێراقدا ، هەمووی درایەوە بە بەعس. بە سەدان سنوقە فیشەك ، دەمانچە ، کالاشینکۆڤ و بیکەیسی و... تەنانەت چەکی شەخسیی هاوڕێیان خۆشیان بارئەکرانە لۆری سەربازییەوە کە هاتبوونە بەر دەرگای بارەگای هەولێر ، سلێمانیی ، بەغدا و تەواوی شارەکانی تر بۆ وەرگرتنەوەی ئەو چەك و تەقەمەنییانە.

هاوڕێ عەلی ساڵح لە ماڵی کاك غەفوری میرزا کەریم لە 25-2-2000 دا وتی: (لە هێرشە بەربڵاوەکەی بەعس بۆ سەر حیزبمان لە ساڵی 1979 دا ، من بەرپرسیاری چەك و کەلوپەل بووم لە بارەگای محەلیی سلێمانیی ، بە نائیب

عەبدوڵا (ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی و لێپرسراوی محەلییەکەمان)م وت با ئەو 150 پارچە چەکەی لە بارەگایە ، بینێرین بۆ هاورێیانمان کە خۆیان شاردووەتەوە و بێچەکن لە ناوچەی قەرەداغ و جێگاکانی تر ، هەروەها ئەو سەدان بەتانییەی بەعس پێیداوین بیدەینە ئەو خێزانانەی موحتاجن ، بەڵام پێی وتم ئەوانە هەر هەمووی ئەمانەتی بەعسە و ئەبێت بیاندەینەوە ، ئەگەر نەیدەینەوە ئەوە بێوەفاییە لە حیزبمانەوە!! ئیتر زیلی عەسکەریی هات و باری کرد!

ئەو هاورێیانەش کە خۆیان گەیاندە گوندەکان و خۆیان ڕزگارکرد ، تاکە دەمانچەیەکیشیان پێنەبوو کە تا دوێنێ بوو خۆیان چەکی بارەگا ، یان چەکی شەخسیی خۆیان هەبوو!

لە بەری کۆسرەت هاورێیان عەلی حاجی نادری ڕەحمەتیی و عارفی ڕانیەیی و هاورێی ڕەحمەتی نەسرەدین هەورامی و هاورێکانی لە قەرەداغ بە گۆپاڵەوە ئەسورانەوە.

هاورێ عارفی ڕانیەیی ئەڵێت: (لەگەڵ هاورێ مەحمودی حاجی لە بەری کۆسرەتەوە زۆر بە نهێنی بازگەکانی ڕێگاوبان خۆمان گەیاندە سلێمانیی بۆ ئەوەی برادەرانی ناوچەی سلێمانیی ببینین و بەڵکوو یارمەتیمان بدەن بە چەند پارچە چەکێك و بیبەینەوە بۆ هاورێکانمان ، خوشکە ئامینەی دڵسۆز و تێکۆشەر (خێزانی شەهید سەید تۆفیق) ، ئێمەی برد بۆ ماڵی مەحمودی دەلاك.

لەوێ هاورێ مام قادر هات بۆ لامان و پێیوتین چۆن هاتوون هەر واش بگەڕێنەوە ، نە چەکمان هەیە و نەپارەمان هەیە بتاندەینێ و هیچ هەواڵ و دەنگوباس و نەخشە و پرۆژەیەکیشمان نیە بۆتان ، (نائیب)یش سکرتێری ڕێکخراوەکەمان ، ناتوانێت بتانبینێت. ئیتر بە دەستی بەتاڵ گەڕاینەوە بۆ لای برادەرانمان لە بەری کۆسرەت...

هەروەها ئەڵێت: لەپاش هەرەسی شۆڕشی ئەیلول ، لە ڕانیە بە بڕیارێکی نهێنی

لیژنەی ڕانیە ، ئەو چەکانەی پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلول کە تەسلیم بە بارەگای حیزبمانیان کردبوو لە ڕانیە و چوارقوڕنە بشارڕێتەوە بۆ ڕۆژی ڕەش!

ئەو چەکانە بریتی بوون لە کالاشینکۆڤ ، بڕنەو و دەمانچە و لە ماڵی هاوڕێ (ع) لە چوارقوڕنە گریسی لێدرا و لەناو خانووەکەی خۆیدا شارڕایەوە ، لە پاشاندا خانووەکەی خۆی ڕوخاند بەسەر چەکەکاندا و کردیە کەلاوەیەکی چۆڵ.

لەدوای چەند مانگێك حیزبمان بڕیاریدا هەرچی چەك و تەقەمەنییەك هەیە و شارراوەتەوە ، ئەبێت بدرێتەوە بە بەعس! ئەو کاتە بەرپرسی ڕێکخراوی قەزای ڕانییە (ڕەئوف حاجی سلێمان) بوو ، داوای لێکردین کە ئەو چەکانە و هەموو چەکەکانی بارەگای حیزبمان تەسلیم بە بەعس بکەینەوە و وتی ئەمەش بڕیاری حیزبە و ئەبێت جێبەجێ بکرێت.

هاوڕێ (ع) و بەڕەحمەت بێت عەلی حاجی نادر داوای لێئەکەن کە ئەو چەکانە ببەن بۆ شاخ و خۆشیان بەرپرسی ببن ، بەڵام بەرپرسی قەزا پێیان ئەڵێت ئەو هاوڕێیەی کە چەکی پێبگیرێت حیزب داکۆکیی لێناکات! ئەو کاتەش هەر کەسێك چەکی پێبگیرایە لەلایەن بەعسەوە لە سێدارە ئەدرا. ئیتر ئەو هەموو چەکانەی پێدەرهێناین و لەگەڵ چەکەکانی بارەگای حیزب تەسلیم بە بەعسی کردەوە).(35)

ئەوەی لە بیر ناچێتەوە ئەوەیە کە کاتێك هاوڕێ نەجمەدین مامۆ (ئەندامی کۆمیتەی هەرێم و ئەنجومەنی یاسادانان بوو) خۆی دەرباز ئەکات و لەلای کەسوکاری لە هەریر خۆی ئەشارێتەوە ، نامەیەك ئەنێرێت بۆ لێپرسراوی هەولێر( کاك فاتح ڕەسوڵ) کە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندییش بوو ، داوای یارمەتی لێئەکات و پارەی بۆ بنێرێت کە پێی بژی ، بەڵام هاوڕێی سکرتێری هەولێر و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی لێیئەکات بە نوکتە و ئەڵێت: نازانم پارەی بۆ چییە! ئەیەوێت بیدات بە چەك و شاخمان لێ بگرێت! وەڵڵا بۆی نانێرم با هەر بە گۆپارەکەیەوە بسوڕێتەوە. ئەم هەواڵە هەمیشە لە سەر زاری هاوڕێ عجیل (پاسەوانی بارەگای

هەرێم) بوو .

دیاردەی تەسلیمکردنەوەی چەك بە بەعس لەو بارودۆخە ناهەموارەی هێرش و پەلاماری دڕندانەی بەعس دا بۆ سەر تەواوی ڕێکخراوەکانی حیزب ، سیاسەت و هەڵوێستێکی سەرگەردانیی و ماڵوێرانی بوو.

# قوربانیی

حیزب بڕیاریدا بوو کە ئەندامانی ئەنجومەنی جێبەجێکردن و ئەنجومەنی یاسادانان بمێننەوە و دەوامی خۆیان بکەن. لە مانگی 11-1978 دا کۆبوونەوەیەکی کۆمیتەی هەرێم کرا. لە کۆبوونەوەکەدا داوام کرد کە ئێمەی ئەندامانی هەردوو ئەنجومەن هەموو بە کۆمەڵ ئیستیقالە بکەین بۆ ئەوەی ئەو شاڵاوە قڕکەرییەی حیزبی بەعس بوەستێنین ، بەڵام هاوڕێ شیروان عەلی ئەمین کە ئەندامی ئەنجومەنی جێبەجێکردن بوو ، بە پێشنیارەکەم ڕازیی نەبوو ، توانجی زۆری لێدام.

هاوڕێ ئەبوحیکمەت پێی وتم لەبەرئەوەی ئاشکرا بوویت ئەبێت بڕۆیت بۆ ناوزەنگ. بیستبووی کە عەبەسوری خزمی ئەبوسەرباز بە یارمەتی نائیب عەبدوڵا و قادرڕەشید نێرراوە بۆ ناوزەنگ و بە ڕێگەی تایەبەتیی حیزب و لە پاش هەفتەیەك گەڕاوەتەوە و خۆی تەسلیم بە ئەمنی بەعس کردووە لە سلێمانیی ، ئەوە هۆیەك بوو بۆ بڕیاری ڕۆیشتنەدەرەوەم بۆ شاخ و لەسەر داوای ئەبوحیکمەت. ئیتر لە سەرەتای 1979 دا لەگەڵ هاوڕێیان مەحمود دیکتاریۆڤ و ئەبوشاخەوان گەیشتینە ناوزەنگ ، یەکەم هاوڕێ کە ئاگادارم کرد بە ڕۆیشتنم ، هاوڕێ ئەحمەد حامید بوو کە ئەویش ئەندامی ئەنجومەنی جێبەجێکردن بوو ، وتی خۆزگە حیزب بڕیارێکی ئاوای بۆ منیش بدایە ، وەڵڵا ئەزانم ڕۆژێك دێت هەروەك تۆ هەموو جارێك پێمان ئەڵێیت هەر ئا بەم ڤۆڵڤۆ ڕەشە قەترانییەتان ئەتانبەن بۆ ئەشکەنجەدان.

بەداخەوە ئەوە بوو پاش ماوەیەك ئەویش و هاوڕێ شیروانیش هەروەك هەزاران هاوڕێ و كادێری حیزب گیران و كەوتنە ژێر دڕندەترین ئەشكەنجەی فاشیستـەكانـەوە. لـێرەدا ئەمەوێ ئەوە بڵـێم كە ئەوانیش دوچاری سەرگەردانییەكی پڕ لـە ناسۆر بوون لـە ئەنجامی سیاسەتی تەمومژاویی حیزب و خۆشباوەڕییەكەی بە بەعس.

# شاڵاوی بەعس

گڕی بە تینی ئەو شاڵاوەی بەعس هەموو شارەكانی تریشی گرتبووەوە ، تەنیا سلـێمانیی نەبێت ، ڕێكخراوی دهۆك بە لـیژنە و سكرتێر و تەواوی ڕێكخراوەكانیەوە گیرابوون ، تەنیا یەك هاوڕێی كۆمیتەی ناوخۆیی ڕزگاری بووبوو ، ئەویش چووبوو بۆ بەغدا.

بە بڕیاری حیزب لـەگەڵ منالـەكانم ڕۆیشتم بۆ دهۆك چاوم بە هاوڕێ(...) سكرتێری كۆمیتەی ناوخۆییەكەیان كەوت ، مالـەكەیان لـەتەنیشت بارەگاكەیانەوە بوو ، كاتێك كە چاوم پێكەوت زۆر پەشۆكاو و تێكچوو بوو ، دیار بوو گیرابوو ئەشكەنجەیەكی زۆریان دابوو ئینجا بەرەڵایان كردبوو.

ئێمە نەمانئەزانی چییان بەسەر هاتووە ، پێم وت حیزب منی ناردووە ، پارەم بۆ هێناویت ، ئەگەر جێی خۆشاردنەوەت نیە لـەگەڵ خۆم ئەتبەم بۆ هەولـێر ، ئەو فاشیستانە لـێرە هەر بەوەندە وازت لـێناهێنن.

وتی من گیراوم و پاكانەم كردووە ، ئەگەر بزانن پەیوەندییم بە حیزبەوە ماوە ئەوا ماڵ و منالـم بە تێزاب ئەسوتێنن ، پارەشم ناوێت بڕۆرەوە بە هاوڕێ ئەبوحیكمەت بلـێ ئیتر من تەواو و هیچم پێناكرێت ، ئەمانە و هەندێك قسەی تر و ئینجا بەدەم فـرمێسك و قولـپی گریانەوە وتی شەرمەزاری حیزبم كە نەمتوانی نهێنییەكانی

بپارێزم ، من کۆتاییم هات!

ئەم هاوڕێیە زۆر لەڕ و لاواز بووبوو ، خوێنی تیادا نەما بوو ، زەرد هەڵگەڕابوو ، ورەی ڕوخابوو کە لەگەڵ من ئەدوا جارجار پەردەی پەنجەرەی ژورەکەی لائەدا و لە ترساندا سەیرێکی دەرەوەی ئەکرد نەوەك سیخوڕەکان بزانن هێشتا پەیوەندیی بە حیزبەوە ماوە.

ئەمە نەهامەتیی و سەرگردانییەك بوو هاوڕێیانمان دوچاری بووبوون ، هەرگیز لەبیرناچێتەوە.

هەمان ڕۆژ چووم بۆ موسڵ بۆ بارەگای حیزب ، هێشتا بارەگاکەیان مۆری لێ نەدرابوو! یادی بەخێر هاوڕێ ئەبوجۆزێف و هاوڕێیانم بینی ، ئەبوجۆزێف نوێنەری حیزب بوو لە بەرەی نیشتمانییەکەی بەعس دا ، نەگیرابوو بەڵام لە ژورێکی بارەگاکەیاندا خۆی حەشار دابوو ، نامەیەکی دامێ بۆ ئەبوحیکمەت و منیش ئەو پارەیەم دایە کە ئەبوحیکمەت وتبووی بیدەمێ.

هەموو داخوازییان ئەوە بوو کە حیزب خێرا چارەسەرێك بدۆزێتەوە بۆ ئەو هاوڕێیانەی نەکەوتوونەتە بەر دەستی بەعسی مرۆڤکوژ.

# کار لە کار ترازا بوو

جارجاریش لە ڕێی هاتوچۆمدا بۆ بەغدا لە کەرکوك لە دوکانەکەی (...) لام ئەدا و دەنگوباسێکی زۆرم وەرئەگرت ، بەڵام کەرکوك هەر زوو لێ بووبووەوە و کار لە کار ترازا بوو. سەرەتای شاڵاوەکەی فاشیستەکان لە کوردستاندا لەوێوە دەستی پێکرد و بە شێوەیەکی دڕندانەتر و نامرۆڤانەتر.

لەبەرئەوەی کەرکوك شارێکی کرێکاریی و فرەنەتەوەییە و خەباتی شیوعیەکان مێژینەیە تیایدا و هەموو کاتێك کە گۆڕانکاریی سیاسی و حکومەتگۆڕین ڕووی

دابێت ، گوشاری تایبەتییش خراوەتە سەر ئەم شارە خۆڕاگرە و نمونەش زۆرە هەر وەك شەهیدانی گاورباغی و 28 شەهیدەکەی 1963 و ئەنفالـەکان و ..تد.

گرفتی ڕێکخراوی حیزبمان لـە کەرکوك لـەوەدا بوو کە لـەگەڵ دەستپێکردنی شاڵاوەکەدا ، سکرتێری کۆمیتەی ناوخۆیی وازی لـە حیزب هێنابوو ، هەندێك لـە کادێرانیش ورەیان ڕوخابوو ، خۆیان بەدەستەوە دابوو ، زیانێکی بێوێنەیان لـە حیزب دابوو کە تا ڕادەیەك بەعس زانیاریی تەواوی دەست کەوتبوو لـەسەر ژیانی حیزبایەتی تەنانەت چەند ساڵێك لـەووبەری زۆربەی کادێران و ئەندامانی حیزب لـە شارەکەدا.

بە دەگمەن هەبوو لـەوانەی کە ناسراوبن و نەگیرابن ، ئەویش تەنیا ئەوانە بوون کە لـە دەرەوەی شارەکە بوون و دەرفەتی خۆشاردنەوە و هەڕاکردنیان هەبوو.

لـەگەڵ ئەوەشدا کە پاکانەیان بە برادەران ئەکرد ، هەر گومانیان لـێ ئەکردن و هەندێکیان دەرمانخوارد کرد و هەندێکی تریشیان خستە ژێر چاودێرییەوە و بە پێچەوانەی زۆربەی شارەکانی ترەوە ، تا ماوەیەکیش هەر هەفتەی بەلایـەنی کەمەوە جارێك ، زۆربەیان بە کۆمەڵ کۆئەکردنەوە لـە چەند قوتابخانەیەکدا و هەر وەك بەندییخانە یەکەیەکە ڕیز ئەکران و سەرنوس ئەکران و دەمودەست پیاوانی ئەمن ئەچوون بە شوێن ئەو کەسەدا کە جارێك ئامادەی کۆبوونەوەیەك نەبووایە و تەواو ئەشکەنجەیان ئەدا و خۆ ئەگەر ئەو هاوڕێیەش دەرفەتی ڕاکردنی پەیدا بکردایە ئەوا ئەندامانی خێزانەکەی لـەجیاتی ئەو توشی هەمان چارەنوس ئەبوون.

بۆ تۆقاندنی جەماوەر و هاوڕێیان ، چەندان کادێری کرێکاریی حیزبیان شەهید کرد و هەندێکیش لـە کرێکارانی کۆمپانیای نەوت تا ئێستاش چارەنوسیان ئاشکرا نەکردوون.

ئەو سەرکردانەی بەجورئەت بوون لـە ڕەخنەگرتنی ڕاستەوخۆ لـە بەعس ، لـەناوئەبران ، یان بە زۆرەملـێیی دەستیان لـە کار پێئەکێشانەوە. لـەگەڵ ئەندامانی

ئەنجومەنی یاسادانان و جێبەجێکردن دەستیان نەئەپاراست.

هاوڕێی شەهید عادل سەلیم ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبمان و ئەندامی (ئەنجومەنی جێبەجێکردنی حوکمی زاتی) بوو ، بەعس بە زۆر لای برد.

ئەندامی لیژنەی بەرەی (بێ بەر)ی! بەعس بوو. چاوی لە کردەوەکانی بەعس نەئەپۆشی ، بوێر بوو ، ڕەخنەی لێئەگرتن ، سەرکردەیەکی خۆشەویست بوو لای هاوڕێکانی و جەماوەر ، هەر بۆیە بەعس لە خوێنی سەری ئەگەڕا.

لە کۆبوونەوەیەکی بەرەییدا لە (مونەزەمەی) بەعس لە هەولێر ، بە فنجانێك قاوەی ژەهرتێکراو لە بیست و چوار کاژێردا دەنگیان کپکرد. لە 12-9-1978 بە خاك سپێررا.

ئەمە سەرەتایەك بوو لە هەولێر بۆ کۆمەڵێك خوێنڕشتنی تر و بۆ لەناوبردنمان. حیزب هەر بێدەنگ و دەستەوەستان بوو ، لێکۆڵینەوەی نەبوو لەسەر ئەو کارەساتە! گوایە ڕاپۆرتی دکتۆرە بەعسییەکان ئەڵێت مردنەکەی بە نەخۆشیی دڵ بووە!

مێژووش سەلماندی کە هەر ئەو تنۆکە ژەهرانە بوون کە بەعس دە ساڵێك دواتر کردنی بە لێزمە و بارانی ژەهری سیانید ، تابۆن و خەردەل و بەسەر گەلی کوردیاندا ڕژاند.

حیزب ئەو نەهامەتییانەی نەئەکردە ئەزمونێك و دەرسێکی لێوەرنەگرت. بەعسی "هاوپەیمان" بەدوای سەری ئەو شیوعیانەدا ئەگەڕا کە خۆشەویستی جەماوەر بوون و لەگەڵ بەعسدا دانوویان نەئەکولا. هەردوو وەزیرەکەی حیزب ، لە ئەنجومەنی جێبەجێکردن دەرکران ، گیران و خرانە ژێر ئەشکەنجەوە و یەکەیەکە کەوتنە دەرکردنی ئەندامانی ئەنجومەنی یاسادانان.

بۆ نمونە ، بڕیاردرا هاوڕێ حاجی مەلا سەعید لەناو کۆبوونەوەی ئەنجومەندا داوابکات کە عـەقرە بخرێتە سەر ناوچەی حوکمی زاتی ، ئێمەش پشتگیرییمان لێکرد ، بەڵام لە هەر چوار لای هۆڵەکەوە پەلاماردراین. لە کۆبوونەوەی دووەمی ئەنجومەندا ، بەپێی بڕیارێکی کۆماریی ، حاجی مەلا سەعید لە ئەنجومەنی

یاسادانان دەرکرا!!!
ئێمە لە لیستی حشع دا دە ئەندامی ئەنجومەن بووین ، لەلای چەپی هۆڵەکەوە بەیەکەوە دائەنیشتین ، هەر ئەندامێکی تر بهاتایەتە لامانەوە بەعسییەکان حسابیان بۆ ئەکرد! هەمیشە لەژێر چاودێرییاندا بووین تا زیادەڕۆیی! نەکەین لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەندا.
لە هەمان کاتدا لە دەرەوەی ئەنجومەن ، لە هێرش و دڕندەیی و تاوانکردندا بەرامبەر بە جەماوەری حیزب ، پشوویان نەئەدا.

# بڕیار

شاڵاوەکەی فاشیستەکان بە گشتیی زیانێکی زۆری دا لە حیزب ، بەڵام بەتایبەتییش بەغدا و کەرکوك بەشێکی زۆری ئەو دڕندەیی و خوێنڕێژییەی بەعسیان بەرکەوتبوو.
کە گەڕامەوە بۆ هەولێر ، تەواوی ڕووداوەکانم بۆ هاوڕێ ئەبوحیکمەت گێڕایەوە.
بۆ بەیانیی بەیەکەوە ڕۆیشتین بۆ سلێمانیی ، چەند کۆبوونەوەیەکمان کرد. یەکێك لەو کۆبوونەوانەدا ئەبوسەرباز ، نائیب ، مام قادر و یادی بەخێر سەید تۆفیق و چەند هاوڕێیەکی کۆمیتەی ناوخۆیی سلێمانیی بەشدار بوون.
تا ئەو کاتە شاڵاوی بەعس بۆ سەر سلێمانیی بە توندیی دەستی پێ نەکردبوو ، لەبەرئەوە بڕیارماندا کە هاوڕێیان خۆیان بشارنەوە ، دواییش هەندێك بڕیاری ترمان دا کە لە کۆبوونەوەیەکی تردا لە ماڵی مامۆستا(...) کرا.
هاوڕێیان وایان پێ باش بوو کە من بچم بۆ بەغدا و هاوڕێ ئەبوفاروق (عومەر عەلی شێخ) ببینم. بەیانیی لەگەڵ ئەبوحیکمەت گەڕاینەوە بۆ هەولێر ، هەر ئەو شەوە کەوتمە ڕێ بەرەو بەغدا ، بۆ بەیانییەکەی گەیشتمە ماڵی خوالێخۆشبوو حاجی

ئەحمەد نەمەڵیی ، هاوڕێ (غەنی)ش یادی بەخێر ، لەوێ بوو چونکە ئەو کاتە لەگەڵ خێزانەکەیدا لەوێ لە ماڵی باوکی ئەژیان.
لەوێ هاوڕێ ئەبوفاروقم بینی و پێم وت هاتووم بە دواتا و برادەران نیازیان وایە کە ئەوانەی خۆیان شاردووەتەوە بیاننێرین بۆ شاخ ، ئەبوسەرباز لەو بارەیەوە لە پەیوەندییکردندایە لەگەڵ برادەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و پارتی و یەکیەتی.
ئەبوفاروق وتی: یەکەم ، من نایەمەوە ، بڕیاری حیزبە ئەڕۆم بۆ دەرەوەی وڵات ، دووەم ، من تەنیا ئەوەندەت پێئەڵێم بە هاوڕێ ئەبوسەرباز بڵێ هەرچییەك ئەکات بۆ ڕزگارکردنی برادەران با بیکات ، پێویستیش ناکات نامە بنوسم نەوەك لە بازگەیەکدا پێت بگرن ، ڕۆژی ئەوە نیە نامە لەگەڵ خۆت هەڵگری.
هەروەها وتی بە برادەران بڵێ ڕێکخراوی بەغدا لەیەك دابڕاون ، پەیوەندیی نەماوە ، تا ئەمڕۆ زیادتر لە پێنج هەزار هاوڕێمان گیراوە.
حاجی ئەحمەد نەمەڵیی یادی بەخێر وتی ڕۆڵە قایەر لە بیرتە لەبەر دوکانەکەی خۆمدا پێم ئەوتن خۆتان کۆبکەنەوە و بیرێك لە خۆتان بکەنەوە ، ئەم کافرانە زاڵمن ، بێئامانن و لێتان ئەدەن ، ئێوە بە قسەتان نەئەکردم و هەر گوێتان لە دەنگی دەفی خۆتان بوو ، ئەوەی بەسەرتان هاتووە و بەسەرتان دێت بە دەست بەعسەوە ، وەڵا ئۆباڵی لە ئەستۆی خۆتانە.
ئەبوفاروق کە نیازی دەرەوەی هەبوو لەگەڵ هاوڕێ غەنی لەسەر پێشنیاری من لەڕێی تەرمیناڵی پاسەوە بەرەو سوریا کەوتنە ڕێ.

# داڵـده

لـه ڕێی دەربەندیخانەوە گەڕامەوە بۆ سلێمانیی ، ئەبوسەربازم دی ، لـەماڵـی خوشکی بوو ، باسی ڕاسپاردەکانی ئەبوفاروقم بۆ کرد و ئیتر تێگەیشت و وتی لـە سبەینێوە دەستئەکەین بە ناردنی هاوڕێیان بۆ پشتی قەڵادزێ ، بۆ ناوزەنگ ، لـەپاشان بە دور و درێژیی باسی بەسەرهاتی ڕێکخراوەکانی حیزبم لـە بەغدا بۆ کرد ، زۆری پێناخۆش بوو ، بینیم فرمێسك بە چاویدا ئەهاتە خوارێ ، وتی ئەوەی ئازاری داوین ئەوەیە کە برا جێگای برای خۆی ناکاتەوە و بۆ تاکە ڕۆژێك داڵـدەی نادات! ئەو خەڵکە لـە ترسی بەعس ورەیان ڕوخاوە. پێم وت ئەمە باجی هەڵـەکانمانە و ئەو خەڵکەش بێ ورە نین ، بەڵکوو ناڕازیی و بێزارن لـە سیاسەتی حیزب ، بۆیە پشتیان تێکردووین!

برادەرانمان هەر شەوەی لـە ماڵێك ئەبوون ، تەنانەت لـە دێهاتەکانیشدا ئۆقرەیان نەبوو ، کەس ڕاینەئەگرتن ، لـە ترسی سیخوڕ و جاش.

ئەم هاتوچۆیەی من و بینینی هاوڕێیان بەوپەڕی نهێنی و وریاییەوە بوو ، بۆ هەر شارێك بچوومایە ئەوتۆمۆبیلـەکەم ئەگۆڕی.

ئەبوسەرباز وتی ماندوویت و جارێ مەڕۆرەوە ، بەڵکوو دوایی بە شەو هاوڕێیان بگوێزیتەوە.

لـەدوای گواستنەوەی برادەران ، گەڕامەوە بۆ هەولـێر بۆ ئەوەی بە ئەبوحیکمەت بڵێم ئەو برادەرانەی جێگە و ڕێگەیان نیە بچن بۆ سلـێمانیی و لـەوێشەوە بۆ ناوزەنگ.

بە ئەبوحیکمەتم وت خۆت ئەزانیت ئەوتۆمۆبیلـەکەی من پشکنینی لـەسەر نیە و با ئەم ماوە کورتە زیادتر سود لـەو بەڵگەنامەیەی ئەنجومەنی یاسادانانەکەم وەربگرین و با بچم بۆ بەغدا ئەو چەکانەی لـە بارەگای گشتیی حیزبە لـە (کەڕادە) بیانهێنم و وەك چەکەکانی هەولـێر و جێگاکانی تر تەسلیم بە بەعس نەکرێنەوە. وتی چەکت

نادەنێ بەڵام برۆ و فاتح ڕەسوڵ لـەگەڵ خۆت ببە ، ئەویش ئەیەوێت بە کاری شەخسیی خۆی بچێت بۆ بەغدا ، ئیتر کاك فاتح ڕەسوڵـم لـەگەڵ خۆم برد.
جێی سەرنجە کە کاك فاتح لـە کتێبەکانیدا باسی ئەو سەفەرەی نەکردووە!

# دۆستایەتی بەعسییەکان

لـە ڕێگا وتی هاوڕێ (مذكرة) یادداشتەکەی حیزبت خوێندووەتەوە کە داویەتی بە بەعس و لـە پێنج خاڵ پێکهاتووە؟
وتم بەڵـێ خوێندوومەتەوە بەڵام کەس ماوە لـە قیادە و قاعیدە تا بگەڕێنەوە جێی خۆیان! ئایا ئەو پێشنیارانەی کە حیزب داوێتی بە بەعس ، ئاوێك ئەکەن بە ئاگرەکەدا؟
وتی بەڵـێ .. تەواو ، خۆ ئەگەر حیزبی بەعس بە سێ خاڵـیش لـەو پێنج خاڵـە ڕازیی ببێت ، ئەوا دۆستایەتییەکەمان دروست ئەبێتەوە!
پێموت وا دیارە تۆ خۆت شاردووەتەوە و ئاگات لـەوماڵـوێرانییەی ڕێکخراوەکانی خۆت و سەرجەم حیزب نیە!
لـەو کاتەدا کە سەرنجی دەم و چاویم ئەدا کە باسی ئەو دۆستایەتییەی ئەکرد ، لـە داخدا ئاگام لـە خۆم نەما و بە ئەوتۆمۆبیلـەکەوە کەوتینە چاڵـێکەوە ، ئیتر شیرازەی باسەکەمان پچڕا و وردەوردەش لـە بازگەکەی بەعقوبە نزیك ئەبووینەوە.
ئەم هاوڕێیە لـە کاتێکدا وا ئەڵـێت کە زیادتر لـە دوو هەزار ئەندام و دۆستی حیزب لـە ڕێکخراوەکەی خۆیدا لـە پارێزگای هەولـێر گیراون ، ئەشکەنجەدراون و پاکانەیان پێکراوە!
ئەبوحیکمەت ئەیوت تەنانەت خۆی لـە منیش شاردووەتەوە و هەموو پەیوەندییەکی بڕیوە لـەگەڵ ئەو هاوڕێیانەی کە نەگیراون و خۆیان شاردووەتەوە!

# چەکبردنەوە

بە هەر حاڵ گەیشتینە بەغدا ، لە مەکتەبی دەزگای چاپەمەنی طريق الشعب چاوم بە ئەبوموخلیس(عەبدولڕەزاق سافی) کەوت. پێموت بۆ بردنی هەندێك لەو چەکانە هاتووم ، وتی ئێمە چەکت نادەینێ لە کوێوە هاتوویت بڕۆرەوە بۆ ئەوێ ، ئەو چەکانە ئەدرێنەوە بە بەعس.

لەبەرئەوەی کاتی خۆی من بەرپرسیاری ئەو چەکانە بووم کە لە کۆشکی کۆماریی وەرمانگرتبوون ، ئەمزانی لە بارەگای گشتیی لە کام ژوردایە. چووم بۆ ئەوێ و بینیم بارەگاکە چۆڵ و هۆڵ بوو ، تەنیا یەك پاسەوانی لێ بوو ، ئەویشم ئەناسی ، دوای سڵاو وتم هاتووم چەکەکان بگوێزمەوە ، وتی هەمووی براوە بۆ بارەگای ڕێکخراوی بەغدا.

چووم بۆ ئەوێ و لەوێش هەر یەك کەسی لێ بوو ، وتم هاتووم ئەو چەکانە بگوێزمەوە ، ئەویش تێلێفۆنی هەڵگرت و لەگەڵ یەکێکدا هەندێك قسەی کرد و پاشان تێلێفۆنەکەی دانایەوە و وتی هاوڕێ ئەبوموخلیس ئەیەوێت بچیت بۆ لای ، ئیتر زانیم ئەم کارەی ئەیکەم سزای لە دوایە ، چونکە من ئەمویست بەبێ ئاگاداریی ئەوەوە ئەو چەکانە ببەم.

گەڕامەوە بۆ لای ئەبوموخلیس ، بە گرژیی و تورەییەوە وتی بۆچی ئەو بارەگایانە یەك لەدوای یەك ئەپشکنیت بۆ چەك؟ ئەگەر ئەو چەکانە نەمێنن ئەوا من و ئەبودنیا (ماجد عبدالرضا) ئەگیرێین و توش ئەبین ، بڕیاری حیزبە ئەبێت ئەو چەکانە تەسلیم بە بەعس بکرێنەوە و ئەبێت جەنابیشت هەر ئێستا بگەڕێیتەوە بۆ هەولێر.

هاوڕێ ئەبوسەرباز لە بیرەوەرییەکەیدا لە لاپەڕەی 336 دا ئاماژەی بۆ ئەو هەوڵدانەی من کردووە ، بەڵام ناوی ئەبوشروقی هێناوە کە چەکەکانی نەداومەتێ ،

لەڕاستییدا ئەبوموخلیس بوو نەك ئەبوشروق.

هەر چەندە هاوڕێ ئەبوشروقیش (جاسم الحلوائي) لەوێ بوو ، خۆی شاردبووەوە و وای نیاز بوو کە لەجیاتی ئەو چەکانە ئەو بگەیەنمە ناوزەنگ! ئەویش ڕێکنەکەوت ، بەڵام کە گەڕامەوە بۆ هەولێر دیسان کاك فاتح ڕەسوڵ هاتەوە لەگەڵمدا ، کاك فاتح ڕەسوڵ بۆ ئەوە هاتبوو بۆ بەغدا کە ئەبوموخلیس ڕێگەی بدات لە بەغدا بمێنێتەوە ، هەروەك ئەبوحیکمەت بۆی باس کردم! بەڵام پێی وتبوو باشترە بگەڕێیتەوە بۆ هەولێر بۆ لای ڕێکخراوەکەت!

ئەو کاتە فاتح ڕەسوڵ نەیئەزانی کە برادەرانمان ئەنێرینە دەرەوە بۆ ناوزەنگ! ئەبوحیکمەت پێی نەوتبوو!

هاوڕێ ئەبوحیکمەت تێبینی خۆی لەسەر خۆشاردنەوەی فاتح ڕەسوڵ لە ڕێکخراوەکەی و هەڵوێستی زۆری بۆ باس کردم کە نامەوێت لێرەدا لێی بدوێم.

لە دواییدا بیستمان کە ئەبوموخلیس 700 پارچە چەك و دەیان سنوقە فیشەك و چەکی شەخسیی هاوڕێیان و ژمارەیەکی زۆری ئەوتۆمۆبیل و پیکئاپی تەسلیمی بەعس کردووەتەوە.

هەروەها هاوڕێیانمان کە ئەندامانی ئەنجومەنی یاسادانان بوون 10 هاوڕێ بوون ، تەنیا دووانیان نەبێت کە دەمانچە و کالاشینکۆڤی ئەنجومەنیان لەگەڵ خۆیاندا بردە دەرەوە بۆ پێشمەرگایەتی ، ئەوانی تر هەموویان لە ڕێگەی سەرۆکی ئەنجومەنی یاسادانانەوە چەکەکانیان تەسلیم بە بەعس کردەوە. ئەو دووانەش مەحمود عباس ناسراو بە (مەحمودی فەقێ خدر) و قادر ڕەشید بوون ، هەروەك بڵێی ئەوانی تر وایان ئەزانی ئەچن بۆ ناو شاخ بۆ سەیران! نەك بۆ پێشمەرگایەتی ، یان ئەچن بۆ (لۆقەنتە) ، بێگومان ئەگەر کەسێکیش بچێت بۆ (لۆقەنتە) ، ئەوا خواردن لەگەڵ خۆی نابات!

کەسیش سەرزەنشتی نەکردن لەسەر تەسلیمکردنەوەی ئەو چەکانە ، لەوانەیە

هەندێك لەو هاوڕێیانە بیریان لەوە کردبووەوە کە بردنی چەکی حکومەت سزای لە دوایە بۆ خۆیان و خێزانەکانیان لە دوارۆژدا و سیاسەتەکەی حیزبیان بەلاوە تەمومژاویی بوو.

بە گەیشتنمان بۆ ناوزەنگ ، یەکیەتی پێشوازییەکی باشیان لێکردین و 6 پارچە چەکیان داینێ بۆ پارێزگارییکردنی خۆمان و ژورێکیشیان داینێ تا جێ و ڕێی خۆمان دابین ئەکەین ، زۆر جاریش یەکیەتی ئەم یارمەتییەی ئەدایەوە بە چاوماندا!

جا ئیتر بۆچی ئێمەش باسی ئەو هەموو چەك و تەقەمەنییە نەکەین کە لە شارەکانی کوردستان و بەغدا و شارەکانی ترەوە درایەوە بە بەعس!

# کێشەی فیکریی

کێشەیەکی فیکریی هەبوو ، زیادتریش لەناو کادێران و سەرکردایەتی حیزبدا کە گوایە بڕیاری کۆمیتەی ناوەندیی ئەوە نەبووە کە ڕێگای تێکۆشانی چەکداریی بگیرێتەبەر! بەڵکوو بۆ دەستبەردان بوو لە بەرەکەی لەگەڵ بەعسدا هەمان بوو ، هەرچەندە ئەو دەستبەردانەش چەند مانگێکی خایاند و سودیشی نەبوو ، بەعسیش لەوپەڕی شاڵاوبردندا بوو بۆ سەر ڕێکخراوەکانی حیزب.

ئەوەی جێگای باسە هاوڕێ ئەبوفاروق لە دوای ئەو بڕیارەی خۆی جارجار یەخەی ئەبوسەربازی ئەگرت و پێی ئەوت کەی من بە قادر ڕەشیدم وتووە ئێوە بڕۆنە شاخ و دەست بدەنە چەك؟ خۆ ئەگەر وتبێتم چی ئەکەن بیکەن بۆ ڕزگارکردنی برادەران ، مانای ئەوە نیە کە ئێوە بگەنە ناوزەنگ و چەك هەڵبگرن!

ئیتر هەرچ کاتێك گوشاری لەسەر بووایە ئەو بەزمەی بە ئەبوسەرباز ئەکرد و تا ئەم دواییەش هەر بۆڵە و خورتەی ئەهات!

یەکێك لە سیفاتە هەرە دیارەکانی ئەبوفاروق لـە مێژووی ژیانی حیزبییدا ئەوەیە کە هیچ گیروگرفتێکی بۆ یەکلایی نەکراوەتەوە و هەر بە ئاڵۆزیی هێشتویەتییەوە!

هاورێ زەکی خەیری یادی بەخێر ، ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزب بوو ، لـە کۆنگرەی چوارەمی حیزبدا ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتی کۆنگرە بوو کە وتارێکی خوێندەوە و وتی: وا وڵاتمان لـەلایەن سوپای پاسدارانی ئێرانەوە داگیر ئەکرێت ، ئێمەش بۆ پاراستنی خاکی نیشتمانەکەمان ئەبێت بەرەنگاری سوپای عێراق نەبینەوە و بەڵکوو ئەبێت پشتیان تێبکەین و ڕۆژی ئەوە نیە چەك لـە ڕوویاندا هەڵبگرین ، چونکە نیشتمان لـە مەترسیدایە! کەی نیشتمان مەترسی لـەسەر نەما ئەوسا ئەکەوینەوە خەبات دژی بەعس و سوپاکەی!

بەڵێ بە واتەیەکی تر مانای با ئاشبەتاڵی لێبکەین ، هەروەك ئەوەی کە نیشتمان لـەلایەن بەعسەوە داگیر نەکرابێت و وێران و کاول نەبووبێت و سەدان هەزار ڕۆڵـەی کورد و عەرەب و کەمەنەتەوایەتییەکان پەرەوازەی شاخ و دۆڵـەکان و ئەودیوی سنورەکان نەبووبن!

لێرەدا مەبەستم لـەم هەڵوێستە ئەوەیە کە بیرێکی جیاواز و دژ بە خەباتی پارتیزانیی لـەناو سەرکردایەتی حیزبدا هەبوو ، جا هەندێکیان بە زەقیی و بە کردەوە ئەو نارەزاییەیان دەرئەبڕی و هەندێکیش بە بێدەنگیی و چاوەڕێی بانگەوازێك بوون لـە بەعسەوە تا جارێکی تر (باوەخون)مان بکەنەوە!

پێش ئەوەی کە بگوێزینەوە بۆ پشتئاشان ، ماجید عەبدولڕەزا (ئەبودنیا) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی و بەرپرسی من بوو لـە کاری چاپەمەنیدا لـە نۆکان ، زۆری لێکردم پێنج هەزار دانە لـە بەیانی کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی چاپ بکەم و بینێرین بۆ بەغدا و بۆ خوارووی عێراق ، منیش پێم وت ، ئەوەتا دە گونییە ئەدەبیاتمان چاپکردووە و سێ مانگە تاکە پەڕەیەکمان نەگەیاندووەتە قەڵادزێ! لـەبەرئەوە ئەوەندە چاپ ناکەم ، وتی: من خاوەن بڕیارم ، تەواو .. ئەبێت چاپی

بکەیت.

من نەمکرد ، ئیتر لای هاوڕێ کەریم ئەحمەد شکاتی لێکردم و وتبووی ئەبوشوان ئیهانەی کردووم و پێم ئەڵێت: تۆ بێئاگایت و ناواقیعییانە بڕیاری چاپکردن ئەدەیت و..تد.

هاوڕێ کەریم بانگی کردم ، ئەویش لەگەڵ بۆچوونەکەی من بوو ، داکۆکیی لێکردم ، ئەبودنیا لە ناچارییدا بێدەنگ بوو.

ئەوەی سەیر بوو ، هەرجارێك کە ئەچووم بۆ لای ئەمبینی لە ژورەکەیدا هەردوو پێی خستووەتە ناو تەشتێك ئاوی شلەتێنەوە و بە هەردوو دەستی ئەیشێلان و بۆ ئەوەی شەرمەزار نەبێت ، ئەیوت دکتۆر بۆی نوسیوم بۆ ئەوەی شادەمارەکانی قاچم نەرم ببنەوە و هەوراز و نشێویش بۆ من خراپە و بە کورتانی وڵاخیش هەردوو لاڕانەکانم سور هەڵئەگەڕێت!

منیش ئەموت بێگومان بەراورد لەنێوان کورسی نەرمی ناو فڕۆکە و کورتانی وڵاخدا هەرگیز ناکرێت!

ژورەکەی ئەوەندە ڕازاوە بوو ، جیاوازیی نەبوو لەگەڵ ژورەکانی "هۆتێلی حیزب" دا لە مۆسکۆ.

کاتێك کە بڕیاردرا بگوێزینەوە بۆ پشتئاشان ، ئەبودنیا نەهات لەگەڵمان ، سوك و باریك گەڕایەوە بۆ ئەوروپا! لەوێشەوە شۆڕبووەوە بۆ بەغدا بۆ باوەشی بەعس!

هەرگیز نەئەچوو بە عەقڵمدا کە ئەم سەرکردە (نایلۆنە) ، شۆڕشگێر بێت و ئەو و نمونەی ئەو ، لەم شاخ و داخەدا سەرکردایەتی خەباتی پارتیزانیی بکەن دژ بە هێزەکانی دوژمن!

ئەوەی جێی سەرنج بوو ئەوە بوو کە نە سزادرا لەسەر ئەو هەڵهاتنەی و نە لۆمەش کرا ، تا "کاری ڕاست بێت" بە بڕیار و ئارەزووی خۆی وازی لێهێناین و چووە باوەشی بەعسەوە.

تێکشکاندنەکانی پشتئاشان بەو کوتوپڕییە ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینەی ئەو کۆمەڵە کێشە فیکرییەی ئەو هاوڕێ بێتوانایانە بوو کە سەرکردایەتی سیاسی و پێشمەرگایەتی و خەباتی پارتیزانییان ئەکرد ، زۆریان باوەڕیان وا بوو کە ئەو ڕێبازە شتێکی کاتییە و بەزۆر سەپێنراوە بە سەریاندا.

لە سەرەتای بەهاری 1988 دا زنجیرەیەك ئەنفال بە چەکی کیمیاوی دەستی پێکرد ، تەواوی مەڵبەندەکان لێدران و زەوی ئازادکراو بە دەست پێشمەرگەوە نەما ، ئێمەش ، هەموو حیزبەکان ، ڕوومان کردە دۆڵە کۆگەی سەر سنوری ئێران لە گوێزێ.

دووبارە بە تێکشکاویی خۆمان گرتەوە لە کوێستانێکی چۆڵەوانی ، لە پایزێکی ناوەختدا ، لە بەردەم ڕەشەبا ، سەرما و سۆڵە ، دەواری دڕاو و سەربازگەی پاسدارانی سنوردا.

لە ڕۆژی وا سەخت و ناهەمواردا سەرکردە ڕۆڵی خۆی ئەبینێت ، جا یان بە بەرزکردنەوەی وره ، یان بە شکستیی و چۆکدادان.

# وتاری مێژوویی

ئەو کارەساتانە بوون بە بەڵگە بۆ نیمچە ئاشبەتاڵ و ماڵئاواییەك لە شاخ! لە مانگی 9 ی 1988دا ڕژێمی بەعسی مرۆڤکوژ لێبوردنی گشتیی دەرکرد ، ئێمەش هەموو ئەو هاوڕێیانەی کە لە مەڵبەندەکانی بادینان ، بالیسان ، گەرمیان و قەرەداغ و جێگاکانی ترەوە کۆبووینەوە و ئەبوفاروق هات و سەرپێیی وتارێکی خوێندەوە و پێشەکی باسی جەنگی جیهانیی دووەمی کرد و ئینجا وتی: وا سەدام (عەفوی عام)ی بۆمان دەرکردووە ، پێویستە سود لەو عەفوە وەربگرین ، ئەوانەی ئەیانەوێت بگەڕێنەوە ، فەرموون با بڕۆنەوە خۆیان تەسلیم بکەنەوە و ماوەیەك بێدەنگ بن ئینجا

بکەونەوە تێکۆشانی سیاسی خۆیان بۆ حیزب.
ئەمە لـە خۆیدا خۆشباوەڕیی بوو بەو لـێبوردنە گشتییەی دوژمنی سەرسەختی گەل و نیشتمانەکەمان.
ئەگەر ئەم بڕیار و (فتوایە) لـە کۆبوونەوەیەکی حیزبییدا بێت هەر چۆنێك بێت هەر جیاوازترە ، بەڵام ئەوەی کە جێی مەترسییە ئەوەیە کە ئەو وتارە بۆ جەماوەرێکی فراوانی پێشمەرگەیە و تیایاندا هەیە حیزبیی نیە ، بەڵکوو هەبوو کە لـەوەوبەر جاش بوو ، تازە پەیوەندیی کردبوو و هاتبووە پێشمەرگایەتییەوە ، لـەوانەیە هەواڵـی ئەو بڕیارە زووتر بگاتەوە لای دوژمن ، بێگومانە ئەوانە هەر بە خۆتەسلیم کردنەوەیان هەموو بێسەروشوێن ئەکران.
هەندێك لـە برادەران بەداخ و حەسرەتەوە کۆبوونەوەکەیان بەجێهێشت و هەندێکیش کە سەر بە ئەبوفاروق و ئەو سیاسەتەی بوون ، چەپڵـەیان بۆ لـێدا ! ! هاوڕێ (س.ب) بەدەنگێکی بەرز وتی: لـێنین زیندووبووەتەوە و بۆمان ئەدوێت! ئیتر هاوڕێ ئەبوفاروقیش زەردەخەنەیەك گرتی و لـەپاشدا کەوتەوە پیاهەڵدان بە شانوباڵـی سۆڤیەتدا و دووبارە باسی جەنگی دووەمی جیهانیی کردەوە (کە هیچ پەیوەندییەکی بە بارودۆخ و باسەکەوە نەبوو!).
وتارە سەرپێییەکەی لـە شیعرێك ئەچوو کە نە کێشی هەبوو نە سەروا ، سنوری قسەکانی دیار بوو ، بێپێچوپەنا خۆبەدەستەوەدان بوو ، لـەبەرئەوەی لـە قسەکانیدا واقیعبین نەبوو ، بێسەروبەر بوو ، وتارەکەش نرخێکی نەبوو ، بەڵکوو بریتی بوو لـە ترساندن و تۆقاندنی ئەوانەی ڕەخنە لـە سۆڤیەت ئەگرن و ئەوانەی ئەم عەفوی عامە و خۆتەسلـیمکردنەوەیەیان بەلاوە گرانە و پێی ڕازیی نین ، واشی ئەزانی گوایە وتارێکی مێژوویيە!
زۆری پێنەچوو بوو کە لـە وتارە (مێژوویيەکەی) بووبووەوە ، هاوڕێ ئەبوداود (حەمید مەجید موسا) ئەندامی مەکتەبی سیاسی گەیشتە لامان کە لـە ڕاژانەوە لـە بارەگای

پدك هاتبووەوە ، پێم وت ئەگەر فریا نەکەویت و ئەو خەڵکە کۆنەکەیتەوە ئەوا کار لـە کار ترازاوە و ئەوەی کە ماومانە ئەبوفاروق ئەیەوێت تەفروتونایان بکات بە گورگانخواردنیان بدات.

من تەنیا نەبووم لـەو داوا و پێشنیارەم لـەسەر ئەو باسە لـەگەڵ ئەبوداود دا ، بەڵکوو چەند هاوڕێیەکی تریش بە هەمان شێوە یەخەی ئەبوداودیان گرتبوو ، وەك هاوڕێ مەلا جەلال و چەند هاوڕێیەکی تر.

بۆ ڕۆژی دوایی ئەبوداود وتارێکی بۆ برادەران دا و لـێبوردنە گشتییەکەی سەدامی ڕیسوا کرد و داوای کرد کە کەس باوەڕ بەو جۆرە لـێبوردن و پەیمانانەی ڕژێم نەکات و ئەبێت گەل و حیزبمان و هێزە نیشتمانییەکان بڕیاری لـێبوردن دەربکەن بۆ ئەو خوێنڕێژ و کیمیایی وەشێنانە ، ئەم لـێبوردنەی سەدام پلانێکە بۆ دابڕینی پێشمەرگە شۆڕشگێڕەکان لـە حیزبەکانیان لـە گۆڕەپانی تێکۆشاندا و ..تد.

کاری ڕاست بێت بەو قسانەی ئاوی پرژاند بەسەر ئاگرەکەدا و ورەی ئەو خەڵکەی بەرزکردەوە کە ساڵـەهای ساڵ بوو سەرگەرمی خەباتی چەکداریی بوون لـەو کەژ و چیایانەدا و بەو هەموو تاڵـیی و ناخۆشیەشەوە.

لـێرەدا مەبەست لـەو بەسەرهاتە ئەوەیە کە دوو ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزب لـە هەمان کاتدا و بەتایبەتیی لـەو کاتە ناهەموارەی خەباتی چەکدارییدا ، دوو هەڵـوێست و بیر و بۆچوونی هێجگار جیاوازیان هەیە ، ئەمیان (بوێرانە) و شۆڕشگێڕانە و ئەوی تریشیان (بێ ورە) و خۆبەدەستەوەدەرانە بەرامبەر بە پلانێکی ژەهراویی بەعس و سەدام.

# هەڵوێستەکان

ئەمانە و وەك باسمان کرد هەڵوێستی ئاشبەتاڵی خوالێخۆشبوو زەکی خەیری بۆ لەباربردنی تێکۆشانی چەکداریی کە ڕژێمە فاشیستەکەی بەعس سەپاندبووی بەسەر حیزبدا ، هەڵوێستی هاوڕێ عەبدولڕەزاق سافی و تەسلیمکردنەوەی چەك بە بەعس و دواییش بە دەستی خاڵییەوە دێتە دەرەوە بۆ خەباتی (چەکداریی) لە پشتئاشان ، هەڵوێستی گەشبینیی فاتح ڕەسوڵی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی بە بەعس ، ئەندامانی ئەنجومەنی جێبەجێکردن و ئەنجومەنی یاسادانان کە ئەوانیش چەکەکانیان ئەدەنەوە بە بەعس و بە دەستی خاڵییەوە دێنە دەرەوە بۆ شەڕی چەکداریی.. هەروەها هەڵوێستی لاوازی ئەبوفاروق لە ئەرکی سەرکردایەتی ماڵوێرانی لەو نۆ ساڵەدا و لە بەیانی عەفوی سەدامی تاوانبار و هەڵوێستی ئەبوخەولە ئەندامی مەکتەبی سیاسی لەدوای کۆبوونەوەی سێڵوێ و هەڵوێستی کاك بەهادین نوری و هاوڕێکانی لە گەرمەی لێقەومانی حیزبدا لە پشتئاشان و دووبارە هەڵوێستی کاك فاتح ڕەسوڵ لە هەڵهاتنە ئابڕووبەرەکەی لە بارزان و بەدەستەوەدانی خۆرنەوزان و هەڵهاتنەکەی سەرکردایەتی لە خواکورك بە مێژووی 16-8-1988 و گەلێك هاوڕێی تری سەرکردایەتی و کادێران کە ناکرێت لێرەدا باسی هەموویان بکەین.

ئەمانە سەرجەم هۆیەکانی ئەو قەیرانە ناوخۆییانەن کە تا ئێستاش حیزب ئەناڵێنێت بە دەستیانەوە و ڕۆژێکیش لە ڕۆژان کەس ڕەخنەیەکی لەو هاوڕێیانە نەگرتووە و کەس لەسەر ئەو هەڵوێستە زیانبەخشانە سزا نەدراوە و ڕۆژبەڕۆژیش کێشە ناوخۆییەکان قوڵتر بوونەتەوە و ئەو واقیعانەی ڕابوردوو تێکەڵ بە ئێستا ئەبنەوە!

ئەبوفاروق لەدوای وتارە ئاشبەتاڵییەکەیەوە ، زۆری نەخایاند و کەوتە ناردنی

برادەرانی گەنج و بە توانا بۆ دەرەوەی وڵات بەناوی هاوڕێیانی پیر و پەککەوتەوە ، یان بە بیانووی ئەوەی کە زەوی ئازادکراومان بە دەستەوە نەماوە و بواری خەباتی چەکدارییمان تەسك بووەتەوە و جێی حەوانەوەمان نەماوە.

سەدان هاوڕێ و خێزان گەیشتنە ئەوروپا و سوریا لـە ڕێگەی ئێران ، تورکمانستان ، ئەفگانستان و ڕوسیاوە ، ئەوەش خۆی لـە خۆیدا نیوەئاشبەتاڵێکی ئاشکرا بوو ، لـەگەڵ ئەوەشدا لایەنەکانی تر کە زۆرتر و قورستر زیانیان لـێکەوتبوو ، هەڵـوێستێکی لـەو جۆرەیان ئاوا بە زەقیی نەگرتەبەر.

ئەو ڕووداوانە زنجیرەیەك بوو ، تەواوکەری کارەساتەکانی پشتئاشان و ئەو بارە فیکرییەی ئەو ساڵانە بوو بۆ دەستخستنە بینی ڕێبازی چەکداریی.

ئەبووایە بەوپەڕی لـەخۆبوردنەوە ئەو ڕووداو و کارەساتانە هەڵبسەنگێنرانایە و باس بکرانایە و لـێکۆڵـینەوەی زانستییانەی تەواویان لـەسەر بکرایە و هەڵـوێستیان لـەسەر وەربگیرایە ، بەتایبەتیی ئەو کارەساتانەی کە بوونە هۆی زیانی گەورە و شەهیدبوونی هاوڕێیان و ئەو دەستکەوتانەش کە بە خوێنی ئەو شەهیدانە پەیدا کرابوو.

ئەم بێدەنگییەی کە بەم بیانوو یان ئەو بیانووەوە ئەکرێت ، لـە زیان زیادتر قازانجی بۆ کەس نیە و ئەوەی کە گومرگی سەرەکییش ئەدات هەر گەل و جوڵانەوە نیشتمانییەکەیەتی ، چونکە حیزبی شیوعی پایەی هەرە ئەستوری جوڵانەوەی نیشتمانییە و ئەبێت لـە هەموو لایەکی تر زیادتر هەڵـوێست و کارەکانی خۆی بۆ خۆی و جەماوەرەکەی هەڵبسەنگێنێت و بەبێ سڵـەمینەوە و بروبیانووەوە ، ئەوەش ئەبێتە هۆی بەهێزبوونی خۆی و لاوازبوونی دوژمنانی.

تا ئەمڕۆش شوێنەواری کارەساتەکانی پشتئاشان لـە ژیانی حیزبدا بەدیئەکرێت و ئەو زنجیرە کارەساتی هەڵـهاتن و هەڵـوێستە هەمەجۆرانەش بووە هۆی ئەوەی کە هەر لـە دوای ئازادبوونی کوردستانەوە و کارکردنی ئاشکرا ، حیزب کەوتە ناو قەیرانی

کارەساتی ناوخۆیی و پارچە پارچەبوون و دابڕینی هاوڕێیان و کەمبوونەوەی دەسەڵات و دەستکەوتەکانی. هەروەها لەلایەن هاوپەیمانە باڵادەستەکانەوە خرایە بازنەیەکی دیارییکراوەوە و سنوری پەلوپۆهاویشتنی تەسککرایەوە!

هەر لایەنێك توشی شەڕێکی گەورە و خوێناویی بووبێت کە بە ناچاریی بە سەریدا سەپێنرابێت لەلایەن دڕندە و فاشیستێکی وەك بەعسەوە ، زۆر زەحمەتە و بەڵکوو ناڕەوایە کە خۆی بگلێنێت لە شەڕێکی ناوخۆیی و لاوەکی و ناعادیلانە و بێ ئەنجام و زیانبەخشەوە.

ئەو حیزبەی کە لەپێناوی مانەوەی خۆیدا ڕێبازی لەناوبردن و لاوازکردن و کەمکردنەوەی دەسەڵات و خەباتی حیزبە هاوسەنگەرەکەی بگرێتەبەر ، یان ڕێگەی پاوانخوازیی ، ئەبێت هەر لە سەرەتاوە ئەو ڕاستییە بزانێت کە سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت.

تەواوی حیزبەکانی بەرەی جود و یەکیەتی نیشتمانییش لەو شەڕەدا و لە بەیکدادانەکانی پێشوویاندا و لە داهاتووشدا هیچ سەرکەوتنێکیان بەدەست نەهێناوە و بەدەستیشی ناهێنن و نەیانتوانیوە و ناشتوانن بۆ جەماوەرەکەی خۆیان و گەلی کورد و ڕای گشتیی جیهان بسەلمێنن کە ئەوەی کردیان کارێکی پێویست و سەرکەوتوو بوو.

ئەگەر نەوەکانی دوای ئێمە و بەتایبەتیی کەسوکاری ئەو هەزاران شەهید و قوربانیی و (بەفیڕۆچووانە) ، بە شێوەیەکی واقیعییانە بەو ڕووداوانەدا بچنەوە ، ئاخۆ ئەبێت چی بڵێن!

بێگومان نەفرەت لەو ڕابوردووە تاڵە ناهەموارە و بەرپرسیارانی ئەو کارەساتانە ئەکەن کە بەدبەختییان بۆ گەلەکەی خۆیان بەجێهێشت و سەرکەوتنیشیان بۆ عەفلەقییە فاشیستەکان ڕەخساند.

ئەوانەی لە نوسینەکانیاندا بە عەقڵیەت و ڕۆحیەتی سەرکەوتووانەوە باسی ئەو

ڕووداوە دڵتەزێنانە ئەکەن و شانازیی پێوە ئەکەن ، یان بێبایەخ و ترسنۆکانە وەك حەکایەتی سەر تەنور ئەیگێڕنەوە و دور لـە واقیعی ناوەوەی بەسەرهاتەکان ، ئەوا هەرگیز مێژوو سود لـە نوسینەکانیان نابینێت.

# خۆزگە و ئاوات

وا ئەمڕۆ و لەپاش ڕزگابوونی بەشێك لە خاکی نیشتمانەکەمان لە دەست داگیرکەرانی بەعس ، جەماوەری ڕاگوێزراوی گوندەکان ، ئۆردوگا زۆرە ملێکانیان بەجێئەهێڵن و خەریکی گەڕانەوەن بۆ سەر زەویوزاری وێرانکراویان!

دێهاتەکان سەرلەنوێ ئاوەدانئەکرێنەوە ، زیادتر لە 30 خێزانی دانیشتووانی پشتئاشان گەڕاونەتەوە سەر خاکی بابوباپیرانیان و ئەوانی تریان لە وەرزی بەهار و هاویندا بۆ ژیانەوەی ڕەز و باخەکانیان لە هاتوچۆدان.

ڕێکخراوی بیانیی Abtat (ئابتات)ی سەر بە UN لەساڵی 1999 دا ڕێگای ئەوتۆمۆبیلی بۆ پشتئاشان و قەڕناقاو و ئاشقوڵکە و دێهاتەکانی دەوروبەری کردەوە ، ئەمە ئەرکێکی خزمەتگوزاریی و ئاوەدانکردنەوەیەکە بۆ دانیشتووانی دێهاتەکانی ئەو ناوچەیە.

ئەوەی جێی سەرنجە لە بەهاری 2000 دا بە ڕێکەوت لەگەڵ چەند ئەندازیارێکی کوردی دڵسۆز و خەمخۆری کار و ئەرکی سەرکەوتنی ئەو ڕێکخراوانە بە ئەوتۆمۆبیل سەردانی پشتئاشان و قەڕناقاو و ئاشقوڵکەم کرد.

ئەوان بە نیازی دابینکردنی کارەبا بوون لەو ڕوبارە خوڕەی بەناو دارگوێزەکانی پشتئاشاندا بە خوڕ ئەڕوات و لە جێیەکیشدا تاڤگەیەك دروستئەکات ، منیش بە یادی ئەو کارەساتە خوێناویی و دڵتەزێنەی یەکی ئایاری 1983 بۆ سەردانی گۆڕی (شەهید عەلی حوسێن بەدر) خەڵکی سەماوە بوو. ئەو پێشمەرگە شەهیدەی لەگەڵ هاوڕێکانم لەناو پشتئاشاندا بە خاکم سپارد بوو لە ئێوارەی 30-4-1983 دا ، بەڵام بە داخەوە نەگۆڕی مابوو نە شوێنەوار!

ڕا و بۆچوونی ئەو ئەندازیارانەش ئەوە بوو کە بە ئاسانیی و بە پارەیەکی کەم ئەتوانرێت لەو ئاوی ڕوبارە کارەبا بۆ ئەو سێ گوندەی (پشتئاشان و قەڕناقاو و

ئاشقوڵکە) دابین بکەن. داکۆکیی لەو ئەرکە پیرۆزەی ڕێکخراوی ئابتات و ئەو ئەندازیارانە ، بۆ دابینکردنی بژێو و خۆشگوزەرانیی دانیشتووانی ئەو گوندانە ، هەروەها بۆ لەبیرنەچوونەوەی ڕووداوەکانی ئەم ناوچەیە کارێکی باش و پێویستە.

هەروەها :

1- لە وەرزی هاویندا پشتئاشان جێگایەکی فێنك و خاوەن دیمەنێکی سروشتیی و جوانی بێوێنەیە. ئەم جێگایە ئەگەر بکرێت بە هاوینەهەوارێك و پێویستیەکانی بۆ دابینبکرێت ، ئەوا ئەبێتە هۆی دابینکردنی چەندان جۆری کار بۆ دانیشتووانی پشتئاشان و دەوروبەری و بە هۆی گەشتوگوزاریشەوە ناوچەکە بە تەواویی ئەبوژێتەوە.

2- پشتئاشان بکرێتە مۆزەخانەیەك بۆ بەسەرهاتە دڵتەزێنە براکوژییەکەی ئایاری 1983 و وەك داستانێکی نەفرەتلێکراو پەندی لێوەربگیرێت.

3- کۆکردنەوەی ئێسك و پروسکی ئەو دەیان شەهیدانەی کە تا ئێستا بێگۆڕ و شوێنەوارن لە چیای قەندیل و دەوروبەری. لە تابلۆیەکدا ناسناویان ئاشکرا بکرێت و پەیکەرێکی سیمبۆلییان بۆ دروستبکرێت و کەسوکار و خەڵکەکە بتوانن سەردانیان بکەن و بە تاجەگوڵینەوە سەری نەوازشیان بۆ دابنەوێنن.

بەپیرەوەچوونی ئەم پێشنیارانە ، بێگومان ئەبێتە هۆی بیرکردنەوەیەکی زیادتری واقیعیانە لە هەڵەکانی ڕابوردوو و دورکەوتنەوە لە براکوژیی ، لەبەرئەوەی ئەو ڕووداوانەی بوونەتە بەشێك لە خەباتی سیاسی ، عەسکەریی ، حیزبایەتی و بزوتنەوەی ڕزگارییخوازیی گەلەکەمان ، بەسەرکردنەوەیان پێویستییەکی مێژوویە و دڵنەواییەکە بۆ کەسوکاری شەهیدان.

خۆزگە ئەم ئاواتانەم ئەهاتنەدی.

# سەرچاوەکان

1- عەبدوڵا مەلا فەرەج (مەلا عەلی) ، ڕونکردنەوە ، نامە بۆ نوسەر دەربارەی چاپی یەکەم ، بە مێژووی 21-10-2000

2- فاتح ڕەسوڵ ، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد ـ بەرگی سێیەم ، لاپەڕە 292

3- عارف ڕانیەیی ، نامە بۆ نوسەر دەربارەی چاپی یەکەم ، بە مێژووی 19-10-2000

4- ئەحمەد بانیخێڵانیی ، بیرەوەرییەکانم ، لاپەڕە 462

5- سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە 465

6- نەوشیروان مستەفا ، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن ، لاپەڕە 295

7- ئەحمەد بانیخێڵانیی ، بیرەوەرییەکانم ، لاپەڕە 462

8- نەوشیروان مستەفا ، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن ، لاپەڕە 298

9- مەحمود حاجی فەقێ خدر ، نامە بۆ نوسەر دەربارەی چاپی یەکەم ، بە مێژووی 14-9-2001

10- ئەحمەد بانیخێڵانیی ، بیرەوەرییەکانم ، لاپەڕە 471

11- عیرفان ساڵح (وەلید) ، نامە بۆ نوسەر دەربارەی چاپی یەکەم ، بە مێژووی 10-7-1999

12- سەرچاوەی پێشوو

13- فازیل کەریم ئەحمەد "جەعفەر" ، گۆڤاری ڕێگای ئاشتیی و سۆشیالیزم ، ژمارە 3 ساڵی 1986 ، لاپەرە 115- 116

14- ئەحمەد بانیخێڵانیی ، بیرەوەرییەکانم ، لاپەڕە 461

15- سەرچاوەی پێشوو

16- لە چاوپێکەوتنێکدا لە گەڵ هاوڕێ مەلا ئەحمەد بانیخێڵانیی لە ستۆکهۆڵم

لە ساڵی 1999 دا
17- ئەحمەد بانیخێلانیی ، بیرەوەرییەکانم ، لاپەڕە 471
18- سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە 462
19- سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە 465
20- لە چاو پێکەتنێکدا لە گەڵ ئەبوحیکمەت لە سوید لە مانگی 10ی 2000 لە کۆنگرەی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردیەکان
21- ئەحمەد بانیخێلانیی ، بیرەوەرییەکانم ، لاپەڕە 467
22- مەحمود عەباس (مەحمود فەقێ خدر) ، نامە بۆ نوسەر دەربارەی چاپی یەکەم ، بە مێژووی 10-7-1999
23- فاتح ڕەسوڵ ، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد ـ بەرگی سێیەم ، لاپەڕە 301
24- مسعود بارزاني ، البارزاني والحركه التحرريه الكرديه — 1945- 1958 ، لاپەڕە 46
25- فاتح ڕەسوڵ ، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد ـ بەرگی سێیەم ، لاپەڕە 371
26- سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە 322
27- سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە 371
28- نەوشیروان مستەفا ، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن ، لاپەڕە 282
29- سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە 283
30- سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە 320
31- جرجيس فتح الله المحامي ، العراق في عهد قاسم ، لاپەڕە 761
32- ڕەخنە یان کوتەك ، قادر ڕەشید ، لاپەڕە 3
33- عەبدوڵا مەلا فەرەج (مەلا عەلی) ، ڕونکردنەوە ، نامە بۆ نوسەر دەربارەی چاپی

یەکەم ، بە مێژووی 21-10-2000

34- فاتح ڕەسوڵ ، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد ـ بەرگی سێیەم ، لاپەڕە 406

35- عارف ڕانیەیی ، ڕونکردنەوە ، نامە بۆ نوسەر دەربارەی چاپی یەکەم ، بە مێژووی 19-11-2000